کۆماری فیدڕاڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا

ماستەر نامەیەکە پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردە کراوە لە زانکۆی کۆیە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**نیسار فەتاح عەبدوڵڵا**
لە ساڵی (٢٠٠٤) لە کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی سلێمانی/ لە کۆیە
بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ( زمان و ئەدەبی کوردی )دا وەرگرتووە

بەسەرپەرشتی :
**پ. ی. د. سەباح ڕەشید قادر**

٢٠١٥ زایینی

## بسمِ الله الرَّحمن الرَّحيم

وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ
وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡعَٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾

**صدق الله العظيم**

**سورة رووم**

**الآية : ﴿٢٢﴾**

# پێشکەشە :

- به ڕۆحی شادی باوکم، که بۆ ساتێکیش له یادی ناکەم.

- به دایکی میهرەبانم - وزەی خۆراکی گیانم

پەرۆشداری خوێندنم – هەوێنی سەرکەوتنم

- به هاوڕێ و هاوسەری ژیانم (هۆگر)، که زۆر دڵسۆزانه پشتگیر و هاندەرم بووه.
- به کوڕی شیرینم ( هەستی ).
- به خوشك و براکانم.
- بەو کەسانەی که خـــۆشم دەوێــن و خـــــۆشـــیـــــــــان دەوێـــــــــــم

- بەو کەسانەی که خامەیان له خزمەتی زمانی شیرینی کوردیدایه.

- به ئازیزان و سەرجەم هاوڕێ بەڕێزەکانم .

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

من ( **سەباح ڕەشید قادر** ) ڕایدەگەیەنم ئەم ماستەرنامەیە، کە بە ناونیشانی ( **دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ) یە**، بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە لە فاکەڵتی ( پەروەردە ) لە زانکۆی کۆیە، لەلایەن ( **نیسار فەتاح عەبدوڵڵا** ) وەك بەشێك لە داواکارییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

من ئەم کارەم خوێندۆتەوەو پێیدا چوومەتەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەوەندەی من بزانم ئەمە کارێکی سەربەخۆیە.

واژۆی سەرپەرشت

**ناو : د. سەباح رەشید قادر**

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی : یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا لە زانکۆی ڕاپەرین .

ڕێکەوت : / ٩ / ٢٠١٥

---

**ڕەزامەندی سەرۆکی بەش**

لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیاری نامەکە، کە ناو و واژۆی لەسەرەوەدا هاتووە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردنی .

واژۆ :

**ناو : د. نەوزاد انور عمر**

نازناوی زانستی : مامۆستا

پیشەی ئەکادیمی : مامۆستا لە زانکۆی کۆیە

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت : / ٩ / ٢٠١٥

## ڕەزامەندی لێژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەکو ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ جەخت دەکەینەوە، کە ئەم ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی **( دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا )** خوێندۆتەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار ( **نیسار فەتاح عەبدوڵڵا** ) لە سەر هەموو لایەنەکانی نامەکە کردووە، بە ڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی ماستەرنامە و بە دەستهێنانی ئەم پلەیە لە زمانی کوردیدا لەخۆ دەگرێت .

واژۆ :

**ناو : د. عمر محمود كريم**

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی:مامۆستا لە زانکۆی کۆیە

ئەندام

ڕێکەوت : / ١٢ / ٢٠١٥

واژۆ :

**ناو : د. بكر عمر على**

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆر

پیشەی ئەکادیمی:مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

سەرۆکی لێژنە

ڕێکەوت : / ١٢ / ٢٠١٥

واژۆ :

**ناو : نەوزاد انور عمر**

نازناوی زانستی : مامۆستا

پیشەی ئەکادیمی:مامۆستا لە زانکۆی کۆیە

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ئەندام

ڕێکەوت : / ١٢ / ٢٠١٥

واژۆ :

**ناو: د. سەباح ڕەشید قادر**

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی: ی. س.زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا لە زانکۆی ڕاپەرین.

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت : / ١٢ / ٢٠١٥

**لە لایەن ئەنجوومەنی فاکەڵتی ( پەروەردە )ەوە ڕەزامەندی لەسەردرا و پەسەندکرا .**

واژۆ :

**ناو : د. سەعید ساڵح حەمەدئەمین**

نازناوی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی : ڕاگری فاکەڵتی

ڕێکەوت : / / ٢٠١٥

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئایەتی قورئانی پیرۆز | I |
| پێشکەش کردن | II |
| دانپێدانانی سەرپەرشت | III |
| دانپێدانانی لێژنەی گفتوگۆ و پشتڕاستکردنەوەی ڕاگری فاکەڵتی | IV |
| ناوەرۆك | V |
| سوپاس و پێزانین | IX |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | X |
| ناونیشان و بواری نامەکە | |
| سنوورو چێوەی نامەکە | |
| گرفتی نامەکە | |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | |
| ناوەرۆکی نامەکە | |
| **بەشی یەکەم**<br>**هەندێ تێبینی تیۆری** | |
| ١-١ سەرەتا | ١ |
| ١-٢ پۆلێنکردنی مۆرفۆلۆجییانەی زمانەکان | ١ |
| ١-٣ مۆرفیم، وشە و فەرهەنگ | ٦ |
| ١-٣-١ مۆرفیم و ئەلۆمۆرف | ٦ |
| ١-٣-٢ سروشتی وشە | ٧ |
| ١-٣-٣ فەرهەنگ ( فەرهەنگی وشە ) | ٨ |
| ١-٤ تیۆرە ڕۆنانکارەکان | ١٢ |
| ١-٥ مۆرفۆفۆنیمیك | ١٧ |
| ١-٦ دروستکردنی وشە لە دیدی ئارۆنۆف لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا | ٢٣ |
| ١-٧ ڕێساکانی سینتاکسی وشە | ٢٤ |
| ١-٨ " ڕێکخستنی لێکسیکۆن " ی لێبیەر | ٢٧ |

| | |
|---|---|
| ١-٩ تێکەڵکردنی مۆرفۆلۆجییانە لە بواری کردارەکاندا | ٣١ |
| ١-١٠ تیۆری یەکگرتنی بێیکەر | ٣٤ |
| ١-١٠-١ بنەما بنەڕەتییەکان | ٣٤ |
| ١-١٠-٢ دەستنیشانکردنی ( PF ) | ٤٢ |
| **بەشی دووەم**<br>**دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا** | |
| ٢-١ سەرەتا | ٤٥ |
| ٢-٢ پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی | ٤٥ |
| ٢-٣ ئەلۆمۆرفەکان لە زمانی کوردیدا | ٤٦ |
| ٢-٤ بە بەرهەمی وشە و گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا | ٥٠ |
| ٢-٥ ڕێگە خۆشکەرەکانی بە بەرهەمهێنی پاشگرەکان | ٥٠ |
| ٢-٥-١ بە بەرهەمی هەندێك لە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی خاوەن پیشە | ٥١ |
| ٢-٥-٢ بە بەرهەمی هەندێك لەو پاشگرانەی ناوی شوێن دادەڕێژن | ٥٢ |
| ٢-٥-٣ بە بەرهەمی پاشگرەکانی ناوی نابەرجەستە ( ئەبستراکت ) | ٥٣ |
| ٢-٦ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمانەوە | ٥٤ |
| ٢-٧ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی دەنگسازییەوە | ٥٦ |
| ٢-٨ یاسا فۆنۆلۆجییەکان و پەیوەندییان بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە | ٥٧ |
| ٢-٨-١ ناساندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان | ٥٧ |
| ٢-٨-٢ جۆرەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان | ٥٨ |
| ٢-٩ تێکچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و دەنگسازی | ٥٩ |
| ٢-١٠ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی سینتاکسەوە | ٦٠ |
| ٢-١١ تێکچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس | ٦٠ |
| ٢-١٢ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی واتاوە | ٦٠ |
| ٢-١٣ پێکهاتەکانی ئەو پۆلە | ٦١ |
| - ڕەنگ | ٦١ |
| - قەد | ٦٢ |
| - بنج | ٦٢ |
| ٢-١٤ ڕێزمانی فرێز پێکهینان | ٦٣ |

| | |
|---|---|
| ٢-١٤-١ سەرە لە مۆرفۆلۆجییدا | ٦٤ |
| ٢-١٤-٢ ناسینەوەی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان | ٦٥ |
| ٢-١٤-٣ گیرەك و سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان | ٦٦ |
| ٢-١٤-٤ شوێنی سەرە لە پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان | ٦٧ |
| ٢-١٥ فەرهەنگ و دەروازەی فەرهەنگی | ٦٨ |
| ٢-١٦ تێکەڵکردنی مۆرفۆلۆجی لە بواری کردارەکاندا | ٦٩ |
| ٢-١٧ بە گیرەك کردن | ٧١ |
| ٢-١٧-١ سیماو تایبەتییەکانی گیرەك | ٧١ |
| ٢-١٧-٢ گرنگترین گیرەکە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی | ٧٦ |
| ٢-١٨ لێکدان | ٧٨ |
| ٢-١٨-١ وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕوخسارەوە | ٧٨ |
| ٢-١٨-٢ وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە | ٨٠ |
| ٢-١٩ بۆچوونەکەی گرینبێرگ وهەندێ تێبینی لە سەر ڕێزمانی کوردی | ٨٠ |
| ٢-١٩-١ هەندێ لایەنی تیۆری بۆچوونەکە | ٨٠ |
| ٢-١٩-٢ شیکردنەوەی بنەماکانی گرینبێرگ لە چوارچێوەی ڕێزمانی کوردیدا | ٨٥ |
| ٢-٢٠ دیاردەی هاپلۆلۆجی | ٩١ |
| ٢-٢١ مۆرفی سفر | ٩٤ |
| ٢-٢٢ مۆرفیمی بەتاڵ | ٩٥ |
| **بەشی سێیەم**<br>**دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا** | |
| ٣-١ سەرەتا | ٩٧ |
| ٣-٢ بۆچوونەکەی ئارۆنۆف و نمونەی زمانی ئینگلیزی | ٩٨ |
| ٣-٣ پێکهاتەی ڕۆنانی وشە | ٩٩ |
| ٣-٤ ڕێگەکانی ( ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز )(Psg) | ١٠٠ |
| ٣-٥ لە هەردوو پێکهاتەی وشە و ڕستەدا هیچ گواستنەوەیەکی سڕینەوە یان جوڵاندن بەشدارنابێت | ١٠٣ |
| ٣-٦ " ڕێکخستنی لیکسیکۆن " ی لێیبەر | ١٠٥ |
| ٣-٧ تیۆری مارانتز | ١٠٩ |
| ٣-٨ گۆڕانکارییەکان بە هۆی ئەفیکسێیشن ( زیادکردنی پێشگر و پاشگر ) | ١١٣ |

| | |
|---|---|
| ٣-٩ جۆرەکانی مۆرفیم : ڕەگ ، گیرەك ، فۆڕمی تێکەڵ | ١١٧ |
| ٣-١٠ گیرەکی ڕێزمانی ڕێك و ناوازە | ١١٨ |
| ٣-١١ فۆرمی جێناوەکان و دیارخەرەکان | ١٢١ |
| ٣-١٢ لێکدراوەکان و فرێزەکان | ١٢٣ |
| ٣-١٣ ئاستەنگەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی | ١٢٤ |
| ٣-١٤ فۆڕمەکانی ناوی مێینە | ١٢٦ |
| ٣-١٥ فۆڕمەکانی ناوی بچوککراوە | ١٢٧ |
| ٣-١٦ ئەلۆمۆرفەکان | ١٢٨ |
| ٣-١٧ پرۆسەی ڕۆنانی وشە | ١٢٩ |
| ٣-١٨ وێنەباری ناوی | ١٣٥ |
| ٣-١٩ ناوە کۆیەکان | ١٣٦ |
| ٣-٢٠ ناوی هەیی | ١٣٩ |
| ٣-٢١ بەخشتە کردنی کردار | ١٤٠ |
| ٣-٢٢ کارلێککردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی | ١٤٢ |
| ٣-٢٣ کارلێککردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس | ١٤٣ |
| ٣-٢٤گرێدانی وشەسازی و واتاسازی بەیەکەوە | ١٤٣ |
| ٣-٢٥ گونجاندنی ڕێزمانی، گونجاندنی وشەکان و پاشکۆکان | ١٤٤ |
| ٣-٢٦ مۆرفۆلۆجی هاپلۆلۆجی | ١٤٥ |
| ٣-٢٧ بەرهەمدار ( بە برشت ) | ١٤٨ |
| ٣-٢٨ نیمچە بەرهەمهێن | ١٥١ |
| ئەنجامەکان | ١٥٤ |
| سەرچاوەکان | ١٥٥ |
| خلاصة البحث | أ |
| Abstract | A |

## سوپاس و پێزانین بۆ :

- سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەم، کە توانا و هێزی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم نامەیە.

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، کە هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم .

- مامۆستای زۆر بەڕێز و ئازیزم (پ. ی. د. سەباح رەشید قادر)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ، و یارمەتیدەرم بووە بە بۆچوون و تێبینییە بە نرخەکانی .

- بەشی زمانی کوردی، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆرسەکانیان گرتە ئەستۆ و ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە وانەیان پێ وتینەوە .

- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە هەردوو بەشی زمانی کوردی و ئینگلیزی، بە پێدانی سەرچاوە هاوکارییان کردووم .

- سوپاسی هاوسەر و کوڕی خۆشەویستم دەکەم، بە هەموو شێوەیەك هاوکارم بوون .

- هاوڕێی بەڕێزم (م. تەلار صباح)، کە لە هاوکاری کردنم درێغی نەکردووە .

# پێشـەکی

## ١ – . ناونیشان و بواری نامەکە :

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا ) یە، کە تیایدا دیاردە مۆرفۆلۆجییەکانی هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەخاتەڕوو، بەمەش بواری نامەکە دەچێتە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە، و لە ژێر بۆچوونەکانی ( هال ) و ( ئارۆنۆف ) دیاردەکان شیدەکاتەوە، چونکە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بە ڕێژەی جیاواز لە پۆلی زمانی تێکچڕژاون.

## ٢ – . سنوور و چێوەی نامەکە :

چێوەی نامەکە بە زمانی ئاخاوتنی کرمانجی ناوەڕاست سنوور ڕێژکراوە، و دیاردەکان بە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین پەیڕەو بەند دەکرێن .

## ٣ – . گرفتی نامەکە :

ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێ و ئاڵۆزییەی کە لە دژیەکی بۆچوونەکانی ( هال ) و ( ئارۆنۆف ) و هەندێ جار بۆچوونەکەی ( سێلکیرك ) و ( ولیامس ) دێنە کایەوە، بۆ ئەوەی بزانین کام لەو بۆچوونانە بۆ زمانی کوردی لە بار و شیاوترن .

## ٤ – . ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ئەو ڕێبازەی لە شیکارکردنی دیاردەکاندا پەیڕەو کراوە، لایەنی وەسفی ئێستاییە، خۆی لە بەراورد کردنی دوو زمانەکە بە دوور دەگرێ .

## ٥ – . ناوەڕۆکی نامەکە :

نامەکە دوای ئەم پێشەکییە کورتە بەسەر سێ بەش دابەش دەبێت و بەراوردکردنەکە دەخاتە سنووری ئەنجامەکانەوە .

لە بەشی یەکەمدا : کە ناونیشانی ( هەندێ تێبینی تیۆری ) هەڵدەگرێ، بریتییە لە خستنەڕووی لایەنی تیۆری بابەتەکە و ئەو لایەنانەی خوارەوە ( پۆلێنکردنی مۆرفۆلۆجییانەی زمانەکان، مۆرفیم و ئەلەمۆرف، سروشتی وشە، فەرهەنگی وشە، تیۆرە ڕۆنانکارەکان، دروستکردنی وشە لە دیدی ئارۆنۆف ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، " ڕێکخستنی لێکسیکۆن " ی لیبەر،... ) .

لە بەشی دووەمدا : ناونیشانی ( دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا ) لەخۆ دەگرێ، بریتییە لە باسکردن و خستنەڕووی ئەم بابەت و لایەنانەی خوارەوە ( زمانە تێکچڕژاوەکان، ئەلۆمۆرفەکان لە زمانی کوردیدا، بە بەرهەمی وشە و گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمانەوە، فەرهەنگ و دەروازەی فەرهەنگی، تێکەڵکردنی مۆرفۆلۆجی لە بواری

کردارەکاندا، بۆچوونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لە سەر ڕێزمانی کوردی،...) و بابەتەکان بە نمونە هێنانەوە ڕوون کراونەتەوە .

لە بەشی سێیەمدا : کە ناونیشانی ( دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا ) هەڵدەگرێ، بریتییە لە باسکردن وخستنەڕووی هەموو ئەو دیاردە و لایەنە گرنگانەی کە لە زمانەکەدا بوونیان هەیە ( بۆچوونەکەی ئارۆنۆف و نمونەی زمانەکە، ڕێگەکانی ( psg )، تیۆری مارانتز، وێنەباری ناوی، مۆرفۆلۆجی هاپلۆلۆجی،... ) .

ئەنجام و ڕیزکردنی سەرچاوەکان و کورتە نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی نامەکە دەبێ .

# بەشی یەکەم

## هەندێ تێبینی تیۆری

### ١-١ سەرەتا :

ئاستی مۆرفۆلۆجی و بیرۆکەی مۆرفیم لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، بە درێژایی مێژووی لێکدانەوەکانیدا بە بۆتەی گەلێك بیروبۆچوونی جیاواز و ئاڵۆزدا تێپەڕیوون، هەر پێناسە و لێکدانەوەیەکیش دەربڕینی بۆچوون و فەلسەفەی ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییەکە بووە، بە واتای ئەوەی لە ڕوانگەی فەلسەفی ڕێبازەکەوە بۆ پێناسە و لێکدانەوەکانیان ڕۆیشتوون .

سەبارەت بە مۆرفیم، زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی بۆچوونە واتاییەکان تەفسیری بۆ کراوە، بەم پێیە کەلێن و بۆشاییەکی زۆر لە ئەسڵی چەمکی مۆرفیم و واقیعی کارکردنی هاتۆتە کایەوە. ڕێزماننووسە کوردەکانیش شوێن هەڵگری هەنگاوەکانی ئەو بۆچوونانە بوون، نەشکراوە مۆرفۆلۆجی وەکو ئاستێکی سەربەخۆی زمان لە نووسینێکدا کۆبکرێتەوە .

پێشتر ئاستی مۆرفۆلۆجی و مۆرفیم لەچێوەی وشەدا سەیر دەکرا، هەر بۆیە فۆرمی وشەکە پێوەر بوو نەك ڕۆنانی ناوەوەی وشە، دواتر ڕۆنانکارەکان هەرچەندە لە لێکدانەوە سینتاکسییەکانیاندا زۆر سەرکەوتو نەبوون، بەڵام بیرۆکەی تازەیان هێنایە بواری لێکدانەوە مۆرفۆلۆجییەکان، ئەوان ئاستی مۆرفۆلۆجییان بەوە پێناسە کرد کە " مۆرفۆلۆجی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە "، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە تاکو سەدەی نۆزدەهەم لە بواری مۆرفۆلۆجییدا کاری پێنەکرا (بڕوانە محەمەد مەعروف و سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٧).

### ٢-١ پۆلێنکردنی مۆرفۆلۆجییانەی زمانەکان :

زمانەوانەکان، زمانەکان بە پێی پێوەری جیاواز پۆلێن دەکەن و یەکێك لەم پێوەرانە بریتییە لە " پێکهاتەی مۆڕفۆلۆجییانە " یان پۆلێنکردنی مۆرفۆلۆجییانە، ئەم بیرۆکەیەش زیاتر لە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی فیلۆلۆژیستە بەراوردکارەکان پەرەیسەند، کە لە دووتوێی گەڕان بە دوای ئەسڵی زمانەکاندا هاتەکایە، لە لایەکی ترەوە درەختی خێزانەکان کە ئەو سەردەمە لە ئارادابوو نەیتوانی بڕی لێکۆڵەران بشکێنێ، دوای ئەوەی هەندێ لە بەراوردکارەکان لە کاری "بوون" یان لە زمانەکانی گریکی و ڕۆمانیی هەندێ لە زمانە ئەرووپییەکانیان کۆڵییەوە دەروازەی چوونە ناو ئاستی مۆرفۆلۆجی پەرەیسەند (بڕوانە فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح رەشید٢٠١٣:٥٣) . بە پێی پۆلێنکردنێکی دێرین، سیستەمە مۆڕفۆلۆجییەکان دەبن بە چوار کۆمەڵەوە: دابڕاو، تێکهەڵکێشکراو، پێکەوە نووسێنراو، پێکەوەبەستراو یان لێکدراو .

زمانی گۆشەگیرکراو ( دابڕاو ) : ( بریتییە لەو زمانەی کە مۆرفۆلۆجییەکی زۆر کەمی هەیە ( جگە لە لێکدان و تێکەڵکردنی وشەکان ( Compounding) ، کە تێیدا چەمکە ڕێزمانییە جیاکان لە شێوەی وشەی جیا دەردەبڕێن نەك بە هۆی پرۆسەی مۆرفۆلۆجییانەوە. نمونەیەکی ناسراو بۆ ئەم شێوازە (زمانی چینی)یە، زمانی ڤێتنامی نمونەیەکی تەواوی زمانێکی گۆشەگیرکراوە (بڕوانە Haspelmath, &etc 2010:32). لەو جۆرە زمانانەدا هەر وشەیەك بەرامبەر یەك مۆرفیم دەوەستێ، بۆ نمونە لە زمانی ڤێتنامیدا بۆ کۆکردنەوەی ناو هیچ گیرەکێکی ڕێزمانی بەکارناهێنن، لە وشەی(dông hô) دا هەم بە واتای (سەعات) هەم بە واتای (سەعاتەکان) دێت (Lieber2012:132) .

لە زمانی پێکەوەنووسێنراودا ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی وشەی درێژ و چەند مۆرفیمی دەدەین، کە تێیدا هەر مۆرفیمێك پەیوەستە بە یەك واتا یان یەك ئەرکی ڕێزمانییەوە . زمانەکانی تورکی و هەنگاری نمونەی زمانی نوساو یان لکاون، وشەی تورکی ( Evleriden ) واتە ( لە ماڵی ئەوانەوە ) دەتوانرێت شیبکرێنەوە بەوەی کە ( خانوو، کۆ، خاوەندارێتی، تەواوکەری ڕاستەوخۆیە ). تەنانەت پێکهاتەکانی خاوەندارێتی کەسی سێیەم و کۆ، کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێکەوە کۆدەبنەوە و لە یەك وشە ( their ) دەربڕاون، لە زمانی تورکیدا بە شێوەی جیا دەربڕاون زمانی تورکی لە (٢٠%)ی وشەکانی بە لایەنی کەم لە پێنج مۆرفیم پێکدێ .(Hankamar 1989:395). بۆ نمونە لە وشەی نەڕۆشتبام (getmaseydim) وشەی( get ) ، کە ڕەگەکەیە کۆمەڵێك مۆرفیمی ڕێزمانی بە دوای خۆیدا کۆدەکاتەوە بۆ گەیاندنی ئەو ڕووکارە مەرجییە .

زمانە گەردانییەکان ( inflectional ) ەکان وەکو زمانە پێکەوە نووسێنراوەکانن و پێچەوانەی زمانە دابڕێنراوەکانن بەو پێیەی کە وشەکان بە شێوەیەکی نمونەیی لە چەند مۆرفیمێك پێکهاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یەکانەی کە وشە پێکدەهێنن زۆربەی کات چەند واتا و ئەرکێکی ڕێزمانی پێکەوە تێکەڵ دەکەن، بە تایبەتی لە گەردانکردنی ( inflection ) ەکاندا ( هەر لە بەرئەوەشە کە زاراوەی Fusional ) (پێکەوە گرێدەر بەکاردەهێنرێت ). زمانەکانی وەکو لاتین و ڕوسی نمونەی ئەو جۆرە زمانە دەستەبەر دەکەن (omu) . کە لە ئاوەڵناوی ( گەورە ) دا هەیە، ڕەگەز و حاڵەت دیاری دەکات. ( نێر، بێ لایەن،... هتد ) بەوەی کە لە هەمان کاتدا وشەکە ئاوەڵناوە .

لە کۆتاییدا زمانە لێکدراوەکان ئەوانەن، کە ڕێگە بە پرۆسەی هاوبەشی پێکردن و تێکهەڵکێش کردنی ناو دەدەن . بەو پێیە یەك وشە دەربڕی واتایەك بێت، کە ئەم واتایە لەوانەیە لە هەندێ لە زمانەکانی تردا پێویستی بە ڕستەیەك بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پۆلێنکردنە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە لاسایی گەمارۆ دراوە، ڕەخنەی لێگیراوە بەو پێیەی کە ئەمە پۆلێنکردنێکی ناڕوون و بێ سوودە. چونکە هیچ جۆرە بەرژەوەندییەك لەم جۆرە پۆلێنکردنەی زمانەکاندا بەدی ناکرێت (Anderson 1985:32) . ناڕوونە لەبەر چەند هۆکارێك :

یەکەم : کە کاتێك سەیری جۆرایەتی زمانەکان دەکەین، ئەوا ئێمە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەیەکی تری بەردەوام و گشتگیردا دەکەین نەوەك چوار جۆری جیاواز بۆ نمونە : تەنانەت ئەو زمانەش کە زۆر لکاو ( agglutinative ) بێ هەر ئاسەوارەکانی تێکەڵکردنی ( fusion ) ی پێوە دیارە، خراپتر لەوەش هەندێك زمانی تر هەن، کە ئەم جۆرە پۆلێنکردنەی زمانەوانی نایانگرێتەوە . بەم شێوەیە، زمانی ئینگلیزی ( inflection ) ێکی زۆر کەمی هەیە و لەسەر ئەم ڕوانگەیەش دەکەوێتە پۆلی زمانە دابڕاوەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتوانرێت وەکو (agglutinative) ئەژمار بکرێت بە هۆی جۆرەکانی داڕشتنییەوە (derivation)، لە کاتێکدا وشە لێکدراوەکانی وەکو:

1. (Horseriding). لە ڕستەی ئەسپ سواری .
2. (Harriet spends her weekends in horseriding).

هاریت کۆتایی هەفتەکەی بە سواری ئەسپ بەسەر دەبا.

تا ڕادەیەکی دیاریکراو سروشتی ( polysynthesis ) ی ئەم زمانەمان بۆ دەردەخات.

دووەم : کێشەیەکی تر ئەوەیە، کە ئەم پۆلێنکردنە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی دەکاتەوە. ئەم پۆلێنکردنە لە ڕاستیدا باسی هیچ شتێك دەربارەی سروشتی لێکدان و تێکهەڵکێشکردن لە زمانەکاندا ناکات، یان ئەو ڕێگایە ئەمە پەیوەند ناکات بە پرۆسەی ڕستەسازییەوە .

بۆ نمونە زمانی ئەڵمانی و فەڕەنسی لە هەندێ ڕووەوە لێکدەچن بەوەی، کە ئەم دوو زمانە تا ڕادەیەك زمانێکی گەردانین (Inflectional) ن لە هەمان کاتیشدا ئەم دوو زمانە تا ڕادەیەکی زۆرتر سیستەمی (compounding) تێکهەڵکێش کردنی تەواوکەرییەکی هەیە. وشە داڕێژراوە، یان لێکدراوە فەڕەنسییەکان بە زۆری ڕەنگدانەوەی پێکهاتە (syntactic) ی و (گرێ phrase) یەکانن. بۆ نمونە، ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە جۆری وتەبێژ(porteparole) و (spokesman) مان هەیە، کە لە ڕووی زارەکیییەوە واتە ( هەڵگری وشە یان وتە ) و لە دوو وشەی کردار و تەواوکەرەکەی پێکهاتووە. هەروەها ئێمە زۆرجار دەبینین، کە گرێکان بە گشتی ( بە تەواوی ) دەبن بە لێکدراو. (ئاگربەست) (Ceasefire)، ئەم شتە لە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا زۆر کەمە .

سێیەم : جۆری پێکهاتەی لێکدراوەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، لێکدراوی باو لە زمانی ئەڵمانیدا بریتییە لە ( ناو – ناو ) و ئەم جۆرە زۆر ناوازەیە لە زمانی فەڕەنسیدا .

چوارەم : کێشەی پەیوەست بە پۆلێنکردنی دێرین (Traditional) ئەوەیە، کە زمانە (Polysynthesis) یەکان زیاتر لە چوارچێوەی کلاسیکیدا دەگونجێن. لە ڕاستیدا هەموو نمونە ستاندارەکانی زمانە (Polysynthesis) یەکان دەتوانرێن بە نمونەی (agglutinating) ی ناوزەند بکرێن. (Polysynthesis) لە ڕاستیدا جۆرێکە لە لێکدان (Compound) ، بەڵام لێکدان ناچێتە چوارچێوەی

پۆلێنکردنی دێرینەوە. بەم شێوەیە، ئێمە جۆرێکی زمانمان هەیە، کە دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە زمانێکی تردا جێگیر بکرێت، و دووبارە ئەگەر ئێمە زمانێکی (Polysynthesis) ی وەکو چوکچی وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت، کە لە زۆر ڕووەوە سیستەمێکی لکاندنی (agglutinating) ، و تاڕادەیەك سیستەمی لێکدان ( compounding ) ی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بڕێکی زۆر تێکەڵکردن (fusion) لە (inflection)ە ژمارەیی و کەسییەکانی لکێنراو بە کردارەکاندا دەبینین (بڕوانە Fabb1984:132).

کەواتە لێرەدا ئێمە دەتوانین زمانەکە بە نیمچە ( inflectional ) ناو ببەین. ئەم حاڵەتەش ژمارەیەکی تر لە زمانی ( Polysynthesis ) دەگرێتەوە، هەندێ جار ئەو لێکدراوانە وەکو کەرەسەی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی:

3. Window-clean-ing. (وەکو ناو وەردەگیرێ – پەنجەرە سڕینەوە).
4. Meat-eater. (وەکو ئاوەڵناو وەردەگیرێ- گۆشخۆر).

(Spencer &etc 2007:68)

لە پۆلێنکردنی دێریندا ئەم بیرۆکەیە دەردەکەوێ، کە ( پێکەوەگرێدان ) شێوازی سەرەتایی دروستکردنی وشەیە، و جۆرەکانی تری وەکو " داڕشتن " . بە تایبەتی جیاکردنەوە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەردەخەن. لە ڕاستیدا چەمکی مۆرفیم وای دادەنێت، کە هەموو مۆرفۆلۆجی لە هەندێ ئاستی نابەرجەستەدایە.

سەرەتا ئێمە دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە تەنها کاتێك ئەم جیاکردنەوەیە واتایەکی ڕاستەقینەی دەبێت، ئێمە بتوانین مۆرفۆلۆجی لە ئیتیمۆلۆجی جیابکەینەوە، و پاشان ئەوە تەنها بە سەر مۆرفۆلۆجی جێبەجێ دەکرێت. ئەمە تا ڕادەیەك لە بەر هۆکاری زاراوە ناسی و تا ڕادەیەکیش لەبەر هۆکارە تیۆرییەکان، کە شاراوەن و زۆر بە کەمی گفتوگۆیان لەسەر کراوە، مۆرفیمێکی داڕێژراوی باو، با بڵێین پێشگر یان پاشگرێك، ئەرکی دروستکردنی وشەیەکی لە وشەیەکی تر هەیە، وەك چۆن بۆ نمونە پاشگری (ەتی) وشەی ئاوەڵناوی (پیاوەتی) دروست بکات. ئێمە وا بیر دەکەینەوە، کە ئەم جۆرە " ئامرازانە ( پێشگر ، پاشگر ) " تەنها یەك واتا دەگەیێنن، یان تەنها ئەرکێکی ڕێزمانییان هەیە، کە ئەمەش لە هەندێ حاڵەتدا هەڵخەڵەتێنەرە. شتێکی سەیر نییە ئەگەر مۆرفیمە داڕێژراوەکانی زمانێك چەندین لایەنی واتایەك ( چەند واتایەك ) دەربخەن. بۆ نمونە ( ەتی ) ناوی شوێنی ( خۆشناوەتی ) پێك دەهێنێت هەندێ زمان " ئامراز ( پێشگر و پاشگر ) " ی هەیە، کە جۆرەکانی هۆکار بە دیار دەخەن ( بۆ نمونە ناچار کردن لە بەرامبەر ڕێگەپێدان )، لە هەمان کاتدا ئێمە زۆرجار هەندێك لە مۆرفیمی جیاواز دەبینینەوە، کە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن. بۆ نمونە پرۆسەی بە " ناو " کردنی " کردار " ێك لە ئینگلیزیدا دەتوانرێت لە ڕێگەی ژمارەیەك ( ئامراز ) ەوە جێبەجێ بکرێت، وەکو:

5. Write+ing → Writing.

To+write → To write

تایبەتمەندییەکانی پارادایمی ئەوەیە، کە ئێمە ژمارەیەکی کەمی ڕەگەز و توخمی سەربەخۆمان هەیە بۆ نمونە ( حاڵەت ، ژمارە و ڕەگەز لە ئاوەڵناو ، ناو ، کردارەکانی زمانێکدا) و ژمارەیەکی زۆر لە وشە، کە ئەم توخمانەی پێکەوە بەستوتەوە. بە وتەیەکی ڕوونتر، ( گەر چاوێك بە فەرهەگەکاندا بخشێنینەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوێ، کە پەیوەندی نێوان وشەکان دوور و داخراون، بەڵام لەڕووی ڕێزمانەوە پێویستە وەکو خێزانە وشە ڕێکخرێن، یەکێك لەو ناونیشانە خێزانییانە بریتییە لە " بە خشتەکردن " paradigm-ئەو بە خشتەکردنە یان پەرەدایمە دابەشی سەر دووجۆر دەبن : بە خشتەکردنی داڕشتن و بە خشتەکردنی ڕێزمانی، بۆنمونە لە جۆری یەکەمدا مۆرفیمێکی بنجیت دەبێ و کۆمەڵێك مۆرفیمی وشەداڕێژ بۆ داڕشتنی فۆرم و واتای جیاواز لە دەوری ئەو بنجە کۆ دەبنەوە بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Man) بە سەر چەندین خشتەی داڕێژراو دابەشدەبێت:

6. MAN:manly,mannish,manful,manhood,manikin,unman,manliness,manward, manfully,mannishly (Stageberg1971:96).

دیاردەی پەرەدایم لە زماندا جیاوازی نێوان مۆرفیمی وشەداڕێژ و ڕێزمانی دەردەخات، پرۆسەی داڕشتن پرۆسەیەکی گەورەیە وەکو پرۆسەی ڕێزمانی پێشبینی ناکرێت، مۆرفیمی ڕێزمانی بە چۆنییەکی ڕێکوپێك فۆڕمەکان دروست دەکەن، مۆرفیمی ڕێزمانی بەرهەمهێنن لەم بوارانەی خوارەوەدا:

١- گشتین : زیادکردنی هەر مۆفیمێکی ڕێزمانی ناکەوێتە بەر بابەتی جیاجیای کۆتبەندی لەخۆوە، بۆ نمونە ( قەد ) کە سەر بە گروپێکی دیاریکراوە، دیارە، کە چ مۆرفیمێکی ڕێزمانی وەردەگرێت (کات و کەس).
٢- ئەو وشانەی لە ئەنجامی زیادکردنی مۆرفیمی ڕێزمانی بەرهەمدێن دەکرێ پێشبینی واتاکانیان بکرێ.
٣- ڕێگەیەکی تری ئەو جیاکردنەوەیە لە ئاستی ڕێزماندا تاڕادەیەك مۆرفیمی ڕێزمانی پەنای دەبرێتەبەر بۆ پەرەدایمی لێکسیمی بۆ دروستکردنی وشە، چونکە گەردانکردنەکەی ڕێك وپێکە و پێشبینی دەستەیەك فۆرمی وشەی لێدەکرێ ، بۆ نمونە:

لێکسیمی (سەر) دەکرێ ئەم وشانەی خوارەوەی لێ دابڕێژرێ ( سەرە ، سەرۆك ، سەرەکی ، سەروان...هتد ). (سەباح رەشید ب٢٠٠٩: ٣٥) .

## ١-٣ مۆڕفیم ، وشە و فەرهەنگ :

### ١-٣-١ مۆڕفیم و ئەلۆمۆڕف :

بیرۆکەی سەبارەت بە مۆڕفیم، ناساندنێکی بێ کێشە نییە. ئەو کێشەیەی مۆڕفۆلۆجی، کە بە هۆی تێکەڵکردنەوە دروست بووە گەلێك ئەستەمە، چونکە لەو حاڵەتانەدا مۆڕفیمێك یا هەمان مۆڕف وا پێدەچێت، کە هەڵگری چەندین ئەرکی ڕێزمانی یا واتایی بێت. بنەمای مۆڕفیمی کلاسیکی ئەوە دەخوازێت، کە بۆ هەر مۆڕفێك دەبێت تەنها یەك واتا هەبێت ( جگە لە حاڵەتە ناوێزەکان نەبێ ) . کێشەیەکی تری گرنگی پەیوەست بە بیرۆکەی مۆڕفیمەوە هەیە، کە خۆی لە شێوە – کارکردن ( ئەرکی ڕێزمانی ) دا دەبینێتەوە، کە ئەم بیرۆکەیە مۆڕفیم بە بچووکترین یەکەی واتایی پێناسە دەکات. لە ڕوویەکەوە دەتوانین بڵێین، کە پێچەوانەی ئەمە لە حاڵەتی تێکەڵبوندا (fusion) خراوەتەڕوو .

نمونەیەکی ناسراو و کاریگەر لەم بارەیەوە لە بواری باخەوانی خراوەتە ڕوو ، ئێمە لیستێکی ئەو ناوە لێکدراوانەمان هەیە لە زمانی ( ئینگلیزی ) دا بەکاردێن بۆ ئاماژە کردن بە میوەی " توو".

7. Blueberry blackberry.

شاتوو، تووی ڕەش، تووە ڕەشە

8. Raspberry strawberry.

تەمێشك، توو فەرەنگی

لە یەکەم ڕوانیندا وا پێدەچێت، کە واتای ئەم وشە لێکدراوانە دیاری کرابێت بە هۆی پێکەوەنانەوە، واتە بە پێکەوەنانی واتای پارچەکان ( وشەکان ) بۆ نمونە ( شا + توو ) ( تووی ڕەش ) (ڕەش + توو )، کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە هەڵەیە، ئەمە سەبارەت بە تووی فەرەنگی، هەروەها سەبارەت بە نمونەکانی ترەوە، کۆمەڵێك کێشەی تایبەت دەخاتە بەرچاو. پێکهاتەی strawberry پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە واتای گشتی وشەکە بکات، چونکە strawberry جۆرێکی تایبەتی " توو " ە. جیاوازە لە وشەی ( blackberry) بۆ نمونە، ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بەکاردەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی وشەیەك لە یەکێکی تر. بە واتایەکی تر ئەمە نمونەیەکی " فۆڕم " ( شێوە ) یە کە لە خودی خۆیدا واتایەکی نییە، نمونەیەکی زۆر ئاشکرایە سەبارەت بە لادان لە گونجانی یەك بە یەك لە نێوان فۆڕم و ئەرکی ڕێزمانیدا .

دەرئەنجامێك، کە دەتوانرێت لەمەوە وەربگیرێت ئەوەیە، کە بیرۆکە و سروشتی مۆڕفیم پێویستە لە سەر بنەمای پێکهاتەکانی وشە و پەیوەندی نێوان فۆڕمەکانی وشە پێناسە بکرێت، نەوەك لە سەر بنەمای واتا ( بەو شێوەیەی کە زانایانی ڕستەسازی باسی دەکەن واتە جەخت کردن لە سەر جوان ڕێکخستنی ڕستە بە بێ پەنابردنە بەر واتا (Spencer1996:41) . گەلێك وشەی وەکو:

9. Ox----oxen

10. Feet---Foot

لە ڕاستیدا ناوازەنین ( نمونەی زیاتری لەم چەشنە لە زمانی ئینگلیزیدا هەن ) .

بوون لە زیاد کردنی ( en ) بۆ قەدی وشەکە و زیاد کردنی دوو ڤاوڵی جیاواز بۆ پێکهاتەکە بۆی، ئایا ئەمانە هەموو ئەلۆمۆرفی تاکە مۆرفیمێکن ؟ ئەگەر وایە چ بیرۆکەیەکی لۆژیکی پەیوەست بە ئەلۆمۆرف ڕێگەمان پێ دەدات، کە بڵێین ڤاوڵی دەنگداری (oo-) لە بری (ee) دادەنرێ.

**١-٣-٢ سروشتی وشە :**

وشە چییە و چۆن دەتوانرێت بناسرێتەوە؟ ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا یەکێکە لە کێشە گرنگ و قورسەکان لە بیرۆکەی مۆرفۆلۆجیدا. بیریارانی بواری مۆرفۆلۆجی گفتوگۆیەکی درێژخایەنیان لەسەر پێناسەی وشە کردووە، بەڵام هەموو جارێك بڕیارە تیۆرییەکان بە هۆی چۆنیەتی تێگەیشتن لە سروشتی "وشە" و چەمکە پەیوەندیدارەکانی وەکو "وشە" دروستکردنەوە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. ئەمەش دەکرێ بەوە لێکبدرێتەوە، کە هۆی دەستەمۆ نەکردنی وشە لە چوارچێوەی پێناسەیەکی گشتگیر و یەکلاییکەرەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانەکە بە هۆی سیفەتە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکەوە پێناسەی تایبەت بە وشە دەسەپێنێ. ڕێگایەك بۆ پێناسەکردنی " وشە بوون " بریتییە لە پەنابردنە بەر پێکهاتەکانی تری زمانەوانی وەکو فۆنۆلۆجی، سینتاکس ( ڕستەسازی ) یان سیمانتیك، کاتێك پێوەری لەم چەشنانە بۆ زمانە تاکەکان پەرەپێدەدرێن دەتوانن تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبن، هەرچەندە دۆزینەوەی کۆمەڵێك پێوەر بابەتێکی بە تەواوەتی ئەستەم و جیاوازە، کە هەموو زمانەکانی جیهان هەڵ بسەنگێنرێن .

ژمارەیەکی زۆر کەمی تایبەتمەندی سیمانتیکی وشەکان هەن، کە ئەوان لە مۆرفیم و (گرێ)کان جیا بکاتەوە. هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا پێوەری سیمانتیکی دەکرێت سوودبەخش بێت. سەیری واتای وشەی ( tea ) بکە لەم نمونانەی خوارەوەدا :

11. Pound of tea

12. Teapot

ئێمە لەوانەیە بپرسین، کە ئەگەر ئەم دەربڕینانە وشەی تاك بن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەرەتا بزانین، کە چۆن پێکهاتەکەی لە هەر کام لەم دەربڕینانەدا شیدەکرێتەوە. ئاماژە بە جۆرێکی تایبەت لە شت و واتای هەموو دەربڕینەکە دەکات، واتای وشەی ( tea ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەخۆ دەگرێت، ئەگەر ئێمە کەسێکمان بینی، کە لە جیاتی ئاماژە کردن بە پاکەتێك قاوە دەستەواژەی (pound of tea) ی

بەکارهێنا ئەوا ئێمە دەڵێین، کە ئەو هەڵەی کرد، چونکە ( tea) بە واتای ( coffee ) نییە، بەڵام ئەگەر کەسێك هەوڵیدا کە قاوە لە ناو (( قۆری )) یەکدا ئامادە بکات ئەوا ئێمە ناتوانین کە تاوانباری بکەین بەوەی کە هەڵەیەکی سیمانتیکی کردووە. لەوەش زیاتر ئێمە دەتوانین ئاماژە بە ڕێگەیەکی ئەنافۆری لە نمونەکەدا بکەین بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازێکی ئەنافۆرێك وەکو جێناوێك : ئەو بڕێك چایەی وەرگرت و دوو کەوچکی پڕی کردە قۆرییەکەوە، بەڵام بۆ نمونە ئێمە ناتوانین بڵێین :

ئەو قۆرییەکەی هەڵگرت و کردیە ناو کوپەکەوە .

بە واتای ئەوە بێت:

ئەو چایەکەی کردە ناو کوپەکەوە.

ئێمە دەڵێین کە وشەکان لەم حاڵەتەدا لە ڕووی ئاماژەوە ناڕوونن، واتە شتێکی مەحاڵە، کە بتوانین " ناوەوەی " وشەکان ببینین و ئاماژە بە بەشەکانیان بکەین. زاراوەی پەیوەندیدار بەم مەبەستە دوورگەی ئەنافۆرییە : ئێمە ناتوانین ئاماژە بە وشە بکەین بە بەکارهێنانی ئەنافۆر، چونکە وشەکان دوورگەی ئەنافۆرێکن. دوورگەی ئەنافۆر حاڵەتی تایبەتییە لە خەسڵەتێکی شتی تری وشەکان : یەکپارچەیی وشەیی یاسای گشتی بریتییە لەوەی، کە نابێت هیچ پرۆسەیەکی سینتاکتیکی ڕێگەی پێبدرێت بە شێوەیەکی تایبەتی ئاماژە بە بەشەکانی وشە بدات. لە هەندێ زماندا سنوورەکانی وشە بە هۆی دیاردەی فۆنۆلۆجییەوە دیاریکراون وەکو چوارچێوەی هاوسەنگی ڤاوڵی (بڕوانەSpencer1996:41).

## ١-٣-٣ فەرهەنگ ( فەرهەنگی وشە ) :

زاراوەی lexicon واتە " فەرهەنگ " بریتییە لە لیستێکی وشە پێکەوە لەگەڵ واتاکانیان و کۆمەڵێك زانیاری تری بە سود لە بارەی زمانەوانییەوە.

فەرهەنگ وەکو (Complete Oxford English Dictionary) بە تەنها سپێڵ کردنی هەموو وشەکانی ناوەوەی نادات، بەڵکو هاوکات کۆمەڵێك زانیاری تری وەکو یەکەم و گرنگترین بەکارهێنانی وشەکە و مێژووی داڕێژران و ئەسڵی وشەکە دەخاتە بەر دەست. ( فەرهەنگ وەکو بیرۆکەیەکی گشتی هاوواتایە لەگەڵ لیستی یەکەکان، فەرهەنگی نوسراو دەکرێ وەکو دەروازەی فەرهەنگی سەیربکرێت، فەرهەنگ لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا پایەیەکی پێدراوە، لەوەی کە بریتییە لە پێکهێنێك هەموو ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت، کە پەیوەستە بە تایبەتییە ڕۆنانییەکانی یەکە فەرهەنگییەکانی زمانێك، بە دەرخستنی سیفەتی سیمانتیکی و سینتاکسی و فۆنۆلۆژی ئەو یەکە فەرهەنگییانە(Crystal2005:267) . بەمەش قسەکەری هەر زمانێك لە فەرهەنگی مێشکی خۆیدا ( mental lexicon) لە بارەی ئەو وشانەی کە لەوێ هەڵیاندەگرێ، دەبێ سێ زانیاری هەبێ: واتای وشەکە چییە (لایەنی سیمانتیکی)، چۆن دەدرکێنرێ ( لایەنی فۆنەتیکی )، بەشە ئاخاوتنەکەی چییە ( لایەنی ڕێزمان ) نەبوونی زانیاری لەسەر

هەر لایەنێك لەو لایەنانە دەبێتە مایەی ئەوەی قسەکەر نەتوانێ وشەکە لەشوێنی خۆی بەکاربێنێ . (Haegeman1998:37).

لە تیۆری زمانەوانیدا فەرهەنگ کارێکی ئاسان کراوە، فەرهەنگ بە شێوەیەکی ئاسایی زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی وتنی وشە ( تلفظ )، واتای وشە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی وشە، تایبەتمەندییە سینتاکتیکییەکانی وشە لەخۆ دەگرێت. لە ژێر سەردێری " تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجیك " دا لەوانەیە باس لەوە کرابێت، کە وشەکە بۆ چ پۆلێکی مۆرفۆلۆجیی دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە کە ئایا وشەکە گەردانی یەکەمی کردارە یان دووەم، ناوی ڕەگەزی نێرە یان مێ و ... هتد .

زانیاری سینتاکسی پۆلی سینتاکسی وشەکە لەخۆ دەگرێت. بۆ نمونە : کە ئایا کردارێکی تێپەڕە یان تێنەپەڕ .

فەرهەنگ پێویستە هەموو زانیارییەکی تایبەتی بە وشە تاکەکانی ناو لەخۆگر بگرێت. بۆ نمونە شێوەی کۆی ( man ) کە ( men ) ە، لە بەر ئەوەی بە زۆری ناتوانرێت لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی تری ئەم وشەوە بزانرێت، ئەوا پێویستە ئەم شێوەیە (men) وەکو وشەیەکی تاکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا ئاماژەی پێبکرێت .

هەموو زمانەوانەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر ئەمە کۆکن، هەرچەندە دیوێکی تری ئەم بابەتانە زۆر ئاڵۆزە. کۆمەڵێك پرسیار لە سەر سروشتی زمانەوانی فەرهەنگ هەن. لەم بەشەدا ئێمە یەکێك لەوانە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی : کە بە چ شێوەیەك لە ناو فەرهەنگدا ڕیزبەند ( لیست ) کراون ؟

ڕێگایەك بۆ وەڵامدانەوە، ئەوەیە کە بڵێین فەرهەنگ تەنها ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە بە تەواوەتی تایبەتن .

ئەمە ئەو ڕێگایەیە، کە (structuralist) ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان، بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ( بلوم فیڵد ) (١٩٣٣)ە، گرتیانەبەر ئەوان پێیان وابوو، کە هەر تایبەتمەندییەکی وشە، کە بتوانرێت لە ڕێگەی مۆرفۆلۆجی یان ڕستەسازییەوە بزانرێت، دەبێت لە ناو فەرهەنگدا وەلا بنرێت. هەروەکو لە دواییدا دەبینین زمانزانە بەرهەمهێنەکان، وای دادەنێن، کە پێویستە ڕێزمان کۆمەڵێك یاسا لە خۆ بگرێت بۆ دروست کردنی وشە لە مۆرفیمەکان، واتە " کۆمەڵێك یاسای دروست کردنی وشە " .

بۆ هەندێك لە بیریاران، ئەم یاسایانە لە ناخودی پێکهاتە سەربەخۆکەی ڕێزماندا جێگیرکراون و بە هەڵبژاردنی مۆرفیمەکان لە فەرهەنگ و پێکەوە تێکەڵکردنیان ( جۆشدانیان ) ئەم یاسایانە دەکەو نەکار . بە پێی ئەم ڕێچکەیە، هەموو ئەو شتانەی، کە پێویستە لە ناو فەرهەنگدا هەبن بریتیین لە لیستێك لە مۆرفیم.

لەم جۆرە بیردۆزەدا ئەرکی مۆرفۆلۆجی زانەکان بریتییە لە دەرهێنانی زانیاری هەرەمەکی لە پێکهاتەی وشەکان (structure) و نووسینی ئەو جۆرە زانیارییە لە شێوەی " یاساکانی دروستکردنی وشەدا " .

هەموو زمانەوانەکانی لەگەڵ ئەم ڕێچکەیەدا نین، زەقترین کێشە ئەوەیە واتای وشەیەك ناتوانرێت هەمیشە لە ڕێگەی واتای مۆڕفیمەکانییەوە بزانرێت و لە هەندێ حاڵەتدا کۆتا درکاندنی وشەیەك ناتوانرێت لە ڕێگەی شێوەی فۆنۆلۆجیکی مۆڕفیمەکانییەوە بزانرێت بۆ نمونە:

وشەی ( دەزگیر ) لە ( دەز + گیر ) پێك نەهاتووە.

بەمەش ڕێچکە یان شێوازێکی تر ئەوەیە، کە بوترێت فەرهەنگ لیستێك لە وشەی تەواوی تێدایە. وەکو ( Oxford English Dictionary ) .

کێشەکەی ئێمە ئەوەیە بڕیار بدەین، کە مەبەستمان لە " وشە " چییە. تەنانەت بە سنووردار کردنی خۆمان و دابەزین بۆ ئاستی "lexeme" ، کارێکی ئاسان دەبێت بۆ نیشاندانی ئەوەی، کە بە پەیڕەوکردنی پێناسەیەکی تا ڕادەیەك گشتگیر، ئێمە دەتوانین بەو ئامانجە بگەین کە لە هەندێك ئەگەر هەمووشیان نەبێ، لە زمانەکاندا فەرهەنگ بە شێوەیەکی سنووردار فراوان و گەورە دەبێت .

ئەمە دەتوانرێت بزانرێت بە تێبینیکردنی چۆنیەتی دروست بوونی وشە لێکدراوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا. ئەگەر ئێمە بڵێین، کە وشەیەکی لێکدراوی وەکو ( highway ) خودی خۆی وشەیەکە و ( گرێیەك نییە )، کەواتە ئێمە دەتوانین بڵێین، کە دەستەواژەکانی (houseboat, greenhouse)ش وشەن، بە ڕوونی ئێمە بۆمان دەردەکەوێت، کە هیچ سنوورێکی دیاریکراوی زمانەوانی نییە و بۆ ئەو درێژییەی، کە ئێمە دەتوانین پێکیبهێنین لە دروستکردنی لێکدراوی لەم چەشنە ( هەر بەو شێوەیەی کە خوێنەرانی سەردێری ڕۆژنامەکان ئاگادارن ). هۆکارەکە ئەوەیە، کە ناوی لێکدراو دەتوانرێت دروست بکرێت بە زیاد کردنی ناوێك بۆ ناوێکی لێکدراوی تر .

ئەم تایبەتمەندییە " خۆ خۆراك پێدان " ەی یاسای لێکدان بە گەڕانەوە ( recursioo ) بۆ ناو دەبرێت. بەم هۆیەشەوە ناوە لێکدراوەکان لە بنەڕەتدا زۆر درێژن و ژمارەیان ئێجگار زۆرە .

لە زمانەکانی تردا پرۆسەی دروستکردنی وشە وەك حاڵەتی زیادکردنی پێشگر و پاشگر گەڕانەوەیە. کەواتە سەبارەت بە ئەمانەوە ئێمە تەنانەت پێویستمان بە جێبەجێکردنی ئەو گریمانەی پەیوەست بە لێکدراوەکانەوە نییە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە .

ئەگەر ئێمە خۆمان لە بیرۆکەی فەرهەنگێکی زۆر گەورە، کە وشەی بێ سنوری لەخۆ نەگرتووە، ئەوا دەتوانین جیاوازییەك دروست بکەین لە نێوان گرێ و وشەدا ( وشە تایبەتەکان ) (potential words)و (actual ) دا، وشە (Actual) دەتوانرێت بەو وشانە پێناسە بکرێن کە قسەکەر بەکاری هێناون لە قسەکردندا. ئەم جۆرە پێناسەکردنە پڕە لە کێشەی تەکنیکی، بەڵام با وای دانێین، کە وەها پێناسەیەك دەتوانرێت دروست بکرێت، پاشان ئێمە دەڵێین، کە فەرهەنگی زمانەوانی لیستێکە لە وشەی ( بەکارهێنراو ) ( actual ) . ئەوا هەندێ جار بە لیستێك فەرهەنگی هەمیشەیی ( permanent Lexeme ) ناو دەبرێت (Spenser 1996: 48).

ئێمە دەتوانین ئەمە لە بەرامبەر و دژی لیستی سنورداری وشە (potential) کان دانێین (کە زۆربەی کات بە فەرهەنگی مەرجدار یان فەرهەنگی شاراوە، تایبەتی (potential Lexicon ) ناو دەبرێت).

ئەگەر ئێمە هێماکارییەکەی خۆمان وردتر بکەین و مەبەستمان لە وشەی فەرهەنگی تەنها ئەو وشانە بن، کە کۆمەڵگەی قسەکەر شارەزاییان لەسەریان هەیە، کەواتە ئێمە نابێ گوێ بدەین بەو هەزاران ناوە لێکدراوانەی کە ڕۆژنامەکان بەکاریان دێنن و بەڕێوەبەرایەتی نوسینی ئەم ڕۆژنامانەش هەرگیز شارەزایی ئەم ناوە لێکدراوانەیان نییە .

ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە ئەوەیە، کە فەرهەنگە هەمیشەییەکە بۆ لیستێك لە (Lexeme) سنوردار بکەین، بەو ڕێگایە ئێمە لێکدراوە ( یاسایی ) ەکان بەشداری پێ ناکەین، چونکە ئەمانە دەتوانرێت وەکو زنجیرەی درێژە پێدەری وشەکان (Lexemes) بن، کە بە هۆی یاسای ڕێزمانییەوە دروستکراون. هەروەها خۆمان لە کێشەیەك دەپارێزین، کە ڕووبەڕووی ئەو زمانانە دەبێتەوە، کە خاوەنی سیستەمی ( inflectional ) ی دەوڵەمەندن، کە لەم سیستەمەدا یەك ( Lexeme ) بە تەنها دەتوانێت بگونجێت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فۆڕمی جیاوازی وشە ( وشەی مۆڕفۆسینتاکسی ) دا .

نمونەیەکی بەهێزی ئەم کێشەیە لە سەر زمانی " ئارچی " یە، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی داغستانی سەر بە یەکیەتی سۆڤێت قسەی پێدەکرێت و بەوردەکارییەکی زۆرەوە لە لایەن ( 1977 ) ( Kibisk ) دا باسکراوە.

کێشەی دیاریکردنی ئەوەی، کە فەرهەنگی هەمیشەیی دەبێت چی لەخۆ بگرێت ( با وای دابنێین کە بیرۆکەیەکی ڕوونە ) پەیوەندیدارە بە چەمکێکی گرنگی تر لە مۆڕفۆلۆجیدا، کە بریتییە لە " بە بەرهەمی productivity". ئەگەر ئێمە سەیری سەرچاوەکانی وشەپێکهێنان بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێك لەمانە بە شێوەیەکی یاسایی و چالاك لە دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاردەهێنرێن لە کاتێدا ئەوانی تر بە تێپەڕ بوونی زەمەن لە چالاکی کەوتوون یان لە شوێنەکانی ترەوە بە قەرز وەرگیراون و تەنها لە بارودۆخی سنورداردا بەکاردەهێنرێن .

نمونەی ناسراو لەم بارەیەوە لە سەر زمانی ئینگلیزی پەیوەستە بەو ( ئامرازانە affix )ی کە ئاوەڵناوەکان دەگۆڕن بۆ ناو، پاشگری (ness-) دەتوانرێت بلکێت بە هەموو ئاوەڵناوێکەوە ئەگەر هاتوو ئەو ئاوەڵناوە پاشگری تایبەتی خۆی هەبوو.

بەم پێیە ئێمە دەتوانین گوێمان لە خەڵکی بێت کە فۆڕمێکی وشەی وەکو ( Sterilness ) لە جیاتی ( Sterility)، بە تایبەتی کاتێك، کە ئاوەڵناوەکە لە حاڵەتە گشتییەکەیدا بەکاربێت نەك حاڵەتێکی دیاریکراوی فۆنۆلۆجیکی کە وشەکە تێیدا ناتوانێت وەچە دروست بکات. ئێمە دەڵێین (ness-) پاشگرێکی بەرهەمهێنە. ئێمە دەتوانین ئەم پاشگرە بەراورد بکەین لەگەڵ پاشگری (th-) ، کە هەمان ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام تەنها بۆ ژمارەیەکی سنوردار لە وشە (heal<u>th</u>, streng<u>th</u>, warm<u>th</u>). پاشگری (th-) پاشگرێکی

نابەرهەمهێنە، چونکە تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی سنورداری قەدی وشەدا بەکاردێت و ناتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ (Spenser 1996: 49) .

ئەگەر ئاوەڵناوێکی نوێ بێتە ناو زمانەوە ئەوا ئەو پاشگرەی، کە دەیکات بە ناو هەمیشە ( ness-) دەبێت لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە گونجاو بێت، لە کاتێکدا (th-) هەرگیز بۆ ئەم مەبەستە بەکار نایەت، ئێمە تەنانەت دەتوانین گومانیشمان لەوە بێت کە (th-) وەکو مۆرفیمێکی ڕەسەن لە زمانی ئینگلیزی سەردەمدا ئەژمار بکەین یان نا .

ڕێگایەکی تر بۆ سنوردار کردنی ئەوەی، کە دەچێتە فەرهەنگەوە ئەوەیە، کە بڵێین فەرهەنگ لیستێك لە مۆرفیمی لەخۆ گرتووە، هەروەها لیستێك لەو وشانەی کە بە هۆی پرۆسە نابەرهەمهێنە مۆرفۆلۆجیکییەکانەوە دروست بوون، بەڵام ئەو وشانە لەخۆ ناگرێت، کە بە هۆی پرۆسەی بەرهەمهێنەوە دروست بوون، کە واتاکانیان تەنها لە ڕێگەی زانینی واتای بەشەکانیانەوە دەزانرێت. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو فۆڕمانەی وشەکە لە ڕێگەی زیاد کردنی ( inflection ) بە شێوەیەکی ئاسانی دروست دەبن ناچنە لیستەکەوە هەروەها ئەو وشانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی بە هۆی (ness-) ەوە دەکرێن بە ناو.

### ٤-١ تیۆرە ڕۆنانکارەکان (Structuralist Theories) :

کاتێك کە چەمکی مۆرفیم خرایەڕوو لە تیۆرە پێکهاتەییەکانی زماندا، بە تایبەتی لە ئەمەریکادا، بۆیە پێکهێنانی وشە وەك ئارەزوی مۆرفیمەکانی وشەیەك سەیرکرا. مۆرفۆلۆجی بەهۆی میتافۆری شیکاری وشەوە زاڵ بوو، زیاتر لە وشە دروستکردنی وەك تیۆری زمانەوانی بڕیار بوو تەکنیکی شیکردنەوەی وشە بۆ پێکهاتە مۆرفیمیەکانی دابین بکات. ڕێگەکە لە لایەن (هۆکێت) ەوە (١٩٥٥) پێشنیازکرا بە ناوی تیۆری ئایتم و ڕێکخستن (IA) ( ڕێکخستنی دانەکان )(Item-and-Arrangement). بەمەش زۆربەی لێکدانەوەکانی بواری وشەسازی واتایی و مێتافۆری بوون .

لە دیاردەی مۆرفۆلۆجییدا ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە چەندین پەیوەندی مۆرفۆلۆجی هەیە، کە بە تەواوی لە نێو سکیمەی IA ییەکەی جێگەی نابێتەوە. هۆکێت تۆزێك بە درێژی باس لە حاڵەتێکی سادە دەکات، بەکارهێنانی گۆڕانی بزوێن لە دروستکردنی دەمی ڕابردووی کار لە زمانی ئینگلیزیدا، بە بەراورد بە دروستکردنی پێکهاتەی ئاسایی لە پاشگری (ed) بۆ چاوگەکە وەك .(bake ~ baked) باس لەوە دەکات، کە زمانەوانی وەسفی تا ئەو کات کۆمەڵێك ڕێگەی هەیە بۆ وەسفکردنی ئەو ڕاستییەی کە (took) ڕابردووی (take) ە، و بەردەوام دەبێت لە بەراوردکارییەکە.

لیستەکەی هۆکێت بەم شێوەیەی خوارەوەیەوە :

(١) took یەك مۆرفیمە< ... > .

(٢) took هەڵگری نواندنی زنجیرەی دوو مۆرفیمە take و/ed/ .

(٣)  took ئەلۆمۆرفێکی مۆرفیمێکە، کە لە شوێنێکی تر دەردەکەوێت وەك take ئەلۆمۆرفی سفری /ed/.

(٤)    took ئەلۆمۆرفێکی پچڕاوی /t...k/ بۆ take ، لەگەڵ ئەلۆمۆرفی ناواخنی /u/

. /ed/

(٥) took بریتییە لە take لەگەڵ مۆرفیمێکی جێگرەوە /u/(’) /ey/ -> /u/ شوێنی(’/ey/) دەگرێتەوە.

ئەم دەقە وەرگیراوە خۆی ڕوونکەرەوەی خۆیەتی جگە لە چەمکی ( portmanteau ) ، کە لەم دۆخە بە مانای جۆری تێکەڵکردنی دوو مۆرفیم و کردنی بە یەك مۆرفیم دێت (Spencer 1991:48) . بە واتایەکی تر ئەو مۆرفیمانەی، کە زیاتر لە تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆجی هەڵدەگرن، پێیان دەوترێ مۆرفیمی پۆرتمانتیو (portmanteau) ئەم زاراوەیە لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی بەکاردێت، ئاماژە بە هەندێ حالەت دەکات، کە تاکە مۆرفێك بۆ زیاتر لە مۆرفیمێك شیبکرێتەوە، هەندێ جار بەرامبەر بە وشەیەك دەوەستێ . (سەباح رەشید ب٢٠٠٩: ٣٨) .

هۆکێت چارەسەری (٥) ڕەت دەکاتەوە لەبەرئەوەی دژە لەگەڵ بیرۆکەی مۆرفیمێك کە لە پرۆسەیەکی جێگۆڕین پێکدێت، و ئەمەش نامۆیە بۆ ڕێگەی IA لە ڕوانگەی پێناسەکەوە. لە لایەکی ترەوە، سادەترین شیکاری(١) وەکو پێویست نییە لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا سەرکەوتوو نییە، لە دەستخستنی ئەو ڕاستییەی، کە (took) شێوەی ڕابردووی(take) ە بە هەمان شێوەی کە (baked) شێوەی ڕابردووی(bake) ە. شیکاری دووەم دەتوانێت ئەمە بپێکێت، بەڵام کێشەی ئەوەی هەیە، کە سەرکەوتوو نییە لە جیاکردنەوەی شێوەی گۆڕینی بزوێن بۆ جۆری go ~ went. شیکاری (٣) هەوڵدەدات شێوەکانی گۆڕانی بزوێن بکات بە شێوەی لکاندنی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەلاڕێبردنی چەمکەکانی مۆرفیم و ئەلۆمۆرف. ئەم شیکارییە لە ناوەڕۆکدا هاوشێوەیە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ( took ~ take ) بۆ ئەلۆمۆرفی قەدی نێو (electric ~ electricity) ، جگە لەوەی کە گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییەکان بەهۆی ئەلۆمۆرفەوە ڕوودەدات، کە هیچ ناسینەوەیەکی فیزیکی نییە. بۆیە هۆکێت ئەم شیکاریەش ڕەتدەکاتەوە. بەمەش مۆدەلی AI میکانیزمی ڕیزکردنی مۆرفیمەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە ئەوە دەردەخات، کە تاکو چەند ئەو مۆدێلە پراوپڕ نییە بۆ دروستکردنی وشە، بۆ نمونە لە وشەیەکی ئینگلیزی وەکو:

Restructuration ڕۆنانەوە .

کە بەم شێوەی خوارەوە شیدەکرێتەوە:

13. Re-structure-ation

هەردوو پێشگری ( re- ) و پاشگری ( ation- ) دەچنە سەر کردار نەك ناو و ئاوەڵناو، بەمەش کرداری (structure) دەبێ بە (to structure) واتە ڕۆناندن، دەکرێ ڕونانی ناوەوەی ئەم یاسایە بەو شێوەی خوارەوە بخەینەڕوو:

[ [re+[structure]v]v+ation]N.

ئەو یاسایە بۆ داڕشتنی وشە (WFR) ، بۆ نمونە ئەو یاسایەی خوارەوە بە نادروست دادەنرێ:

[ [re[structure]v]+ation]N]N

بڕوانە ( Hockett 1958:10) و (Scalise 1986:32 )

ئەو بەربژاردەیەی هۆکێت پەسندی دەکات (٤)مە، گەرچی بەڕونی ئەمە ڕەتدەکاتەوە، کە ئەمە واتە فۆرمی take پێکهاتووە لە /١...k/ لەگەڵ ناوەندگری/ey/ . هەرچۆنێك بێت، ئەم پەسندکردنە پەیوەستە بە تیۆری IA. هەروەك هۆکێت ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوە پێشبینی شیکاری جیاواز لە چوارچێوەیەکی تیۆری جیاوازدا بە پەسند بزانرێت. هۆکێت ئـــامـــاژە بۆ ڕێگەیەکی تر دەکات، تیۆری وشـــــە و پــــەردایم (Word-and-Paradigm theory) و بەشێکی زۆر گفتوگۆکەی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی ئەو وەك جێگرەوەی سەرەکی بۆ تیۆری IA دایدەنێت، پرۆسەی ئایتم و پرۆسەکان (IP) (پرۆسە و دانەکان ) (Item-and- Process) (بڕوانە Hockett 1958:387).

ئەوە لە ڕوانگەی (IP)ەوە جیاوازی لە نێوان فۆرمە بنەڕەتییەکانی مۆرفیمێك و فۆرمە وەرگیراوەکان دەکەین دوای جێبەجێکردنی چەند پرۆسەیەکی دیاریکراو. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کارەکانی bake و takeفۆرمی بنەڕەتی بوون و ئەم دوو پرۆسە جیاوازە بە سەریان جێبەجێدەبن لە دروستکردنی دەمی ڕابردوو. لە دانەی یەکەمیان، پرۆسەکە بریتییە لە زیادکردنی پاشگری (ed یان ئەلۆمۆرفی /ed/ ) لەوەی دووەمیان بریتییە لە پرۆسەی فۆنۆلۆجی، کە تیایدا بزوێنی take دەگۆڕێت بۆ بزوێنی /u/ . ئەم شیکارییە بۆ ’took‘ دەمێنێتەوە بۆ شیکاری IA پێنجەمی هۆکێت، کە خۆی ڕەتی کردەوە بە هۆی پرۆسە بنچینەییەکانەوە.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕێگەی IP پێشی ڕێگەی IA دەکەوێت، وەك لە لایەن هۆکێتەوە باسی لێوەکراوە ( بەهێزترین بەرگری لە (Sapir 1921:13 ) پێشکەشکراوە ). هۆکێت ژمارەیەك ناڕوونی هەیە

سەبارەت بەوەی بە وردی  مەبەست لە "پرۆسە" چییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وا دیارە بڕوای وابێت کە هەردوو تیۆرەکە دەتوانن ئەم داتایانە و کێشە هاوشێوەکان بە یەکسانی چارەسەر بکات.

جۆرێکی تری دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان دەمێنێت، کە نە IA  و نە IP ناتوانن چارەسەری بکەن، کە بریتییە لە سروشتی تێکەڵی سیستەمی ڕێزمانی. کێشەکە بریتییە لەوەی کە هەردووك IA و IP تیۆری لە بنەڕەتدا لکاندنن (agglutinating)ە. لە ڕێگەی IA ، کە تیایدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان فۆرمە بنەڕەتییەکان و فۆرمە ڕووکەشەکاندا نییە ، گشت مۆرفۆلۆجی لە بنەڕەتدا لکاندنە. بەم شێوەیە، تەنانەت فۆرمێکی وەك took لە دوو مۆرفیم پێکدێت، کە ئەلۆمۆرفەکانی بریتیین لە / take/ و  /took/ و وشە دروستکردن لە لێکدانی ئەمانە پێکدێت. لە تیۆری IP پێکهاتەی وشە پێویست نییە بە شێوەی لکاندن لە ڕووکەشدا دەربکەوێت، بەڵام مەزەندە دەکرێت، کە لە بنەڕەتدا لکاندن بێت. بەم شێوەیە ( took ) لە (take) دروست دەکرێت.

لەگەڵ پرۆسەی گۆڕینی بزوێن، و ئەمە دەکرێت بیری لێ بکرێتەوە وەك مۆرفیمی بنەڕەتی لەگەڵ پرۆسەی دەمی ڕابردوو، کە "لێکدانی" دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کواڵیتی بزوێنەکە. دەردەکەوێت کاتێك پرسیار دەکەین چۆن تیۆرەکانی ( IA یان IP ) دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن.

کێشەکە قوڵتر دەبێتەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی، کە لە حاڵەتە ناڕوونەکاندا ناو و ئاوەڵناوی زمانی ڕووسی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و ناوەند ناکەن. زۆر ناڕوونە، کە چۆن دیدێکی هۆکێت بۆ شیکاری (٤) دەکرێت لەگەڵ ئەم جۆرە بنەمایە لە نێو چوارچێوەی IA بگونجێت. بەهەمان شێوە جێگەی باوەڕکردن نییە، کە کۆمەڵێك پرۆسەی کارکردن بە سەر شێوە بنەڕەتەکان بۆ دەربڕینی جۆرە جیاوازەکانی نێر/ ناوەند، دۆخی ناڕاستەوخۆ، تاك و ئاوەڵناو ... هتد  بدۆزینەوە .

لە گۆڕینی مۆرفی بزوێن، بە یەك فۆرمی ڕووکەش چەندین جۆر دەناسرێنەوە ، نمونەیەکی پەیوەندی یەك - بۆ کۆمەڵێك لە نێوان فۆرمەکان و کردارەکان. سەرەڕای ئەوەش، حاڵەتی تریش دەبینین کە تیایدا یەك جۆر بە زیاتر لە یەك شێوە دەناسرێنەوە لە وشەیەك، کە کاتێك پەیوەندی یەك-بۆ کۆمەڵێك هەیە لە نێوان فۆرم و کردارەکاندا. ئەمە پێی دەوترێت درێژکراوە یان ناڕوونی داپۆش کراو. کارە بەهێزەکانی زمانی ئینگلیزی نمونەیەکی سادەی ئەمەن. زۆرینەی ئەم کارانە بە en-  کۆتاییان دێت لە گۆڕانی سێیەم (past participle). هەرچۆنێك بێت، زۆرینەیان گۆڕینی بزوێن نیشان دەدەن و لە چەندین حاڵەت بزوێنی قەدەکە هاوشێوەیە لە فۆرمی گۆڕانی سێیەم، بۆ نمونە: Write , wrote ، بەڵام written درێژکراوەی گۆڕانی جۆری سێیەم ناڕوونە .

بۆ ئەوەی بڵێین کە پرۆسەی فۆنۆلۆجی گۆڕینی بزوێنمان هەیە بە هۆی ناوەندگری en-  لەوانەیە بۆ شارەزایانی IA یان IP جێبهێڵرێت. حاڵەتەکانی تری فرە ناڕوونی کەمتر ئاسانن، کە شییکرێنەوە، هەرچۆنێك بێت. ماتیوس (١٩٧٢) باس لە نمونەیەکی لاتینی دەکات، کە هاوشێوەی ئەو کێشەیە لە زمانە (inflecting)ەکاندا هەیە. یەکەم بەشی کارەکان لە بکەردیاریدا (ئەکتیڤ ڤۆیس) بە (o) کۆتاییان دێت: بۆ

ڕابردووی ناتەواو و بە (i:) کۆتاییان دێت: لە ڕابردووی تەواو: بەم شێوەیە، فۆرممان هەیە لە شێوەی ئەمانەی خوارەوە:

14.

a) am-o: am-a:-w-I: خۆشویستن

b) mon-e:-o:mon-u-I: ئامۆژگاری

c) reg-o: re: k-s-I: ڕێسا

d) aud-i:-o: aud-i:-w-I: بیستن

لە نمونەکانی (a, b) پێکهاتەی -w- مارکەرێکی ئاسایی دەمی تەواوە و لە b مارکەری -u- بۆ ئەم مەبەستە کاردەکات. لە فۆرمی re:ksi: ئەوە پێکهاتەی -s- هێمای دەمی تەواوە، بەڵام ئەم جۆرە بەشێکی بە درێژبوونەوەی بزوێنی ڕەگ و گۆڕینی g/k هێما دەکرێت. ئەوەی دوایەمین دەکرێت وەك گۆڕینی خودکاری فۆنۆلۆجی هەژمار بکرێت، گەرچی درێژبوونەوەی بزوێن خودکار نییە و دەکرێت بوترێت، کە ناسینەوەی بەشی جۆری دەمی تەواوە. ئەمە واتە دیاریکردنی جۆرە مۆرفۆسینتاکتییکەکان بۆ شێوە ڕووکەشەکانی بۆ re:ksi: دەبێت .

وەڵامێکی سادەی ئەم ئاستەنگە بریتییە لە باسکردنی ئازایانە و دەرخستنی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان فۆرمی مۆرفۆلۆجی و کرداری مۆرفۆسینتاکتیکی گەلێك زۆرە نەوەك یەك- بۆ- یەك بێت لە حاڵەتە گشتییەکان. ئەمە ڕێگەی وشە و پەرادیمە (WP) بۆ مۆرفۆلۆجی وشەگۆڕ، یەکەم جار بە شێوەی بەش بەش لە ڕۆبینز (١٩٥٩) پێشکەشکرا و بە وردی بەرگری لێکرا لە نێو چوارچێوەی بەرهەمهێنان لە لایەن ماتیوز (١٩٧٢: ١٩٧٤). ڕۆبینز باسی لەوە کردووە، کە چەندین گشتاندن هەیە، کە دەکرێت بە تەنها لە ئاستی وشە باسی لێوە بکرێت. هەروەها باسی لەوە کرد بواری " پەرەدایمی ڕێزمانی " لەوە دەچێت ڕۆڵی هەبێت لە ڕێکخستنی ڕێزمانی. دووبارە، ڕوونکردنەوە و نمونەی تێروتەسەڵی ئەمە لە بەشەکانی تردا دەبینین. پرۆپۆزەڵەکەی بۆ ڕێکخستنەوەی شیکارییەکی زووتری وشە بوو، کە لە زمانەوانە کلاسیکییەکان وەرگیرا بوو (هەندێك نووسینی (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر، وەك پانینی و ئەرستۆ) کە باسی زمانە کلاسیکییەکانی وەك لاتینی، یۆنانی و سانسکریتی دەکرد (بڕوانە katamba2006:63 ).

کلیلی ڕێگەی WP بریتییە لە دیدمان بۆ وشەی مۆرفۆسینتاکسی. هەر فۆرمێکی پاشگردار ( بە لایەنی کەم ) یەك وەسفی مۆرفۆسینتاکسی ( بۆ نمونە "شێوەی ڕابردوو" یان "دۆخی ناڕاستەوخۆ تاکی نێر/ناوەندی ئاوەڵناو" ) و ڕێزمان و ئەو کات پارەدایمەکان بەردەست دەکات، کە شێوەکان دیاری

دەكات و هاوشانە لەگەڵ ئەم جۆرانە. لە سیستەمی پێكەوەلكاندا (agglutinating) ڕێسای گونجان زۆر سادەتر دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ یەك جۆری مۆرفۆسینتاكسی لە سەر شێوەیی و یەك شێوەیی لە سەر جۆر، بەڵام هیچ پێویستییەك نییە بۆ جۆرەكان و پێكهاتە مۆرفۆلۆجییەكان كە دەربڕی ئەم جۆرانەن، بۆ ئەوەی لە گونجانی یەك- بۆ- یەك بن، بەو شێوەیەی لە تیۆری IA یدا هەیە.

ئەنجامێكی ئەم ڕێگەیە بریتییە لەوەی، كە بابەتێكی سادەترە لە وەسفكردنی یەكگرتنی دوو شێوە جیاوازی وشە (syncretism) بۆ نمونە، ئەو ڕاستییەی كە گشت حاڵەتە نائاساییەكان هەمان كۆتاییان هەیە لە دۆخی مێینەی تاك (oj) دەكرێت ڕاستەوخۆ بخرێتە نێو ڕێگەی WP كە تیایدا وەسفی مۆرفۆسینتاكسی جیا كراوەتەوە لە شێوەیی مۆرفۆلۆجی ئاوا. لە هەمان كاتدا توانی بەركاری (exponent) درێژكراوە یان داپۆشراو، كە لە زمانی لاتینی هەیە هیچ كێشەیەك دروست ناكات، لە بەرئەوەی بە سادەیی دەبێت تەنها ڕێساكانمان بنووسین بە شێوەیەك كە پێویستە جۆرێكی مۆرفۆسینتاكسی وشەی فەرهەنگی هێما بكرێت بە ڕەگی ئەلۆمۆرفی لەگەڵ پاشگرخستنە سەر. بەم شێوەیە، لایەنێكی بەهێزی ئەم وەسفە بریتییە لەوەی شیاو بێت بۆ وەسفكردنی هەر شێوازێكی داتا، بە لە خۆگرتنی سیستەمە گریمانەییەكان كە هەرگیز لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕوو نادات. ئەمە جۆری تایبەتمەندییە، كە دەشێت گومانی زمانەوانیی بەرهەمهێنان بەرز بكاتەوە. بۆ نمونە لە زمانی یابانی :

15. Taroo ga hana o migotoni sak-ase-ta.

Taroo NOM flower Acc beautifull bloom caus pst.

بكەر كە (taroo) یەو لە دۆخی بكەریدایە وایكرد گوڵەكە جوان بێت .

**١-٥ مۆرفۆفۆنیمیك :**

ڕۆنانكارەكان پێكهاتەی مۆرفۆلۆجییان گرێداوە بە هەمەچەشنی ئەلۆمۆرفی. ئەمە تیۆری مۆرفۆلۆجی دەبەستێتەوە بە تیۆری فۆنۆلۆجی ( ئەوەی لە ڕۆنانكاریدا بە فۆنیمیك دەناسرێت ) و لە چەند قوتابخانەیەكی زمانەوانی ڕۆنانكاریدا ئەنجامەكە بریتی بوو لە ئاستی ناوەندی مۆرفۆ فۆنیمیك.

مۆرفیم لەوانەیە لە فۆرمی فۆنۆلۆجی جیاواز دەربكەوێت بەهۆی كاریگەرییەكانی پرۆسە فۆنۆلۆجییە گشتییەكانەوە. پاشگری كۆی زمانی ئینگلیزی نمونەیەكە بۆ ئەمە. ئەمە چەند لایەنێكی ئاڵۆزی فۆنۆلۆجیی لەخۆ دەگرێت، بۆیە بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی چۆن تیۆرەكانی ڕۆنانكارەكان باسیان لە هەمەچەشنی مەرجداری فۆنۆلۆجیی كرد لە سادەترین شێوەدا، ئەوە بە نمونەیەكی ئاسانی زمانی ڕووسی دەست پێدەكەین. وشەی "كەف" لە دۆخی تاك ئەوە وەك [p’Ɛnə] دەخوێنرێتەوە، لە كاتێكدا فاریزەكەی سەرەوە هێمایە بۆ بە مەڵاشووبوونی نەبزوێنەكە. لە دۆخی ناڕاستەوخۆ وشەكە وەك [p’en’i]

دەخوێنرێتەوە، لەگەڵ بە مەڵاشووبوونی (n) و بەرزکردنەوەی قەدی بزوێنەکە لە [ɛ] بۆ .[e] بە مانایەکی تر [e] ئەلۆفۆنە، یان جۆرێکی تری فۆنیمی (e) یە کە هەر کاتێك ئەو فۆنیمە بکەوێتە پێش یان دوای نەبزوێنی مەڵاشووکراو ئەوە دروست دەبێت. ئەمە نمونەیەکی گۆڕانی خودکارە، کە کۆنترۆڵکراوە بە تەنها بە فۆرمی فۆنۆلۆجیی وشەکان، و جێبەجێ دەبێت بە سەر هەموو وشەیەکی فۆرمی گونجاو لە زمانەکە. سەرەڕای ئەوەش جیاوازی ɛ/e هەرگیز دژیەك نییە لە زمانی ڕوسی، بەو واتایەی ناکرێت جووتێك وشە هەبێت، کە جیا بن تەنها بەوەی یەکێکیان /e/ هەبێت و ئەویتریان /ɛ/ هەبێت لە بەرهەمهێنان فۆنۆلۆجی هاوچەرخدا حاڵەتێکی وەك ئەمە دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە ڕێگەی وەرگرتنی ئەلەفۆنەکانی /ɛ / وەك بنەڕەتی و داڕشتنی ڕێسایەك، کە جێبەجێ دەبێت لە دۆخی بزوێنە مەڵاشوو بووەکان. لە فۆنیمێکی ڕۆنانکار ئەوە دەڵێین دوو ئەلۆفۆنەکەی فۆنیمی (e) لە دابەش بوونی تەواوکەرن(complementary distribution) ، بەو واتایەی تەنها یەك دۆخ هەیە کە تیایدا /e/ بەکاردێت و دۆخێکی تەواو جیاش کە تیایدا /ɛ/ دەردەکەوێت .

حاڵەتەکە تۆزێك ئاڵۆزترە لە دۆخی نمونەی دووەم. فۆرمی تاکی خۆیەتی دەبینین لە سێ ناوی نێرینەی ڕووسی کە بە a- کۆتایی دێت :

16.

a) luka ‘پیاز-خۆیەتی’

b) luka ‘چەمانەوە- خۆیەتی’

c) luga ‘مێرگ- خۆیەتی’

تێبینی ئەوە بکە کە (luka) بە هەردوو مانای "ـی پیاز" و "ـی چەمانەوە" دێت. ئەمە واتە هاوبێژیمان هەیە (homonymy)، زیاتر لەم هاوبێژییەدا ئێمە لە ئینگلیزی وشەیcase مان هەیە (court case suitcase, یان genitive case) ( دۆخی خۆیەتی ) .

بابەتەکان زۆر سەرنج ڕاکێشتر دەبن کاتێك سەیری نمونەکە دەکەین، شێوە بکەری / بەرکاری ئەم سێ وشەیە :

17.

a) luk ‘پیاز’

b) luk ‘چەمانەوە’

c) luk ‘مێرگ’

ئێستا دەبینین، کە سێ هاوبێژمان هەیە (بە هەمان شێوەی وشەی case لە زمانی ئینگلیزی). هەرچۆنێك بێت، حاڵەتی (luk ) ی زمانی ڕووسی جیاوازە لە حاڵەتی (case) ی زمانی ئینگلیزی. ئەمە بەهۆی ئەوەیە، کە دەرکەوتنی دەنگی /k/ لە کۆتایی وشەکە بۆ "مێرگ" ئەوە دەرەنجامێکی خودکاری ڕێسایەکی گشتی فۆنۆلۆجی ڕووسییە. هیچ دەنگێکی وەستاوی دەنگدار (voiced Stop) لە کۆتایی وشەدا نایەت لە زمانی روسیدا ( بۆیە وشەکانی back و bag بە هەمان شێوە گۆدەکرێن کاتێك بە شێوەزاری ڕووسی دەخوێنرێنەوە ). زنجیرە دووەم [lug] دەبێتە وشەیەکی گۆنەکراو لە زمانی ڕووسی (سەیری ئەوە بکە چیمان وت دەربارەی قسەکردنی ئینگلیزی بە شێوەزاری ڕووسی)، بۆیە ئەو شوێنەی پێشبینی [lug] بکەین ئەوە وشەی [luk] دەبیستین (بڕوانە Plank 1979:329).

لە زمانی دەربڕینی هاوچەرخدا و (هەروەها لە ڕۆنانکارە ئەوروپییەکان) ئاڵوگۆڕکردنی g/k ڕوونکراوەتەوە، لێرە نمونەیەکی ناوەندکردنی (neutralization) کۆنتراستی فۆنیمێکی هەیە. دووبارە ئاڵوگۆڕکردنێکی خودکارانەمان هەیە، لە بەرئەوەی بەسەر گشت وشەکان جێبەجێ دەبێت کە شێوەی فۆنۆلۆجی دروستیان هەیە، بەڵام دەبێتە هۆی تێکدانی کۆنتراستی نێوان فۆنیمەکانی g/k و ( لە نێوان گشت جووتە دەنگە دەنگدار/بێدەنگەکان لە ڕووسی .(ناوەندبوون) (Neutralization) دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لە ڕێگەی IA دەربارەی مۆرفۆلۆجی. لە ڕێگەی دوای بلومفیڵد وەك هۆکێت، وتەکان دەربارەی مۆرفیمەکان دەبوایە جیا بێت لە وتەکان دەربارەی فۆنیمەکان. هۆکارەکانی ئەمە وابەستەی مەزەندەی ناکۆك بوون سەبارەت بە ڕێگەی شیکاری زمانەوانی بۆ بەرەو پێش چوون و سەبارەت سروشتی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان. لە قوتابخانەی ڕۆنانکارەکانی ئەمریکی بڕوا وابوو، کە شیکاری تەواوی فۆنیمیکی دەبێت پێش شیکاری مۆرفۆلۆجی بێت ( کە دەبوایە پێش شیکاری سینتاکتیکی بکەوێت). هۆکاری ئەمە هەرگیز ڕوون نەکرایەوە، بەڵام کاریگەری دانانی مەرجی قورسی هەبوو لە سەر ڕێگەی نووسینەوەی ڕێزمانەکان. هەروەها بڕوا وابوو کە نواندنی فۆنیمی وشەیەك پێویستە ڕاستەوخۆ لە نواندنی فۆنەتیکی وەربگیرێت، ئەوەی پێی دەوترێت پێویستی چوونیەکی دوولایەنە ) (biuniqueness) هەندێك جار بە شێوەی دروشمێك دەوترا "جارێك فۆنیم بێت، گشت کاتێك دەبێتە فۆنیم ". (بڕوانە .(Spencer1991:58

لە حاڵەتی [p’Ɛna/p’en’a] ئەوە هیچ کێشەیەك نییە. لە بەر ئەوەی دەنگی [e] ئەلەفۆنی مەرجداری فۆنۆلۆجی فۆنیمی /Ɛ / یە، دەتوانین دوو فۆرمی فۆنیمی بنووسین وەك /p’ens/ و/p’Ɛn’a/ ، لە تێگەیشتن لەوەی، کە بنەما فۆنۆلۆجییەکانی ئەلۆفۆنی گۆکردنی وردی هەریەك لە بزوێنێکمان پێدەڵێت. لە دۆخی ئاڵوگۆڕکردنی [lug - luk] کێشەیەکمان هەیە. دوو جۆرەکە لە فۆنیمە جیاوازەکان و جۆری قەوارەکان، کە لە فۆنیمی جیاواز پێکدێن بریتیین لە مۆرفەکان، بۆ نمونە ئەلۆمۆرفەکانی یەك دانە مۆرفیمن، لێرەوە ئێمە وەك مۆرفۆلۆجی زانەکان پێویستە دوو فۆرمی /luk/ and /lug/ دابنێین بۆ قەدی ’meadow’ و تێبینی ئەوە بکەین یەکەمیان لەو کاتە دێت، کە هیچ پاشگرێك نەبێت، و ئەویتریان لە کاتی بوونی پاشگر دەبێت، کێشە گەورەکە لێرە ئەوەیە، کە ئاڵوگۆڕکردنی k/g خودکارە هاوشێوەی ئاڵوگۆڕکردنی e/e یە و بۆیە پێویستە لە ڕێگەی وتەی فۆنۆلۆجییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەوەك

وتەی مۆرفۆلۆجی. بە مانەیەکی تر حاڵەتێکمان هەیە کە لە بنەڕەتدا ئەلەفۆنییە، بەڵام ئێمە لە ڕێگەی مەزەندە تیۆرییەکان دەبێت چارەسەری بکەین وەك ئەلەمۆرفی.

چارەسەرێك کە لەلایەن ڕۆنانکارەکانی دوای بلوم فیلْد پەسندکرابوو دانرا بۆ دامەزراندنی ئاستێکی زیاتری ڕاستەوخۆتر لە نێوان فۆنیم و مۆرفیم، ئەمە ئاستی مۆرفۆ فۆنیمیك بوو و پێکهاتەکانی بریتی بوون لە مۆرفۆفۆنیم، هەندێك لەمانە گونجانی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ فۆنیمەکان، بەو واتایەی کە هەرگیز ئاڵوگۆڕناکرێن، یان ئەوانەی سەرکەوتوو نەبوون بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە وشەیەکی دیاریکراودا. ئەوانی تر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیان بە فۆنیمەکان هەیە، کە دەیانناسنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نواندنی دەنگە ئاڵوگۆڕکراوەکان. وشەی"meadow" ، کە بە نەبزوێنێکی ئاڵوگۆڕکراو کۆتایی دێت، ئەوە نواندنی پێدەدرێت بە درێژایی هێڵەکانی، کە تیایدا G هێمایە بۆ مۆرفۆ فۆنیمە ئاڵوگۆڕکراوەکان :

18. luG ‘meadow’

لە لایەکی ترەوە وشەی وەك luk لەگەڵ وشەی تری وەك‘ gul دەنگدانەوە’ و‘ kuV جۆرە جانتایەکە’ کە دەنگەکانی kjg تێدایە هەرگیز ئاڵوگۆڕناکرێن، ئەوە نواندنی وەك ئەم نمونەیە دەبێت، لەگەڵ مۆرفۆ فۆنیمەکانی k و g ، کە جیان لە مۆرفۆ فۆنیمی G :

19.

a) luk ‘پیاز/چەمانەوە’

b) gul ‘دەنگدانەوە’

c) kul ’جۆرە جانتایەکە’

ئەو کات ڕێسای تایبەت ئەوە دیار دەکەن کە G هاوتایە لەگەڵ فۆنیمی /g/ لە هەندێك دۆخ و بۆ /k/ لە هەندێك دۆخی تر.

لە ڕێگەی قوتابخانەی ڕۆنانکاری پراگ، کە بە دوای بیرۆکەکانی تروبێتسکۆی و جاکۆبسۆنەوە هات، ئەوە تایبەتمەندی تایبەتی دەبێت، بەم شێوەیە وەك چەپکێك لە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی دەنگە وەستاوە ڤیلەرەکان، بەڵام نیشانە نەکراوە بۆ تایبەتمەندی دەنگداری. ئینجا ئەم تایبەتمەندییە دیاری دەکرێت وەك کردارێکی شوێنەکەی ( لە کۆتایی وشە بێت یان نا ). پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆجی دیاریکراوی ئەم جۆرە پێی دەوترێت ئەرکیفۆنیم (archiphoneme) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر بیرۆکە دەگرێتە خۆی، کە پێچەوانەیەکی دژیەك هەڵدەسەپێردرێت یان ناوەند دەکرێت لە چەند حاڵەتێك. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا

کاتێك وشەی "مەهاباد" بە "مەهابات" گۆدەکرێت گۆڕینی دەنگی /د/ بۆ /ت/ بە یاسایەکی فۆنۆلۆجی دەبێت کە لە :

(+گڕ) ەوە بۆ (- گڕ ) دواتر بۆ (+ کپ ) دەبێ .

چەمکی مۆرفۆفۆنیمیك تۆزێك جیاواز بووە لەمە. داواکاری چوون یەکی دوولایەنە مانای ئەوە بوو، کە فۆنیمەکان ڕێپێدراو نەبوون بگۆڕێن بۆ فۆنیمی تر. لێرەوە چەمکی ناوەندکردنی بەم شێوەیە بەشێك نەبوو لە تیۆرەکە، بەم شێوەیە چەمکی ناوەندکردن ناکرێت دروست بکرێت بە گەڕانەوە بۆ ئەرکیفۆنیم، و پێکهاتەی G ی مەبەست لێی ناوەندگیری فۆنەتیکی نییە لە نێوان /k/ و - /g/ دەکرێت تەنها وەك قەوارەیەکی تەواو جیا لێك بدرێتەوە.

ئەم جۆرە ڕێگەیە سەر دەکێشێت بۆ ناکۆکی لە نێوان گشتاندنەکان کە وتراون سەبارەت بە فۆنیم و ئەوانەی وتراون سەبارەت بە فۆرمەکانی مۆرفیم. ناکۆیەك تەواو قوڵ دەبێتەوە کاتێ کە تێبینی ئەوە دەکەین، کە پرۆسەیەکی سوانی دەنگداری (voicing assimilation) لە ڕووسی هەیە، کە دەکرێت لە نێو وشەیەك ڕوو بدات ( بۆ نمونە لە نێوان سنورەکانی مۆرفیم ) یان لە نێوان وشەکاندا، ئەگەر وشەکان لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجییەوە کلیتیك (کلیتیك واتە وشەی سترێس نەکراو) بن. یەکێك لەم کلیتیکانە مۆرفیمی مەرجدارێتی by یە، کە وەك [bi] دەخوێنرێتەوە. ئەمە دەکرێت بە هەموو وشەیەکی ڕستەوە بلکێنرێت، بە لەخۆ گرتنی کارای ڕاستەوخۆش :

20.

a) lug by uvidel ‘دەیەوێت پیازەکە ببینێت’

b) lug by uvidel ‘دەیەوێت چەماوەکە ببینێت’

c) lug by uvidel ‘دەیەوێت مێرگەکە ببینێت’

d) luʤ by uvidel ‘دەیەوێت تیشکەکە ببینێت’

هەر وەك دەکرێت لەم داتایەوە پێشبینی بکرێت، تەنها لەوانەیە نەبزوێنێکی دەنگدار لە پێش دەنگی b وشەی by بێت. بەم شێوەیە، زنجیرەیەکی وەك /lutj’by/ یان /luʧby/ ئەوە لە ڕووسی گۆ ناکرێت. هەروەها ئەمەش ڕاستییەکی گشتی فۆنۆلۆجییە، سەبارەت بە زمان لە حاڵەتی ئاڵوگۆڕکردنی luk ~ lug کە پێشتر ڕوونکرایەوە، ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ناوەندکردن" (neutralization ) بە ئاراستەی پێچەوانەی ناوەندکردنی تێبینیکراو لە ناوی تاکی وشەی "meadow هەرچۆنێك بێت، هیچ فۆنیمێکی ʤ لە

ڕووسیدا بوونی نییە. ئەم دەنگە ئەلەفۆنێکی دەنگداری دەنگی ʧ کە لە کۆتایی وشەی luʧ هەیە (lutj’a . تیشکی ڕوناکی).

ئەوە بۆ گشت کەسێك ڕوونە کە ڕووسی دەزانێ، کە هۆکاری ئاڵوگۆڕکردنەکان لە a ، b، هەمان شتە لەگەڵ هۆکاری ئاڵوگۆڕکردنەکانی d و سەرنەکەوتنی ئاڵوگۆڕکردنی پێچەوانە لە c. هەرچۆنێك بێت، لێکدانەوەی دوا بلومفیلْدیەکان ناتوانێت ئەمە دەربخات. ئالوگۆڕکردن لە نێوان ʤ و ʧ پەیوەستە بە ئەلەفۆن و بۆیە پێویستە لە سەر ئاستی فۆنیمەوە دەست پێبکرێت. ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان [k] و [g] پەیوەستە بە فۆنیم و بۆیە پێویستە لە سەر ئاستی مۆرفۆفۆنیمەوە دەست پێبکرێت. دوو ئاستەکە ناکرێت تێکەڵ بەیەك بکرێن بە هۆی سنورداری چوونیەکی دوولایەنە. بۆیە، زمانەوانەکانی دوای بلومفیلْد دەبێت بڵێن، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی جیاواز دەکەین. بە مانەیەکی تر مەزەندەکانی ڕۆنانکارەکان ڕێگریمان لێدەکات لە دیاریکردنی ڕاستەقینەی ڕوون دەربارەی زمان. ئەمە دووپاتکردنەوەی ڕەتکردنەوەی هۆکێتە (١٩٥٩) بۆ ڕێگەی ڕۆنانکارەکان. ئەگەر پێداگری چوونیەکی دوولایەنەی فۆنیم و بنەما جێگیرەکانی "ڕێکخستن"ی مۆرفیمەکان بووە هۆکار بۆ چارەسەری وردبینانە بۆ کێشەکانی وەك سوانی دەنگدارەکان لە ڕووسیدا، ئایا چۆن IP مامەڵە لەگەڵ ئەمە دەکات ؟ چەمکی "ڕۆنانکارەکانی ئەمریکی" بەکارهاتووە وەك هاوتا بۆ " ڕۆنانکارەکانی دوای بلومفیلْد"، بەڵام لە ڕاستیدا جۆری ڕۆنانکارەکانی بەکارهاتوو لە لایەن خودی بلومفیلْدەوە (هەروەها لە لایەن ساپیر و نیداش) زیاتر ئاڕاستەکراو بوو بەرەو شیکارەکانی IP زیاتر لە مۆدێلی IA. جۆری ئەو شیکارییەی دەیدۆزینەوە لە شیکارییەکانی بلومفیلد (١٩٣٩) بۆ زمانی مینۆمینی ئەمێریندیان ئەم بابەتە بە باشی ڕوون دەکاتەوە(Spenser 1996: 56) .

گەڕانەوە بۆ نمونە ڕووسیەکە، بەو شێوەیەی مۆدێلی IP مامەڵەی لەگەڵ ئەمە کرد بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت. یەك فۆرمی مۆرفیمی ئاڵوگۆڕکراو‘ lug- مێرگ’ وەردەگرین و بڕیار دەدەین یەك فۆرم وەك بنەڕەتی وەربگرین. ئەمەیان ئەو فۆرمە دەبێت، کە لە زۆربەی چوارچێوەیی دەردەکەوێت، یان گشت جێگرەوەکان. ئینجا ڕێسایەك دەخەملێنین، کە فۆنیمی /g/ دەگۆڕێت بۆ /k/ لە چوارچێوەی دیاریکراو (وەك ئەوەی لە کۆتای وشەیەك)، و ڕێسایەکی تر بۆ گۆڕینی /k/ بۆ /g/ لە چوارچێوەکانی سوانی دەنگدار (voicing assimilation) . ئەم دوو ڕێسایە بە ڕیزبەندی ئاماژەپێدان جێبەجێ دەبن، نەوەك بە پێچەوانە. هەروەها دەتوانین ڕێسایەکی تر دابڕێژین، کە /k/ دەگۆڕێت بۆ /g/ لە چوارچێوەکانی سوانی دەنگدار. دەرەنجامەکە زنجیرەیەك وەرگیراوی (مشتقات) وەکو ئەو نمونانەی خوارەوە :

21.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| luk | luka | lug | luga | luk by | lug | by | lutʧ ’ by | |
| نییە | نییە | luk | نییە | نییە | luk | by | نییە | نەمانی دەنگداری |
| نییە | نییە | نییە | نییە | lug by | lug | by | luʤ ’ by | دەنگداربوون |
| luk | luka | luk | luga | lug by | lug | by | luʤ ’ by | دەرکرە |

کاتێك کە کەم توانا نین بە هۆی چوونیەکی دوولایەنە یان پێویستی بۆ "ئاستە جیاکەرەوەکان" ئەوە دەتوانین شیکردنەوە بۆ ئالوگۆڕکردنە تێبینیکراوەکان بکەین بە شێوەیەکی سادە، و هێشتا دەتوانین دیدێکمان هەبێت بۆ گشتاندنە بنەڕەتەکان. بیرۆکەی کۆمەڵێك ڕێسای "بازدان (mutation) "، کە جێبەجێ ببێت لە ڕیزبەندییەك بۆ فۆرمە بنەڕەتییە ناڕووکەشەکان، ئەوە لە ئەستۆی بەرهەمهێنانی فۆنۆلۆجی دەبێت.

فۆرماتی داڕشتن، ئینجا ڕێگەمان پێدەدات هەمەچەشنی ئەلۆمۆرفی وەربگرین، کە بەهۆی فۆنۆلۆجیەوە (یان فۆنەتیکیەوە) هان دەدرێت. لە ڕاستیدا ڕێگە دەدرێت بە ڕێسای فۆنۆلۆجی کە " بەشدار بێت " لەگەڵ فۆرمە فۆنۆلۆجییەکانی مۆرفیم. ئەم جۆرە ڕێکخستنە ڕێزمانییە ڕێگەمان پێدەدات واز بێنین لە ئاستە ناوەندییەکانی وەك ئاستی مۆرفۆفۆنیمی، و چەمکی مۆرفۆفۆنیم ( گەرچی لە بەرهەمهێنانی فۆنۆلۆجیدا چەمکی ئەرکیفۆنیم ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ). ئەمە یەکێکە لە دەرەنجامە گرنگەکانی جێبەجێکردنی ڕێگەی IP بلومفیلد: هیچ ئاستێکی زمانەوانی نواندن نییە لە نێوان مۆرفیمێك و فۆنیمێك. بەم شێوەیە مۆرفیمەکان لە فۆنیم پێك دێن، نەوەك لە مۆرفۆفۆنیم (بڕوانە Katamba1989:32) .

## ١-٦ دروستکردنی وشە لە دیدی ئارۆنۆف لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ( Aronoff’s Word Formation in Generative Grammar):

- **مۆدێلی دروستکردنی وشە لە چوارچێوەیەکدا :**

مۆدێلی دروستکردنی وشە، کە لە لایەن مارك ئارۆنۆف (١٩٧٦) پێشنیارکرا هێمایە بۆ خاڵێکی وەرچەرخان لە پێشکەوتنی تیۆری مۆرفۆلۆجی لە نێو ڕێزمانی بەرهەمهێناندا. بەشێکی گرنگی کارەکە کە دواتر ئەنجامدرا درێژکردنەوەیە یان کاردانەوەیە بۆ تیۆری ئارۆنۆف. مۆدێلەکە چەندین تایبەتمەندی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەوەی هال(Halle) ، زۆر بە ڕوونی لە خەملاندنی بوونی پێکهاتەی جیاواز لە ڕێزماندا، کە ڕێساکانی وشە دروستکردن لەخۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش ئارۆنۆف هاوشێوەی هال هەمان مۆدێل پێشنیار دەکات بۆ سینتاکس و فۆنۆلۆجی، بەو واتایەی تیۆری ستاندەری ئەسپێکت، کە هەموارکرایەوە لە لایەن چۆمسکی (١٩٧٠) ‘Remarks’ . هەرچۆنێك بێت، ئارۆنۆف لە چەند خاڵێکی بنەڕەتی لە هال جیاوازە. پێویستە کورتەیەکی مۆدێلەکەی ئارۆنۆف پێشکەشکەین، بۆ باکگراوندی هال و ئینجا گفتوگۆکردنی هاندانی دوای نوێکارییەکان.

گرنگترین تایبەتمەندی تیۆری ئارۆنۆف بریتییە لە مەزەندەکردنی ئەوەی، کە ڕێساکانی وشە دروستکردن لە سەر وشەکان کار دەکات نەوەك لە سەر مۆرفیمەکان، کە ئارۆنۆف تیۆرێکی مۆرفۆلۆجی بنیادنا و لە سەر وشە دایدەهێنێت. وەك دەرەنجامێك ئەو ڕێسایانەی پێشگر/ پاشگر بۆ قەد زیاد دەکەن لە مۆدێلی هال هیچ شوێنێکیان نییە لە مۆدێلەکە ئارۆنۆف. ژمارەیەك کاریگەری لەم خەملاندنەوە سەرهەڵدەدەن و ئێمە تۆزێك بە درێژی باسی لێوە دەکەین. تایبەتمەندی دووەم بریتییە لەوەی کە ئارۆنۆف بە ڕوونی خۆی سنووردار دەکات بۆ داڕشتنی مۆرفۆلۆجی (derivational morphology). ئەمە بەهۆی ئەوەیە، کە ئەو گشت لایەنەکانی تری مۆرفۆلۆجی، لەگەڵ کلیتیسازییشن ( تێکردن ) و ڕێزمانی بە

لایەنی سینتاکتیکی هەژمار دەکات. شتێکی سەیرە، کە هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بۆ لێکدان (compounding)، گەرچی دەکرێت یەکێك پێشبینی بکات، کە ئارۆنۆف ئەمەش بە سینتاکتیك هەژمار بکات. لە کۆتاییدا ئارۆنۆف تەنها ئەوەی بە دروستی دەکرێت پێی بوترێت " بەرهەمدار " ئەوە دەبێتە پرۆسەی مۆرفۆلۆجی. هەندێك ئەمەش، لایەنێکی گرنگ و جێگەی مشتومڕە لەم تیۆرە و پێویستی بە پشکنینی تۆزێك زیاتر هەیە (Spenser 1996: 82) .

کرداری نمونەیی وشە دروستکردن، ئینجا وەرگرتنی وشەیەك و زیادکردنی پێشگر/ پاشگر بۆی. هەرچۆنێك بێت، لەوانەیە وای لێبێت، کە گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییەکانی تریش ڕوودەن، لە چاوگەکە، هەندێك جار لە جۆرێکی قوڵ ئەمە دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی ئەلۆمۆرفی، کە زۆرجار بە شێوەی لێکسیك یان مۆرفۆلۆجی بەڕێوەدەبرێت ( بەو واتایەی چەند وشەیەك یان مۆرفیمێك لە ژێریەوە دەڕۆن)و کە لە هەندێك حاڵدا تەواو جیاوازە لە ئاڵوگۆڕە فۆنۆلۆجییەکان.

**١-٧ ڕێساکانی سینتاکسی وشە :**

ڕێساکانی سینتاکسی وشە دەکەونە نێو لێکسیکۆن. ئەمە فەرهەنگێك لەخۆ دەگرێت لە مۆرفیمی ئازاد بەیەکەوە لەگەڵ لیستێك لە مۆرفیمی بەند. ئەم دوو لیستە فەرهەنگی درێژکراوە ( فراوان ) (Extended Dictionary) پێکدەهێنن. فەرهەنگی درێژکراوە و ڕێساکانی وشە دروستکردن پێکهاتەی پێکهێنەری وشە یان بناغەی مۆرفۆلۆجی پێکدەهێنن. هیچ جیاوازییەك لە نێوان ڕێزمانی و دارشتن دانەنراوە. سەرەڕای ئەوەش لێکدان بە مۆرفۆلۆجی هەژمار دەکرێت ( بە واتایەی ئەوەی فەرهەنگییە ) زیاتر لەوەی دیاردەیەکی سینتاکسی بێت. بەم شێوەیە چەمکی گشتی مۆرفۆلۆجی زیاتر بۆچوونی ( هال )ە لەوەی بۆچوونی ئارۆنۆف بێت، هەرچۆنێك بێت هیچ شوێنێك نییە بۆ پارادایمی ڕێزمانی لە سیستەمەکەی سێلکیرکدا. بە شێوەیەکی گشتی ڕێساکانی وشە دروستکردن وەك ڕێسای دووبارە هەژمار دەکرێن کە پێناسەکراون بەسەر لێکسیکۆنی هەمیشەیی، بەڵام کە دەتوانێت بەکاربێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

پابەندبوون بە مۆدێلی X-bar واتە، کە لە حاڵەتی نمونەیی وشەی ئاڵۆزدا مۆرفۆلۆجی ئەوە سەرەی دەبێت، کە هەمان جۆری سینتاکسی هاوشێوەی دایکی دەبێت. تایبەتمەندییەکانی تر ( تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکان ) .

2. a) $X^n \rightarrow \ldots \quad Y^m \ X^{af} \ldots$

b) $Y^{af} \ X^m$

c) $X^m \ Y^{af}$

d) $X^{af} \ Y^m$

لە کاتێکدا کە X, Y جۆری سینتاکسین و، .n>m< ، جۆری وشەیین.

ڕێساکانی a, c ئاماژەن بۆ پاشگرەکان،و b, d ئاماژەن بۆ پێشگرەکان، لە حاڵەتەکانی a و d پێشگر/پاشگرەکە بریتییە لە سەرە، لە حاڵەتەکانی b, c ئەوە چاوگەکە دەبێتە سەرە، لە زمانی ئینگلیزی بەهای n, m بریتیین لە وشە و ڕەگ.

کە n ئاماژەیە بۆ وشە یان ڕەگ.

نەبوونی پاشگر بۆ دروستکردنی ئاوەڵناو لە ڕەگی ئاوەڵناو، یان دروستکردنی کردار لە ڕەگی کردار، ئەوە بە شتێکی هەرەمەکی دادەنرێت. بۆ پۆلی بچووکی (نامۆی) جۆری پێشگری گۆڕاو لە ئینگلیزی ( بۆ نمونە en-rage, de-bug) ئەوە سێلکیرك ڕێساکانی ئەم پێشگر/پاشگرانە کە بۆ وشەکان زیاد دەکرێن بە پۆلی ٢ (ناوەند) هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا ئەوانەی زنجیرەیین لەگەڵ ڕەگ لە نێوی پۆلی ١ (نا- ناوەندەکان). کامە پێشگر/پاشگر دەگەڕێتەوە بۆ کامە پێشگر/پاشگر ئەوە هەژمار دەکرێت، بە مەزەندەکردنی ئەوەی، کە پێشگر/پاشگرەکان چوارچێوەی پۆلینکردنیان هەیە، کە جۆری پۆلەکە دیاری دەکات، کە بۆی زیاد دەکرێن (واتە وشە یان ڕەگ) و جۆری پۆلەکە (واتە ناو، کردار، ئاوەڵناو). ئەندامییەتی جۆری گشت وشەکە هاوشێوەی پێشگر/ پاشگرەکە دەبێت. ئەم ڕاستییە لە بنەمای هێدنێس بەیەکەوە لەگەڵ ڕێگەی پاڵاوتن وەرگیراوە: پێشگر/ پاشگرەکە سەرەکەیە و تایبەتمەندییە سینتاکسییەکەی پاڵێوەر دادەنێت بۆ سەرەوەی داری وشەکە.

سێلکیرك دژی ئەو ڕایەیە لەگەڵ بانگەشەی گشتاندنی ڕێکخستنی پێشگر/ پاشگر (Affix Ordering Generalization) ، کە مۆرفۆلۆجی لە سەر بنیادنراوە. ئەو لایەنەی کە پەسەندی دەکات، هەرچۆنێك بێت، بریتییە لەو گشتاندنەی کە پێشگر/ پاشگری جۆری ١ لەوانەیە لە دەرەوەی لێکدانەکان دەرنەکەون، گشتاندنی ڕێکخستنی پێشگر/ پاشگری لێکدان "Compound Affix Ordering Generalization (CAOG)". ئەمە دەرەنجامێکی ئەو ڕاستیەیە، کە ڕەگەکان گشت کاتێك دروست دەکرێن "لەناو" ئاستی وشە، لە کاتێکدا لێکدانی ( ڕەسەن ) لە سەرووی وشەوە پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، هیچ جۆرێکی لاوەکی پێشگر/ پاشگر بۆ ڕەگ هەرگیز لە دەرەوەی لێکدانێکەوە دەرناکەوێت.

دوا خاڵ بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە سەبارەت بە سیستەمی سێلکیرك بریتییە لەوەی، کە مۆدێلێکی فەرهەنگی بەهێز دەنوێنێت، لەوەی کە بە شێوەیەکی جۆری وشە دروستکردن بەلاوە دەنێت لە ڕێگەی گۆڕانی سینتاکسی، بابەتێك کە لە بەشەکانی داهاتوودا گرنگ دەبێت، ڕۆنانی سەربەخۆی وشە (Word Structure Autonomy). (Selkirk 1982:70).

گواستنەوەی (سڕینەوە یان جوڵاندن) بەشدار نابێت لە پێکهاتەکانی وشە و ڕستە، ئەمە دەبێتە هۆی بەلاوەنانی شیکاری سینتاکسی ڕێزمانی لە نێوان شتەکانی تردا، وەك شیکاری پێشگر/ پاشگری بازدانی ڕێزمانی کرداری ئینگلیزی، یان شیکاری جوڵەی سەر ( بۆ نمونە پۆلۆك،١٩٨٩)، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بە تەواوەتی نەگونجاو بێت لەگەڵ جوڵەی سەری تەواوکاری کردارەکانی گۆڕانی وەك بەکار و بکەرنادیاری پێشنیارکراو لە لایەن بێیکەر (١٩٨٨). دەکرێت دۆخەکە ببەسترێتەوە بە مەزەندەی سێلکیرك

که پێشگر/پاشگره ڕێزمانییەکان جیاواز نین له پێشگر/ پاشگره وشەدارێژەکان، و جیاوازی ڕێزمانی/ دارشتن هیچ دۆخێکی تیۆری نییه.

گەرچی پێشگر/ پاشگره ڕێزمانییەکان لەم تیۆرەدا ناکرێت له پێشگر/ پاشگری وشه دارێژ جیابکرێنەوه له بواری فۆرمەکانیان، به گوێرەی سێڵکیرك تۆزێك جیاواز له یەکتر ڕەفتار دەکەن. باس لەوه دەکات، که ڕێگەی کۆنترۆلکردنی پاڵاوتنی پێشنیارکراو له لایەن ویلیامس، بەو واتایەی، که خەسڵەتەکان دەپاڵێورێن له سەرەکان، به شێوەیەکی ڕازیکەر باس له چەند جۆرێکی سیستەمی ڕێزمانی ناکات. زمانێك بێنه بەرچاو، که تیایدا کەس و ژماره به دوو پاشگری جیاواز ئاماژەیان بۆ بکرێت. گرنگ نییه له پێناو گفتوگۆی ئەوەی ئایا پێشبینی پێکهاتەی پێکهێنەری سەرەکی وشەی پاشگر دانان دەکەین بۆ ئەوەی "چین چین" بێت، بەو شێوەیه.

له هەر یەك له حاڵەتەکان مەزەندەی ئاسایی سەبارەت به پاڵاوتن و سەر سەرکەوتوو نابێت له باسکردن بۆ چۆنیەتی پاڵاوتنی تایبەتمەندییەکان. دەبێت وامەزەنده بکەین، که یەکێك له پێشگر/ پاشگرەکان سەره بووه، با بڵێین پێشگر/ پاشگری ژماره تایبەتمەندییەکانی دەپاڵێورێن، بەڵام ئینجا چۆن تایبەتمەندی کەس دەپاڵێورێت، به بەهەند وەرگرتنی ئەوەی که پاڵاوتن تەنها بۆ سەرەکانه ؟ وەرگرتنی پێکهاتەکه سوودبەخش نییه، گەرچی تایبەتمەندی کەس دەتوانێت بپاڵێورێت بۆ ئاستی کردار، دوای ئەوه بەرزبوونەوەی بلۆك دەکرێت، که دووباره پێشگر/ پاشگری ژماره ئێستا سەره و تەنها تایبەتمەندی، که ڕێپێدراو بێت بۆ پاڵاوتن بۆ سەرەوەی دارەکه.چارەسەری سێڵکیرك (هەروەها له لایەن دی سیلۆ و ویلیامس وەرگیرا) وەك بیرۆکەی سەره بۆ دەستکاری کردنی ڕێگەکانی پاڵاوتنه، به پێشکەشکردنی کاریگەرانەی بیرۆکەکه له ژێر تایبەتمەندییەکان بۆ نێو تیۆری تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی. جیاکاری له نێوان ئەم بۆچوونانه دەکات، که هەڵگری تایبەتمەندی مۆرفۆسینتاکتیکین، F، که ئەوانەن هەڵگری تایبەتمەندی [F + یان F - ]، و ئەوانەی دیارینەکراون (نیشانه لێنەدراو) بۆ ئەم تایبەتمەندییانه. ڕێگەی پاڵاوتنی هەموارکراو پێشکەشکراوه (Selkirk1982:76) که [uF] واته " دیارینەکراوه بۆ تایبەتمەندی F".

به سادەیی ئەمه واته که دەکرێت دیاریکردنی تایبەتمەندییەکه بپاڵێورێت له ناسەرەکان بەو مەرجەی هیچ نیشانەکردنێك (marking) نەبێت بۆ ئەم تایبەتمەندییه له شوێنێکی تر. هەموارکردنەوەکه هاوشێوەی تایبەتمەندی لێیبەره بۆ ڕێگەی ٣ پاڵاوتن، لەم دۆخه دەکرێت چاوگەکه سەر و ڕێزمانی ناسەره بێت. گەرچی سێڵکیرك سەرکەوتوو نابێت لەم تێبینیکردنه، واته که هیچ پێشگر/ پاشگرێکی ڕێزمانی پێویست ناکات بخرێته سەر پۆلێکی سینتاکسی. له بەرئەوەی گیرەکه ڕێزمانییەکان پۆل ناگۆڕن، پێشگر/پاشگرێکی دیارینەکراوه بۆ هەر پۆلێك ڕێگه به تایبەتمەندییەکانی چاوگەکه دەدات بپاڵێورێن بۆ گرێی سەرەوه.

سوودێك که سێڵکیرك بانگەشەی دەکات بۆ سیستەمەکەی بریتییه لەوەی، که ڕاستەوخۆ کۆدکردن دەکات بۆ چەمکی " پۆلی شوێن " بۆ پێشگر/ پاشگره ڕێزمانییەکان. بەشێکی زۆری بیرۆکه باشەکانی سێڵکیرك له چوارچێوەکانی تری ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز (psg) دەمێنێتەوه. مۆدێڵی زویکی (١٩٨٥)ە، بۆ نمونه زانیاری پۆلی شوێن وەردەگرێت. له هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکانی تیۆرەکانی ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز بۆته هۆی دەوڵەمەندکردنی مۆدێڵی سێڵکیرك له چەند ڕێگەیەکەوه، به تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن

به تیۆری ڕێزمانی پێکهاتەی فرێزی گشتێنراو (GPSG) و شوێنکەوتوانی ئەو. دیارترین سیستەمی تایبەتمەندی ( کە لە ژێریەوە تایبەتمەندییەکان دەتوانن تایبەتمەندی تر وەك بەها وەربگرن ) گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە گرتنی بواری جۆرە مۆرفۆلۆجییە لاوەکییەکان. بۆ نمونە ئەگەر ئارەزوو بکەین ئەو کردارە بەهێزانە لە ئینگلیزی دەستنیشان بکەین، کە بزوێنی/a/ یان هەیە لە دەمی ڕابردوو، ئەوە دوو تایبەتمەندی دادەنێین، [ بەهێز ] ، [ -A ڕابردوو]، و درك کردن بەو ڕاستییەی کە گشت کردارە [ -A ڕابردوو]ەکان هەروەها کرداری بەهێزن بە دارشتنی ڕێسایەکی دووبارە بوونەوە کە [ -A ڕابردوو] بەهایەکی [بەهێز]ە. لێرەوە ( بە پشتگوێخستنی وتەی دووبارە بوونەوە)، کردارێکی وەك sing تایبەتمەندی دیاریکردنی [بەهێز[ -A ڕابردوو] ] وەردەگرێت (Spencer 1988a:629) .

داهێنانێکی گرنگ لە تیۆرەکانی ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز (psg) بریتییە لە جیاکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕیزبەندی هێڵی لە زانیاری سەبارەت بە پێکهێنەری سەرەکی، یان زاڵ بوونی ڕاستەوخۆ. ئەمە گرنگییەکی بەرچاوی مۆرفۆلۆجی هەیە بەهەند وەرگرتنی ئەوەی کە هاوسێی لینیەر زۆر گرنگە لە سیستەمە مۆرفۆلۆجییەکان، لە کاتێکدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەیە بۆ پێکهێنەری سەرەکی، کە بە دوایەوە بێت. ژمارەیەك لە مۆرفۆلۆجی زانەکان کاردەکەن لەگەڵ ئەو مۆدێلانەی، کە پێویستییان بە تایبەتمەندی ئەو جۆرە ڕێکخستنە هەرەمییە نییە، کە لە لایەن ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز (psg) گیراوە. لە واقیعدا ئەمە زۆرجار واتە بەکارهێنانی ڕێزمانی سنوردار، کە تایبەتمەندی بیرکاری بەرهەمهێنانی پۆلێکی بچوکتری زمانەکانی هەیە بەراورد بە ڕێزمانەکانی پێکهاتەی فریز. هەوڵێکی زۆر تەرخانکراوە بۆ ئەم چەشنە کارانە لە بواری زمانەوانی کۆمپیوتەری، کە تیایدا هەڵبژاردەی فۆرمالیزم هەندێك کات دەرەنجامی ئەندازەیی هەیە .

### ١-٨ " ڕێکخستنی لێکسیکۆن " ی لێیبەر :

ڕێگەی دووەمی سەرەکی (دانەی فەرهەنگی)، کە ڕێزمانێکی پێکهاتەی پێکهێنەری سەرەکی بۆ وشەکان بەرجەستە دەکات هی ڕۆشێل لێیبەرە (١٩٨٠). ئێستا لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (Government-Binding theory)، ڕێساکانی پێکهاتەی فرێزی ئەم جۆرە گشتییان ناپێویستن، ئەو ڕاستییەی کە کرداری تێپەڕ فرێزی ناوی (NP) بە دواوە دێت، لەو ڕاستییە ڕەنگدەداتەوە، کە کردارەکە پۆلێندەکرێت، کە فرێزی ناو وەربگرێت، بۆیە لە تیۆری(GB ) ئێمە ڕێگە بە کردارەکان دەدەین بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی فرێزی ناوییان بەدواوە بێت، و ئەگەر کردارەکە ئەم جۆرە تەواوکەرە وەربگرێت ئەوکات سنورداری پۆلێنی لاوەکی جێبەجێ دەبێت، و ئەگەر وانەبوو ئەوە پێشێلی چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی دەکرێت (بە شێوەی تەکنیکی پێشێلی بنەمای جێکەوتە (Projection Principle) دەکات، تیۆری لێیبەر دەربارەی مۆرفۆلۆجی هەمان جۆری بیرۆکەی سەربەخۆیانە پەرەپێدا بۆ جێبەجێکردنی بۆ تیۆری سینتاکسی. لە سیستەمەکەی ئەودا گشت مۆرفیمەکان جا بەند بن یان ئازاد، پۆلێنکراون لە فەرهەنگی بە زانیاری وەك ئەندامیەتی پۆلی سینتاکسی، یان پێشگر/ پاشگرەکان چوارچێوەیەکی زیاتری پۆلێنکردنی

لاوەکییان بۆ دابینکراوە، کە ئەوە دیاری دەکات پۆلەکانی تر کامانەن تا بۆیان زێدە بکرێن، بۆ نمونە مۆرفیمی ئینگلیزی hood ئەوە پۆلینی لاوەکی دەبێت :

ئەمە واتە کە پێشگر/ پاشگر زیاد دەکرێت بۆ ئاوەڵناوێك یان ناوێك و ئەنجامەکە ناوێکی مەعنەوییە .

کاریگەرییەکانی هاوسێی یان مەرجەکانی ناوك (Atom) دەست دەخرێن بە ڕێگەدان بە چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی بۆ بەستنەوەی مۆرفیمەکان بە خوشکەکانیانەوە، بەم شێوەیە، چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی ناوخۆیی دەبێت. ئەمە واتە کە چوارچێوەکانیان نادروستن :

دیارە، کە چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی شوێنی ڕێساکانی دروستکردنی وشەی تیۆری ئارۆنۆف دەگرێتەوە. لە بری ڕێسایەك بۆ ناساندنی پاشگریhood ، بە ئاسانی hood دەبەستینەوە بە مۆرفیمێکی تر یان زنجیرەی مۆرفیمێکی تر و پاڵاوتنی ئەنجامەکە ئەگەر پێشێلی چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی بکات. لە سینتاکس، ڕێسای کۆنی پێکهاتەی فرێز لە بنەماکانی سینتاکسیX-bar ڕەنگدەدەنەوە، لە مۆرفۆلۆجی لێیبەر ڕێساکانی پێکهاتەی فرێزی سێڵکیرك و ویڵیامس بوونێکی نابەرجەستەییان هەیە لە فۆرمی ڕێزمانی پێکهاتەی فرێزی بچووکترین، کە داری بێناو بەرهەمدێنن هاوتای پێکهاتەی وشەی شیاو. ئەم دارانە گرێیان هەیە لەگەڵ ئەو پەڕی دوو لق. قەوارە ی دانە فەرهەنگییەکان، قەدەکان و پێشگر/ پاشگرەکان زیاد دەکرێن لە ژێر گرێ کاتییەکانی ئەم دارانە و ناوی کۆی دارەکە دیاری دەکەن بە پاڵاوتنی تایبەتمەندییە مۆرفوسینتاکسییەکانیان بەرەو سەرەوە. ئەمە جێبەجێ دەبێت لە ڕێگەی چوار ڕێککەوتنی پاڵاوتنی تایبەتمەندی. هەندێك گرنگی هەیە لە بەرئەوەی ڕێگە هاوشێوەکان لە لایەن چەند خاوەن تیۆرێکی یەك بە دوای یەکەوە وەرگیراون (Spencer 1996:202) .

دوو ڕێککەوتنەکەی یەکەم ئەمانەن :

FPC I: تایبەتمەندیی قەدێك دەگوازرێنەوە بۆ یەکەم گرێی زاڵی نا-لق.

FPC II: تایبەتمەندییەکانی پێشگر/ پاشگرێگ دەگوازرێنەوە بۆ یەکەم گرێی زاڵی لقدار.

قەد پێناسە دەکرێت وەك مۆرفیمێك، کە چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی نییە و پێشگر/پاشگرێك، بریتییە لە مۆرفیمێك کە چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی هەیە.

دەبینین چۆن ئەم ڕێککەوتنانە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ وشەیەکی وەکو falsehoods بکەن:

(FPC II)

کاریگەرییەکانی ئەم دووFPC یە بریتییە لە دروستکردنی پێکهاتەی وەك (١) پێشگر/ پاشگر زانینی ئەوەی ئایا بە قەدێکەوە دەلکێن لە جۆری دروست یان نا : (٢) تازەترین پێشگر/ پاشگری لکێنراو دەبێتە سەری وشەکە.

باسی لێوە دەکرێت لە پەیوەندی بە لێکدانی FPC IV ی تر پێویستن . FPC ئەو دووە باس لەو حاڵەتانە دەکات، کە تیایدا شێوەیەك هیچ تایبەتمەندییەکی خۆی نییە بۆFPC لەو ناوە counterیەوە ئەوەی بۆ دیاری بکرێت، ئەمە لەو پێشگر/ پاشگرانە ڕوودەدات وەك ئەوە بە تەواوەتی پۆلی ئەو counter ناوە بچووککراوەکان پۆلی سینتاکسی وشەیەکی دروستکراو بە ( کردار)مان هەیەsign ، counter وشەیەی کە پێیەوە لکاوە. بەم شێوەیە نمونەی وەك( ئاوەڵناو) ئێنتری ( intuitive، counter) (ناو) (counter -،example ) پۆلی لاوەکی لەخۆ دەگرێت، کە ڕێگەی پێدەدات بە هەموو جۆرە کردارێك، counter ( دانەی فەرهەنگی ) FPC ناوێك یان ئاوەڵناوێك بلکێت، بەڵام ئەندامیەتی پۆلی سینتاکسی خۆی دیاری ناکات .

سێیەم : ڕێگە بەم جۆرە پێکهاتەیە دەدات بۆ ئەوەی ناو بنرێت بە وەرگرتنی ناوی وشەکە کە بۆ counter زیادکراوە .

FPC III: ئەگەر گرێیەکی لق هیچ تایبەتمەندییەك وەرنەگرێت لە ڕێگەی FPC II ئینجا بە گرێی ناوداری نزمتر ناو دەنرێت (Spencer 1996:204).

وەرگرتنی countersign بەو شێوەیەی دەبێت :

شتێکی ڕوون دەبێت کە پێشگر/ پاشگرە ڕێزمانییەکان و داڕێژراوەکان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لێیبەر ئەو مشتومڕە قبول دەکات، کە هیچ جیاوازییەکی مۆرفۆلۆجی ڕوون لە نێوان دوو جۆرە پێشگر/ پاشگرەکە. بۆ نمونە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێشگر/ پاشگری ڕێزمانی و داڕێژراوەکان هەمان جۆری ئەلۆمۆرفیان هەیە. سەرەڕای ئەوەش قەدەکان، کە پێشگر/ پاشگرەکانیان بۆ زیاد دەکرێت جیاوازی ناکەن لە نێوان زیادکردنی پێشگر/ پاشگری ڕێزمانی و داڕێژراوەکانی زمانی ئینگلیزی نمونەی ئەم چەشنەی هەیە. ناوی house قەدێکی نائاسایی ئەلۆمۆرفی هەیە بە دەنگێکی خشۆکی دەنگداری کۆتایی/hauz/. هەرچۆنێك بێت ئەم قەدەی ئەلۆمۆرف وەکو قەدی کرداریش بەکاردێت to house . ئەو جیاوازییانە تێبینی کراون لە هەڵسوکەوتی شێوەیی داڕێژ و ڕێزمانییەکان بە هۆی کارلێکی وشەی تەواو دروست بوو و سینتاکسەوەیە. دەرنجامێکی ئەم بۆچوونە بریتییە لەوەی، کە هیچ شوێنێك نییە بۆ بواری "پارادایمی ڕێزمانی" لە سیستەمی لێیبەردا.

تایبەتمەندییەکی تری سیستەمی لێیبەر بریتییە لەوەی کە بانگەشەکان بۆ هەبوونی ڕێگەیەك بۆ نواندنی بوارەکانی "پۆلی فەرهەنگی"، بۆ نمونە "گۆڕانی سێیەم" یان "یان تەصریفی پێنجەمی ناو" پێویست بوون بۆ هێماکەری (سەروبۆر) ( وەك ( + گۆڕانی سێیەم))، بەلایەنی کەم کاتێك دیاریکراوی ئاشکرای ئەندامەکانی پۆل هەیە، لە ڕێگەی بزوێنی سەرەکی. وا بخەملێنە، کە ئەندامەکانی یەکەم گۆڕانی لاتینی وەردەگرین، ئەوانەی قەدەکانیان بە a کۆتاییان دێت، ئەو قەدانەی، کە هەیە گشتیان پەیوەست دەبن بە وانەی هیچ ڕێسایەکی مۆرفۆلێکسیکاڵیان نییە .

24. Co V Co - Co V Co  a

لە سیستەمەکەی لێیبەردا تاکە ڕاستی کە قەدی ئەلۆمۆرفەکان زۆر پەیوەستن بەسە بۆ پێناسەکردنی ئەندامیەتی دەستەکەیان. ئەمە واتەی ئەوەیە، کە ئەگەر ڕێسایەکی ڕێزمان یان چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی پێشگر/پاشگرێگ قەدی یەکەم گەردانکردن هەڵدەبژێرێت لە قەدی بزوێنێك، ئینجا لە بری دەستنیشان کردنی قەدێکی دیاریکراو [ + یەکەم تەصریف ] ئەوە بە دوای بە ئەلۆمۆرفی قەدێك دەگەڕێت کە بە فۆنیمی /a / کۆتایی بێت. لەم ڕێگەیە، ئاماژە بۆ تایبەتمەندی (سەروبۆر) جێگۆڕکێی پێدەکرێت بە ئاماژە بۆ فۆرمی فۆنۆلۆجی. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت بۆ گشت زمانەکان ئەوە هەرگیز هیچ پێویستییەك بۆ ئەم (سەروبۆر)ە مۆرفۆ لێکسیکاڵانە نابێت.

بە داخەوە گفتوگۆکە ئاوا بەهێز نییە بەو شێوەیەی دیارە. حاڵەتی ئاشکرا هەیە هێشتا (سەروبۆر)ە پێویستە بەو واتایەی کاتێك هیچ دیاریکراوێکی فۆنۆلۆجی بۆ ئەندامیەتی پۆلەکە بوونی نییە، بەم شێوەیە ناوەکانی زمانی فەڕەنسی دەبێت بەم شێوەیە [ ±نێر ] دیاریبکرێن لە فەرهەنگ. بەڵام تەنانەت بۆ ئەو حاڵەتانەی لاتینی کە لێیبەر باسیان لێوە دەکات، دەردەکەوێت، کە چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی هەندێك پێشگر/ پاشگری ڕێزمان دەبێت ئاماژە بۆ قەوارەی وا بکەن، کە ناونراون [± Theme Vowel ] بۆ ڕێگری کردن لە هەڵە لکاندنی پێشگر/ پاشگرەکان. سەرەڕای ئەوەش لە گشت حاڵەت ئەمە ناکرێت لە مەرجە فۆنۆلۆجییە ڕوونەکان دیاریبکرێت. لە سیستەمی کرداری ئیسپانی، کە تیایدا شێوەی هاوشێوەی ڕەگ و قەدی بزوێنەکان هەیە، قەدی بزوێنی /a/ دەبێت (نیشانەکراو)بکرێت بە شێوەیەك بۆ دیاریکردنی ئەوەی، کە پاشگری ڕێزمانی a تەنها بە قەدە ڕەسەنەکانی a دەلکێت نەوەك بە ڕەگی کرداری تەصریفێکی تر کە کۆتایی بزوێنی a بووە. (وەك" caer کەوتن"). دووبارە لە زمانی چیکی بەشێکی زۆری ئەلۆمۆرفی بەوە دیاری دەکرێت ئایا قەدەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێکی مەڵاشوودار یان نا. ئەمە بە شێوەیەکی فراوان لە چەمکە فۆنۆلۆجییەکان پێناسە دەکرێت، بەڵام سێ نەبزوێن هەیە کە جووتی مەڵاشوودار و نامەڵاشوودارن لە زمانە ناوەڕاستییەکان، بەڵام بۆ جیاکردنەوەی فۆنۆلۆجییان فەوتاوە ./s z 1/ ئەو ڕەگانەی بە یەکێك لەم نەبزوێنانە کۆتایی بێت لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە دەستە ئەلۆمۆرفییەکە و ( هەندێك لە نێوان هەردووکدایە) (بڕوانە سپێنسەر ،1988c). ئەم حاڵەتە ناکرێت تەنها بە چەمکی فۆنۆلۆجی وەسف بکرێت

(مەگەر هانا ببرێت بۆ فۆنۆلۆجی ئەبستراکتی هانندراو). ئەم حاڵەتە بە تایبەتی دیارە لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەلۆمۆرفی بە چەمکە فۆنۆلۆجیەکان پێناسە دەکرێن، بۆیە وەك دۆخی ڕەگەزی زمانی فەڕەنسی نییە، کە لێیبەر دەیتوانی بە سەلامەتی پشتگوێی بخات لەو دۆخەی کە کار ناکاتە سەر ئەلۆمۆرفی .

بانگەشەی لێیبەر سەبارەت بە ئەلۆمۆرفی کاریگەری کەمتری هەیە بەراورد بە مۆدێلی پێکهاتەی وشە و ڕێکخستنی دانەی فەرهەنگی. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری گرنگ بەرزدەکاتەوە سەبارەت بە ئەلۆمۆرفی، کە زۆربەیان چارەسەر نەکراون .

### ٩-١ تێکەڵکردنی مۆرفۆلۆجییانە لە بواری کردارەکاندا ( Morphological merger: applied verbs):

هیچ کردارێکی تری گۆڕانکاری تەواوکاری نییە، کە مارانتز بۆ ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرا پێشکەشی بکات، بەو واتایەی پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو ( تیۆرەکە کەمێکی هەیە بۆ وتن سەبارەت بەرزکردنەوەی خاوەن یان یەکگرتنی ناو( Noun Incorporation) )، ئەمە هاوشێوەیە لەگەڵ پێکهاتەی بەکار لەو ڕوانگەیەی تەواوکاری ڕووکەش زیاد دەکات. پێویست ناکات بە تێروتەسەلی باسی ڕوونکردنەوەی مارانتز بکەین لە بەرئەوەی بنەما سەرەکییەکان زۆر هاوشێوەن لەگەڵ ئەوانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە بەکار.

لە پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو پێشگر/ پاشگرێکمان هەیە لە سەر کردارەکە، کە هەمان ڕۆڵی ئامرازی نێو پێکهاتەی شیکاری هەیە، ئەمە واتە، کە پێشگر/ پاشگرەکە و ئامرازەکە هەمان پێکهاتەی ئارگیومێنتیان هەیە. پێشگر/ پاشگری زێدەکراو ئینجا ژیان دەدات بە پێکهاتەی یەکەم وەك ئامرازێکی قوڵ، و لەگەڵ کردارەکە تێکەڵ دەبێت، هاوشێوەی ئەوەی پێشگر/ پاشگری بەکار دەیکات لەگەڵ کردارەکە.

دووبارە چی-موی-نی ڕوونکردنەوەیەکمان پێشکەش دەکات. لە ٢٥کردارێك دەبینین بە دوو بەرکاری ڕووکەش :

25. Hamadi 0-wa-pik-il-ile wa:na cha:kuja.

Hamadi لێنا-بەرکار-بکەر-APPL-T/A منداڵان خۆراك

حەمادی خۆراکی بۆ منداڵەکانی لێنا.

پێشگرەکانی سەر ڕەگی کردارەکە -pik بکەرەکە Hamadi و یەکێك لە بەرکارەکان، wa:na بەیەکەوە دەبەستێتەوە. پاشگری -He دیاریکراوی دەمکات / ئەسپێکتە، و il- پێشگر / پاشگری زیادکراوە. یەکەم نواندنی شێوەی دەبێت :

25.




حەمادی خۆراكێك بۆ منداڵەكان لێدەنێت .

Merger (تێكەڵكەر) لە ئەگەری کردارە جێبەجێکراوەکان تەنها لە یەکەم پێکهاتەی ڕووکەش ڕوودەدات، بۆیە نواندنی پێکهاتەکە وەك ئەوەی خوارەوە دەبێت :

26.




حەمادی خۆراكێك بۆ منداڵەكان لێدەنێت .

هاوشێوەی پێشگر / پاشگری بەکار ، پێشگر / پاشگری زیادکراو دەتوانێت ڕەگی کردارە تێنەپەڕەکە بکاتە تێپەڕ، بۆیە نواندنی دانەی فەرهەنگی پێشگر / پاشگرەکە لە شێوەی خوارەوە دەبێت. ئاوێتەکراو لەگەڵ کردارێکی تێپەڕی وەك cook ئەوەمان پێدەدات :

28. **-il-:** ]v ______ 'for' (Benefactive), [+transitive]

29. -pik-il-

('cook' (Patient) 'for' (Benefactive))

[+log sub] [+transitive]

-pik-
'cook' (Patient)
[+log sub] [+transitive]

-il- APPL
'for' (Benefactive)
[+transitive]

پێشگر / پاشگری زیادکراو سەرە لە پێکهاتەی دانەی فەرهەنگییەکە ، بۆیە تایبەتمەندی (+ تێپەڕ)، کە دەپاڵێورێت ئەو جۆرە دەبێت، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە، کە ڕۆڵی سیمانتیکی سوودمەند دەبەخشێت. لێرەوە ڕۆڵی سیمانتیکی سوودمەند (Benefactive) دەبێت، کە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی وەرگیراوی کردارە نوێیەکە. ئارگیومێنتی وەرگر (Patient) دەبێتە جۆرێکی ئارگیومێنتی ناڕاستەوخۆ. ئەمە واتە، کە ئارگیومێنتی سوودمەندی وەرگیراوە، کە وەك بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕاستەقینە هەڵسوکەوت دەکات : بۆ نمونە تەنها سوودمەند دەتوانێت ببێتە بکەر ئەگەر کردارە وەرگیراوەکە بکرێتە بکەرنادیار، پێشگری بەرکارەکە ئاماژە دەکات بۆ سوودمەند نەوەك وەرگر. بێگومان ئەمە ئەم حاڵەتەیە لەو ڕستەیەی زمانی ئینگلیزی:

30. Hamadi cooked the children some food.

لەو ڕستە ئینگلیزییەی سەرەوەدا the children نەوەك the food وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوت دەکات. لە هەردوو زمانەکەدا ئارگیومێنتی ناڕاستەوخۆ some food ڕۆڵی شیکاری خۆی وەردەگرێت ( یان دۆخی دیاریکراوی ئەبستراکت ) لە شوێنە پێکهاتەییەکەی وەك گرێی کرداریVP.

بۆیە زۆرجار ئاماژە بە ئاڵوگۆڕکردن دەکەین، کە لەو ڕستە ئینگلیزیانەن وەك دەرەنجامی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ (Dative Shift) ناوەکە لە زاراوەکانی مۆدێلەکانی پێشووتری transformational grammar وەرگیراوە، کە تیایدا Tom gave Fido a bone ئەوە بە گواستنەوە لە گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ ( یان جوڵاندنی دۆخی ناڕاستەوخۆ ) وەرگیراوە لە پێکهاتەی قووڵی Tom gave a bone to Fido، ئاڵوگۆڕکردنی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ زۆر یادخەرەوەی پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراوی چی-موی-نییە. هەرچۆنێك بێت، جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە سەر تیۆرەکەی مارانتز. هەروەك بینیمان لە

سەرەتای ئەم بەشە، مارانتز کردارەکانی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات وەك give لەگەڵ دوو پێکهاتەی ئارگیومێنتی جیا، کە بە ڕێسای دووبارە بوونەوە بەیەکەوە بەستراون. لێرەوە ئالوگۆڕکردن تەنها لە نێو دانە فەرهەنگییەکان دەنوێنرێن، نەوەك بە پرۆسەیەکی گشتی (سینتاکسی)ی تێکەڵکەر وەك حاڵەتەکەی کردارە جێبەجێکراوەکانی چی-موی-نی، لەوانە پرسیاری ئەوە بکرێت ئایا دەکرێت گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ وەك جۆرێك پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یان نا. هەروەك، کە دەبینین ئەمە بە ڕوونی باسی لێوە دەکرێت (Spenser 1996: 275) .

**١-١٠ تیۆری یەکگرتنی بێیکەر (Baker’s incorporation theory) :**

**١-١٠-١ بنەما بنەڕەتییەکان (The basic principles) :**

لەو تیۆرانەی دەربارەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانن، کە جەخت دەکەنە سەر ڕوونکردنەوەی سینتاکسی بەسەر ڕوونکردنەوەی مۆرفۆلۆجی، بێگومان ئەوانەن کە لە لایەن مارك بێیکەرەوە لە ساڵی (١٩٨٥) لە تێزی دکتۆراکەی پێشنیازی کرد (بڵاوکراوەیەوە وەك بێیکەر،١٩٨٨). خاڵی دەستپێکی بێیکەر نائاساییە: شیکارییەکی یەکگرتنی ناو (NI) لە بوارەکانی جووڵەی سینتاکسی (Move-Alpha) بە سەر جۆری ( دانە فەرهەنگی )یەکان زیاتر لە پرۆجێکشنی سینتاکسی ماکسیمال. باس لەوە دەکات، کە NI ئاسایی پابەندە بە هەمان ئەو بنەمایانەی کە جوڵەکانی تری سینتاکس پێیەوە پابەندن. (بۆ ئەم مەبەستە سینتاکس واتە تیۆری جوڵە، کە لە لەلایەن چۆمسکییەوە پێشکەش کرا (١٩٨٦) ئەوەی پێی دەوترێت مۆدێلی بەربەستەکان (Barriers Model) (Baker 1988:88).

بێیکەر باس لەمانە دەکات : بکەرنادیار ، بکەردیار، بەکار ، پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو و هاتنە خوارەوەی خاوەنداری (یان بەرزبوونەوەی خاوەنداری) سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی تیۆرێکی ڕوون بەڵام بەرتەسك دەربارەی بیرۆکەیەکی وروژێنەر، بەڵام زۆر سادە کەوا گشت ئەم دیاردانە نمونەی یەکگرتنی جۆرە (دانەی فەرهەنگی)یەکان لە ڕێگەی سەری (دانەی فەرهەنگی ). لە زۆربەی حاڵەتەکان پێکهاتەی یەکگرتن بریتییە لە کرداری سەرەکی. لە گشت حاڵەتەکانی پێکهاتەی تێکراو خودی خۆی دەبێتە سەری گرێیەکە.

پێویستە ڕێگەی بێیکەر سەبارەت بە NI ڕوون بکەینەوە، نیشاندانی ئەوەی چۆن باس لە بەرزبوونەوەی خاوەندار دەکات لە زمانەکانی NI. ڕستەیەکی سکیماتیکمان هەیە، کە تیایدا بەرکاری ڕاستەوخۆ یەککراوە، هێشتنەوەی خاوەندارەکەی بۆ پێوانەی باش. ئینجا خاوەندارەکە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی وەرگیراوی کرداری ئاوێتەی spear-steal . سەرچاوەی پێکهاتەی قووڵD-structure لەو هێلکارییانەی خوارەوە نیشاندراون، یەکگرتنەکە ڕوویداوە. تێبینی ئەوە بکەین کە ڕێچکەیەکی (ei) هەبێت بۆ ناوی جوڵێنراو لە شوێنەکەی کە پێشووتر لە لایەن ناوەکەوە داگیر کرا بوو. خەملاندنێکی گشتییە، کە لە تیۆری GB کە Move-Alpha ئەم جۆرە ڕێچکەیە جێدەهێڵێت، و پێویستە بەیەکەوە ئیندێکس بکرێن لەگەڵ

پێكهاتەی جوڵێنراو، كە لەگەڵی هاوتایە. گرێی ناوی خاوەندارTom ، تەنها ماوەتەوە شوێنی بەركاری وەرگیراوی پێشنیار كردووە :

31.




32.




با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ (بەكار)ەكان. لە پێكهاتەیەكی (بەكار)ی مۆرفۆلۆجیی وەك ئەوەی كە هێڵكاری بۆكرا، پێشگر/ پاشگری (بەكار)CAUSE، لە پێكهاتەی قوڵ وەك كردارێك نیشان دەدرێت، كە تەواوكەری گرێی وەردەگرێت، كرداری (دانەی فەرهەنگی) fall لەم گرێیە تەواوكەرە ئینجا یەكدەخرێت بە گوزارە كۆزەتیڤی(بەكار) ماتریكس(Spenser 1996: 275) .

هاریت بوە هۆی کەوتنی گوڵدانەکە .

هاریت گوڵدانەکەی خستەخوارەوە .

33. Harriet fall-CAUSE the vase.
'Harriet dropped the vase.'

34.




35.




جێبەجێکراوەکان ئەنجامی یەکخستنی ئامرازن. کردارێکی بیرۆکەی جێبەجێکراو وەك ئەوەی کە هەیە لە پێکهاتەی قوڵی وەرگیراو، بەو شێوەیەی کە نیشاندراوە (Williams 1987: 430) .

هاریت بۆ تۆم سەمای کرد .

36. Harriet danced-APPL Tom.
'Harriet danced for Tom.'

37.




38.




ئەنجامەکانی پێکهاتەی بکەردیار کاتێك شوێنی بەرکاری لە لایەن گرێیەکی ناویەوە داگیر دەکرێت، کە پێشگر/ پاشگرێکی باوندە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجییەوە. بۆ ئەوەی ڕستەیەکی مۆرفۆلۆجی پەسندکراو دروست بکرێت ئەوە پێویستە پێشگر/ پاشگرەکە یەك بخرێتە نێو ( قەدی )ی کردارەکە. لە ڕوانگەکانی تردا، وەك ئارگیومێنتێکی ئاسایی برگەی ناوی هەڵسوکەوت دەکات. لێرەوە بکەردیار بارێکی تایبەتی NI دەبێت.(Baker 1988:89) .

تۆم شتێکی کوشت .

39. Tom killed-AP.
'Tom killed (something).'

40.




41.




بێگومان دیارترین جێبەجێکردنی بیرۆکەی یەکخستن بریتییە لە شیکاری بکەر نادیار. بێیکەر وا مەزەندە دەکات، کە مۆرفیمەکانی بکەر نادیار، EN، ناو، هاوشێوەی مۆرفیمی دژە بکەر نادیار، بەڵام ئەمە لە شوێنی Infl دروست دەبێت، بەو شێوەیەی مەزەندەکرا بوو، کە کردارێکی یاریدەدەر بێت. لە مۆدێلی بەربەرستەکاندا، کردارەکان دەم / ئەسپێکت و مۆرفۆلۆجی ئەگریمێنت وەردەگرن وەك ئەنجامێکی بەرزکردنەوە بۆ نۆودی یەکەم. لە ڕێژەی بکەر نادیاردا، ئەم نۆودە مۆرفیمی EN ی تێدایە، لەگەڵ پێکهاتەی ڕێزمانی وشەگۆڕی ئاسایی. ئەمە کردارەکە یەکدەخات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵی سێتای بکەر وەردەگرێت، کە دەبێت کردارەکە بە ئاسایی وەریبگرێت. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسایی لە خوارەوە دایە : .(Baker 1985:133)

گوڵدانەکە شکاوە .

42. The vase broke-EN.
'The vase got broken.'

43.




44.




لە کۆتاییدا بێیکەر باس لەوە دەکات کە NI دەکرێت ڕوو بدات بێ ڕوودانی جووڵەی سینتاکسی ئاشکرا، لەم حاڵەتەدا ناوەکە بەژێر یەکخستنی ئەبستراکتدا دەچێت، بۆیە لکێنراوە بە کردارەکە بەو شێوەیەی کە یەکخستن ڕوویدا بێت (هەروەها پرۆسەیەك، کە پێی دەوترێت دووبارە شیکردنەوە). لە ڕوانگەیەکی سینتاکسییەوە، ئەنجامەکان بە تەواوەتی ئەنجامی یەکخستنی ڕەسەنن. بە تایبەت ناوی دووبارە شیکارکراو ناتوانێت چیتر کار بکات وەك سەری بڕگەکە، و دەکرێت ئەم ڕۆڵە لە لایەن بڕگەی ناوی خاوەندار ببردرێت، وەك لە ئەنجامەکە دیاردەی بەرزکردنەوەی خاوەندارە، ئەوجارە بێ NI ئاشکرا.
لە دووبارە شیکردنەوەی بە ئەستێرەیەك نیشان کراوە :

45.




46.




بێیکەر باس لەوە دەکات، کە گشت جۆرەکانی تری یەکخستن، کە تازە سەیرمان کرد، لەوانەیە بناسرێنەوە لە شێوەی دووبارە شیکردنەوە. بەم شێوەیە بانگەشەکانی ئەوەی کە پێکهاتەی کۆزەتیڤی زمانە ڕۆمانییەکان نمونەیەکی یەکخستنی کرداری ئەبستراکتە. بیرۆکەی یەکخستنی ئامرازی ئەبستراکت بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی نیمچە بکەرنادیار لە زمانی ئینگلیزی. بێیکەر باس لەوە دەکات، کە لە ڕستەیەکی وەك This bed has been slept in (by someone)، ئامرازەکە دووبارە شیکراوەتەوە وەك بەشێك لە کردارەکە بێ ئەوەی یەکخرێت بە شێوەی جێبەجێکردنی پێشگر/ پاشگرەکە. ئەمە واتە، کە تەواوکەری ئامرازەکە his bed دەبێتە بەرکارێکی وەرگیراو، کە دەکرێت ئینجا بکرێتە بکەرنادیار.

بڕوانە (Selkirk 1982:73 , Lieber 1983:157).

لە چ ڕوانگەیەك ئەم پێکهاتانە پابەندن بە بنەما سینتاکسییەکان ؟ خاڵی یەکەم کە تێبینی بکرێت ئەوەیە، کە یەکخستن پابەندی بەربەستی جوڵەی سەرە Head Movement Constraint (HMC). ئەم بەربەستە ( کە لە ڕەسەن لە لایەن لیزا تارڤیس دروستکرا )، ئەوە دەڵێت، کە ئایتمی دانەی فەرهەنگی وەك کردارێك لەوانەیە ئەو وشانە یەکبخات، کە کۆنترۆڵی بە سەریانەوە هەیە. بۆ مەبەستەکانی خۆمان،

proper government بریتییە لە پەیوەندی نێوان پێدەرێکی ڕۆڵی سێتای وەك كردار یان گرێ و ئەو شوێنەی رۆڵە سێتاکەی بۆ زیاد دەکرێت ( بۆ نمونە، تەواکەرە گرێ ناوییەکەی).

ئەمە ڕاستەوخۆیە بۆNI ، دژە بکەرنادیار، بکەرنادیار و کردارەکان، گەرچی بۆ (بەکار)ەکان پێویستە باس لە نیشاندانی چۆنیەتی پابەند بوونیان بە HMC بکەین HMC .زۆربەی جۆرەکانی یەکخستن بەلاوە دەنێت، کە یەکلا نەکراونەتەوە. گرنگترین جۆرەکانی یەکخستن، کە قەدەغەکراون لە لایەن HMC بریتیین لە یەکخستنی بکەرەکان لە لایەن کردارەکان و یەکخستن لە ئاوەڵکردارییەکان، ئەوانەی هاوسێی ناسێتان. بکەرەکان ناکرێت یەکخستنیان بۆ بکرێت لەبەرئەوەی تەنها کردارێك شوێنێك كۆنترۆڵ دەكات ئەگەر کۆنترۆڵ و کرداری ئەم شوێنە بکات، و بکەرەکەیە، کە کۆنترۆڵ و کرداری (c-command) کردار دەکات. مەحاڵە یەکخستن لە ئاوەڵکردارەکانەوە بکرێت لەبەر ئەوەی ئاوەڵکردارێك بە سێتا دیارینەکراوە و شوێنەکانی ناسێتا " بەربەستێك " دروست دەکەن بۆ گۆڤەرمێنت لە مۆدێلی بەربەستی چۆمسکی (١٩٨٦). لێرەوە نۆودی گرێی ئاوەڵکرداری (AdvP,PP, NP) دەبنە بەربەستێك و ڕێگری دەکەن لە کردارەکان ئاوێتەکان کە کۆنترۆڵی ڕێچکەی ئایتمی دانە فەرهەنگییەکان یەکخراو بکەن.

هەروەها بێیکەر باس لەوە دەکات کاتێك، کە کردارێك یەکدەخرێتە شوێنێك، ئینجا کردارە وەرگیراوەکە هەموو شتێك کۆنترۆڵ دەکات، کە پێشووتر پێکهاتەکە کۆنترۆڵی دەکات بەر لەوەی یەك بخرێت. بەم شێوەیە لە کردارە ئاوێتەکە dance-for کۆنترۆڵی Tom دەکات لەبەرئەوەی for کۆنترۆڵی Tomدەکات. ئەم بنەمایە بریتییە لە (Government Transparency Corollary )(هاوتای شەفافیەتی کۆنترۆڵکردن). (لە ڕاستیدا بێیکەر ئەمە لە مەزەندەکانی تر وەردەگرێت).

لە بوونی ئەم مەزەندانە، گشت ڕێچکەکانی پێکهاتەکانی یەکخستن، کە بینیمان ئەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. لە لایەکی ترەوە لە چەند جۆرێکی نەسەلمێنراوی یەکخستن ئەوە ڕێچکەمان دەبێت، کە شکست دێنن لەوەی بە دروستی کۆنترۆڵ بکرێن. ئەم شکستهێنانە پێشێلکاریەك دروست دەکات بۆ بنەمایەکی گشتی (Empty Category Principle) (ECP) " بنەمای کەتیگۆری". تیۆرەکەی بێیکەر مەحاڵی کۆمەڵێك جۆری یەکخستن بە ئەوانی تر دەبەستێتەوە، لە ڕواڵەتدا نەبەستراون بە دیاردەیەکی سینتاکسی، کە بەشێکی زۆری گرنگی تیۆری بۆ پڕۆپۆزەڵەکانی دەگەڕێتەوە .

ئەمە ناوەڕۆکی تیۆری بێیکەرە . لە دواتردا بە تێروتەسەلی زیاتر باس لە ئاڵۆزییەکانی هەندێك لەم پێکهاتانە دەکەین .

تێبینی : هاوکێشە و هێلکارییەکان لە سەرچاوەکانی (Spenser) وەرگیراون .

### ١-١٠-٢ دەستنیشانکردنی (PF) (Phonetic Form) :

بینیمان چۆن بێیکەر پێکهاتە ئاڵۆزە مۆرفۆلۆجییەکان دەبەستێتەوە بە نواندنە قوڵەکان، کە تیایدا پێشگر/ پاشگرەکان وەك سەری (دانەی فەرهەنگی) دەردەکەون. بیرۆکەیەکی سەرەکی ئەوەیە، کە پێکهاتەکان یان بەشێکی پێکهاتەکان، کە هەمان پەیوەندییەکانی ڕۆڵی سێتا نیشان دەدات (گوزارە ئارگیومێنت) ئەوە پێویستە نواندنی قوڵیان هەبێت.

بۆ نمونە بیر لە زمانێك بکەوە کە تیایدا کرداری drop پێکهاتەی (بەکار)ی دروست بوونی ئاسایی هەیە، وەك ئەوەی لە ڕستەکەی .Harriet CAUSE-fall the vase بێیکەر باس لەوە دەکات، کە پێویستە لە پێکهاتەی قوڵ ئەو ڕاستییە بنوێنین، کە the vase هەمان ڕۆڵی سیمانتیکی وەك کرداری ئاوێتەی CAUSE-fallهەڵدەگرێت کە بۆ کرداری سادەی fall هەڵیدەگرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەم پێکهاتەیە قوڵە پێویستە ئەو ڕاستیە بنوێنێت کە Harriet بووە هۆکاری دروست بوونی حاڵەتێك، کە وەسفکراوە لە لایەن گرێی .the vase fell ئینجا بێیکەر پەیڕەوی مارانتز دەکات لە وەرگرتنی جۆرەکانی شیکاری شیکردنەوەی (دانەی فەرهەنگی) (Marantz 1984: 12) .

بۆ ئەم مەبەستە بنەمایەك دادەنێت، کە پێی دەڵێت Uniformity of Theta Assignment Hypothesis، یان UTAH ( یەك شێوەیی تیۆری پێدانی سێتا ). ئەمە ئەوە دیاری دەکات کە هەر کاتێك پێدەری ڕۆڵی سێتا، کردارەکە ڕۆڵێکی سێتای تایبەت دەدات، بەڵام چەند پێکهاتەیەکی ڕووکەشی جیاواز، وەك لە شێوە تێنەپەڕ و (بەکار)ەکانی سەرەوە، ئینجا نواندنی پێکهاتەی قوڵ کە هاوڕێکە لەگەڵ ئەوانەی پێکهاتەی ڕووکەش وەك خۆی ماوەتەوە. بە مانەیەکی تر پێکهاتەی قوڵی CAUSE-fall دەبێت نواندنێك لەخۆ بگرێت، کە تیایدا fall ڕۆڵێکی سێتا ببەخشێت. لە ڕاستیدا، بنەماکە یارمەتیمان دەدات لە دیاریکردنی پێکهاتەێ قوڵی ڕستەیەك لە ڕێگەی پشکنینی واتاکەی .

ئەگەر پێکهاتە قوڵەکانی پێکهاتە جیاوازەکان هاوشێوەبن، ئایا چۆن جیاوازییەکانی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان نیشان دەدەین ؟ تیۆری GB ڕێگە بە ئاماژەی ڕاستەوخۆ نادات بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان .
UTAH ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە گۆڕانکارییەکانی تەواوکاری دیار بخەین لە ڕێگەی ڕێساکان کە گریدەکانی سێتا دەگۆڕێن (پێکهاتەی ئارگیومێنت)ی کردارەکە. پۆلینی لاوەکیی سنوردار گشتی گۆڕدراوە لە تیۆری GB بە پێدانی ڕۆڵی سێتا، ئەمە جێمان دێڵێت لەگەڵ تیۆری دۆخی جووتکراو لەگەڵ یەکخستن بۆ ڕوونکردنەوەی ئاڵوگۆڕکردنەکان لە تەواوکاری . لەبەر ئەم هۆکارە بێیکەر تیۆرێکی ڕوونکراوەی دۆخ پەرەپێدەدات.

چاودێریکردنێکی ڕوونتر ئەوەیە، کە زمانەکان ژمارەیەك ڕێگەی جیاوازیان هەیە بۆ ناسینەوەی دۆخی ئەبستراکت. ئەمە ڕیزبەندی وشە (word order) لەخۆ دەگرێت وەك زمانی ئینگلیزی، دیاریکراوی دۆخی مۆرفۆلۆجی، و هاوڕێکی کردار. بێیکەر پێشنیاری ئەوە دەکات، کە لە باسکردنی پێدانی دۆخ پێویستە لەو جیاوازییانە دوور بکەوینەوە و چەمکێکی زۆر گشتگیرتر پێشنیاز دەکات PF (Identification) دەسنیشانکردنی فۆرمی فۆنۆلۆجی .

ژمارەیەك پێكهاتەی بەشدار لە NI ئاماژە بۆ ئەو دەرەنجامە دەكەن، كە ناوێك یەكخراوە پێویست ناكات تایبەتمەندی ( باری كارلێككراو ) ئەبستراكت وەربگرێت، كە وەریدەگرت ئەگەر یەكنەخرابا. ئاشكراترینی ئەم پێكهاتانە پێكهاتەی بەرزكردنەوەی خاوەندارە، بۆ نمونە، زمانە ئیرۆكواكییەكان. كردارەكانی مۆهاوك دۆخی مۆرفۆلۆجی نابەخشنە ئارگیومێنتەكانینان، بەڵام هاوڕێكن لەگەڵیان لە ژمارە و ڕەگەز. كردارەكان پاشگرێكی ئاماژە بۆ بكەر وەردەگرن ( كە لە پێكهاتەی قوڵ بەركاری ڕاستەوخۆی نائەكیوزەتیڤ دەبێت). (ناوی پێشنیاركراو house بە هەمان شێوە هاوڕێكە لەگەڵ خاوەندارییەكەی) (Spenser 1996: 282) .

كردارەكانی زمانی ئێسكیمۆ ناتوانن دۆخ بدەن بە خاوەنداری جێماو. بە داخەوە ئەم وێنەیە لێڵكراوە بە بوونی زمانی وەك نیویی و چوكچیی، كە تیایدا یەكخستن كرداری تێنەپەڕ دەگۆڕێت، بەڵام كە یەكخستن شیاوە لە (بەركاری ناڕاستەوخۆ) و ( بە پەراوێزی لە زمانەكانی چوكچیی بۆ پێدانی دۆخ بە گرێ ناوییە جێماوەكان). لێرەدا بێیكەر دەڵێت، كە ناوی یەكخراو ویستی وەرگرتنی دۆخی هەیە، بەڵام ئامادە كراوە بۆ ڕەتكردنەوەی ئەم ئیمتیازە ئەگەر هیچ دانەیەك بەردەست نەبێت یان ئەگەر ناوێكی تر پێویستی زیاتری پێ هەبێت.

خاڵێكی تر دەربارەی دەسنیشانكردنی PF بریتییە لەوەی كە ئایتمی پێدەری دۆخ، وەك كردار یان ئامراز، پێناچێت بتوانێت زیاتر لە یەك گرێی ناوی دیاریكراو بكات بە هەمان ڕێگە. بەم شێوەیە كرداری وا نادۆزینەوە، كە دوو دۆخی بكەری ببەخشن و زۆر دەگمەنە بۆ زمانێك، كە ڕێگە بدات بە كردارە تێپەڕەكان، كە دوو بەركار بە هەمان دۆخ دیاریكراو بكەن. بێیكەر باس لەوە دەكات، كە لە بەرئەوەی یەكخستنی شێوازێكی دەستنیشانكردنی فۆرمی فۆنۆلۆجییە، بۆیە پێشبینی ناكەین كردارێك بتوانێت زیاتر لە یەكێك لە ئارگیومێنتەكانی یەكبخات، پێدەچێت ئەمە بە شێوەیەكی گشتی ڕاست بێت.

دەرەنجامی داهاتوو هەندێك گرنگە كاتێك سەیری پێكهاتەی كرداری جێبەجێكراو دەكەین. بێیكەر بانگەشەی ئەوە دەكات، كە یەكخستن توانای ئایتمێك بۆ پێدانی دۆخ بەرز ناكەنەوە، و لە سەرووی زۆرینی ڕێپێدراوی ئەم جۆرە لە زمانەكە. لێرەدا كردارێك، كە ئامرازێك یان كردارێكی تر یەكدەخات چاوەڕوانكراو نابێت، كە زیاتر لە یەك دۆخی پێكهاتەیی ببەخشێتە تەواوكەرەكەی، لەبەرئەوەی بە شێوەیەكی گشتی ئەمە زۆرترین ڕێژەی ڕێپێدراوە لە زمانەكان. بە شێوەیەكی تر، ئەگەر كردارە تێپەڕە بنەڕەتییەكانی زمانێك تەنها یەك بەركاری ڕاستەوخۆی ڕەسەنیان هەبێت.

هیچ كردارێكی تری گۆڕانكاری تەواوكاری نییە، كە مارانتز بۆی ڕوونكردنەوەیەكی ئاشكرا پێشكەش بكات، بەو واتایەی پێكهاتەی كرداری جێبەجێكراو (تیۆرەكە كەمێكی هەیە بۆ وتن سەبارەت بەرزكردنەوەی خاوەن یان یەكگرتنی ناو (Noun Incorporation) ئەمە هاوشێوەیە لەگەڵ پێكهاتەی (بەكار) لەو ڕوانگەیەی تەواوكاری ڕووكەش زیاد دەكات. پێویست ناكات بە تێروتەسەڵی باسی ڕوونكردنەوەی مارانتز بكەم لەبەر ئەوەی بنەما سەرەكییەكان زۆر هاوشێوەن لەگەڵ ئەوانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە كۆزەتیڤ (بەكار) (Marantz 1984: 14) .

لە پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو پێشگر/ پاشگرێکمان هەیە لە سەر کردارەکە، کە هەمان ڕۆڵی ئامرازی نێو پێکهاتەی شیکاری هەیە. ئەمە واتە، کە پێشگر/ پاشگرەکە و ئامرازەکە هەمان پێکهاتەی ئارگیومێنتیان هەیە. پێشگر/ پاشگری زێدەکراو ئینجا ژیان دەدات بە پێکهاتەی یەکەم وەك ئامرازێکی قوڵ،و لەگەڵ کردارەکە تێکەڵ دەبێت هاوشێوەی ئەوەی پێشگر/ پاشگری (بەکار) دەیکات لەگەڵ کردارەکە.

# بەشی دووەم

# دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا

## ٢-١ سەرەتا :

بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی وەکو زمانی ئینگلیزی دەچنە خانەی ئەو زمانانەی، کە پڕاوپڕ بە پۆلێکی پاراوی زمانێکدا داناکەون، بەڵکو پۆلی مۆرفۆلۆجی چەند زمانێك لەخۆ دەگرن، بە واتای ئەوەی لە ڕووی دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان و ڕەفتاری وشە و مۆرفیمەکانیان بە سەر چەند زمانێکدا دابەش دەبن، لە بەر ئەوە تا ڕادەیەك دیاردەکان لە هەردوو زمانەکەدا بوونیان هەیە، ئەگەرچی ئەو جیاوازییانەی کە هەیە، زیاتر بۆ کاریگەری ئاستەکانی تر دەگەڕێتەوە، کە بە سەر ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە هەیانە.

زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی هەردووکیان دەکەونە خانەی زمانە تێکچڕژاوەکانی کە تیایدا خەسڵەتی مۆرفۆلۆجی زمانە دابڕاوەکان و زمانە نوساوەکان لەخۆ دەگرن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، واتە ڕێژەی دابڕان و نووساوی دەگۆڕێ، لە مەدا زمانی ئینگلیزی لایەنی دابڕاوی زیاترە لە لایەنی نوساوی، بە ڕادەی ئەوەی هەندێ لە زمانەوانەکان زمانی ئینگلیزی دەبەنە خانەی زمانە دابڕاوەکان، بەڵام پێچەوانەی بۆ زمانی کوردی ڕاستە، واتە لایەنی لکاوی زیاترە وەك لە لایەنی دابڕاوی .

## ٢-٢ پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی :

### زمانە تێکچڕژاوەکان (Incorporating Language) :

تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە زمانە بریتیین لەوەی، کە وشەکانیان درێژو نسادەن، بۆ نمونە : ( دە . یان . کرد . ەوە ) و یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی لە شێوەی ڕستەدان، کە ئەو جۆرە زمانە بریتیین لە ( کار یان ڕەگی کار ) لەگەڵ ( تەواوکەری کار ) .

هەروەها لە ئاستی سینتاکسیدا پەیوەندییەکان بە هۆی گیرەکەکانەوە دەردەبڕێت، کە تێکەڵ بە یەك دەبن وشەیەك دروست دەکەن لە شێوەی ڕستەدا، بۆ نمونە :

١. دە تـان ناس م ەوە.

بەردەوام بەرکار ڕەگ بکەر دووبارەبوونەوە

## ٣-٢ ئەلۆمۆرفەکان لە زمانی کوردیدا :

هەرچەندە زۆر لە زمانەوانە کوردەکان باسی ئەلۆمۆرفیان کردووە تا ڕادەیەکی باش گرنگییان پێداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەلۆمۆرف یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی مۆرفۆلۆجی، بۆیە لێرەدا باسی دەکەین.

زاراوەی ئەلۆمۆرف وشەیەکی گریگییە لە دوو بەش پێك دێت وشەی ( allo ) بە واتای ( تر ) و وشەی ( morph ) بە واتای ( شێوە ) دێت، کەواتە واتای ( شێوەیەکی تر ) (بڕوانە زێڕین خورشید ٢٠٠٩ : ٥٤ ).

زاراوەی ( ئەلۆمۆرف - Allomorph )، لە زمانەکاندا چەند ناوێکی جیا جیا بەکاردێت، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم زاراوانە بەرامبەر زاراوەی ( ئەلۆمۆرف ) بەکاردێن :

| | | |
|---|---|---|
| 1- | Alternant | (Crystal, D, 1991:15) . |
| 2- | Morphological doblet | (محمد على ١٩٨٢: ١٧٥) . |
| 3- | Morpheme alternant | (هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ١٧٤ ). |

هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا ئەم زاراوانە بەرامبەر بە زاراوەی ( ئەلۆمۆرف ) بەکاردێن :

١- انماط المورفيم

٢- اشكال المورفيم

٣- الصورة الصرفية (عبدالقادر عبدالجليل ١٩٩٨: ١٥٤).

٤- البديل (بديل صرفي) ( Bakalla M.N & others 1993 : 3) .

٥- متغير دلالى (محمد على ١٩٨٢: ١٠).

لە زمانی کوردیشدا وەك زمانەکانی تر هەندێك جار لە جێگای زاراوەی ( ئەلۆمۆرف ) زاراوەی شێوەی مۆرفیمی و جێگیر بەکاردێت.

ئەلۆمۆرف ( ئەو شێوە جیا جیانەی مۆرفیمێك بەکاردێ کە لە چوارچێوەی تردا ئەرکی مۆرفیم دەبینن) (محەمەد مەعروف ١٩٩٠ : ٨٠).

دروست بوونی ئەلۆمۆرفەکان پەیوەندی نێوان دوو ئاست نیشان دەدەن، کە ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە، لە کاتی دروستکردنی ( مۆرفۆفۆنیمی ) جیاکردنەوەیان کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا تێکەڵی یەکتر دەبن، بۆ نمونە :

ئەگەر مۆرفیمی ( ەکە ) ی ناسیاوی وەربگرین:

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا شیبکەینەوە ئەوا ( ەکە ، یەکە ، کە ) شێوە جیاجیاکانی یەك مۆرفیمن، واتە ئەلۆمۆرفی ناسیاوین، بەڵام بە پێی ئاستی فۆنۆلۆجی شیبکرێتەوە یاسای دوو بزوێن و لەناو چوونی بزوێنێك و هاتنی نیمچە بزوێن پەیڕەو دەکرێن.

بۆ نمونە :

٢. درەختەکە - چەقۆیەکە - چراکە

- **جۆرەکانی ئەلۆمۆرف (مۆرف) :**

ئەلۆمۆرفەکان بریتیین لە مۆرفەکانی مۆرفیمێك، چەند جۆرێك نیشان دەدەن، کە هەریەکەیان لە ژێر کاریگەری هۆکارێك دروست بووە، هۆکارەکەش پەیوەست دەبێت بە ناو و جۆری مۆرفەکە بە واتای ئەوەی لە ژێر باری چ هۆکارێك دێتە ئاراوە.

دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکان بە پێی هەندێ لە زمانەوانەکان جیاوازە، کە ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە کتێبی ( ساخت اوایی زبان ) ی فارسی سێ جۆر لە ئەلۆمۆرفەکان دەستنیشان کراوە، بەم شێوەیە:

**١- ئەلۆمۆرفەکانی فۆنۆلۆجی.**

**٢- ئەلۆمۆرفەکانی بەرامبەری ( گۆڕاوی تەواو).**

**٣- ئەلۆمۆرفەکانی شێوازی یا لەهجەیی** (مهدی مشکره الدینی ١٩٩٨:٥٤) .

بەڵام لە کتێبی ( چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی ) شەش جۆر لە ئەلۆمۆرف دەستنیشان کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی

٢- ئەلۆمۆرفی لێکسیکی

٣- ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی

٤- ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی

٥- ئەلۆمۆرفی شێوازی

٦- ئەلۆمۆرفی گۆڕاو.                (محەمەد مەعروف و سەباح رەشید ٢٠٠٦: ٢٢) .

**١- ئەلۆمۆرفی فۆنۆلۆجی :**

بریتیین لەو ئەلۆمۆرفانەی کە بوونیان بەندە بە سیاقێکی فۆنۆلۆجییەوە، کە ئەم جۆرە لە هەموو زمانێکدا زیاترە .

(دابەش بوونی ئەلۆمۆرفەکان زۆرجار دەکەوێتەوە، ژێر هۆکاری فۆنۆلۆجییەوە) (هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ١٩) .

بەمەش (هەبوونی ئەلۆمۆرفەکان بەشێکی ئەخرێتە پاڵ هۆی فۆنۆلۆجی) (وریا عومەر ٢٠٠٢ : ٢٩١) ، بۆ نمونە :

٣. ئەلۆمۆرفی ناسراوی :




**٢. ئەلۆمۆرفی لێکسیکی :**

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە لە ژێر بارێکی لێکسیکیدا دروست دەبن، وشەکە خۆی ئەو بارە هەڵدەبژێرێت. ( بازیان یونس ٢٠٠٨ :٨٠)، بۆ نمونە :



هەریەکە لەم مۆرفانە پەیوەندییان بە جۆری ئەو وشەیەوەیە، کە هەڵیدەبژێرێت واتە وشەکە بڕیار دەدات، کە کام لەم مۆرفانە هەڵدەبژێرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە :

٤.

خوشك + ان ⟵ خوشكان

برا + یان ⟵ برایان

باخ + ات ⟵ باخات

مێ + گەل ⟵ مێ گەل

جۆر + ەها ⟵ جۆرەها

میوە + جات ⟵ میوەجات

**٣- ئەلۆمۆرفی گۆڕاو ( گۆڕاوی تەواو) :**

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە پەیوەندی فۆنەتیکییان بە تەواوەتی لە ناو چووە، تەنیا لە ئەرکدا لە یەك دەچن .

هەندێ جار وا ڕوودەدات، کە ئەلۆمۆرفەکانی فۆنیمێك پەیوەندی یەکەی دەنگی وەهایان بە یەکترەوە نامێنێ، واتە ئەلۆمۆرفەکان لە ڕووخساردا یا لە ڕووالەتدا لە یەکتری ناچن. ئەم ئەلۆمۆرفانەش بە پێی واتا و ئەرك دەبن .

(مۆرفی گۆڕاو ) گۆڕانێکی دەنگییان بەسەر داهاتووە پەیوەندی نێوانیان لاواز بووە یان ( پچڕاوە ) .
نمونە : ٥. ١- وەرە بۆ لام . ( بۆ لای قسەکەر)

٢- بڕۆ بۆ لای . ( بۆ لای کەسێکی تر) (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید ٢٠٠٦ : ٢٣) .

**٤- ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی :**

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە لە ژێرباری ڕێزماندا دروست دەبن، بۆ نمونە هەڵبژاردنی کرداری ( ڕابردوو و ڕانەبردوو ) یان کرداری ( دیار و نادیار ) دا (هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢١) .

نمونە : ٦. کێڵگەکەم کێڵا . ( ڕستەی بکەردیار)

خانووەکە سووتێنرا . ( ڕستەی بکەرنادیار)

### ٥- ئەلۆمۆرفی مۆرفۆلۆجی :

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە لە دابەشبوونی هەندێك ئەلۆمۆرفدا مۆرفۆلۆجی بڕیاری هەڵبژاردن دەدات. بۆ نمونە : لە ناو هەموو ئەلۆمۆرفەکانی ناسیاویدا، ئەلۆمۆرفی ( ەك ) تەنیا بۆ ئەو شوێنانە دەست دەدات، کە نیشانەی کۆی ( ان )ی بە دوا دادێت. واتە مۆرفیمی ( ان ) بڕیار دەدات، کە کامە لە ئەلۆمۆرفەکانی ( ەکە ) هەڵدەبژێرێت (بڕوانە محەمەد مەعروف و سەباح رەشید ٢٠٠٦ :٢٠) .

نمونە : ٧. پیاو ← پیاوەکە ← پیاوەکان

### ٦- ئەلۆمۆرفی شێوازی ( لەهجەیی ) :

ئەو ئەلۆمۆرفانەن، کە لە ئەنجامی شێوەزاری کۆمەڵایەتی یان لەهجەیی ( زار ) پەیدا دەبن .

بۆ نمونە : ٧. وشەی ( ژن ) بە چەند شێوەیەك دەردەبڕێت .

ژنی ئەو هات .

خێزانی ئەو هات . ( بڕوانە سلێمان ئیسماعیل ٢٠٠٦ :٢٣) .

### ٢-٤ بە بەرهەمی وشە و گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا :

کۆمەڵێکی دیاریکراو لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان دەستنیشان دەکەین، ئەو پرۆسانەی لێرەدا هەڵبژێردراون لەسەر بنەمای بەرهەمی زیاتر بوون، هەنگاوەکانی بە سەر پرۆسەکانی وشە داڕشتندا جێبەجێدەکرێت بە تایبەتی، بۆ دەرخستنی چۆنیەتی بە بەرهەمی ئەو پرۆسانەی وشە و گیرەکەکان لە زاری کرمانجی ناوەڕاست وەرگیراوە، لە ڕووی بە بەرهەمییەوە لێی دەکۆڵرێتەوە.

### ٢-٥ ڕێگە خۆشکەرەکانی بە بەرهەمهێنی پاشگرەکان :

بە هۆی دیاریکردنی جۆری ئەو بناغانەی، کە ئەو پاشگرانە وەردەگرن، ڕێگە خۆشکەرەکان تا ڕادەیەك کەمن، بە تایبەت ئەگەر بمانەوێت ڕێگە لە داڕشتنی هەڕەمەکییانە بگرین، بەڵام داڕشتنەکانی تر بە تایبەت لە داڕشتنە نوێیەکان هەندێکیان بە پێی مۆدیلی وەکیەکین و پەیوەندییان بە بەرهەمیی یاساکەوە نییە، بەڵام لەگەڵ هاتنەدی هەر پیشەیەکی تری پاشگر، پێشبینی بەرهەمی زیاتر دەکرێت. بڕوانە (نەرمین عومەر ٢٠١٠ :٧٣).

به بەرهەمکردن پرۆسەیەکە بە هۆی وشە و گیرەکەکانەوە دروست دەبێت بناغە و ڕەگی وشەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەم پرۆسەیەدا، هەر بە هۆی ئەم پرۆسەیە چەندین ناوی ( خاوەن پیشە ، شوێن ، ئەبستراکت ) دروست دەبێت .

**٢-٥-١به بەرهەمی هەندێك لە پاشگرە داڕێژەکانی ناوی خاوەن پیشە :**

/- گەر، -چی، -ەر، -ەوان/

- **پاشگری / - گەر/ :**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناو .

ناو + / - گەر/

٩. بۆ نمونە : زێڕینگەر، مسگەر، ئاسنگەر.

- **پاشگری / - ەوان/ :**

یەکێکە لەو پاشگرانەی کە ناوی خاوەن پیشە دادەڕێژێت .

ناو + / - ەوان/

١٠. بۆ نمونە : فڕۆکەوان ، باخەوان ، ڕەزەوان .

- **پاشگری / - چی/ :**

ئەم پاشگرە ش یەکێکە لەوانەی کە دەچێتە سەر ناو بۆ دروستکردنی ناوی پیشە .

ناو + / - چی/

١١. بۆ نمونە : بۆیاخچی ، تۆڕنەچی ، پینەچی .

- **پاشگری / - ەر/ :**

پاشگری / - ەر / پاشگرێکە بە بەرهەم و بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ داڕشتنی ناوی کارا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام بۆ ناوی ئامێر و کەرەستەش بەکاردێت (بڕوانە نەرمین عومەر ٢٠١٠ :٨٠) .

ڕەگ + / - ەر/

١٢. بۆ نمونە : نووسەر ، هەواڵدەر ، خوێنەر .

**٢-٥-٢ بە بەرهەمی هەندێك لەو پاشگرانەی ناوی شوێن دادەڕێژن :**

/- گە یان - گا ، - دان ، - ستان ، - خانە /

ئەو پاشگرانەن کە بۆ داڕشتنی ناوی شوێن بەکاردێن :

**١- پاشگری / - گە یان - گا / :**

لەم پاشگرەدا ناو وەردەگرین بە نمونە لە دروستکردنیدا .

ناو + / - گە یان - گا/

١٣. بۆ نمونە : مەلەوانگە ، فێرگە ، یاریگا.

**٢- پاشگری / - ستان/ :**

ئەم پاشگرە بەکاردێت لە گەڵ ناوی میللەت، ئەم پاشگرە تایبەت نییە تەنها بە زمانی کوردی، بەڵکو لە نەتەوەکانی تریشدا بەدیدەکرێت .

ناو + / - ستان/

١٤. بۆ نمونە : کوردستان ، هندستان ، ئەرمەنستان .

لە زمانی کوردیدا ئەم پاشگرە بۆ داڕشتنی ناوی شوێنیش بەکاردێت، بەڵام بە گۆڕینی بناغەکەی .

ناو + / - ستان/

١٥. بۆ نمونە : دارستان ، جەنگەڵستان ، گوڵستان .

**٣- پاشگری / - خانە/ :**

ئەم پاشگرەش لە داڕشتنی ناوی شوێن بەکاردێت .

ناو + / - خانە/

١٦. بۆ نمونە : کتێبخانە ، نانەواخانە ، سەرتاشخانە .

**٤- پاشگری / - دان / :**

ئەم پاشگرە هەندێك تایبەتمەندی لە بەرهەمەکانی دەردەکەوێت، کە بناغەکانی (کەرەستە یان کەلوپەل)ن، دوای ئەوەی پاشگری / - دان / وەردەگرن دەبێتە ناوی شوێن تێداهەڵگرتن یان پاراستنی کەرەستەکان .

ناو + / - دان /

١٧. بۆ نمونە : شەکردان ، خوێدان ، گوڵدان .

### ٢-٥-٣ بە بەرهەمی پاشگرەکانی ناوی نابەرجەستە ( ئەبستراکت ) :

ناوی نابەرجەستە بریتیین لەو ناوانەی، کە هیچ ئاماژەیەکی بینراو یان بەرچاویان نییە لە دەرەوەی زماندا .

بە پێچەوانەی ئەو ناوانەی کە ئاماژە ( ئەدگار ) ی فیزیکی یان هەیە. وەك : مرۆڤ، دار، ... هتد.

لە زمانی کوردیدا هەندێك ناو لە بنچینەدا خۆیان ( ئەبسراکت ) ن ، بەڵام هەندێکیان بە هۆی چەند پاشگرێکەوە ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی ناوی ( ئەبستراکت ) دا ( بڕوانە نەرمین عومەر ٢٠١٠ :٩٠) .

**١- پاشگری / - ی / :**

١٨. بۆ نمونە :

١. بۆ واتای بارو حاڵەت (ئاوەڵناو) / خۆشی - شادی – جوانی .

٢. بۆ واتای قۆناغی تەمەن / منداڵی - گەنجی – پیری .

٣. بۆ واتای بارو حاڵەت (ناو) / برایی - زاوایی .

٤. بۆ واتای پیشە / ئاسنگەری - نانەوایی – مامۆستایی .

**٢- پاشگری / - ایەتی / و ئەلۆمۆرفەکانی :**

أ- ناو + / - ایەتی / ، / - یەتی / ، /- ەتی / ، / - ێتی/

١٩. کوردایەتی برایەتی پیاوەتی کەسێتی

ب- ئاوەڵناو + / - ایەتی / ، / - یەتی / ، /- ەتی / ، / - ێتی/

٢٠. مەردایەتی ئازایەتی بەندایەتی سپێتی

**٣- پاشگری / - ێنی/ :**

ناو + / ێنی /

٢١. بۆ نمونە: کوڕێنی - بوکێنی

## ٢-٦ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تری زمانەوە :

لەبەر ئەوەی ئەو بابەتەی، کە باسی لێوە دەکەین پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و ئاستەکانی تری زمانە کە ئاستی ( دەنگسازی و سینتاکس و واتا ) یە، بۆ ئەوەی هەنگاوی باشترین دەستپێك خستنەڕووی هەموو وردەکارییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی بێت، لێرەدا پێناسە و چەمکەکەی و هەموو ئەو کەرەسە و یەکانەی ڕۆڵ دەبینن لە چالاکییەکاندا دەخەینە ڕوو :

مۆرفۆلۆجی یەکێکە لەو ئاستە سەرەکییانەی زمان، کە دەورێکی چالاك دەبینێت لە دروستکردنی پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمان، زۆر لە زمانەوانان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە بە پێی ئەو ڕێباز و قوتابخانانەی کە لەو بوارەیان کۆڵیوەتەوە .

کەواتە ئاستی مۆرفۆلۆجی : ئەو ئاستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتی ناوەوەی وشە دەکات واتە (مۆرفۆلۆجی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە) (محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید : ٢٠٠٦ : ٧) .

### - چەمکی مۆرفیم ( پێناسە و مێژوو و بۆچوون) :

زمان، کە دیاردەیەکی ئاڵۆزە، شیکردنەوەی لە خودی خۆیدا زانستیکە چەندین ئاست نیشان دەدات، شیکردنەوەی هەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی تا ڕادەیەك لە نهێنیەکانیەتی، ئەگینا هیچ ئاستێك بە تەنها دیراسە ناکرێت، چونکە پێویستی بەوە هەیە لە چەند ئاستێکدا دیراسە بکرێت.

- (ئاستی مۆرفۆلۆجی وەك ئاستێك لە ئاستەکان پردی بە یەکگەیشتنی ئاستەکانی ترەو لوتکەی پەیوەندی نێوان ئاستەکان نیشان دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە مۆرفۆلۆجی خۆی وردەکارییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت و کەرەستەی سەرەکی ئەم ئاستەش ( مۆرفیم )ە، ( بازیان یونس : ٢٠٠٨ : ٩).
- زۆر پێناسەی جۆراو جۆر بۆ مۆرفیم کراوە ، لە دیدو بۆچوونی جیاجیا و بە پێی هەڵسەنگاندن و خستنە ڕووی بابەتەکە.
- ئەوەی کە باو بووە تاکو ساڵانی سییەکان گوایە وشە بچووکترین دانەی ڕێزمانییە لەگەڵ پەیدابوونی یان دۆزینەوەی بیرۆکەی ( مۆرفیم )، کە ( لەسەرەتای چلەکاندا ئەم بیرە هاتە کایەوە ) ( محەمەد مەعروف١٩٨٧ : ٧١).
- ئەو پێناسەیەی وشە لادرا لە شوێنی ئەو مۆڕفیم جێگەی گرتەوە، زمانەوانانی ئەو کاتە توانیان (ناوەکانی وشەی سادە و ئامراز و گیرەك ....هتد ) لە یەك چەمکدا کۆ بکەنەوە، کە ئەویش (مۆڕفیم - Morpheme)ە.

لێرەدا هەندێك لەو بۆچوونانە دەخەینە ڕوو :

- زاراوەیەكی وەك ( مۆرفیم - Morpheme ) ، كە وشەیەكی گریكییە و چەمكی فۆڕم ئەدا . ( عەبدوڵڵا حوسێن ١٩٩٥:٧١) .
- ( زاراوەی مۆرفیم بۆ بچووكترین یەكەی واتا بەكاردێ، كە وشە پێك بهێنێ و خۆی لە بچووكتر كردنەوە نەیەت، بەمەش ( مۆرفیم بچووكترین دانەی واتاداری زمانە) .

. (Bloom field: 1933: 178)

- ( مۆرفیم بچووكترین هێمای زمانییە، یەكەیەكی ڕێزمانی یا بچووكترین یەكەی واتاییە و ناشێت بۆ بەشی بچووكتر دابەشی بكەین. بە شێوەیەكی خۆویست، كە هەڵگری واتایەكی تایبەتییە ) . ( Fromkin : 1988 : 114) .
- ( بچووكترین دانەی ڕێزمانییە ) ( ئازاد ئەمین ١٩٩٨ : ٩٣) .
- ( مۆرفیم بە بچووكترین دانەی دابەش نەكراوی زمانی دادەنێت، كە دەبێت ئەركێكی واتایی یان ڕێزمانی ببینێت و بەشداری لە پێكهاتنی وشەی دیكەدا بكات ) ( Katamba : 1993 : 20 ) .

- كەواتە مۆرفیم بچووكترین دانەی زمانە، كە واتا یان ئەركی هەبێت، ناكرێت بۆ پارچەی بچووكتر لەت بكرێت، لەبەر ئەوەی واتاكەی لە دەست دەدات .

- یاخود بەم شێوەیە مۆرفیم پارچەیەكی بچووكە لە زماندا، سێ سیفاتی تێدا هەیە :

١. مۆرفیم وشەیەكە یان بەشێكە لە وشە، كە دەبێت واتادار بێت.

٢. دابەش نابێت بەسەر بچووكترین پارچەی واتادار، كە واتاكەی لە دەست بدات.

٣. لە ڕستەی جیاواز جیاواز دەردەكەوێت و واتایەكی نەگۆڕی هەبێت. ( Stageberg : 1981 : 85 )

٢٢. بۆ نمونە:

وشەی ( شار ) دابەش بێت بۆ ( / ش / و / ا / و / ر / ) یان بۆ كەرتی تر وەك ( شا . ر ) یان ( ش . ار )، بەڵام هیچ لەم كەرتانە نە ئەركی ڕێزمانی و نە واتایان نابێت، لەبەر ئەوە ئەمانە بە هەرشتێك ناوببرێت. مۆرفیم نین، كەواتە مۆرفیم دەبێت یا ئەركێكی ڕێزمانی یان واتای هەبێت .

( گرنگی تەواوی بیرۆكەی مۆرفیم لە وشەی ئاڵۆز و ئاوێتەدا دەردەكەوێ، چونكە ئەمانەن كە لە یەكەی بچووكتردروست بوون، واتە دەبن بە پارچەی واتایی ورد ترەوە ). بۆ نمونە وشەی ( كیژەكەم ) لە پارچەی ورد تری وەك ( كیژ - ەكە - م ) پێكدێت ( محەمەد مەعروف و سە باح ڕەشید ٢٠٠٦ : ٧).

## ٧-٢ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی دەنگسازییەوە ( مۆرفۆفۆنیم) :

### یەکەکانی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی :

ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی فۆنۆلۆجی یەکەکانی هەریەکەیان بناغەن بۆ دروست کردنی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، هەروەها سەرچاوە و پێکهاتەی ئەو گۆڕانە سەرەکییانەن، کە لە نێوان دوو ئاستەکەدا ڕوودەدەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆنان و چەمکی زاراوەکاندا، بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان یاخود بە پێی ئەو پەیرەو و پرۆگرامەی کە بابەتەکان لە سەری دەستەبەر کراوە، بەمەش لایەنی تیۆری پراکتیکی وەك تێکەڵ کردنێك لە وردەکاری زاراوەکان ڕێخۆشکەرە بۆ نیشاندانی گۆڕان لە دۆخ و جۆری پەیوەندییەکان .

**- مۆرف و مۆرفیم ـ ئەلۆمۆرف :**

( مۆرفیم ) وەکو یەکەیەکی زمانەوانی لەئاستی مۆرفۆلۆجییدا دانەیەکی ئەبستتراکتە، لە مێشکدایە و ڕێزمانییە.

بەڵام ( مۆرف ) یەکەیەکی کۆنکریتە و هەستی پێدەکرێت، کە دەکرێت بە دەنگ ( فۆن ).

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهێز لەنێوان ( مۆرف و مۆرفیم ) بەدی دەکرێت بە جۆرێك هیچیان بێ ئەوەی تریان نابێت، بەمەش دەتوانین بڵێین پەیوەندییان تەواوکەری یەکترییە.

بۆ نمونە : مۆرفیمی ناسیاوی ( ەکە ) چەند مۆرفێکی هەیە.




ئەڵۆمۆرف

(بڕوانە بازیان یونس ٢٠٠٨: ٤٢).

بوونی ئەم ( مۆرف ) انە وەك تاکە ( مۆرفیم ) ێك دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی فۆنۆلۆجی وەك هۆکارێك بۆ شێوەی جیاواز ،شێوەکان لە زانستی زماندا بە ( ئەڵۆمۆرف ) ناونراون، واتە شێوەکان (مۆرف) ەکان دەبنە برای یەکتری یاخود ( ئەڵۆ ) ی یەکتری ( ئەڵۆمۆرفەکان شێوە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیمن .

دەرکەوتنی لە ( ژینگە ) ی جیاوازدا ئەو شێوە جیاوازانەی پێ دەبەخشێ. هەریەکە لەم شێوە جیاوازانە ( مۆرف ) ێکە ( وریا عومەر ۱۹۸۹ : ۱٦٦) .

۲۳. بۆ نمونە :

بارەکە ←—— بار + ەکە

چرایەکە ←—— چرا + یەکە

منداڵەکان ←—— منداڵ + ەك + ان

چەقۆکە ←—— چەقۆ + کە

ئەو پەیوەندییەی کە دەبێتە هۆی دروست کردنی ئەلۆمۆرفەکان لە نێوان ( مۆرف و مۆرفیم ) دا بە پێی ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجی ( دەنگسازی ) یەوەیە، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی نێوان ئاستی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجی کە ( مۆرفیم ) لە ئاستی مۆرفۆلۆجی، ( مۆرف و ئەلۆمۆرف ) یش لەئاستی فۆنۆلۆجی دروست دەکات یاخود لێی پەیدادەبێت بە شێوەیەکی تر مۆرفیم وەك دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بە سەر فۆنیمەکانی دێت بۆ پێکهێنانی ( مۆرف و ئەلۆمۆرف ) ئەمەش جۆرە پەیوەندییەك نیشان دەدات لە نێوان ( مۆرف و مۆرفیم و ئەلۆمۆرف ) جگە لە تێکەڵ بوونی فۆنیم وەکو دانەیەکی فۆنۆلۆجی بۆ ناو ئەم پەیوەندییانە، کەواتە ئاستی مۆرفۆلۆجی لە ئاستی فۆنۆلۆجی جیا نابێت جۆرە پەیوەندییەك نیشان دەدەن، کە وەکو کەناڵێك یان ( پردێك ) زاراوەکانی پێ ئاڵوگۆڕ دەکەن .

## ۲-۸ یاسا فۆنۆلۆجییەکان و پەیوەندییان بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە:

### ۲-۸-۱ ناساندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان:

زمانەکان هەریەکەیان کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، یەکێك لەو دەستانە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، مەبەستیش لە یاساکانی فۆنۆلۆجی، ئەوانەن، کە لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان دروست دەبن، چەند گۆڕانێك بەسەر فۆنیمەکاندا دێت. ( کە دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر (بڕگە ، وشە ، ڕستە ) کارلێك دەکەن. لە ئەنجامی ئەم کارلێککردنە دەنگ هەیە دەگۆڕێ ...هەیە پەیا ئەبێ ... هەیە دەقرتێنێ و دەتوێتەوە ... هتد ،ئەو بەشەی زانستی زمان، کە یاساکانی ئەم لایەنەی زمان دەست نیشان دەکات بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێ ( وریا عومەر ۱۹۹۵ : ٦٦).

واتە ( دەنگەکانی ئاخاوتن کە لە پێکهێنانی بڕگەو ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، کار لە یەکدی دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە. شێوەگۆڕی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا دیاردەی دەنگین و بە پێی یاسای جۆربەجۆر خۆیان دەنوێنن ) ( دولبەر شاڵی ٢٠٠٠ : ٤٩) .

**٢-٨-٢ جۆرەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان :**

یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێت : نمونە : ٢٤.

١. یاسای توانەوە : بۆ نمونە : کورت + تر ←—— کورتر / ت / تواوەتەوە.

٢. یاسای پەیابوون : بۆ نمونە : دێ + ەکە ←—— دێ یەکە / ی / پەیابوو .

٣. یاسای فڕێدان و زیاد کردن : بۆ نمونە : پازدە ← پانزە لە هەردوو نمونەکەدا فۆنیمی / د / فڕێدراوە لە نمونەی یەکەم و فۆنیمی / ن / زیادکراوە لە نمونەی دووەم .

٤. یاسای سیما گۆڕەکان : بۆ نمونە : کار ـ کەر

٥. یاسای تێکەڵ بوون : بۆ نمونە : ڕێك + بوون ←—— ڕێك بوون

٦. یاسای تەبایی : بۆ نمونە : جوانوو + ەکە ←—— جوانۆکە

٧. یاسای جیابوونەوە : بۆ نمونە : پاش+ شێو ←—— پارشێو

٨. یاسای گونجان و نەگونجانی دەنگ : بۆ نمونە : ماست، دەست، هەست، یان کرد، برد

٩. یاسای جێگۆڕین : بۆ نمونە : تەزرە ( هەولێر)

تەرزە ( سلێمانی)

١٠. یاسای دەنگە گۆڕکێ : بۆ نمونە : سۆر ( هەولێر)

سوور ( سلێمانی)

(بڕوانە بازیان یونس ٢٠٠٨: ٦١).

## ٩-٢ تێکچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و دەنگسازی :

لە هەر دوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی لە ڕێگەی دانە و یەکە زمانی یەکانیان ( وشە، مۆرفیم، ئەلۆمۆرف، مۆرف، فۆنیم، ئەلۆفۆن، فۆن ) تێکچڕژان و تێکەڵبوون بە جێگۆرکێ کردنی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ناودەبرێت بە ( ئاستی مۆرفۆفۆنیم )، کە تێکچڕژانی هەر دوو ئاستەکە نیشان دەدات.

( ئەو وشانەی کە گیرەکیان بۆ زیادکراوە فۆنۆتاکتیکی وشە مۆرفۆفۆنیمییەکان نیشان دەدات، جگە لەوەی لە ڕەگەوە نزیکن، بەمەش هەندێ لە گیرەکەکان دەبنە هۆی گۆڕانی شوێنی هێز، هێزیش وەك بوارێك لە بوارەکانی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی بەشدار دەبێت ( Martin2002:199,203 ).

.٢٤

بۆ نمونە : ( گرت ) یەك بڕگەیەو هێز لەسەر بزرۆکەیە لە دوای زیادکردنی گیرەکی ڕێزمانی (ەوە) دەبێتە سێ بڕگە و شوێنی هێز وەك ئاستێکی فۆنۆلۆجی جێگۆڕکێیەك لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دەکات و دەبێتە : ( گرتەوە )

← →

/ گر / تە / وە

١ ٢ ٣

ئەگەر هەر وشەیەك ( فۆنیمێك یان زیاتر ) لە زمانێکی دیاریکراودا جێگۆڕکێ بکات لەگەڵ فۆنیمێك یان چەند فۆنیمێکی تر، پێی دەگوترێت جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی ،وەك :

٢٥. مهابات : مهاباد

لەم دوو وشەیەی سەرەوەدا، گەر سەیر بکەین دەبینین گۆڕانێکی لە تاکە فۆنیمێکدا بە سەردا هاتووە بە بێ ئەوەی کار لە واتای وشە کە بکات، گۆڕانی فۆنیمی / د / بە / ت / بە مەبەستی کپ کردنی دەنگەکەیە، بەمەش ( مهابات ، مهاباد ) دەبنە ئەلۆمۆرف .

کپ کردنی دەنگێ لە کۆتایی وشەدا یارمەتی خوێندنەوەی دەنگەکە دەدات، حاڵەتێکی قورسە لە کۆتایی وشەدا، کە دەنگێکی گڕ ( دەنگدار ) هەبێت. (سیما) کەرتییەکانی ئەو مۆرفیمە، واتە دروستکردنی ئاستێکی نوێی نیشاندان ( نواندن )، کە ئەویش بریتییە لە مۆرفۆفۆنیم، کە سیفەتی مۆرفیمی و فۆنیمی هەیە (Lass1998:57) بەمەش ( جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی هەموو کات فۆنیمییە، کە بە شێوەیەکی گشتی سنوردار کراوە لە سەر ئاستی وشە، چونکە مەرجەکانی ئەم جێگۆڕکێیە دەبێ مۆرفۆلۆجی بێت لە ڕووی پێکهاتەوە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سنوردار کردنیان بۆ وەرگرتنی چەند باودۆخێکی وەرگیراو، لەوانەش سنوردارکردنی چەند پاشگرێك). بڕوانە (Martin 2002:185-187) بۆ نمونە :

گۆڕانی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە بنجێکدا دوای وەرگرتنی گیرەکێکی ڕێزمانی، وەك:

.٢٧ میوەجات : میوەهات

لەم نمونەی سەرەوەدا، گۆڕانی فۆنیمی / ج / بۆ / ە / لە ڕێگەی ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی کۆ، کە گیرەکێکی ڕێزمانییە، جێگۆڕکێی هەردوو ئاستەکە نیشان دەدات، بەو شێوەیە گیرەکەکان دەبنە هۆی دروست بوونی جێگۆڕکێی مۆرفۆفۆنیمی .

**٢-١٠ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی سینتاکسەوە ( مۆرفۆسینتاکس) :**

پەیوەندی و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و ئاستی سینتاکس کە لە یەك ئاستدا کۆ دەبێتەوە ئەویش ئاستی ( مۆرفۆسینتاکس )ە .

هەندێ بۆچوونی زمانەوانان دەربارەی ئەم بابەتە دەخەینە ڕوو :

( مۆرفۆسینتاکس پێوەرێکی پەیرەوکراوی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییە لە شیکاری زماندا، کە پێکهاتن و ئەرکی وشەکانی ڕستەکە دەگرێتەوە، ئاسایی پێوەری فۆرمی مۆرفۆلۆژی سینتاکس لە بەکارهێناندا پێوەرێکی مۆرفۆسینتاکتیکییە ) (Richards and etc : 1992 : 237 ) .

(مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانی هەڵقوڵاوی بواری مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە). (ئەبوبەکر عومەر : ٢٠٠٣ : ١٤).

(سیما و ڕوخساری مۆرفۆسینتاکس سیمایەکی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییە تایبەتە بە هەریەك لە بارەی پێکهاتەی وشە و ڕێکخستنی ڕستەیی) ( Radford: 1997 : 265) .

**٢-١١ تێکچڕژانی ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس :**

ئاستەکانی زمان بەستراون بە یەکەوە، کە سنووری جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، هەر دوو ئاستی (مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) لە هەندێ شوێندا تەواو تێکدەچڕژێن .

(لە کاتێکدا مۆرفیم دەبێتە دواپێکهێنەرەکانی ڕستە ( ئاستی سەرەوە ) لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەی ئاسایی دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمانەکە مۆرفیم بەمە دەچێتە ئاستی سینتاکسەوە) (کەوسەر عەزیز ١٩٩٠ : ١١٢) .

**٢-١٢ پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی واتاوە :**

ئاستی مۆرفۆلۆجی وەکو ئاستەکانی تری زمان بە هەمان شێوە پەیوەندی بە ئاستی واتاوە هەیە ئەگەر هەر لە پێناسەی مۆرفیمەوە بگرە تا پێکهاتنی ناوەوەی وشە، لەبەر ئەوەی کە ( مۆرفیم :

بچووکترین دانەی واتاداری زمانە ) و هەر گۆڕانێك لە پێکهاتەی وشەکان بکرێت ئەوا کاریگەری بە سەر واتاوە هەیە بۆ نمونە :

٢٨. واتای وشەی ( گوڵ ) جیاوازە لەگەڵ وشەی ( گوڵان ) ئەوەش جیاوازە لەگەڵ وشەی( گوڵدان ) .

کەواتە ئەمەش لەوەوە هاتووە، کە فۆڕمەکان زیادبوونە، جا هەر گۆڕانکارییەك بێتە سەر فۆڕم گۆڕان لە واتا ڕوودەدات. بۆ نمونە :

٢٩. گوڵ + ەك + ان ←—— گوڵەکان

لەو نمونەیەی سەرەوەدا واتای ( گوڵ ) گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بۆتە گوڵێکی ناسراوی کۆ .

هێزیش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گۆڕینی واتا لە وشەدا، کە لە خوارەوەدا ڕووندەکرێتەوە :

هێز ( Stress ) : ئەو وزە زیادەیە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە (غازی فاتح ١٩٨٤ :٨٤). و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، بۆ نمونە :

٣٠. لە وشەی ( برایەتی ).

- برایەتی ( برایەتی ) ناوی واتایی هێز لە سەر دوا بڕگەیە.
- برایەتی ( برا یەتی ) ئەو برای ئەوە، هێز لە سەر بڕگەی یەکەم ( عبدالوهاب خالد ٢٠٠٩: ١١٤).

**٢-١٣ پێکهاتەکانی ئەو پۆلە :**

**١- ڕەگ Root :**

ڕەگ بریتییە لە بچووکترین پارچەی وشە، کاتێك کە وشەی ( ناسادە ) شیبکرێتەوە ڕەگ دەست دەکەوێت.

ڕەگ ( ئەو بەشەی وشەیە، کە ئەمێنێتەوە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان ) ( وریا عومەر ١٩٨٢ : ٨٧ ).

٣١. بۆ نمونە : منداڵەکان ← منداڵ ← ڕەگە ( لەوە زیاتر کەرت ناکرێت)

٣٢. شارەکەم ← شار ← ڕەگە ( لەوە زیاتر کەرت ناکرێت )

ڕەگ ( ئەو مۆرفیمەیە، کە خۆی بە سەربەخۆیی ( واتا ) دەبەخشێ . نمونە ( شار ) . ( محەمەد ئەمین ١٩٧٤ : ١١١ ) .

کەواتە (ڕەگ: بچووکترین یەکەی وشەیە، دوای لێکردنەوەی گیرەکەکان ( ڕیزمانی و وشەداڕێژ ) ئەوەی، کە دەمێنێتەوە ناودەبرێت بە ( ڕەگ ) .

**جۆرەکانی ڕەگ :**

**آ- ڕەگی سەربەخۆ ( ئازاد ) Free Root :**

ڕەگی سەربەخۆ بریتییە لەوەی کە بە تەنیا واتا دەبەخشێت بە بێ وەرگرتنی گیرەکەکان، کە ( ئەو مۆرفیمەیە کە لەناو ( ناو و ئاوەڵناو )دا دەردەکەوێت) .

٣٣. نمونە : نەرم ← لە نەرمۆك

**ب - ڕەگی بەند Bound Root :**

ڕەگی بەند بریتییە لەوەی کە بە تەنیا واتـایەکی تەواویان نییە، بۆ جیاکردنەوەیان پشت لە سەر دووبارەبوونەوە دەکەن، گـەردان کـردنیان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە وەك یەکە، ئەمە هـۆکاری دۆزینەوەیـانە .

( ئەو مۆرفیمەیە، کە لە گەڵ مۆرفیمەکی دی لە وشەدا بەکاردێت ) ( علی بهرامی ٢٠٠٤ : ٧١ ).

٣٤. نمونە : پەنجە ← پەنج + ە

↓

ڕەگی بەند

**٢- قەد Stem :**

ئەو مۆرفیمەیە، کە دوای لێکردنەوەی ( لابردنی ) گیرەکە ڕێزمانییەکان بە دەست دێت جا ( سادە یان لێکدراو ) بێت، کە تایبەتە بە پێوەلکانی ئەو گیرەکە .

واتە ( قەد ئەو مۆرفیمەیە، کە توانای وەرگرتنی یاخود پێوەلکانی گیرەکی ڕێزمانی هەیە). (Tarsk1993:259).

٣٥. نمونە : گوڵەکە ← گوڵ + ەکە

↓ ↓

قەد گیرەکی ڕێزمانی

**٣- بنج Base :**

بنج بریتییە لەو مۆرفیمەی کە بە دەست دێت دوای لێکردنەوەی مۆرفیمەکانی تر واتە مۆرفیمەکانی (وشە داڕێژ و ڕێزمانی).

واتە (بنج دەبێت مۆرفیمە ڕێزمانییەکان یان داڕشتنەکانی لێبکرێنەوە) . ( Katamba 1993 : 45 )

٣٦. نمونە : نەمر ← نە ← مر

↓ ↓

مۆرفیمی بنج

ڕێزمانی

واتە ( مر ) بنجە دوای لێکردنەوەی مۆرفیمی ( نە ).

یاخود ( بنج مۆرفیمێکی بەندە و بچووکترین یەکەی کارایە و دابەش نابێت بۆ یەکەی بچووکتر، بە تەنها واتای خۆیان نییە و هەموو دەمێك ئامادەیە بۆ وەرگرتنی مۆرفیمی بەند (سینتاکس و مۆرفۆلۆژی). (بڕوانە سلێمان ئیسماعیل ٢٠٠٦ : ٢٣).

٣٧. نمونە : چاچی ← چا + چی

↓ ↓

بنج مۆرفیمی

وشە داڕێژ

واتە ( چا ) بنجە دوای لێکردنەوەی مۆرفیمی ( چی ).

٣٨. نانەوا ← نان + ەوا

↓ ↓

بنج مۆرفیمی

وشە داڕێژ

واتە ( نان ) بنجە دوای لێکردنەوەی مۆرفیمی ( ەوا ).

**٢- ١٤ ڕێزمانی فرێز پێکهێنان :**

سەرەتا وەك دەست پێك باسی ( فرێز ) دەکەین، کە بەشێکە لە بەشە پێکهێنەرەکان لە ڕستەدا .

چەندین زاراوەی جیاجیا لە لایەن زمانەوانان بۆ فرێز بەکارهاتووە، کە ئەمانەن : ( فرێز ) و ( دەستەواژە ) و ( گرێ ).

لە ڕێزمانی نوێدا یەك وشە بە فرێز وەسف دەکرێت .

زۆر لە زمانەوانەکان لە سەر ئەو بۆچوونە کۆکن، کە ( فرێز ) دەشێ لە تاکە وشەیەك پێك هاتبێت، یان لە زنجیرە وشەیەك زیاتر بێت، کە بەیەکەوە یەکەیەکی ڕێزمانی دروست دەکەن. ڕۆڵی سەرەکی لە ڕستەدا دەگێڕن (عەبدولجەبار مستەفا ٢٠١٠ : ١٣) .

ئەگەر فرێز پێك هاتبێت لە کۆمەڵە وشەیەك ئەوا فرێزەکە لە سەرە ( دیارخراو) و دیارخەرێ یان زیاتر پێك دێت.

لە زمانی کوردیدا چەند جۆرە فرێزێکمان هەیە، کە ئەمانەن : ( فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکاری، فرێزی بەند، فرێزی ڕادە ) .

ئەو فرێزانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەریەکەیان سەرەیەکی تێدایە، کە بە کرۆکی یان ناوکی فرێزەکە دادەنرێت، بەم شێوەیە هەموو فرێزێك ( سەرە یان ناوك ) ێکی تێدایە . ( سەباح ڕەشید أ٢٠٠٩: ٣١). کەواتە هیچ فرێزێك بە بێ ( سەرە یان ناوك ) دروست نابێت، شوێن کەوتووەکانیش لە پێشەوە یان لە دواوەی سەرەی فرێزەکە دێن، سەرەی فرێزەکە جۆری فرێزەکە دیاری دەکات . بۆ نمونە لە فرێزی ناویدا دەبێت سەرە ناوێك بێت، بۆیە پێی دوترێ ( فرێزی ناوی )، فرێزی ئاوەڵناوی دەبێت سەرەکەی ئاوەڵناو بێت لە فرێزی بەنددا سەرەکە ئامرازی بەند دەبێت ( بڕوانە تەلار صباح ٢٠١٣ : ٥١ ) . بۆ نمونە :

٣٩. کوڕەکان ( فرێزی ناوی ) / ( کوڕ ) سەرەیە لە ناو فرێزەکەدا .

٤٠. تا نیوەڕۆ ( فرێزی بەند ) / ( تا ) سەرەیە لە ناو فرێزەکەدا .

٤١. کردنەوە ( فرێزی کاری ) / ( کرد ) سەرەیە لە ناو فرێزەکەدا .

٤٢. زۆر زیرەك ( فرێزی ئاوەڵناوی ) / ( زیرەك ) سەرەیە لە ناو فرێزەکەدا .

**٢-١٤-١ سەرە لە مۆرفۆلۆجیدا :**

سەرە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆیە لە هەندێك تێڕوانینی مۆرفۆلۆجییانەدا ئەوە باوە، کە دەگوترێت سەرە ڕۆڵێکی گرنگ لە شیکردنەوەی داڕشتنی وشەدا دەبینێت، چونکە مۆرفیمێك دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی وشەدا بگێڕێت بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕۆڵی سەرە لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا.

ئەگەر سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان بە وردی شیبکەینەوە لە یەکێك لە یاساکاندا وەك لەو یاسایەی خوارەوەدا: ٤٢.

$$[W]_N \longrightarrow [[\text{شاد}]_{Adj} + [\text{ی}]_{Af}]_N$$

(سەمیرە تۆفیق ٢٠١٣ : ١٥) .

بە لێكدانەوەی یاسای ڕۆنانی پێكهاتەی ( شادی ) بۆمان دەردەكەوێت، كە :

١- وشەی ( شاد ) ڕەگە و بنەڕەتی پێكهاتەكەیە، كە ( ئاوەڵناو ) ە، بەڵام ( سەرە ) نییە .

٢- گیرەكی ( ی ) كە چۆتە سەر ( ئاوەڵناو ) ەكە وشەیەكی تازەی بە فۆرمێكی تازەوە داڕشتووە، ئەو فۆرمە تازەیە، هەم لە واتادا تازەیە هەم لە جۆری كەتیگۆرییەكەشی تازەیە .

٣- بەو شێوەیە ( گیرەك ) ەكە پێكهاتەكەی داڕشتووە، بۆیە خۆی دەبێتە ( سەرە ) ی پێكهاتەكە .

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر بە ( سەرە ) بوونی ( گیرەك ) ەكە، ئەگەر بە هێلكاری شێوەی درەختی پێكهاتەی وشەكە بخەینە ڕوو، ئەوا ڕوونتر بۆمان دەردەكەوێت، وەك ئەو شێوەیەی خوارەوە :

٤٤.




وەك لەو هێلكارییەی سەرەوە خراوەتە ڕوو :

- (X) ئاماژەیە بۆ كۆی پێكهاتەی ( شادی )، كە ناوە وەك لە خوارەوەی هێلكارییەكەدا ئاماژەی پێدراوە.
- دوو گرێیەكان دوو پێكهێنەرەكەی پێكهاتە بەرجەستە دەكەن و ئەو ڕاستەهێلە چەماوەیەش، كە لە ( گیرەك ) ەكەوە بە ئاراستەی ( X ) ەوە چۆتە نیشانەی بە ( سەرە ) بوونی ( گیرەك ) ەكەیە لە پێكهاتەكەدا .

**٢-١٤-٢ ناسینەوەی سەرەی پێكهاتە مۆرفۆلۆجییەكان :**

ئەگەر بێت و سەرە ناو بێت یان دەلالەت لە ناو بكات، ئەوا پێكهاتەكەش كەتیگۆری ناو هەڵدەگرێت، خۆ ئەگەر سەرە دەلالەت لە كۆ بكات ئەوا خودی پێكهاتەكەش لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەلالەتی كۆ دەدات (INT-2:9) واتە كامە دانەی پێكهێنەری پێكهاتەكە كەتیگۆری پێكهاتەی دەستنیشانكردووە ئەم دانەیەیان دەبێتە سەرەی پێكهاتە مۆرفۆلۆجییەكە، بەڵام ئەو بۆچوونە لە زمانی كوردی پڕاو پڕ نییە بۆ

دەستنیشانکردنی سەرەی وشەکان و وەك خۆی نایەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت دەستنیشانکردنی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان لە سیاقی پێکهاتەکە خۆیەوە وەربگرێت .

## ٢-١٤-٣ گیرەك و سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان :

گیرەك بریتییە لەو مۆرفیمە بەندەی کە بۆ گێرانی ئەرکێکی سینتاکسی یان داڕشتنی وشەیەکی نوێ بە واتا و فۆرمێکی نوێ یان بە فۆرمێکی گراماتیکی نوێ دەچێتە سەر مۆرفیمێکی سەربەخۆی ترەوە، لەبەرچی ( گیرەك ) ەکان دەبنە سەرەی پێکهاتەی ( داڕێژراو یان لێکدراو ) ؟

چونکە ( گیرەك ) ەکان لە خودی پێکهاتەکانەوە دەردەکەوێت .

زۆر لە زمانەکانی جیهان بە تەنها هەر بە وشەی سادە ( ڕەگ ) ەوە ناتوانن کەرەسەی تەواوی خۆیان لە وشەکانی زماندا پڕ بکەنەوە، هەر لەبەر ئەمەشە بە پێی پێویستییەکانی ژیان لە کۆمەڵگادا وشەی تازە ( نوێ ) دروست دەکرێن، کەواتە بۆ ئەو مەبەستە ( گیرەك ) ەکان وەکو زیادەیەك دەچنە سەر ڕەگەکان و وشەی نوێ بە واتا و فۆرم و دۆخێکی تری ڕێزمانی دروست دەکەن .

لە هەموو پێکهاتەیەکدا وشە سادەکە دەبێتە بنکەی پێکهاتەکە، بەڵام پێکهاتەکە بە کۆی بنکەکە و گیرەکەکە پێکهاتووە، لەبەر ئەوە کاتێك گیرەکەکەی پێوە دەلکێت بنکەکە تایبەتمەندییە کەتیگۆرییەکەی وەك کەتیگۆری پێکهاتەکە لە دەست دەدات، کەواتە گیرەکەکە دەبێتە سەرەی پێکهاتەکە، لەبەر ئەوە لە تایبەتمەندی هەردوو گیرەکی وشەداڕێژ و گیرەکی ڕێزمانی دەردەکەوێت ( سەمیرە تۆفیق ٢٠١٣ : ١٨).

نمونە: ٤٤.




- گیرەکی ( بە ) کە گیرەکێکی وشەداڕێژە و چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە ئەمانەن :

١. چۆتە دوو توێی وشەکەوە و بۆیە بەمەش وشەیەکی تری فەرهەنگی بە واتایەکی نوێ و بە فۆرمێکی نوێوە دروست کردووە.

٢. جۆری کەتیگۆری بنکە بەندەکەی لە ناوەوە کردۆتە ئاوەڵناو.

٣. هێزی وشەکەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە .

**٢-١٤-٤ شوێنی سەرە لە پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان :**

شوێنی سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان بۆ دەسنیشانکردنی بە پێی زمانەکان جیاوازی دەبێت، سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی ( ئیدوین و ولیامس ) بۆ ئەوە چوون، کە سەرە هەمیشە دەچێتە لای ڕاستی پێکهاتەکەوە، ئەو ڕایەی ( ولیامس ) خراوەتە دوتوێی تیۆرێکەوە، کە بە ناوی ( Right – Hand Head Rule) کە کورتکراوەکەی ( RHR ) هەیە. بە پێی ئەوە سەرەی پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکان بە پێی شوێن دیاریدەکرێت نەك بە پێی تایبەتمەندی و پەیوەندی لە نێوان پێکهێنەرەکاندا (Selkirk 1982: 21) .

٤٤.




ئەگەر ئەو بۆچوونەی ( ولیامس ) بە ڕادەیەکی زۆر تایبەت بێت بە زمانی ئینگلیزییەوە بەوەی سەرەی وشە ناسادەکانی زمانی ئینگلیزی بە ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە لای ڕاستی پێکهاتەکانەوە، کەواتە ئەو بۆچوونە لە زمانەکانی تر وەك خۆی جێبەجێ نابێت بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا .

گیرەکە وشەداڕێژەکان لە زمانی کوردیدا لە هەردوو سەری بنکەکەوە دێن واتە دەشێت بە لای ڕاستدا بێن وە بە لای چەپیشدا بێن، کەواتە ئەگەر لە پێکهاتەی وشە داڕێژراوەکاندا ئەو جۆرە گیرەکانە ببنە سەرەی پێکهاتەکە، ئەوا ئەو یاسایە لە شیکردنەوەی وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردیدا وەکو خۆی جێبەجێ نابێت، لەبەر ئەوەی سەرەی ئەو وشانە لە سیاقی سەربەخۆی وشەکان خۆیانەوە وەردەگیرێت، لە کاتێکدا دەکرێت یاساکە بەسەر هەندێك لە وشەکانی زمانی کوردیدا جێبەجێ بکرێت، وەك لە نمونەی ( دارهەنار ) .

کە پێکهێنەری ( دار ) سەرەی وشەکەیە و بە لای ڕاستدا هاتووە .

## ١٥-٢ فەرهەنگ و دەروازەی فەرهەنگی :

زاراوەی ( لێکسیکۆن ) لە بواری مۆرفۆلۆجیدا زۆر بەرگوێ دەکەوێت، هەرچەندە ئەو زاراوەیە لە زمانی کوردیدا لێڵی تێدەکەوێت، ئەگەر بمانەوێت لە گەڵ وشەی فەرهەنگ بەرامبەری بکەین.

لە مۆرفۆلۆجییدا وشەی فەرهەنگی ( Lexicon ) بە دانەی شیکردنەوەی وشەسازی دەژمێردرێت، یاساکانی فۆنۆلۆجی و وشەسازی تەواوکەری یەکترین و بە دوای یەکتردا دێن .

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا، کە باس لە ڕۆنانی ژێرەوە دەکات ( D. S ) دەڵێ : ( ڕۆنانی ژێرەوە لە دوو بەش پێکدێ، واتە دوو پێکهێن ( Component ) یەکێك لەو پێکهێنانە فەرهەنگە، کە بە لێکسیکۆن ناو دەبرێت و هەموو وشە و مۆرفیمی زمانەکە لە خۆ دەگرێ ( Stageberg 1970 : 13 ) . بۆ ئەو مەبەستە ئێمە هەوڵمان داوە لەم بەشەدا فەرهەنگ بە واتای ( Lexicon ) بناسێنین و جیای بکەینەوە لەو فەرهەنگەی کە وەکو لیستێك بۆ وشەکانی زمانێك بەکاردێت ، بەڵام ( فەرهەنگ زۆر لەوە زیاترە، کەوا تەنیا لیستێکی نا بەرجەستەی وشەکانی زمانێك بێت، بەڵکو فەرهەنگ لە پاڵ ئەوەدا زانیاری لە بارەی دانەی فەرهەنگی ( Lexical item) بە دەستەوە دەدات، مەبەستمان لە زانیاری، پۆلی ڕێزمانییە کە فەرهەنگییەکە و واتاکەی و چۆنیەتی گۆکردن و گەلێك زانیاری تر بە دەستەوە دەدات (Matthews 2007:226).

فەرهەنگ هەمیشە لە خزمەت زماندایە، لە بنەڕەتدا چەمکی فەرهەنگ ئاماژەکردنە بە هەڵگرتنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بە وشە دەربڕاوە زمانییەکان هەیە.

کەواتە فەرهەنگ خەزنکردن و کۆکردنەوەی ئەو یەکە زمانەوانییە نابەرجەستانەیە، کە پێی دەڵێن دانەی فەرهەنگی( Lexical item ) ، بۆ ئەوەی لە چەمکی ئەو جۆرە فەرهەنگەی جیابکاتەوە، کە بەرامبەر بە(Dictionary)ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، لێرەدا ئاماژە بە سەرچاوەیەکی پراکتیکی زانیارییە فەرهەنگەییەکان دەدرێت، کە لەبەر دەستی بەکارهێنەری زمانەکەدایە بە شێوەی جیاواز (گوڵ ، پەرتووك ، پەنجەرە ، هتد...) .

هەر ڕێگەیەکی تر گوزارشتی لێدەکرێ، بەڵام ئەو جۆرە فەرهەنگە هەمیشە هاودەم و هاوڕێگەی ئەو بەکارهێنەرە نییە بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە لە فراوان بوون و هاتنەکایەی زاراوە و یەکەی تازە ( نوێ ) دایە. ( بروانە سەباح ڕەشید ب٢٠٠٩ : ٣٠ ).

جۆرێکی تریش لە چەمکی فەرهەنگ هەیە کە فەرهەنگی زەینییە ( عقلی ) واتە ( Mental Lexicon)، کە ئەو جۆرە فەرهەنگەش بریتییە لە نواندنێکی زەینی کە لە مێشکی تاکە کەس ( بەکارهێنەری زمانەکە ) زانیارییە فەرهەنگییەکان هەڵگیراوە ئەم جۆرە لێکسیکۆنە واتە ( فەرهەنگی تاکە کەسی ) بچووکترە لە چەمکێکی گشتی و بیرۆکەی زمانەوانی، کە ئێمە تاوو توێی دەکەین . (بڕوانە Booij 2005:18) .

کەواتە هەموو کەسێك مەرج نییە، کە تەواوی وشەکانی زمانەکەی خۆی بزانێت، لە بەر ئەو فەرهەنگە فراوانەی زمان، کە ئێمە وەکو هەموو قسەکەرێکی زمانی کوردی بە مێشکی هەمووان تەواوی دەکەین دەچێتە ڕەهەندی ستوونی و مێژوویی زمانەکەوە .

لێرەدا دەکرێ ئەوەش بڵێین کە یەکەم فەرهەنگی کوردی فەرهەنگی ( ئەحمەدی خانی ) یە لە ساڵی ( ١٦٥٠ – ١٧٠٦)، لە ساڵی ( ١٦٨٢ )زدا فەرهەنگۆکێکی ( عەرەبی – کوردی ) بە ناوی ( نەوبەهار ) بە هۆنراوەی کوردی داناوە ، تا منداڵی کوردی فێری وشەی عەرەبی بکات ، ئەمە یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی بووە ( شەهاب شێخ تەیب ٢٠١٤ : ١٩٥) .

**٢-١٦ تێکەڵکردنی مۆرفۆلۆجی لە بواری کردارەکاندا :**

کردار: ئەو بەشەیەیە ( واژەیە ) کە لە ڕستەدا پێمان دەڵێت : ( بکەر ) چی کردووە یان چی دەکات . بڕوانە ( نوری عەلی ٢٠١٣ :٤٩).

٤٦. بۆ نمونە : هەستی کوڕم دەچێت بۆ فێرگە .

- **تایبەتییەکانی کردار :**

١- بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن .

٢- لە ڕووی پێکهاتنەوە بەندە بە ئاستی مۆرفۆلۆجییەوە .

٣- لە ڕووی ئەرکەوە گەردانکردنی دەکەوێتە ئاستی سینتاکسەوە .

٤- لە ڕووی پێکهاتنەوە پێك دێت لە : ( داڕێژراو ، لێکدراو ).

٥- لە ڕووی هێز و کات و ڕێژە و دیار و نادیارییەوە دابەش دەکرێت بۆ :

کرداری ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ – ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داهاتوو ، داخوازی ، مەرجی – بکەردیار ، بکەرنادیار ).

٦- لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەردا ڕێك دەکەوێت .

٧- کەس ، کات ، ژمارە ، ڕووداو ، حاڵەت ، ئاڕاستە و ڕێژەی تێدایە.

٨- لێکدراوەکانی ئیدیەم پێك دەهێنێت (بڕوانە ڕەفیق شوانی ٢٠١١ : ٧٤ ).

پێشگری کرداری : ئەو پێشگرانەی کە دەچنە سەر ڕەگ و قەد، کرداری داڕێژراوی لێ دروست دەبێت، ئەو پێشگرانەش ئەمانەن : ( ڕا ، ڕۆ ، دا ، هەڵ ، تێ ، پێ ، لێ ، لا ، دەر ، بەر ، پەك ، لە ، تیك ، ... هتد ).

٤٧. ڕا: ڕاخست، ڕامالی ( ڕا : واتای بۆ خوارەوە دەگەیەنێت ).

٤٨. ڕۆ: ڕۆچوو، ڕۆنیشت ( ڕۆ : واتای ئاڕاستەی بەرەو خوارەوە دەگەیەنێت ).

٤٩. دا : داگرت، داپلۆسی ، دابەزی ( دا : لەسەرەوە بۆ خوارەوە ).

٥٠. هەڵ : هەڵفڕی، هەڵقوڵا ( هەڵ : بۆ سەرەوە بەرزی دەگەیەنێت ).

٥١. تێ : تێچوو، تێگرت (تێ : بە واتای سمین ).

٥٢. پێ : پێکەوت، پێدا (پێ : پێوەلکان یا لێخشانە ).

٥٣. لێ : لێخست ، لێگرت ، لێدا ( لێ : هەمان واتای پێدەدات ).

٥٤. لا : لادا ، لابرد (لا : شوێن یا لادان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنی تر).

٥٥. پەك : پەکخست، پەککەوت

٥٦. لە : لەدەستچوو، لەجێ چوو ( پێشگرێکی کرداری و نا کرداریشە ).

٥٧. تێك : تێکچوو، تێکخست.

٥٨. دەر : دەرچوو، دەرخست. ( دەر: دەرچوونە دەرەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە ).

٥٩. بەر : بەرکەوت، بەرهاویشت ( بەر: لێبوونەوە لە شت و لە لایەك، دەبێتە ناکرداریش).

٦٠. نە : نەچووم، نەخوارد، نەکەی (نە: بۆ نەرێ کردنی کرداری ڕابردوو و داخوازییە، ناکرداریش).

٦١. نا : ناچم، ناکەم ( نا : بۆ نەرێ کردنی ڕانەبردووە ).

هەندێك لەم پێشگرانە هاوبەشن لە نێوان کرداری و ناکرداریش وەك : ( دا، هەڵ، ڕا، ڕۆ... ) کرداریش و ناویش دروست دەکەن ، نمونە :

٦٢. دا : داهێن، داپاچ، دامان ( ناون ).

٦٣. ڕا : ڕابین، ڕامان ( ناون ).

٦٤. ڕاچەنین ، ڕاپسکان

٦٥. هەڵ : هەڵکەوت، هەڵپاچ ( ناون ).

ئەو پاشگرانەی کە دەچنە سەر کردار، نمونە :

٦٦. ەوە : کردەوە ، شوشتەوە

٦٧. اندن : سوتاندن ، گەیاندن

هەروەها دەتوانرێ لە ئەسپێکتی ( ب ) ەوە، کە دەچێتە سەر ڕەگی کرداری ( تێپەڕ یان تێنەپەڕ) لەگەڵ جێناوی کەسی لکاو ( کرداری داخوازی ) دروست دەبێت بۆ کەسی دووەمی ( تاك و کۆ)، نمونە :

٦٨. بگرە ، بگرن

٦٩. بڕۆ ، بڕۆن

**٢-١٧ بە گیرەك کردن :**

**٢-١٧-١ سیماو تایبەتییەکانی گیرەك :**

واتای وشە هەرچەندە لە ڕەگ کۆدەبێتەوە، بەڵام هیچ زمانێك ناتوانێ تەنیا بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێ، بۆ ئەو مەبەستە زمان پەنا دەباتە بەر هاوکاری گیرەکەکان ( Affixes ) بۆ دروست کردنی ژمارەیەکی زۆر لە وشە، کە واتاو مەبەستێکی نوێ هەڵدەگرێ. بەڵام ڕادە و چەندیی پەنابردنە بەر ئەو گیرەکانە بە پێی جۆری زمانەکە دەگۆڕێ.

٦٩.




بۆ ئەم هێلكارییە (بڕوانە سەباح رەشید ٢٠٠٠: ٥٢) .

لە زمانەوانی نوێدا پۆلێنکردنی جیاکردنەوەو ئەو مۆرفیمە بەندانە ( گیرەکانە ) کەڵکێکی زۆری زمانەوانی دەبێ بۆ شیکردنەوەی واتاو ئەرکی کەرتە ڕێزمانییەکان .

گیرەکەکان : ئەم جۆرەیان لەسەر دوو بنەما دابەش دەکرێت :

١. لەسەر بنەمای ئەرك .

٢. لەسەر بنەمای شوێنی پێوەنووسانیان .

لەسەر بنەمای ئەرك مۆرفیمە بەندەكان دەكرێتە دوو بەش :

**١) مۆرفیمی وشەداڕێژ:**

**٢) مۆرفیمی ڕێزمانی:**

**١) مۆرفیمی وشەداڕێژ:**

هەندێ مۆرفیم هەن، كە واتای نوێ دەبەخشن بەو وشەی كە دەچێتە سەری، ئەوان هەندێ جار پێیان دەوترێ مۆرفیمی وشە داڕێژ، چونكە كاتێ ئەو مۆرفیمانە دەنووسێن بە مۆرفیم یان وشەی ترەوە، وشەی نوێ دادەڕێژن. وشە داڕێژراوەكە لەوانەیە لە پۆلی ڕێزمانی جیاوازبن ( Fromkin 1997:132) .

**٢) مۆرفیمی ڕێزمانی :**

جۆرە گیرەكێكن ئەركەكانیان ئاماژەكردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەكان (Crystal 1992:176) ( ان، ا، ن، ێك ) نمونەی ئەو گیرەكانەن .

- **جیاوازی نێوان مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشەداڕێژ :**

١- مۆرفیمی وشەداڕێژ وشە لە ئاخاوتنێكەوە بۆ بەشە ئاخاوتنێكی تر دەگۆڕێ، بۆ نمونە:

٧٠. <u>سەوز</u> + <u>ە</u> ⟵ <u>سەوزە</u> . ٧١ . <u>سەد</u>+ <u>ە</u> ⟵ <u>سەدە</u>

ئاوەڵناو پاشگر ناو ژمارەیە پاشگر ناوە

بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی كە بە قەد و وشەوە دەلكێن بەشە ئاخاوتنی وشەكە ناگۆڕێ، بۆ نمونە :

٧٢. پیاو - پیاوەكە

ناو ناو

٧٣. گوڵ – گوڵەكە - گوڵەكان (سەباح رەشید ٢٠٠٠: ٨٨) .

٢- مۆرفیمی وشەداڕێژ كە بە ڕەگی وشەوە دەلكێن واتاكەی دەگۆڕێ یان واتای نوێی پێدەبەخشێ. بۆ نمونە : ٧٤. پاك ⟵ ناپاك (واتای وشەداڕێژ)

٧٥. شاخ ← شاخەوان ( واتای جیاوازە )

( ناوی سروشتی ) ( ئەوکەسەیە کە بەسەر شاخ دەکەوێ )

بەڵام مۆرفیمی ڕێزمانی یان گیرەکی ڕێزمانی واتایی وشە ناگۆڕێ، وەك :

٧٦. شار . شارێك

٣- لە هەڵکەوت و سروشتدا مۆرفیمە وشەدارێژەکان لە ڕەگەوە نزیکترن لە مۆرفیمە ڕێزمانیەکان. ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە دوای مۆرفیمە ڕێزمانیەکان مۆرفیمە وشەداڕێژەکان ناتوانن پڕیان بکەنەوە ئەمەش بە پێی ئەم یاسایەی خوارەوە دەبێ :

(وشە) بنج + مۆرفیمی وشەداڕێژ + مۆرفیمی ڕێزمانی

٧٧. باخ + ەوان + ەکە (ان)

باخەوانەکە

٧٨. ئاسن + گەر + ەکە + ان ← مۆرفیمی ڕێزمانی ← ئاسنگەرەکان

مۆرفیمی سەربەخۆ مۆرفیمی وشەدارێژ مۆرفیمی ڕێزمانی

بەڵام لە هەڵکەوت و سروشتدا مۆرفیمە ڕێزمانیەکان لە ڕەگ و بنجەوە دوورن هیچ کاتێك مۆرفیمی ڕێزمانی ناتوانێ بۆشایی دوای ڕەگ پڕبکاتەوە ئەگەر هاتوو گیرەکی وشەداڕێژ هەبوو .

بنج (ڕەگ) + م. وشەدارێژ + م. ڕێزمانی

باخ + ەوان + ەکە + ان

بنج م. وشەداڕێژ م. ڕێزمانی

٧٩. باخەوانەکان (سەباح رەشید ٢٠٠٠: ٥٨) .

٤- لە بەکارهێنانی مۆرفیمی وشەداڕێژدا بۆ داڕشتنی وشەی نوێ ئارەزوومەندییەك هەیە لە بەکارهێنانی وشەکەو هاو واتاکانیان بە واتایەکی تر وشەداڕێژراوەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەرامبەر بە دوو وشە سادەکە دەوەستێ، بۆ نمونە :

٨٠. دەمەوێ ( باخ + ێك ) بكڕم.

٨١. دەمەوێ ( باخچە ) یەك بكڕم .

بەڵام گیرەكی وشەداڕێژ كۆتاییەكی كراوە بەجێ دەهێڵێ بۆ هەموو گیرەكە وشەداڕێژ و ڕێزمانییەكان كەچی گیرەكی ڕێزمانی كۆتایی خۆی لە ڕووی گیرەكی وشەداڕێژ دادەخات .

٨٢. باخ + ەوان + ەكە + ان        لە دوای م. وشە دارێژ........

م. وشەدارێژ   م. ڕێزمانی            بەڵام لە دوای م. ڕێزمانی داخراوە ناتوانین هیچ دابنێی .

٨٣. شار + ەكە.

٨٤. شار + ۆچكە + كە.

م. وشەدارێژ   م. ڕێزمانی

٥- لە پیادەكردن دا یاخود لە جێ بەجێ كردنی دا مۆرفیمە وشەداڕێژەكان ڕێكوپێك نین، كەچی مۆرفیمە ڕێزمانییەكان بە پێچەوانەوە ڕێكو پێكن، بۆ نمونە :

پاشگری (ستان) مۆرفیمێكی وشەدارێژە، وەك : كوردستان، گوڵستان، دارستان .

واتە ( ستان ) دەچێتە سەر هەندێ ناو ناچێتە سەر هەموو ناوێك .

٨٥. گەر ← ئاسنگەر، زێڕینگەر

مۆرفیمە ڕێزمانییەكان ( ەكە ) مۆرفیمێكی ڕێزمانییە دەچێتە سەر هەموو ناوێكی گشتی، بۆ نمونە :

٨٦. شارەكە، پیاوەكە، بەردەكە

چونكە ناوی تایبەتی خۆی ناسراوە بۆیە مۆرفیمی ( ەكە ) وەرناگرێ بۆ نمونە كۆیە ناسراوە، بەڵام شار گشتییە بۆیە ( ەكە ) وەردەگرێت .

(ب) مۆرفیمێكی ڕێزمانییە + ڕەگ + ە / ن ← هەرچی كرداری داخوازییە ئەوە مۆرفیمی (ب) وەردەگرێ

٨٧. ب + خوێن + ە ⟵ بخوێنە

٨٨. ب + نوس + ە ⟵ بنوسە

بەڵام گیرەکی ڕێزمانی لە پیادەکردندا ڕێکو پێکن بۆ نمونە مۆرفیمی ( ب ) لە دروستکردنی هەموو کارێکی داخوازیدا بەشداری دەکات، بەڵام مۆرفیمە وشەداڕێژەکان وا نین بۆ نمونە مۆرفیمی ( ستان ) دەچێتە سەر هەندێ ناو نەك هەموو ناوێك وەك :

٨٩.　　　　دارستان ، كوردستان .

٦- لە ڕووی ژمارەی مۆرفیمەکان و چ لە ڕووی پێکهاتەی دەنگی گیرەکەکان، گیرەکی وشەداڕێژ زیاترن ( لە زۆربەی بارەکاندا ) بە بەراوردکردن لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا :

| گیرەکی وشەداڕێژ | گیرەکی ڕێزمانی |
| --- | --- |
| مەند | دە |
| دار | بـ |
| ار | ر |
| وەر | ێ |
| هەڵ | ا |
| پێوە | ە |
| ا | ان |
| : | ەکە |
| هتد | : |

**٢-١٧-٢ گرنگترین گیرەکە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی ئەمانەن :**

٩٠.

مۆرفیمی ناسیاوی ( ەکە ) یان ( کە ) : خوشکەکە، براکە.

مۆرفیمی نەناسیاوی ( ێك ) یان ( ێ ) : دارێك، چنارێ.

مۆرفیمی کۆ (ان) یان (یان) : کوڕان، چرایان.

مۆرفیمی ( ێ ) بە واتای کات : شەوێ (بڕوانە McCarus 1958:47 ) .

مۆرفیمی ( تر ) پلەی باڵاتر : جوانتر، چاکتر

مۆرفیمی (ترین) پلەی باڵا : بەرزترین، شیرینترین

**نیشانەکانی چاوگ ( مۆرفیمی کاتی ڕابردوو) :**

٩١. م.کاتی ڕابردوو

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا : | سووت | ا | ن |
| د : | مر | د | ن |
| ت : | شووش | ت | ن |
| وو : | چ | وو | ن |
| ی : | بڕ | یـ | ن |

**مۆرفیمی کاتی ( ە ) و هەروەها کەسی دووەمی تاك ( لەبەر ئەوەی کارەکە کرداردانە ) :**

٩٢. بکە ، ببە .

**مۆرفیمی کاری ڕانەبردوو ( دە ) بەردەوامی :**

٩٣. دەڕۆم ، دەخۆم .

**مۆرفیمی کردار و داخوازی ( بـ ) :**

٩٤. بڕۆ، بچێت.

**مۆرفیمی چەمکی دووری ( وو ) :**

٩٥. کردوو، بردوو .

**مۆرفیمی توخمی نێر ( ە ) :**

٩٦. کوڕە ( لە بانگهێشدا ) .

**مۆرفیمی توخمی مێ ( ێ ) :**

٩٧. کچێ ( لە بانگهێشتدا) .

گیرەکەکان بە پێی شوێنی نوسانیان دابەش دەبن بۆ ( پێشگر، ناوگر، پاشگر )، هەرچەندە زمانەوانان بیرو بۆچوونیان جیاوازە سەبارەت بە ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا.

- هەندێکیان بۆچوونیان وایە ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا نییە .
- هەندێکی تریش پێیان وایە کە ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە.

ئێمەش لەگەڵ ڕای یەکەمداین، کە ( ناوگر ) لە زمانی کوردیدا بوونی نییە.

## ٢-١٨ لێکدان ( لێکدراو ) :

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە زمانی کوردی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی تازە دەیگرێتەبەر ڕێگای لێکدانە، زمانەوانە کوردییەکان هەریەکەیان بە شێوازێك پێناسەی ( لێکدان ) یان لێکدراویان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو توێی پێناسەکردنی چەمکی وشەی ( لێکدان ) یان لێکدراو بە پێویستی دەزانین کە چەند پێناسەیەکیان بخەینەڕوو:

(وشەی لێکدراو : ئەو وشەیە، کە بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت ). ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧:٨٣ ).

(وشەی لێکدراو : ئەو وشەیە، کە پتر لە وشەیەکی واتادار بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی، هەر چەند زیادەی بێ واتاشی پێوەبلکێت ئەوا هەر بە لێکدراوی دەمێنێتەوە ). ( مسعود محمد ١٩٨٨: ٢٤٩).

(وشەی لێکدراو : دروست کردنی وشەیەکە بە لێکدانی دوو وشە ). (کمال میراودەلی ٢٠٠٧: ١٥١).

وشەی لێکدراو : بریتییە لە بێژەیەك کە لە دوو وشەی سادەی واتادار بە زیادییەوە یان بەبێ زیادەوە پێکهاتبێت و پێکەوە واتایەکی نوێ دەگەیەنن ( لیژنەی دەستوری زمانی کوردی ١٩٨٥:٢٢ ).

کەواتە وشەی لێکدراو : بریتییە لە لێکدانی دوو وشەی واتادار، یان دوو وشەی واتادار و زیادەیەك جا ( پێشگر یان پاشگر ) بێت ، کە لە ئەنجامی ئەو لێکدانەش وشەیەکی نوێ دێتە کایەوە .

### ٢- ١٨-١ وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕوخسارەوە :

کەرەسەی وشە ناسادەکان بە دارێژراو و لێکدراو و ئاڵۆزەوە لە ڕووی واتاوە کەرەسەی ڕوونن، پێویستە لەو لایەنەوە بە شێوەیەکی گشتی وشە ناسادەکان لێکبدرێتەوە، لە بەر ئەوەی واتای وشە ناسادەکان بە پێی بنەمای پێکهاتەی سەرە سەرەناوەکی ( Endocentric ) و سەرە سەرەدەرەکی ( Exocentric ) ڕووندەکرێتەوە.

وشە لێكدراوەكانیش بە هەمان شێوەی وشە داڕێژراوەكان خاوەن ڕۆنانێكی ناوخۆیین، بەو واتایەی كە هەموو كەرەسەكی لێكدراو لە كۆی چەند كەرەسەیەكەوە پێك دێت، بەهای خودی كەرەسەكە (پێكهاتەكە) لە كۆی پێكهێنەرەكاندایە. بەم پێیە هەموو لێكدراوێك پێكهاتەیەكی سەربەخۆیە، هەموو پێكهاتەیەكیش لە چەند پێكهێنەرێك ( كەرەسەیەك ) پێكهاتووە. كە دەوترێت لە چەند پێكهێنەرێك پێكهاتووە پێویستە دوو ئەگەر لە بەرچاو بگیرێت :

١- یان لێكدراوەكە لە دوو پێكهێنەر پێكدێت، هەردوو پێكهێنەرەكە وشەیەكی سەربەخۆی واتادارن.

٢- یان لە سێ پێكهێنەر پێكدێت، بە مەرجی ئەوەی یەكێك لە پێكهێنەرەكان زیادەیەكی گراماتیكییە و دوو پێكهێنەرەكەی دیكەش وشەیەكی سەربەخۆی واتادارن ( سەمیرە توفیق ٢٠١٣ : ٦٠) .

٩٩. بۆ نمونە :

وشەی ( چاوگەش ) لە ڕووی بەشە ئاخاوتنەوە ئاوەڵناوە، پێكهاتەكە لە دوو پێكهێنەر ( لە دوو كەرەسە ) پێكهاتووە، بەم شێوەیە :

.١٠٠




بەو پێیە وشە لێكدراوەكە چ لە ڕووی ڕوخسارەوە چ لە ڕووی واتاییەوە لە كۆی هەردوو پێكهێنەرەوە هاتووە، هەروەها لە نووسینەوەی یاسای پێكهاتەكەشدا پێویستە هەر یەكێك لە پێكهێنەرەكان بە تەنها بخرێتە نێوان كەوانەی پێهكێنانەوە، وەك لەو هاوكێشەیەی خوارەوەدا دەردەكەوێت :

.١٠١



**٢-١٨-٢ وشەی لێکدراو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە :**

لە ڕووی ڕوخسارەوە هەموو لێکدراوێك ئەگەر پێکهاتەکەی لە کۆی پێکهێنەرەکانیەوە بێت، ئەوا ئەمە مەرج نییە ڕاست بێت لە ڕووی ناوەرۆکەوە، لەبەرئەوەی یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی شیکردنەوەی وشەی لێکدراو لە ڕووی واتاییەوە ئەوەیە، بۆیە ئەم دوو خاڵەی لێدەکەوێتەوە :

١. یان واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی وشە واتادارە پێکهێنەرەکانیەوە دێت بە واتایەکی دیکە واتای لێکدراوەکە بە زانینی واتای پێکهێنەرەکانیەوە پێشبینیدەکرێت، وەك: وشەی ( چاوجوان ) کە واتای وشە لێکدراوەکە وەك پێکهاتەیەك لە کۆی هەردوو وشەی ( چاو ) و ( جوان ) هاتووە .

٢. یان واتای وشە لێکدراوەکە مەرج نییە لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە هاتبێت. ( Fromkin&etc 2003:94)، بۆ نمونە : وشەی لێکدراوی (دەست کورت) .

بەو شێوەیە وشەی لێکدراو پێویستە هەردوو لایەنی دەرەوەو ناوەوەی پێکهاتە لە پێناسەکردنەکەیدا ڕەنگ بداتەوە. ئەم لایەنە لە شیکردنەوەی وشەی لێکدراودا دەمانباتەوە بۆ بابەتی لێکدراوی سەرە سەرەناوەکی و لێکدراوی سەرە سەرەدەرەکی .

**٢-١٩ بۆچوونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لە سەر ڕێزمانی کوردی :**

**٢-١٩-١ هەندێ لایەنی تیۆری بۆچوونەکە :**

دەبێت لە سەرەتادا ئەوە بوترێ کەوا گرینبێرگ بۆچوونەکەی خۆی لەسەر ئەو بۆچوونەی شلیگل بنیات ناوە، کە ساڵی ( ١٨١٨ )، سەبارەت بە پۆلێنکردنی مۆرفۆلۆجی زمانەکان خستیەڕوو، ئەو بۆچوونەش لە سەردەمی گرینبێرگ گەشەیەکی زۆری بەخۆوە بینی. ئەو بۆچوونەی ( شلیگل ) بە پۆلێنکردنی تایپۆلۆجی، یان جۆریی ناو دەبرێ کە تیایدا زمانەکان بە جۆری مۆرفیمەکانیان دابەشی سەر سێ هەرێمی زمانی دەبێت، کە ئەمانەن :

١- زمانە دابڕاوەکان : (Analytic/ Isolating Language) کە سیمای مۆرفۆلۆجی زمانەکە دەوەستێتەوە سەر چۆنیەتی ڕیزبوونی وشە سەربەخۆکانیان، زمانی چینی باشترین نمونەی ئەم جۆرە زمانەیە.
٢- زمانە لێکدراوەکان یان زمانە گەردانییەکان : ( Inflectional Language / Synthetic) وەکو زمانی گریکی و زمانی سەنسکریتی.
٣- لە نێوان ئەو دوو پۆلە زمانەی کە لە سەرەوە هاتووە زمانە نووساوەکان (Agglutinating Language) هەیە، هەروەها پێشی دەوترێت زمانە لکاوەکان، وەکو زمانی تورکی و زمانی کۆری، کە تێیدا زنجیرەیەك توخمی ڕێزمانی (گیرەکەکان) لە دەوری ( کار) کۆدەبنەوە بۆ گەیاندنی ئەرکە سینتاکسییەکان (بڕوانە Crystal 1971:152).

زنجیره كۆتبەندێك لە بنەما گشتییەكانی گرینبێرگ بەسەر زمانەكانەوە دەسەپێنرێت، بە پێی ئەو سیماو كۆتبەندانە گرینبێرگ سەرەتا دوازدە جۆر بە پێی بنەما گشتییەكان، یان بە پێی تایبەتییە زمانییەكان دەخاتە ڕوو، وەك لەو شێوەیەی خوارەوە دا دەردەكەوێت :

A ⟶ c

B ⟶ e

C ⟶ d

C ⟶ f

D ⟶ g

D ⟶ h

B ⟶ h

E ⟶ i

E ⟶ j

I ⟶ m

J ⟶ o

J ⟶ p

ئەو هێمایانەی كە لە سەرەوەدا هاتووە ئەو دوو هاوكێشەی ( چەمكە ) ی خوارەوەی لێدەكەوێتەوە :




(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح رەشید ٢٠١٣: ٥١) .

لێرەدا ئەو دوو هاوکێشەی ( چەمکە ) ی سەرەوە بە پێی خشتەکەی ( بنەما گشتییەکان) ی سەرەوەی خۆی داڕێژراوە، بە پێی سیما زمانەوانەکانییانەوە زمانەکان دەکات بە دوو دەستەوە (a, b)، کە دەکرێ بوترێ هەر پۆلێك لەو دوو جۆرە زمانانە خاوەنی سیمای بنجی خۆیەتی، بۆ نمونە پۆلی (a) خاوەنی سیماکانی (a, c, d, g, f, h)ن، و پۆلی (b) خاوەنی سیماکانی(b, e, l, j, m, o, p)، هەروەها سیما بنجییەکان دابەشی سەر کەرەسە بنجییەکانی ڕستە و چالاکی گیرەکەکان دەبن.

لە ڕیزبوونی کەرەسە بنجییەکانی زمان، سەرەتاکانی بۆ ( گرینبێرگ ) زمانەوانی ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( ١٩٦٣ )، واتە ئەو ڕیزبوونە سەرەکییەی کە لە سروشت و هەڵکەوتی زمانەکەدا دیارترین سیمای دەبێت، واتە دەرکەوتنی ئاسایی ( unmarked / normal ) نیشانەنەکراو لە زمانەکەدا، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا دەبێت :

١٠٢. من دارەکەم هەڵکەند.

ئەو نمونەی کە لە سەرەوەدا هاتووە دەربڕینێکی ئاساییە و هەموو قسەکەرێك بە زمانی دایك وا دەریدەبڕێ، لە بەرامبەردا دەربڕینی نیشانەکراویش بە دیدەکرێت، کە بۆ هەمان ڕستە دەبێتە وەك :

١٠٣. دارەکە من هەڵم کەند.

ڕێگەی پێ دراوە. ئەو کاتە گرینبێرگ شەش جۆر زمانی بۆ ڕیزبوونی بۆ کەرەسەکانی بکەر – بەرکار – کار پۆلکردبوو. بەڵام پێی وابوو کەوا ڕیزبوونی ( sov ) کە زمانەکانی یابانی و تورکی و ( کوردی ) دەگرێتەوە لە پۆلە هەرە چالاکەکانن، هەروەها گروپی ( svo ) کە زمانی ئینگلیزی و زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان، هەندێ لە زمانە ئەفریقییەکان دەگرێتەوە، وەکو زمانی ( سواحلی ) چالاکی کردووە. بڕوانە (هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ٥٢) .

سۆسێر دوای ئەوەی تەوەری وەسفی و ئێستایی زمانی خستەڕوو بازنە و قاڵبی گەلێك لە تیۆر و بۆچوونەکانی تێك شکاند. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی کە بە ڕیزبوونی بنجی ناو دەبرێ، تەنیا لە سنووری ڕێزمانی نوسراودا دەستەبەر بکرێ، ئەگینا بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتێکی ئێستایی لەگەڵ زمان و بە تایبەتی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە ئەو ڕیزبوونە جێگیرانە شوێن لەق دەکات. بۆ نمونە :

١٠٤. بینیمانت . لە ( زاری سلێمانی ) دا

١٠٥. دیتمانت . لە ( زاری هەولێر ) دا

هەردووکیان پەیڕەوی ( VSO ) دەکەن .

زۆر کاتی وا هەیە کە بە ( کەرەسە سەرەکی ) یەکان ناوەستن، ( سەربارەکان ) یش دەکەوێتە بەر چالاکییەکانی ئاخاوتنەوە، بۆ نمونە :

١٠٦. باشتان دەبینم. - باشترتان دەبینم.

ئاوەڵگوزارە – بەرکار – بکەر - ئاوەڵگوازەرە– پلەی بەراورد– بەرکار – بکەر

گرینبێرگ لەبەرئەوەی هەستی بە بزێوی و ناجێگیری زمانەکان کردووە، لەوەی زۆر ئەستەمە بتوانی زمانێك تەنیا لە قاڵبی یەك ڕیزبوونی کەرەسەکاندا قاڵب ڕێژ بکەی، بە واتایەکی تر هیچ زمانێك ناتوانێ لە چوارچێوەی یەك سیستەمدا هەموو چالاکییە زمانییەکانی خۆی ئەنجام بدات، گرینبێرگ پێی وابوو، کە سیستەمی ڕیزبوونی کەرستەکان بەرەو شتێکی نادروستمان دەبات، لەبەرئەوە لە قۆناغێکی درەنگتردا ئەو شەش سیستەمی ڕیزبوونەی بۆ سێ سیستەم کەمکردەوە، ( بە پێی بۆچوونی گرینبێرگ ( Greenberg لە ڕستەی ئاسایی زمانانی جیهاندا بکەر هەمیشە پێش بەرکار دەکەوێ، واتە لە شەش ئەگەرەکانی ڕیزبوونەکە تەنیا سیانیان لە زماندا دەردەکەوێ. بەم جۆرە زمانەکانی جیهان لەو ڕووەوە بوونەتە سێ جۆر :

(vso) : (کار) پێش ( بکەر) دەکەوێت، وەکو لە ( زمانی عەرەبی ) دا.

(svo) : (کار) لە نێوان ( بکەر و بەرکار ) ە، وەکو لە ( زمانی ئینگلیزی ) دا.

(sov) : (کار) لە دوای هەردووکیان دێت واتە ( بکەر و بەرکار ) ، وەکو لە ( زمانی کوردی ) دا (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٥٣).

گرینبێرگ دابەشکردن و خەستکردنەوەی ڕیزبوونی کەرەسەکان لە شەش سیستەمەوە بۆ سێ پەیڕەوی پراوپڕ لێکچواندنی ئەو چەمکە سینتاکسییەیە بەو پۆلکردنە جۆریەی ( شلیگل ) کە پێشتر باسمان لێوەکرد، بەمەش دەتوانرێ بووترێ کەوا سیستەمی ڕیزبوونی ( sov ) ئەو جۆرەیە کە بەرامبەر زمانە نووساوەکان دەوەستێ.

باشترین ڕوونکردنەوەش بۆ ئەو بۆچوونە زۆر و درشتانە ئەوەیە کە پێش ئەوەی تێبینی وردتر بخەینەڕوو، دوا خشتەی گرینبێرگ بخەینەڕوو کە بنەما گشتیەکان بە سەرخانەی دوو بنەمای سەرەکی ڕیزبوونەکان دەخاتەڕوو: (v - o , -o- –v) لە دواییدا لەسەر زمانی کوردیدا تێبینی خۆمان دەخەینەڕوو.

| ز | زمانەکانی OV (زمانی کوردی) → | ز | زمانەکانی VO (زمانی ئینگلیزی) → |
|---|---|---|---|
| ١ | کار دوای بەرکار دێت. | ١ | کار پێش بەرکار دەکەوێ. |
| ٢ | کاری یاریدەدەر دوای کاری سەرەکی دێت. | ٢ | کاری یاریدەدەر پێش کاری سەرەکی دێ. |
| ٣ | ئاوەڵناو پێش ناو دەکەوێ. | ٣ | ئاوەڵناو دوای ناو دەکەوێ. |
| ٤ | خاوەندێتی/ ئیزافە پێش ناو دەکەوێ. | ٤ | خاوەندێتی/ ئیزافە دوای ناو دەکەوێ. |
| ٥ | ڕستەی پەیوەست پێش سەرە دەکەوێ. | ٥ | ڕستەی پەیوەست دوای سەرە دەکەوێ. |
| ٦ | پریپۆزیشنیان هەیە. | ٦ | پریپۆزیشنیان هەیە. |
| ٧ | نیشانەی دۆخ دەردەکەوێ. | ٧ | نیشانەی دۆخ دەرناکەوێ. |
| ٨ | ئاوەڵناوی بەراورد دوای بەراوردکراوە | ٨ | ئاوەڵناوی بەراورد پێش بەراوردکراوە. |

بۆ ئەم خشتەیە بڕوانە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٥٥) .

لێرەدا ئێمە بۆ ئەوەی تێبینیەکانمان لە بارەی ناوەرۆك و بنەماکانی ناو خشتەکە بخەینە ڕوو، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین (١) ئەو تیر ئاسایە (◄——) لە ژێر (o, v) دانراوە ئاڕاستەی ڕستەکە نیشاندەدات، بۆ نمونە زمانی کوردی، کە بە ئەلف و بێی کوردی دەنوسرێ ئاراستەی رستەکە دەبێتە (v → o) کەچی بە نووسینی لاتینی دەبێتە ov (٢) بۆ خانەی (ov) ی خشتەکە، ئێمە زمانی کوردی وەردەگرین و بۆ خانەی ( vo ) ی خشتەکە ئێمە زمانی ئینگلیزی وەردەگرین ئێمە بە پێی بۆچوونەکانی گرینبێرگ زمانەکانی (o–v) لە ( SOV ) وەرگیراوە، کەچی (v-o) لە ( SVO ) وەرگیراوە، بەمەش دەکرێ وای دابنێین، کەوا زمانەکانی ( ov ) پۆلی (a.) دەگرێتەوە، و ( vo ) پۆلی (b.) دەگرێتەوە لە لایەکی ترەوە بەرامبەر بە هاوکێشەیەکی تر دەوەستین وەك ئەو هاوکێشەیەی خوارەوە :

| VO |
S ---- | OV | ---- S

کەواتە ئەو دوو ئەگەری هاتنی ( کار ) لە پێش یان لە پاش ( O ) ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە ( S ) بکەوێتە لای ڕاستیان یان لای چەپیان.

**٢-١٩-٢ شیکردنەوەی بنەماکانی گرینبێرگ لە چوارچێوەی ڕێزمانی کوردیدا :**

**١- ( کار ) دوای ( بەرکار ) دێت ( Verb Follows Object ) :**

چەندین بەڵگەی گرنگ و بەرچاو بە دەستەوەیە، کەوا پڕاوپڕ زمانی کوردی ناچێتە ژێرباری (بەرکار- کار) ەوە، واتە(v - o) ، لە بەر ئەوەی بە پێی بۆچوونەکەی گرینبێرگ، و بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە پەیڕەوکەرانی سیستەمی ( sov ) ییە، لە ڕستەیەکی وەکو:

١٠٧. من گوڵەکەم بڕیەوە(v-o) .

لە بەر ئەو هۆیە زمانی کوردی دەچێتە ژێرباری پۆلی زمانەکانی ( a. ) ەوە، بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو: ناسیمانتان (ئێوە ئێمەتان ناسی)، دەستەبەری سیستەمی (کار- بەرکار- بکەر) دەکات. ئاخێوەری کورد پەیوەست نییە بەوەی پەیڕەوی کەرەستەی درشت و هەڵوەشاوەکان بکات، لە بەر ئەوە بە پێی نمونەی ( ناس ، مان ، تان ) کوردی دەچێتە بازنەی زمانەکانی (OV) (بە زنجیرەی کوردی ) نەك (VO) واتە ( کار ) پێش لە ( بەرکار) دەردەکەوێ. کەواتە دەچێتە پۆلی زمانەکانی ( b ) یەوە.

لە لایەکی ترەوە زمانی کوردی بە پێی پۆلی زمانەکەی خۆی، کە تێیدا ( بکەر ) بە ( جێناوی لکاو ) جێگیر دەکرێ، زمانەکە دەتوانێ (بکەر) بپەڕێنێ، واتا زمانێکی بکەرپەڕێن دەبێ (Pro – drop language) یان بکەر بەتاڵ بێت واتە ( بکەر ) ی نابێ ( Null subject ) ، ئەمە بۆ کرمانجی ناوەڕاست دەشێ (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٦١) .

لەبەر ئەمەش بەشێکی زمانی کوردی وەکو زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانێکی بکەرنەپەڕێن .( Non-pro-drop language) بەو سیفەتەش دەچێتە پۆلی زمانانی (b ⟶ a) یەوە.

**٢- (کاری بەیاریدە ) دوای ( کاری سەرەکی ) دێت (auxiliary follows mian verb) :**

پێش ئەوەی ئێمە بنەما گشتییەکە بە سەر زمانی کوردیدا شیبکەینەوە پێویست بەوە دەکات سەبارەت بە ( auxiliary ) لە زمانی کوردیدا هەندێ تێبینی بدەین :

دارشتنی ( ب + ڕەگ + کەس )، داڕشتنێکە لە ( nonfinite verb ) ی ئینگلیزی نزیك دەبێتەوە بۆ نمونە :

١٠٨. حەزدەکەم بڕۆم . یان حەز بە پێ ڕۆیشتن دەکەم.

١٠٩. دەمەوێ بڕۆم. ------ I want to go

لێرەدا ( بڕۆم ) هەمان داڕشتنی– ( to go ) وەردەگرێ، کەچی هەمان داڕشتن لەگەڵ ئۆگزیلەری فۆرمی ( ڕەگ ) یا ( چاوگ ) وەردەگرێ:

١١٠. دەتوانم بڕۆم (I can go) . بڕوانە (Amin,W,O.1979:49)

دەکرێ ( دەمەوێ ) بەرامبەر( Shall, Will ) دابنرێ.

١١١. دەبێ ----- Must

١١٢. دەمتوانی ------ I could

١١٣. لە وانەیە ( لەوانە بوو ) ------ may, might, ought to

لە بەر ئەوە گەر باوەڕ بە بوونی ئۆگزیلەری بێنین لە زمانی کوردی، ئەوا زمانی کوردی لە قاڵبی کار – بەرکار دەردەچێت .

بەمەش دەچێتە ژێر هاوکێشەی (a ⟶ b).

من دەبێ بڕۆم ------- I must go ئۆگزیلەری پێش کاری سەرەکی دێت نەك لە دوایەوە، پێچەوانەی بۆچوونەکەی گرینبێرگ بۆ زمانی ( بەرکار- کار ).

١١٤. من دەتوانم بڕۆم ----- . I can go

١١٥. من نەمدەتوانی بڕۆم ----- . I couldn't go

(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٦٢) .

سەبارەت بە شوێنی مۆدالەکان و نەرێ کردن لە زمانی کوردیدا تا ڕادەیەك لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ و تەمومژی لە واتا دروست دەکات، بۆ نمونە :

١١٦. ئازاد پێویست نییە بچێتە سینەما.

ئازاد پێویستە نەچێتە سینەما.

پێویستە ئازاد نەچێتە سینەما .

یان لە نمونەی:١١٧. لەوانە نییە بێت.

لەوانەیە نەیەت.

ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا نەفی شوێنی جێگیریان نییە، ئەمەش جارێکی تر گومان دەخاتە پۆلی زمانی کوردییەوە.

**٣- بنەمای ( ئاوەڵناو ) پێش ( ناو ) دەکەوێ ( Adjective precedes noun ) :**

سەبارەت بە ( ئاوەڵناوەکان ) دەبێ لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت :

**آ- ڕۆنانی واتایی : ( semantic structure )**

لەم ڕووەوە دەبێ سەیری ئەو بەشەی وشە ناسادەکە بکەین، کە واتاکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بۆ نمونە:

١١٨.

لە وشەی، چاوگەش .... گەش : دەبێتە سەرەی واتایی وشەکە.

ئەم جۆرەیان لە ڕۆنانی فرێزەکان ڕوونتر دەردەکەون بۆ نمونە :

١١٩. هەنار خۆشە : هەنار – خۆش - ە ..... خۆش : دەبێتە سەرەی تەواوکاری گوزارەیی.

١٢٠. هەڵەیەکی گەورەم کرد: گەورە، کە ئاوەڵناوە دەبێتە پاش سەرەی دیارخەرەکە. بڕوانە (Fattah,M, M.1997:135).

١٢١. لە نمونەی : ڕەشە ڕێحان : ڕەش - سەرەی واتاییە.

**ب- لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا (Grammatical Structure) :**

لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا ، شوێنی ( سەرە ) و ( تەواوکار ) دەگۆڕێ، بۆ نمونە :

١٢٢. سوورگوڵ : سوور، دەبێتە تەواوکاری سەرەی گوڵ. زمانی کوردی سەبارەت بەو بنەمایە لە نێو هاوکێشەکاندا، قالبی (ڕەشەبا) بە پێی نمونەکەی گرینبێرگ بۆ زمانی کوردی شیاوترە، دیارە لە کۆنەوە زمانی کوردی ئەو قالبەی پەیڕەو کردووە.

١٢٣. نمونە : گەورە دێ، ڕیزەماڵ، زنجیرە چیا .

بەم پێیە زمانی کوردی لە پۆلی (a) دەبێ، قالبەکانی تر، باڵابەرز، زمانی کوردی دەباتە خانەی ( b ) ییەوە، بەوە هاوکێشەکە دەبێ بە (b ⟶ a) .

(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٦٣).

**٤- ئیزافە ( خاوەندێتی ) پێش ( ناو ) دەکەوێ ( Genitive precedes noun ) :**

ئیزافە ( خاوەندێتی ) بە هۆی ڕۆنانی[---] NP NP لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەنوێنرێ .

١٢٤. نمونە : کتێبی من ( بڕوانە Cook 1997 :227 ) .

تەنیا یەك قالب لە زمانی کوردی دەدات بە دەستەوە، ئەگەر دوو فۆرمی جیاوازیش بێ .

بۆ نمونە:

١٢٥. کتێبەکەم.

١٢٦. کتێبی من.

لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزی بوار بە دوو قالب دەدات:

127.

Summers day.

The day of summer.

(s) وەکو نووسەك لێرەدا سەیر دەکرێ، بەڵام قالبی نمونەی دووەم زیاتر لە ڕێزمانی دێرین باوبووە، کە دەڵێی: باوکی من .

( من ) دۆخەکە وەردەگرێ، بە هۆی مۆرفیمی ( ی ) بیەوە، واتە ( من ) دەکەوێتە دۆخەوە . (Matthews 2007:156).

لێرەدا ئەو بنەمایەی گرینبێرگ لە زمانی کوردیدا دۆخی ئیزافە ناگونجێ، واتە زیاتر دەچێتە ژێر ڕکێفی هاوکێشەی زمانەکانی پۆلی ( b ) یەوە.

**٥- ڕستەی پەیوەست (ative clauserel) پێش ( سەرە ) دەردەکەوێ :**

ئەو ڕستەیەی کە وەسفی سەرەی ناوی دەکات، کە زیاتر لە ڕێگەی جێناوەکانەوە یان هەر کەرەسەیەکی تر دەنوێنرێ بۆ نمونە :

١٢٨. ئەو پیاوەی کە هات .

کە هات : ڕستەی بەستراوەیە وەسفی سەرەی ئەو ( پیاوە ) دەکات ڕستەی بەستراو، یان پەیوەست بە تەنیا دەرناکەوێ وەکو ڕستەیەکی سەربەخۆ، بەڵکو هەردەم لە ڕووی سیمانتیکەوە بە لایەنی کەمەوە

پەیوەستی یان بەستراوی فرێزێکی ناوییە، کە ئەویش بەشێکە لە ڕستەیەکی تر، ئەو بەستنەوەیە لە ڕێگەی سیمانتیکەوە دەردەکەوێت و وابەستەی هەموو پێکهاتەکەیە، سەبارەت بە شوێنی دەرکەوتنی ئەو شێوە ڕستەیە دەکرێ لە شوێنی بکەر، بەرکار، بەرکاری پێش ناوەکان، سەربارەکان دەربکەون. بڕوانە (Fattah,M, M.1997:135).

بۆ نمونە :

١٢٩. شوێنی بکەر: ئەو پیاوەی دەمناسێ، دراوسێمانە.

١٣٠. شوێنی بەرکار: ئەو پیاوەی دەیناسی برامە.

١٣١. بەرکاری ناڕاستەوخۆ: ئەو پیاوەی لەگەڵی ڕۆیشت.

١٣٢. ئەو شوێنەی تۆ بە جوانی دادەنێیت، شاری ئێمەیە.

لەم بنەمایەدا (C.R) پێش ( سەرە ) دەکەوێ زمانی کوردی دەباتە ناو بازنەی گروپی زمانەکانی (a) .

**٦- پاش ناوەکان ( post position ) :**

زمانی کوردی چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی پێشناوەکان ( preposition ) نەك پاش ناوەکان (post position) ئەنجام دەدات، پاش ناوەکان فرێزی بەند دروست دەکەن و ئەو تەواوکەرانەی بۆ خۆیان دروست بکەن کە لە خوارەوەدا دێت .

نمونە :

١٣٣. NP:  لە فێرگەوە هات .

سەرە  تەواوکارە

١٣٤.  ئاوەڵکار : لە ئێرەوە .

بەڵام دەبێ ئەوە بوترێ کەوا لە هەندێ فرێزی بەنددا وەکو :

لە -NP-- دا ئەمانە پاشبەندی دۆخی ئیزافەن نەك وەکو پاشناو سەیری بکرێ. وەکو: بە -- NP -- ەوە.

کەواتە ئەمەش زمانی کوردی دەکات بە ( a – b ) .

**٧- نیشانەی ( دۆخ ) دەردەكەوێ ( case marking present ) :**

ئێمە ئەگەر بە پێی شێوەزارەكان مامەڵە لەگەڵ زمانی كوردی بكەین ئەوەمان بۆ بە دەردەكەوێ نیشانەی دۆخ بە پێی زار و شێوازەكان دەگۆڕێ، بۆ نمونە :

لە ناوچەی ( سلێمانی ) دا : نیشانەی دۆخ بە تەواوی لە ناوچووە، لێرەدا زمانی كوردی دەچێتە گروپی زمانەكانی ( b ) یەوە، نمونە :

١٣٥. دەچم بۆ ماڵ دارا .

١٣٦. دەچمە ماڵی دارای . لە ناوچەی ( هەولێر ) دا

١٣٧. دەچمە ماڵی نەسرینێ . پۆلی( a – b ) (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٦٥).

**٨- پلەی بەراوردی ئاوەڵناوەكان لە دوای ستاندەر دێت :**

سەبارەت بە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوەكان فۆرم و بەكارهێنانی جیاواز وەردەگرێ لەو بارەوە پێشناوەكان ڕۆڵێكی چالاك لە جێگۆڕكێ دەبینن.

١٣٨. بۆ نمونە : ئەو لە من خێراتر بوو.

ئەو خێراتر بوو لە من.

ئەو زۆر لە من خێراتر بوو.

ئەو لە من زۆر خێراتر بوو.

بەڵام ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوییە بەراوردكارییەكان چالاكە لە گۆڕینی شوێنی بەكارهێنانیان ، نمونە:

١٣٩. من باشترتان دەبینم.

ئەو قاڵبانەی پێشووتر لادەبات بە پێی بنەماكە زمانی كوردی سیماكانی گروپی(b - a) ی لەخۆ دەگرێ. بەمەش زمانی كوردی هەم (b ⟶ a ) و هەم (a⟶b) وەردەگرێ .

.١٤٠




بۆ ئەم هێلکارییە بڕوانە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وسەباح رەشید ٢٠١٣: ٦٦) .

## ٢-٢٠ دیاردەی هاپلۆلۆجی ( Haplology ) :

بریتییە لەو زاراوەیەی کە لە مۆرفۆلۆجییدا بەکاردێت، لە سیاقی و وەسفی و مێژوویدا بۆ ئاماژە کردن بۆ لە ناوچوونی هەندێ دەنگ لە دەربڕیندا، کە وەکویەکن و لە پاڵ یەکن بڕوانە: Crystal 2003 ) ( 214 یان پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆجییانەیە، لەوەی کە دوو مۆرفی لە دوای یەکداهاتوو، و بە هەمان فۆرم، یان دوو فۆرمی لێکچوو، کە یەکیان دەکەوێ . بڕوانە(125 : Trask 1993 ) .

مەبەست لە سیاقی وەسفی و مێژوویی ئەوەیە بۆ نمونە لە ئینگلیزی کۆندا ( Engla land ) بۆتە (England)، بەمە دەکرێ بوترێ دوو جۆرە هۆکار ڕۆڵ دەبینن لە ئەنجامدانی ئەو لەناو چوونە :

١- **هۆکاری ناوەکی** : پەیوەندی بە سیستەمی دەنگی زمانەکەوە و جۆری زمانەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە.
٢- **هۆکاری دەرەکی** : لەوانەیە بۆ کەلتووری زمانەکە بگەڕێتەوە ( 57 : Lyons 1990 ) ، دەبێ ئەوەش بڵێین، کەوا هەر زمانێك بە پێی بەسەر چوونی زمانەکە ئەگەر جۆری زمانەکە بگۆڕێ ئەم دیاردەیەش لە زیاد بوون و کەم بووندا دەبێت بۆ نمونە : زمانی کوردی سروشتەکەی لەو

جۆرەیە کەوا زۆر بە فراوانی ڕێگا بەو دیاردەیە نادات، لەگەڵ ئەمەشدا دیاردەکە لە زمانی ئینگلیزی ( S ) ی کۆ و خاوەندێتی، کە دەکەونە تەنیشت یەکتری یەکیان لەناو دەچێ و شوێنی (فاریزەکە) بۆ دەرەوەی( S ) ەکە دەکشێ، بەڵام ( S ) ەکە لێرەدا مۆرفیمی سەربەخۆن هەردووکیان.

لە زمانی کوردیدا سەرەتا باسی دووبارە بوونەوەکان دەکەین :

١٤١. نیشتمان مان :

( مان ) ی یەکەم بەشێکە لە وشەیەکی سەربەخۆ.

( مان ) ی دووەم خاوەندێتییە .

بە هەمان شێوە لە وشەی وڵاتان تان : ( تان ) ی دووەم مۆرفیمی خاوەندێتییە .

بۆ مەسەلەی لە ناو چوونەکە ، لە نمونەی :

١٤٢. دەستت بڕیم.

(ت) ی یەکەم بەشێکە لە وشەی ( دەست)

(ت) ی دووەم نووسەکە

(بڕگە و مۆرفیم ) لێرەدا زۆر پێویستە جیا بکرێنەوە، بڕگە بریتییە لە دەنگێك یان چەند دەنگێك لە ئاستی فۆنۆلۆجی کاردەکات، مۆرفیم بچوکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆجییە، کە واتا یان ئەرکی هەیە، هەندێ نمونە هەن بۆ خستنەڕووی جیاوازی لە نێوان ( بڕگە و مۆرفیم ) دا :

١٤٣. ١- وشەی ( بازاڕ ) دوو بڕگەیە و یەك مۆرفیمە .

٢- وشەی ( هات ) سێ مۆرفیمە و یەك بڕگەیە .

بەڵام دیاردەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاستی ( فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی ) ، بە واتای ئەوەی ئەگەر دیاردەکە بە هۆکارێکی دەنگسازیش دروست بێت، کاریگەرییەکەی دەچێتە بواری مۆرفۆلۆجییەوە .

١٤٤. دەستت بڕیم : بڕگەکان دەس / تت / بڕگەکان پێش دیاردەکە.

١٤٥. دەست بڕیم : بڕگەکان دە / ست / بڕگەکان دوای دیاردەکە .

بڕگەکان دروست دەکرێنەوە . بڕوانە ( سەباح ڕەشید ب٢٠٠٩ : ٣٧ ) .

١٤٦. ڕێك / خست / تن ............ ڕێ / خست / تن

کەواتە دیاردەی هاپلۆلۆجی : بریتییە لە کرتاندنێك بە هۆی دووبارە بوونەوەی دوو بڕگەی لێکچوو.

١٤٧. خەست تر ........... خەستر

یان ( بریتییە لەناو چوونی یەکێك لە دوو بڕگەی فۆنەتیکی لە یەکچووی یەك بە دوای یەکدا).

هەندێ جار ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردی دووچاری هەندێ کۆتبەند دەبێتەوە و ڕێگە لە دیاردەکە دەگرێ بۆ نمونە ئەگەر ئێمە لە سەر پێوەری ( ڕێك + کەوتن ) وشەی ( کارلێك کردن ) بەڕێوە بەرین، بەرامبەر دوو وشەی جیاواز دەوەستین .

کارلێك کردن

کارلێکردن ( یەك لایەنەیە )، ( سەباح ڕەشید ب٢٠٠٩ : ٣٧ ) .

زمانە هیندۆئەوروپیەکان زۆربەیان لە جۆری زمانی تصریفی ( گەردانین ) لە سیستەمە ڕێزمانییەکاندا، زۆر لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییە جیاوازەکانی بە هەمان مۆرفیم دەردەبڕرێن . بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا: مۆرفیمی ( ن ) لە وشەی چوون دا، لە هەمان سیاقی فۆنەتیکیدا سێ مۆرفیم دەنوێنێ .

١- مۆرفیمی نیشانەی چاووگ .
٢- نووسەك بۆ کەسی سێیەم ( یان نیشانەی ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤی ).
٣- مۆرفیم ڕێکەوتن .

لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی ( S ) ی کەسی سێیەمی تاك، خاوەندێتی، کۆ دەنوێنێ .

ئەو مۆرفیمانەی زیاتر لە تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆجی دەنوێنن پێیان دەڵێن مۆرفیمی (پۆرتمانتیو Porutmanteau). (Crystal 2003: 360) .

مۆرفیمی ( پۆرتمانتیو ) : بریتییە لەو زاراوەیەی لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی بەکاردێت، ئاماژە دەکات بە هەندێ حالەت، کە تاکە مۆرفێك دەکرێ بۆ زیاتر لە مۆرفیمێك شیبکرێتەوە، زاراوەکە پێی دەوترێ مۆرفیمی (پۆرتمانتیو Porutmanteau)، هەندێ جار بەرامبەر بە وشە دەوەستێ پێی دەوترێ (Porutmanteau Word ) (سەباح ڕەشید ب٢٠٠٩ : ٣٨ ) .

١٤٨.




١٤٩.



١٥٠. خەوتوو + ( ە ) کات

(ە) کەس

بەمەش کاتێك ئەم دیاردەیە، کە یەك فۆرمی دەنگی زیاتر لە یەکەیەکی ڕێزمانی جیاواز دەنوێنی، لێرەدا مۆرفیم بە مۆرف بەرامبەرکردنی وەکو بەرامبەرکردنی ( لێکسیم ) ە بە فۆرمی جیاوازی وشە.

ئەم دیاردەیە لەوەدا سەرهەڵدەدا، کاتێك کە یەك مۆرف زیاتر لە مۆرفیمێك دەنوێنێ . وەکو وتمان ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست دەبینەوە کاتێك ژمارەیەك وشەی ڕێزمانی جیاواز بە هەمان فۆرمی وشە دەنوێنرێن ئەمەش پێی دەڵێن ( سینکریتیزم) ( Syncretism ) ( Katamba 1993 : 36) واتە لە ناو چوونی دۆخەکان ، بۆ نمونە :

١٥١. ئەو : دۆخی بکەری ( Nominative )

ئەو : دۆخی بەرکاری ( accusative )

ت : کەسی دووەمی تاك

ت : خاوەندێتی

ئەمەش ئەنجامێکە بۆ بێلایەنکردن ( neutralization ) واتە ( ئەو ) مۆرفیمێکە لە نێوان سیمای ئەرکەکاندا ناوەند دەگرێ و بێلایەن دەوەستێ .

١٥٢. (ن ) : لە ( هاتن ) ( چاوگ ) ە

( ن ) : لە ( هاتن ) ( وەکو کردار ) ە

یەك مۆرفە بۆ دوو مۆرفیم . بەڵام ئەم دیاردەیە بەرینە ئاستی واتا، وەکو هاوبێژی و فرەواتایی بەرچاو دەکەون .

## ٢-٢١ مۆرفی سفر ( Zero Morph ) :

( مۆرفیمێکە شێوەی نییە، بەڵام ئەرکدارە واتە مۆرفیمێکی بێ شێوەیە. وەکو: نەبوونی هێمای کەسی سێیەمی تاك لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا: هات θ واتە ئەو هات ) . (ڕەفیق شوانی ٢٠١١ : ١٣٢ ) .

بە واتای ئەوەی مۆرفیمەکە لە مێشکدا هەیە، بەڵام وەکو مۆرف دەرکەوتنی نابێ ، بۆ نمونە :

١٥٣. کوڕان ........ کوڕەکان ........ سێ کوڕ + سفر

١٥٤. بردیانم : بر / د / یان / ن / م

ڕەگ / کات / بەرکار / بکەر

بر / د / م / + ن

بکەر بەرکار

١٥٥. بردم : بر + د + م

بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە مۆرفەکە سفر دەکرێ لە ڕۆنانی وشەکەدا چ شوێنی دەگرێت، ئایا وەکو پێشگر یان پاشگر حسابی بۆ دەکرێت .

بۆ نمونە : کام ڕیزکردن لەمانەی خوارەوە ڕاستە ؟

١٥٦. برد + م ( بکەر ) + سفر ( بەرکار )

برد + سفر ( بەرکار ) + م ( بکەر )

دەبێ تێبینیی ئەوە بکەین کەوا ( هێز) ( Stress ) لە فەرهەنگدا ڕادەگیرێ، بەڵام لە بواری ڕێزماندا دەکەوێتە گەڕ و هاوکارە لە دروست کردنی مۆرفی سفر .

١٥٧. نەهات؛ : ساڵی نەهات ( فەرهەنگ )

نەها؛ ت : مۆرفی سفر دێنێتە کایەوە .

یاساکە [ x ] → [ [ x ] N ] v

بە گەڕ خستنی هێز

[ x ] → [ [ x ] N ]

لە کار خستنی هێز ( سەباح ڕەشید ب٢٠٠٩ : ٤٠ ) .

## ٢-٢٢ مۆرفیمی بەتاڵ ( Empty Morpheme ) :

بریتییە لەو مۆرفیمەی کەوا ڕاستەوخۆ مۆرفیمێك نانوێنێ بۆیە پێی دەڵێن ( مۆرفیمی بەتاڵ )، کاتێك لە هەندێ وشە و فرێز و ڕستەدا هەندێ مۆرف دەرکەوتنیان هەیە، بەڵام ناتوانرێ هیچ ئەرکێکی مۆرفۆلۆجی بەرامبەر دابنرێ، واتە لە مێشکدا هیچ مۆرفیمێکی بەرامبەری بۆ نادۆزرێتەوە (هەمان سەرچاوەی پیشوو،لا٤٠ ) .

نمونه :

١٥٧. بچۆرەوە : ( ر ) هیچ ئەرکێکی مۆرفۆلۆجی نییە .

بۆیە وەکو مۆرفیمی بەتاڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

مۆرفیمی بەتاڵ ڕاستترە، چونکە مۆرفەکە دەرکەوتنی هەیە .

١٥٨. هاتۆتەوە : ( ت ) مۆرفیمی بەتاڵە .

بەڵام لە لای ( کریستاڵ ) دا مۆرفی بەتاڵ ئاماژەیە بۆ هەندێ سیمای ڕووکەشی لە وشەدا، کە بەرامبەر هیچ مۆرفیمێك ناوەستێت یان شوێنی هیچ مۆرفیمێك پڕ ناکاتەوە ( Crystal 1993 : 160 ) .

لە ئاستی وشەدا بە پێی بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکان وشەی بەتاڵیش هەیە، هەندێ وشە هەن، بە سەربەخۆیی هیچ واتایەکی فەرهەنگیان نییە. ئەمانەش بە بەرامبەر بە مۆرفی بەتاڵ یان وشەی بەتاڵ دەوەستن. بڕوانە ( Matthews 2007 : 122 )

١٥٩. لات و پات

گوڵ و موڵ

لێرەدا هەریەکە لە وشەکانی ( پات ، موڵ )، ئەگەر لەگەڵ وشە هاوڕێکانییاندا بە یەکەوە نەبن، ئەوا هیچ واتایەکی ئەوتۆیان نابێت، واتە ئەم وشانە بە تەنها واتا ناگەیەنن، بۆیە بە مۆرفیمی بەتاڵ ناودەبرێن .

## بەشی سێیەم

## دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا

### ٣-١ سەرەتا :

سەرەتای وتەکەمان بە دروستکردنی وشە لە دیدی ئارۆنۆف لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا (Aronoff’s Word Formation in Generative Grammar)دەست پێدەکەین، کە تیایدا مۆدەڵەکە لە چوارچێوەیەکدا دەخاتەڕوو، ئەو مۆدەڵە (١٩٧٦) خرایەڕوو بە ناوی مۆدەڵی دروستکردنی وشە پێشنیازکرا، هێمایە بۆ خاڵێکی وەرچەرخان لە پێشکەوتنی تیۆری مۆرفۆلۆجی لە نێو ڕێزمانی بەرهەمهێناندا. بەشێکی گرنگی کارەکە، کە دواتر ئەنجامدرا درێژکردنەوە، یان کاردانەوەیە بۆ تیۆری ئارۆنۆف. مۆدەڵەکە چەندین تایبەتمەندیی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەوەی هال(Halle) ، زۆر بە ڕوونی لە خەملاندنی بوونی پێکهاتەی جیاواز لە ڕیزماندا، کە ڕێساکانی وشە دروستکردن لەخۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، ئارۆنۆف هاوشێوەی هال هەمان مۆدەڵ پێشنیار دەکات بۆ سینتاکس و فۆنۆلۆجی، بەو واتایەی تیۆری ستاندەری ئەسپێکت کە لەلایەن چۆمسکییەوە (١٩٧٠) هەموارکرایەوە لە .’Remarks‘ هەرچۆنێك بێت ئارۆنۆف لە چەند خاڵێکی بنەڕەتی جیاوازە لە هال. پێویستە کورتەیەکی مۆدێلەکەی ئارۆنۆف پێشکەش بکەین، وەکو زەمینەیەك بۆ بۆچونەکەی (هال)، و ئینجا گفتوگۆکردنی هاندانی دوای نوێکارییەکان. گرنگترین تایبەتمەندیی تیۆری ئارۆنۆف بریتییە لە مەزەندەکردنی ئەوەی کە ڕێساکانی وشە دروستکردن لەسەر وشەکان کار دەکات نەوەك لەسەر مۆرفیمەکان، کە ئارۆنۆف تیۆرێکی مۆرفۆلۆجی بنیادناو لە سەر وشە دادەهێنێت. وەك دەرەنجامێك ئەو ڕێسایانەی پێشگر/ پاشگر بۆ قەد زیاد دەکەن لە مۆدێلی هال هیچ شوێنێکیان نییە لە مۆدێلەکەی ئارۆنۆف. ژمارەیەك کاریگەری لەم خەملاندنەوە سەرهەڵدەدەن و ئێمە تا ڕادەیەك بە درێژی باسی لێوە دەکەین. تایبەتمەندیی دووەم بریتییە لەوەی کە ئارۆنۆف بە ڕوونی خۆی سنوردار دەکات بۆ مۆرفۆلۆجیی داڕشتن .(derivational morphology) ئەمە بەهۆی ئەوەیە، کە ئەو گشت لایەنەکانی تری مۆرفۆلۆجی، لەگەڵ بە نوسەککردن (تێکردن) و ئینفلێکشن بە لایەنی سینتاکسی هەژمار دەکات. شتێکی سەیرە، کە هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بۆ لێکدان (compounding)، گەرچی دەکرێت یەکێك پێشبینی ئەوەبکات کە ئارۆنۆف ئەمەش بە سینتاکس هەژمار بکات. لە کۆتاییدا ئارۆنۆف تەنها ئەوەی بە دروستی دەکرێت پێی بوترێت "بەرهەمدار productivity" ئەوە دەبێتە پرۆسەی مۆرفۆلۆجی. هەندێك لەمەش لایەنێکی گرنگ و جێگەی مشتومڕە لەم تیۆرەدا و پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە (بڕوانە Aronoff 1981:21) .

کرداری نمونەیی وشە دروستکردن، ئینجا وەرگرتنی وشەیەك و زیادکردنی پێشگر/ پاشگر بۆی، هەرچۆنێك بێت، لەوانەیە وای لێبێت کە گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییەکانی تریش لە چاوگەکەدا ڕوو بدەن، هەندێك جار لە جۆرێکی قووڵ. ئەمە دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی ئەلۆمۆرفی، کە زۆرجار بە شێوەی لێکسیك یان مۆرفۆلۆجی بەڕێوە دەبرێت (بەو واتایەی چەند وشەیەك یان مۆرفیمێك لە ژێریەوە دەڕۆن) و

که له هەندێك حاڵەتدا تەواو جیاوازە لە ئاڵوگۆڕە فۆنۆلۆجییەکانی تر .(Halle 1973:55) کە دەڵێین لەوانەیە، چونکە دیاردەکە پۆلی مۆرفۆجی زمانەکە ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ .

**٢-٣ بۆچوونەکەی ئارۆنۆف و نمونەی زمانی ئینگلیزی :**

ئارۆنۆف وا مەزەندە دەکات، کە ئەم ئاڵوگۆڕکردنانە لە نێو فۆنۆلۆجی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو لە پێکهاتەی وشە دروستکردن، لە ڕێگەی ڕێسای تایبەت، کە پێیان دەوترێت ڕێسای ئەلۆمۆرفی. نمونەیەك کە لەلایەن ئارۆنۆفەوە باسکراوە، بریتییە لە پاشگری کار fy- وەك لە electrify . ئەو وشانەی بە پاشگری (fairly) کۆتاییان دێت بە شێوەیەکی زۆر دەبن بە ناو بە وەرگرتنی پاشگری ation-. هەرچۆنێك بێت پاشگری fy- جێگۆڕکێی پێدەکرێت بە هاوچەشنێکی ئەلۆمۆرفی fie-. لە SPE ئەم ئاڵوگۆڕکردنە شیدەکرێتەوە بە مەزەندەکردنی ئەوەی کە دەنگی /k/ لە fic- لە UR ەکان هەیە و کە لە پێش سنووری وشەیەك دەسڕدرێتەوە.

1. # # elektri + fi:k # # ⇨ elektri + fi: ( ⟹ elektrifai)

هەرچۆنێك بێت ئارۆنۆف دەڵێت، کە ئەمە چارەسەرێکی ناپەیوەندیدارە. لە ڕاستیدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ شتێکی تەواو نامۆ دەکەین، وەك وا مەزەندە کرابوو هاوشێوە بێت لەگەڵ پرۆسەی ئاسایی (بەو واتایەی، ئاڵوگۆڕکردنێکی فۆنۆلۆجی). دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کەوا باشترە ئەم حاڵەتانە وەك تەواوکەری بەشیی هەژمار بکرێت، بە نووسینی ڕێسایەك، کە بڵێت کاتێك پاشگری ation- بۆ پاشگری fy- زیاد دەکرێت، ئەوە ئەوەی دواهەمین بە ئەلۆمۆرفی fic- دەگۆڕێت، ئەگەر وشە دروستکردن لە سەر بنەمای وشە بێت ئەوە چۆن دروست بوونی وشەی وەك" lubricant خلیسکێنەر" شیدەکەینەوە. لە ڕواڵەتدا وشەکە لە ڕێگەی پاشگری ant- ەوە دروستکراوە، کە مانایەکی تۆزێك ڕوونی هەیە (کەسێك یان شتێك کە کارێك ئەنجام دەدات). بەڵام لە ڕاستیدا کردارەکە (lubricate) ە. بۆیە مۆرفۆلۆجی بنیادنراو لە VERB- ing سەر وشە پێشبینی ئەوە دەکات، کە پێویستە فۆرمەکە ubricatant بێت. ئەمە نمونەیەکی جیا نییە، بە شێوەیەکی نزیکەیی گشت کردارەکان، کە بە ate کۆتاییان دێت، کە ڕێگە بە زیادکردنی پاشگر دەدەن لە ڕێگەی ant ئەوە بە هامان شێوە ڕەفتار دەکەن: negociant, officiant. بە دەرکردنەکان وشەی وەك inflatantو dilatant ن. هەرچۆنێك بێت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەم وشانەدا ate بەشێکە لە مۆرفیمی (-flate, -late). لە کاتێکدا لە وشەی lubricant خودی خۆی مۆرفیمێکە. لە سەر بنەمای کۆمەڵێك نمونەی هاوشێوەی ئەمە لە چەند زمانێك (بڕوانە Andrews1988:84)، ئارۆنۆف باس لەوە دەکات، کە پێویستە ڕێسا هەبێت، کە بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی چەند مۆرفیمێك دەسڕێتەوە، کە لە تەنیشت مۆرفیمەکانی ترن. ئەم جۆرە ڕێسایە پێی دەوترێت ڕێسای کورتی یان بڕینەوە
(truncation rule) ئەو فۆرمە گشتییەی خوارەوەی هەیە :

2. [[root+A]x+B1y

1 2 3⇨1ȡ 3

لە کاتێکدا کە X و Y جۆری سەرەکی لێکسیکاڵن (بڕوانە Aronoff 1981:92) .

ڕێساکانی ئەلۆمۆرفی و ڕێساکانی کورتی هەردووکیان ئەرکی ڕاستکردنەوەی فۆرمی فۆنۆلۆجی وشەکانیان هەیە، کە لە ڕێگەی وشە دروستکردنەوە بەرهەم هاتوون. لەبەر ئەم هۆکارە (دووبارەکردنەوەی زاراوەکانی SPE ) گشتیان پێیان دەوترێت ڕێساکانی ڕێککردن (adjustment rules) گەرچی چەمکی SPE بۆ ڕێساکانی ڕێککردن زیاتر بەکاردێت). نێوانبەندی دەکەن لە نێوان دەرهاوێشتەی وشە دروستکردنی دروست و پێکهاتەی فۆنۆلۆجی و هەندێك لە کردارە ئاڵۆزە فۆنۆلۆجییەکان جێبەجێدەکات، کە لە ڕێگەی ڕێسا فۆنۆلۆجییەکانی نێو SPE ئەنجام دەدەرێن.

هەر جۆرێك لە ڕێسای ڕیککردن کاری توند لە سەر وشەکان جێبەجێدەکات. هەرچۆنێك بێت ڕێساکانی کورتی ڕێگریان لێدەکرێت بۆ سڕینەوەی مۆرفیمە ناونراوەکان لە ژینگەیی مۆرفیمەکانی تر. بە هەمان شێوە ئارۆنۆف ڕێساکانی ئەلۆمۆرفی سنوردار دەکات، (کە لە بنەڕەتدا دەکرێت هەر جۆرە کردارێك ئەنجام بدەن). جیاکردنەوەی بریتیین لە : "ڕێسایەك، کە کاردەکاتە سەر گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی، بەڵام کە تەنها بە سەر چەند مۆرفیمێکی ژینگەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەبن بۆ چەند مۆرفیمێکی تر ... و ئەم ڕێسایانە "ناتوانن بەشی نوێ پێشکەش بکەن، کە هانناردرێن وەك بەشی فۆنۆلۆجی قوڵی زمان" (Aronoff 1976:98) ئەمە تایبەتمەندییەکە، کە دواتر دەردەکەوێت (لە نێو چوارچێوەی لێکسیکاڵ فۆنۆلۆجی) لە ژێر ناوی پاراستنی پێکهاتە یان ڕۆنانەکان. لە ژێر کۆی مەزەندەکانی ئارۆنۆفدا، پاراستنی ڕۆنان ڕێساکانی ئەلۆمۆرفی جیادەکاتەوە لە ڕێسای فۆنۆلۆجی دروستەکان.

ڕێساکانی ڕێککردن، ئەو کاتەی دەچنە نێو دەرەنجامەکانی مەزەندەکانی ئارۆنۆف دەربارەی تیۆری فۆنۆلۆجی. ئێستا بە تێروتەسەڵی زیاتر دەچینە تاقیکردنەوەی خودی وشە دروستکردنەکان، بەر لەوەی لە کۆتاییدا باس لە هاندانەکانی دوای مەزەندەکانی ئارۆنۆف بکەین.

### ٣-٣ پێکهاتەی ڕۆنانی وشە (The constituent structure of words) :

پێکهاتەی پێکهێنەی سەرەکی و پتەوی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە مۆدەڵەکانی وشە دروستکردن. ئەو پرۆپۆزەڵەی کە دەڵێت وشەکان پێکهاتەی پێکهێنەی سەرەکیان هەیە، ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە هاوتایەك هەبێت بۆ پێکهێنەری سەرەکی یان ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز ((phrase structure grammar (psg) بۆ بەرهەمهێنانی ئەم پێکهاتانە. لەم بەشەدا بە تێروتەسەڵی باس لە دوو پرۆپۆزەڵی لە نزیك بەیەکەوە گرێدراو دەکەین .

## ٤-٣ ڕێگەکانی ( ڕێزمانی ڕۆنانی فریز ) ( Psg ) :

ئێدوین ویلیامس و لیزا سێڵکیرك سەربەخۆیانە پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە پێکهاتەی وشە دەبێت بە ڕێزمانێکی پێکهاتەی فرێزی بێ دۆخ هەژماری بۆ بکرێت. تێروتەسەلترین سێتی پرۆپۆزەڵەکان لە لایەن سێڵکیرك (١٩٨٢) پێشکەشکرا، بیرۆکەیەکی پێشەنگ بریتییە لەوەی کە ڕێزمان پێویستە بتوانێت تایبەتمەندییە گشتییەکانی پێکهاتەی وشەی نێو زمانێك بنوێنێت. بۆ نمونە سێڵکیرك بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پێویستە نواندنی ڕاستەوخۆ لە نێو ڕێزمان هەبێت بۆ ئەو ڕاستییەی کە زمانێك تەنانەت بریتییە لە پاشگر خستنەسەر. بۆ ئەوەی ئەمە شیاو بێت پێویستە بتوانێت جۆرێکی پاشگر دەستنیشان بکات (بە لایەنی کەم "پێشگر/ پاشگر" کە بە دوای قەدەکەوە دێت). ئەمە واتە ڕێزمان ڕێسایەکی تێدادەبێت وەك ( N – ، N + ) کاتێك چاڵی پێشگر/ پاشگر دەکرێت پڕبکرێتەوە لە ئایتمی وەك dom- یان less-. ئەمە لە تیۆرەکەی ئارۆنۆف جیاوازە، کە تیایدا ئەم جۆرە پێشگر/ پاشگرانە گشتیان لە ڕێگەی ڕێسای وشە دروستکردنەوە ناسێنراون (بڕوانە Williams1981:234 ).

ڕێگەی ڕێزمانی ڕۆنانی فریز (psg) کە لە لایەن سێڵکیرکەوە پێشنیارکرا لە فۆرمدا تەنها بۆ مۆرفۆلۆجی زنجیرەیی داڕێژراوە(concatenative morphology) ، بەو واتایەی پاشگر زیادکردن، پێشگر زیادکردن و لێکدان (هەروەها دەتوانێت گۆڕینیش لەخۆ بگرێت). بێ مەزەندەکردنی زیاتر، ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ناوەند خستنە سەر یان دووبارەکردنەوە بکات، یان بۆ مۆرفۆلۆجی جۆری سامی "ڕەگ و شێواز". ناتوانێت ڕاستەوخۆ بگونجێت لەگەڵ هیچ جۆرە مۆرفۆلۆجییەك، کە فۆرمی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆجی وەردەگرێت، وەك گۆڕانکاریی ئاواز، جۆری مەزەندەی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز(psg) ی سێڵکیرك جۆرێکی سینتاکسی X-bar ە. ئەمە پێناسەی پێکهاتەی وشەی سینتاکس دەکات. ئەوپەڕی دەربڕین هاوتای ئاستی سفری پرۆجێکشنە ( دەربڕینە) لە سینتاکسی ڕستەدا (Sentence)-syntax)) بەو واتایەی جۆری دانە فەرهەنگییەکان، یان وشە. سێڵکیرك باس لەوە دەکات، کە جۆرە پێویستییەکانی تر بریتیین لە ڕەگ و پێشگر/ پاشگر، گـەرچی تەنها جۆری ڕەگ دەکەوێتە نێو هەڕەمی X-bar . سینتاکسی وشـە (W - syntax) جیاوازە لە سینتاکسی ڕستە (S-syntax) لەوەی کە جۆری ئاستی ڕەگ ناتوانێت بە سەر ئاستی جۆری وشە زاڵ بێت. ئەمە واتە ئێمە ناتوانین پێکهاتەی هاوشێوەمان هەبێت، بەوەی کردار بە سەر فرێزی ناو زاڵ بێت لە سینتاکس. هەروەها ڕێگری دەکات لە فرێزە سینتاکسییەکان لەوەی لە نێو وشەدا دەربکەون. وەك دەربڕینە سینتاکسییەکان، پێکهاتەی سینتاکسی وشە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە سینتاکسییەکان (ناو، کردار، ئاوەڵناو، فرێز) (بڕوانە Katamba2006:316 ).

سینتاکسی وشە ڕێساکانی دەکەونە نێو فەرهەنگ. ئەمە فەرهەنگێك لەخۆ دەگرێت لە مۆرفیمی ئازاد بەیەکەوە لەگەڵ لیستێك لە مۆرفیمی بەند. ئەم دوو لیستە فەرهەنگی درێژکراوە (فراوان) پێکدەهێنن. فەرهەنگی درێژکراوە و ڕێساکانی وشە دروستکردن پێکهاتەی پێکهێنەری وشە یان بناغەی مۆرفۆلۆجی پێکدەهێنن. هیچ جیاوازییەك لە نێوان ڕێزمانی وشەگۆڕ و ڕێزمانی وشەداڕێژ واتە ڕێزمانی و داڕێژراو دانەنراوە. سەرەڕای ئەوەش لێکدان بە مۆرفۆلۆجی هەژمار دەکرێت (بەو واتایەی دانەی فەرهەنگییە ) زیاتر لەوەی دیاردەیەکی سینتاکسی بێت. بەم شێوەیە چەمکی گشتی مۆرفۆلۆجی زیاتر (هاڵ)ە لەوەی

ئارۆنۆفی بێت. هەرچۆنێك بێت هیچ شوێنێك نییە بۆ بە خشتەکردنی ڕێزمانی ( inflectional paradigm) لە سیستەمی سێلکیرك. بە شێوەیەکی گشتی ڕێساکانی وشە دروستکردن وەك ڕێسای دووبارە هەژمار دەکرێن کە پێناسەکراون بەسەر لێکسیکۆنی هەمیشەیی، بەڵام کە دەتوانێت بەکاربێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ(بڕوانە Silkirk1984:18 ).

پابەندبوون بە مۆدێلی X-bar واتە لە حاڵەتی نمونەیی وشەی ئاوێتەی مۆرفۆلۆجیدا ئەوە سەرەی دەبێت، کە هەمان جۆری سیتاکسی هاوشێوەی دایکی دەبێت. تایبەتمەندییەکانی تر، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکان( (سەروبۆر) جۆرە جیاوازەکان) لەوانەیە داری وشە (word tree) بپاڵێویت. لەم بەشەدا جەخت دەکەینە سەر چارەسەری سێلکیرك بۆ زیادکردنی پێشگر/ پاشگر.

2. a) $X^n \rightarrow \ldots Y^m \;\; X^{af} \ldots$
   b) $Y^{af} \; X^m$
   c) $X^m \; Y^{af}$
   d) $X^{af} \; Y^m$

لە کاتێکدا کە( X, Y )جۆری سینتاکسین، و( m, n ) جۆری مۆرفۆلۆجی.

ڕێساکانی ( a, c ) ئاماژەن بۆ پاشگرەکان، و( b, d ) ئاماژەن بۆ پێشگرەکان. لە حاڵەتەکانی ( a و d ) پێشگر/ پاشگرەکە بریتییە لە سەرە، لە حاڵەتەکانی b, c ئەوە چاوگەکە دەبێتە سەرە. لە زمانی ئینگلیزی بەهای m, n بریتیین لە وشە و ڕەگ.

نمونەیەکی زیندووی ئەم سکیمەیە بۆ زیادکردنی پاشگر/ پێشگر لە :

3. a) Suffixation:

$X^n \rightarrow Y^n \;\; X^{af}$

b) Prefixation:

$X^n \rightarrow Y^{af} \;\; X^n$

کە ( n ) ئاماژەیە بۆ وشە یان ڕەگ.

نەبوونی پاشگر بۆ دروستکردنی ئاوەڵناو لە ڕەگی ئاوەڵناو، یان دروستکردنی کردار لە ڕەگی کردار، ئەوە بە شتێکی هەرەمەکی دادەنرێت. بۆ پۆلی بچووکی (نامۆی) جۆری پێشگری گۆڕاو لە ئینگلیزیدا ( بۆ نمونە en- rage, de- bug ) ئەوە سێڵکیرك ڕێساکانی خوارەوە پێشنیاز دەکات :

4. a) $A^{r} \rightarrow A^{af}\ \ V^{r}$

b) $V^{r} \rightarrow V^{af}\ \ \{N^{r}, A^{r}\}$

c) $V \rightarrow V^{af}\ \ \{N, A\}$

ئەم پێشگر/ پاشگرانەی کە بۆ وشەکان زیاد دەکرێن بە پۆلی (١ ) (ناوەند) هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا ئەوانەی زنجیرەبیین لەگەڵ ڕەگ لە نێوی پۆلی (٢ )ن (نا- ناوەندەکانن). کامە پێشگر/ پاشگر دەگەڕێتەوە بۆ کامە پێشگر/ پاشگر ئەوە هەژمار دەکرێت بە مەزەندەکردنی ئەوەی کە پێشگر/ پاشگرەکان چوارچێوەی پۆلینکردنیان هەیە ،کە جۆری پۆلەکە دیاریدەکات کە بۆی زیاد دەکرێن ( واتە وشە یان ڕەگ) و جۆری پۆلەکە (واتە ناو، کردار، ئاوەڵناو). ئەندامیەتی جۆری گشت وشەکە هاوشێوەی پێشگر/ پاشگرەکە دەبێت. ئەم ڕاستییە لە بنەمای بەیەکەوە لەگەڵ ڕێگەی پاڵاوتن وەرگیراوە: پێشگر/ پاشگرەکە سەرەکەیە و تایبەتمەندییە سینتاکسییەکەی پاڵێوەر دادەنێت بۆ سەرەوەی داری وشە.

سێڵکیرك دژڕایە لەگەڵ بانگەشەی گشتاندنی ڕێکخستنی پێشگر/ پاشگر Affix Ordering) (Generalization، کە مۆرفۆلۆجی لە سەر بنیادنراوە. ئەو لایەنەی کە پەسەندی دەکات، هەرچۆنێك بێت بریتییە لەو گشتاندنەی کە پێشگر/ پاشگری جۆری (١ ) لەوانەیە لە دەرەوەی لێکدانەکان دەرنەکەون، گشتاندنی ڕێکخستنی پێشگر/ پاشگری لێکدان "Compound Affix Ordering Generalization ."(CAOG) ئەمە دەرەنجامێکی ئەو ڕاستیەیە، کە ڕەگەکان گشت کاتێك " لەناو " ئاستی وشەدا دروست دەکرێن، لە کاتێکدا لێکدانی ( ڕەسەن ) لە سەرووی وشەوە پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، هیچ جۆرێکی پێشگر/ پاشگری لاوەکی بۆ ڕەگ هەرگیز لە دەرەوەی لێکدانێکەوە دەرناکەوێت.

دوا خاڵ بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە سەبارەت بە سیستەمی سێڵکیرك بریتییە لەوەی کە مۆدێلێکی فەرهەنگی بەهێز دەنوێنێت، لەوەی کە چۆنیەتی بە شێوەیەك جۆری وشە دروستکردن لە ڕێگەی گۆڕانی سینتاکسی بەلاوە دەنێت بابەتێك، کە لە بەشەکانی داهاتوودا گرنگ دەبێت. ئەمە خراوەتەوە نێو باری سەربەخۆی ڕۆنانی وشە "Word Structure Autonomy Condition" (Silkirk 1982:70) .

**٥-٣ لە هەردوو پێکهاتەی وشە و ڕستەدا هیچ گواستنەوەیەکی سڕینەوە یان جوڵاندن بەشدار نابێت :**

ئەمە دەبێتە هۆی بەلاوەنانی شیکاری سینتاکسی ڕیزمانی وشەگۆڕ لە نێوان شتەکانی تردا، وەك شیکاری پێشگر/ پاشگری بازدانی وشەگۆڕ کرداری ئینگلیزی، یان شیکاری جووڵەی سەرە (بۆ نمونە پۆلۆك، ١٩٨٩)، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بە تەواوەتی نەگونجاو بێت لەگەڵ جووڵەی سەرەی تەواوکاری کردارەکانی گۆڕانی وەك بەکار و بکەرنادارى پێشنیارکراو لە لایەن بێیکەر (١٩٨٨) ،دەکرێت دۆخەکە ببەسترێتەوە بە مەزەندەی سێڵکیرك کە پێشگر/ پاشگرە ڕێزمانی وشەگۆڕەکان جیاواز نین لە پێشگر/ پاشگرە و، جیاوازی ڕێزمانی وشەگۆڕ/ وشەداڕێژ هیچ دۆخێکی تیۆری نییە، کە پشتی پێبەستری.

گەرچی پێشگر/ پاشگرە وشەگۆڕەکان لەم تیۆرەدا ناکرێت لە پێشگر/ پاشگری وشەداڕێژ جیا بکرێنەوە لە بواری فۆرمەکانیان، بەگوێرەی سێڵکیرك تۆزێك جیاواز لە یەکتر ڕەفتار دەکەن. باس لەوە دەکات کە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی پاڵاوتنی پێشنیازکراو لە لایەن (ویلیامس)ەوە، بەو واتایەی کە خەسڵەتەکان دەپاڵێورێن لە سەرەکان، بە شێوەیەکی ڕازیکەر باس لە چەند جۆرێکی سیستەمی وشەگۆڕ ناکات. زمانێك بێنە بەرچاو، کە تیایدا کەس و ژمارە بە دوو پاشگری جیاواز ئاماژەیان بۆ بکرێت، گرنگ نییە لە پێناو گفتوگۆی ئەوەی ئایا پێشبینی پێکهاتەی پێکهێنەری سەرەکی وشەی پاشگر بۆ دانراو دەکەین بۆ ئەوەی "چین چین" بێت. (Baker 1988: 674, Pollock1989: 19) .

5.



6.




له هەر یەك لە حاڵەتەکان مەزەندەی ئاسایی سەبارەت بە پاڵاوتن و سەرە سەرکەوتوو نابێت لە باسکردن بۆ چۆنیەتی پاڵاوتنی تایبەتمەندییەکان. دەبێت وا مەزەندە بکەین، کە یەکێك لە پێشگر/ پاشگرەکان سەرە بووە، با بڵێین پێشگر/ پاشگری ژمارە، تایبەتمەندییەکانی دەپاڵێورێن، بەڵام ئینجا چۆن تایبەتمەندیی کەس دەپاڵێورێت، بەهەند وەرگرتنی ئەوەی کە پالاوتن تەنها بۆ سەرەکانە ؛ گەرچی تایبەتمەندیی کەس دەتوانێت بپاڵێورێت بۆ ئاستی کردار، دوای ئەوە بەرزبوونەوەکەی بلۆك دەکرێت، کە دووبارە پێشگر/ پاشگری ژمارە ئێستا سەرە و تەنها تایبەتمەندیی کە ڕێپێدراو بێت بۆ پاڵاوتن بۆ سەرەوەی دارەکە.

بە سادەیی ئەمە واتە دەکرێت تایبەتمەندییەکە دیاری بکرێت و لە نا-سەرەکان بپاڵێورێت بەو مەرجەی هیچ نیشانەکراوێك نیشانەیەکی (marking) ئەم تایبەتمەندییە لە شوێنێکی تردا نەبێت. لەم دۆخە دەکرێت چاوگەکە سەرە و ڕێزمانی وشەگۆڕ نا-سەرە بێت. گەرچی سێڵکیرك سەرکەوتوو نابێت لەم تێبینیکردنە، واتە کە هیچ پێشگر/ پاشگرێکی وشەگۆڕ پێویست ناکات بخرێتە سەر پۆلێکی سینتاکسی. لە بەرئەوەی ئینفلێکشنەکان پۆل ناگۆڕن، پێشگر/ پاشگرێکی نیشانەنەکراو بۆ هەر پۆلێك ڕێگە بە تایبەتمەندییەکانی چاوگەکە دەدات بپاڵێورێن بۆ گرێی سەرەوە.

بەشێکی زۆری بیرۆکە باشەکانی سێڵکیرك لە چوارچێوەکانی تری ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز (psg) دەمێنێتەوە. مۆدێلی زویکی (١٩٨٥)، بۆ نمونە، زانیاری پۆلی شوێن وەردەگرێت بە هەمان شێوە. لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکانی تیۆرەکانی ڕێزمانی پێکهاتەی فرێز بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی مۆدێلی سێڵکیرك لە چەند ڕێگەیەك، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تیۆری ڕێزمانی پێکهاتەی فرێزی گشتێنراو (GPSG) و شوێنکەوتوانی (سەیری گازدەر، کلێین، پولوم و ساگ بکە، ١٩٨٥). دیارترین سیستەمی تایبەتمەندیی (کە لە ژێریەوە تایبەتمەندییەکان دەتوانن تایبەتمەندی تر وەك بەها وەربگرن) گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لە گرتنی بواری جۆرە مۆرفۆلۆجییە لاوەکییەکان. بۆ نمونە ئەگەر حەز بکەین ئەو کردارە بەهێزانە لە ئینگلیزی دەستنیشان بکەین، کە بزوێنی/a/ یان هەیە لە دەمی ڕابردوو، ئەوە دوو

تایبەتمەندیی دادەنێین، (بەهێز)، (A - ڕابردوو)، و درك كردن بەو ڕاستیەی كە گشت كرداره (A - ڕابردوو)ەكان، هەروەها كرداری بەهێزن بە داڕشتنی ڕێسایەكی دووبارە بوونەوە، كە (A - ڕابردوو) بەهایەكی (بەهێز)ە. لێرەوە (بە پشتگوێخستنی وتەی دووبارە بوونەوە)، كرداڕێكی وەك sing تایبەتمەندیی ماركینگی (بەهێز) ، (A - ڕابردوو) وەردەگرێت (بڕوانە Zwicky 1985:629) .

### ٣-٦ "ڕێكخستنی لێكسیكۆن " ی لیبەر :

ئەو یاسایەی لیبەر لەخوارەوە دەیخاتەڕوو بنەمایەكی سادەیە بۆ زیادكردنی گیرەكەكان بۆ ڕەگەكان (ڕەگ بەچەمكی نوێ، واتە وشە سادەكانی زمان ( ناو، ئاوەڵناو... )، كە دەتوانن ببنە بنكە بۆ وەرگرتنی گیرەگەكان :

7. hood: [{ [A], [N] } ______] [N, +abstract]

ئەمە واتە كە پێشگر/ پاشگر زیاد دەكرێت بۆ ئاوەڵناوێك یان ناوێك و ئەنجامەكە ناوێكی واتاییە (مەعنەوی). بە هەمان شێوە، پاشگری كۆ چوارچێوەی خوارەوەی هەیە، كە ئەمەیان زیاتر گیرەكە ڕێزمانییەكان دەگرێتەوە :

8. z: [[N] ______]; [N, +plural]

كاریگەرییەكانی هاوسێی یان مەرجەكانی ناوك (Atom) بە ڕێگەدان بە چوارچێوەی پۆلینی لاوەكی بۆ بەستنەوەی مۆرفیمەكان بە خوشكەكانیان دەست دەخرێن، بەم شێوەیە چوارچێوەی پۆلینی لاوەكی ناوخۆیی دەبێت. ئەمە واتە، كە چوارچێوەی وەك ئەوانەی خوارەوە نادروستن :

9. a) X: [[[...Y] Z] ______]

or [[[...Y] ] ______]

b) X: [______ [Z [Y...]]]

Or [ ______[ [Y...]]]

دیارە کە چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی شوێنی ڕێساکانی دروستکردنی وشەی تیۆری ئارۆنۆف دەگرێتەوە. لە بری ڕێسایەك بۆ ناساندنی پاشگری hood ، بە ئاسانی hood دەبەستینەوە بە مۆرفیمێکی تر یان زنجیرەی مۆرفیمێکی تر و پاڵاوتنی ئەنجامەکە ئەگەر پێشێلی چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی بکات. لە سینتاکسدا ڕێسای کۆنی پێکهاتەی فرێز لە بنەماکانی سینتاکسی X-bar ڕەنگ دەدەنەوە. لە مۆرفۆلۆجی لێیبەر ڕێساکانی پێکهاتەی فرێزی سێڵکیرك و ویلیامس بوونێکی نابەرجەستەییان هەیە لە فۆرمی ڕێزمانی پێکهاتەی فرێزی بچووکترین، کە داری بێناو بەرهەم دێنن هاوتای پێکهاتەی وشەی شیاو. ئەم دارانە گرێیان هەیە لەگەڵ ئەو پەڕی دوو لق. قەوارە ( دانە فەرهەنگی ) یەکان، قەدەکان و پێشگر/ پاشگرەکان، زیاد دەکرێن لە ژێر گرێیە کاتییەکانی ئەم دارانە و ناوی کۆی دارەکە دیاری دەکەن بە پاڵاوتنی تایبەتمەندییە مۆرفۆسینتاکسییەکانیان بەرەو سەرەوە. ئەمە جێبەجێ دەبێت لە ڕێگەی چوار ڕێککەوتنی پاڵاوتنی تایبەتمەندیی. هەندێك گرنگی هەیە لەبەرئەوەی ڕێگە هاوشێوەکان لە لایەن چەند خاوەن تیۆرێکی یەك بە دوای یەکەوە وەرگیراون .

دوو ڕێککەوتنەکەی یەکەم ئەمانەن :

FPCI : تایبەتمەندی قەدێك دەگوازرێنەوە بۆ یەکەم گرێی زاڵی نالق .

FPCII : تایبەتمەندییەکانی پێشگر/ پاشگرێگ دەگوازرێنەوە بۆ یەکەم گرێی زاڵی لقدار .

قەد پێناسە دەکرێت وەك مۆرفیمێك، کە چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی نییە، و پێشگر/ پاشگرێك، بریتییە لە مۆرفیمێك کە چوارچێوەی پۆلێنی لاوەکی هەیە.

(Spenser1996 : 202).

دەبینین چۆن ئەم ڕێککەوتنانە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ وشەیەکی وەکو falsehoods بکەن :

10.




(FPC II)

کاریگەریەکانی ئەم دوو( FPC ) یە بریتییە لە دروستکردنی پێکهاتەی وەك (١) پێشگر/ پاشگر زانینی ئەوەی ئایا بە قەدێکەوە دەلکێن لە جۆری دروست یان نا، (٢) تازەترین پێشگر/ پاشگری لکێنراو دەبێتە سەرەی وشەکە .

FPC III: ئەگەر گرێیەکی لق هیچ تایبەتمەندییەك وەرنەگرێت لە ڕێگەی FPC II ئینجا بە گرێی ناوداری نزمتر ناو دەنرێت.

وەرگرتنی countersign بەو شێوەیە دەبێت :

11.




له نمونەکانی سەرەوەدا شتێکی ڕوون دەبێت کە پێشگر/ پاشگرە وشەگۆڕەکان و وشەداڕێژەکان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لێیبەر ئەو مشتومڕە قبوڵ دەکات کە هیچ جیاوازییەکی مۆرفۆلۆجی ڕوون لە نێوان دوو جۆرە پێشگر/ پاشگرەکە نییە، بۆ نمونە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێشگر/ پاشگری وشەگۆڕ و وشەداڕێژ هەمان جۆری ئەلۆمۆرفییان هەیە. سەرەڕای ئەوەش قەدەکان، کە پێشگر/ پاشگرەکانیان بۆ زیاد دەکرێت جیاوازی ناکەن لە نێوان زیادکردنی پێشگر/ پاشگری وشەگۆڕەکان و وشەداڕێژەکان. زمانی ئینگلیزی نمونەی ئەم چەشنەی هەیە. ناوی house قەدێکی نائاسایی ئەلۆمۆرفی هەیە بە دەنگێکی خشۆکی دەنگداری کۆتایی ./hauz/ هەرچۆنێك بێت ئەم قەدەی ئەلۆمۆرف وەکو قەدی کرداریش بەکاردێت، to house ئەو جیاوازییانە تێبینیکراون لە هەڵسوکەوتی شێوەیی داڕێژراو و وشەگۆڕەکان بەهۆی کارلێکی وشەی تەواو دروست بوو و سینتاکسەوەیە. ئەنجامێکی ئەم بۆچوونە بریتییە لەوەی کە هیچ شوێنێك نییە بۆ بواری "پارادایمی وشەگۆڕ" لە سیستەمی لێیبەردا (بڕوانە Lieber 1983:251).

تایبەتمەندییەکی تری سیستەمی لێیبەر بریتییە لەوەی کە بانگەشەکان بۆ هەبوونی ڕێگەیەك بۆ نواندنی بوارەکانی "پۆلی فەرهەنگی"، بۆ نمونە "گۆڕانی سێیەم" یان "یان گەردانی پێنجەمی ناو"، بێ پێویست بوون بۆ هێماکەری ( سەروبۆر) وەك ( + گۆڕانی سێیەم)، بە لایەنی کەم کاتێك ( نیشانەکراو )ی ئاشکرای ئەندامەکانی پۆل هەیە، لە ڕێگەی بزوێنی سەرەکی. وا دابنێ کە ئەندامەکانی یەکەم گۆڕانی لاتینی وەردەگرین، ئەوانەی قەدەکانیان بە ( a ) کۆتاییان دێت. ئەو قەدانەی کە تێمیان هەیە گشتییان پەیوەست دەبن بە وانەی هیچ ڕێسایەکی مۆرفۆلێکسیکاڵیان نییە.

لە سیستەمەکەی لێیبەر تاکە ڕاستی، کە قەدی ئەلۆمۆرفەکان زۆر پەیوەستن بەسە بۆ پێناسەکردنی ئەندامییەتی پۆلەکەیان. ئەمە واتەی ئەوەیە، کە ئەگەر ڕێسایەکی ڕێزمان یان چوارچێوەی پۆلینی لاوەکی پێشگر/ پاشگرێگ قەدی یەکەم گەردانکردن هەڵدەبژێرێت لە قەدی بزوێنێك، ئینجا لە بری دەستنیشان کردنی قەدێکی نیشانەکراو ( + یەکەم گەردان) ئەوە بە دوای ئەلۆمۆرفی قەدێك دەگەڕێت کە بە فۆنیمی /a/کۆتایی بێت. لەم ڕێگەیە ئاماژە بۆ تایبەتمەندیی arbitrary diacritic جێگۆڕکێی پێدەکرێت بە ئاماژە

بۆ فۆرمی فۆنۆلۆجی. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت بۆ گشت زمانەکان ئەوە هەرگیز هیچ پێویستییەك بۆ ئەم دایکریتیکە مۆرفۆ لێکسیکاڵانە نابێت (بڕوانە Rafael Falco2007:30).

**٣-٧ تیۆری مارانتز:**

تیۆرەکانی وەك ڕێزمانی پێوەندی (Grammar Relational) و ڕێزمانی فەرهەنگی ئەرکی (Lexical Functional Grammar) پێشڕەویی گەورەیان کرد بۆ دەرخستنی ئەو شێوازانەی زمانەکان پێوەندییە ڕێزمانییەکان بەکاردێنن، بەڵام بابەتەکە بەشداری لە چوارچێوەی تیۆرەکانی چۆمسکیدا هەتاوەکو تێزی ئالێك مارانتز لە (١٩٨١)، (کە دواتر پێداچوونەوەی بۆ کرا و بە ناوی مارانتز لە (١٩٨٤) بڵاو کرایەوە) ئاڕاستە نەکرا. مارانتز مۆدیلێکی سینتاکسی پێڕەو دەکات، کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەچێتەوە سەر تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، بەڵام بە کۆمەڵێك وردەکاری گرینگەوە لێی جیاوازە. هەروەها چوارچێوەی گشتیی مارانتز یەکجار پڕ وردەکارییە، بۆیە هەر گۆڕانێکی بچووك لە بەشێکی تیۆرەکەدا ڕەنگدانەوەی لە سەرانسەری تیۆرەکەدا دەبێت. ئەمەش بەراوردکردنی سیستەمی مارانتز لەگەڵ ڕێبازەکانی تر سەخت دەکات. هەر بۆیە پێویستە پوختەیەکی سەرەکی لە بارەی تیۆری مارانتز پێشکەش بکەین، بە پڕژانە سەر دەرەنجامەکانی تیۆرە مۆرفۆلۆجییەکە و بەو هۆیەشەوە لادانی بەشێکی گەورەی یەکجار سەرنجراکێشی بە تیۆریکردنی سینتاکسی .

لە مۆدێلی مارانتز سێ ئاستی سەرەکیی دەربڕینی ڕێزمانی هەن: پێکهاتەی لۆژیکی سیمانتیکی (LS-Structure)، پێکهاتەی سینتاکتیکی (S-Structure) و پێکهاتەی ڕووکەش(Surface Structure)، پێکەوە لەگەڵ فەرهەنگێکی قەد و گیرەك (پێشگر و پاشگر)مکانەوە، کە دەروازە فەرهەنگەکانیان(lexical entries) زانیاری دەدات لەبارەی ڕۆنانی ئەرگۆمێنتی و تێپەڕبوون و ڕۆڵە سیمانتیکییەکانی بەخشراو و هتد. ئاستەکان بە جیا لە یەکتری دادەمەزرێن و بۆ ڕستەیەکی دیاریکراو پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەهۆی بنەمای لێکبەستنەوە(Mapping Principle) ، کە هێشتنەوەی لایەنە سەرەکییەکانی پێکهاتە بە تایبەتیش ئەوانەی گرێدراوی پێوەندییە ڕێزمانییەکانن، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و لە ئاستێکەوە بۆ ئاستی دواتر مسۆگەر دەکات. ئەوە بەو مانایەیە، کە تیۆرەکە داڕێژراو (derived) نییە، ئێمە لە ئاستی پێکهاتەی قوڵ (D-Structure)ەوە دەست پێ ناکەین و دواتر ناگوازینەوە بۆ پێکهاتەی ڕووکەش (S-Structure) . لەجیاتی ئەوە ڕێزمانەکە لیستەکانی پێکهاتەکان لە هەر سێ ئاست دابین دەکات، و بنەماکانی لێکبەستنەوە ئەوە دیاری دەکەن، کە کام کۆمەڵی پێکهاتەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن (بڕوانە Marantz1984:39).

ئێمە دەتوانین سێ ئاستەکەی دەربڕین بە شێوەیەکی گشتی وێنا بکەین بە هۆی نمونەیەکی وەك ( Tom gave Fido a bone) ( تۆم ئێسکێکی دا بە فیدۆ ) ( لەگەڵ فەرامۆشکردنی بابەتی ناپێویستی وەك دەمکات ). پێکهاتەکانی لۆژیکی واتایی و سینتاکسی و ڕووکەش دەبێت شتێکی وەك ئەوەی خوارەوە بێت .

12.

a) [Tom  - Agent [give (Fido-goal, bone – Patient ]].

b) [Tom [give Fido bone]] .( (تۆم) دان فیدۆ ئێسك )

بەرکاری ڕاستەوخۆ    بەرکاری ناڕاستەوخۆ   بکەر

(c




ئەم دەربڕینانە تاڕادەیەك ڕێونکەرن لەو ڕووەوەی، کە تەنیا لە پێکهاتەی ڕووکەشدایە، کە وشەکان ڕێزبوونێکی ڕاستەهێڵی وەردەگرن؛ دەربڕینەکانی پێکهاتەکانی (S ، LS) بە تەواوەتی بەگوێرەی پێکهێنەرێکی ڕیزبەندی ( constituency )( زاڵبونی ڕاستەوخۆ -immediate dominance) پێناسە کراون. مارانتز لە ڕاستیدا پێکهاتەکانی ئێڵ- ئێس و ئێس وەك درەخت (tree) دەنووسێت.

ئاستی پێکهاتەی ئێڵ- ئێس(LS) کەم و زۆر هاوشێوەی ئاستی پێکهاتەی سێتا (theta Structure) یە لە جی بی (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا) پێکاتەی ڕووکەش بریتییە لە فۆرمی فۆنۆلۆجی (PF)ی جی بی. تایبەتمەندییەکی گرنگی پێکهاتەی ئێڵ- ئێس ئەوەیە، کە هەر پێکهێنەرێکی خاوەن ڕۆنانی ئارگومێنت دەربڕینێکی جودای هەیە، لە پێکهاتەی ئێڵ- ئێس، تەنانەت ئەگەر لە کۆتاییدا بە هۆی مۆرفیمێکی لکاوەوە لە پێکهاتەی ڕووکەش دەرببڕدرێت. بۆ هەندێك پێکهاتە، ئەمە ڕواڵەتێکی " شیکردنەوەی وشەیی " (lexical decoposition) دەدات، بە ڕوواڵەت پاشماوەی پێشنیارەکانی بەرهەمهێنانی واتایی (Generative Semantics) یاخود هەر شتێکی تر ئەنجام دەدرێت (Jakendoff1975:51) .

گرینگترین لێکبەستنەوە لە تیۆری مارانتزدا بریتییە لەوەی لەنێوان پێکهاتەی ئێڵ-ئێس و پێکهاتەی ئێسدایە. ئەمە بەهۆی بنەمای M (بە نەخشەکردن Mapping )، بنەمایەکی بە ڕووالەت سادە، کە لەگەڵ ئەوەشدا دەرئەنجامی درێژ مەودای هەیە، دێتەدی. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوەی کە بنەمایە دەریدەبڕێت ئەوەیە، کە لە شوێنێکدا کە پێکهێنەرەکانی ئێڵ-ئێس پێوەندییەکی لۆژیکی-سیمانتکییان پێکەوە هەیە، پێکهێنەرکانی ئێسی هاوتا پێوەندییەکی سینتاکتیکییان پێکەوە هەیە. بە شێوەیەکی بەرجەستە "فیدۆ" لە (a١٣) پێوەندییەکی لۆژیکی سیمانتیکیی هەیە بە "دان"، واتە یەکەم ئارگیومێنتی (ناوەکی)یەتی. بەم هۆیەشەوە هاوتاکەی "فیدۆ" لە پێکهاتەی ئێس جۆرە پێوەندییەکی سینتاکتیکی دەبێت لەگەڵ هاوتاکەی "دان" لە پێکهاتەی ئێس، واتە دەبێتە بەرکاری (لە ڕێزمانە کۆنەکاندا پێی دەگوترێت بەرکاری ناڕاستەوخۆ، هەرچەندە مارانتز بە بەرکاری ڕاستەوخۆی دادەنێت، بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە ئێستا ڕوون دەبنەوە). لە حاڵەتی "تام"دا، ئێمە گرێیەکی ناویمان هەیە، کە بکەری لۆژیکیی کردارەکەیە لە پێکهاتەی ئێڵ- ئێسدا بەڵام هیچ پێوەندییەکی سینتەکتیکی بە کردارەکەوە نییە لە پێکهاتەی ئێسدا، ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە ئێمە وا گریمانە دەکەین، کە بکەرێکی سینتاکتیکی (پێکهاتەی ئێس) بکەری گرێیەکی کرداریيە نەك کردارێك. هەر بۆیەش بنەمای ئێم بەم شێوەیە نوسراوە بۆ ئەوەی ڕێگە بە پەیوەندییەکی سینتاکتیکی بدات لە نێوان گرێی ناویی "تام" و ئەو گرێیەی سەرەکەی کردارە، واتە گرێی کرداری. دەرەنجامی بنەمای ئێم ئەوەیە کە هەر پێکهێنەرێك لە پێکهاتەی ئێڵ-ئێس دا بە جۆرێك لە پێکهاتەی ئێس دا دەردەبڕێت ( لە دواییدا لە پێکهاتەی ڕووکەشدا بەگوێرەی "یاساکانی لێك بەستنەوە"ی تایبەتی زمان). هەروەها لێك بەستنە بنەڕەتییەکانی نێوان پێکهێنەرەکان لەم ئاستە جیاوازانەدا بە هۆی تاکە بنەمایەکی جیهانی دیاری دەکرێن نەك بە هۆی کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت.

مارانتز ورِیایە لە جیاوازیکردن لە نێوان دوو چەمك، کە پێدەچێت لە ناو جۆرەکانی تری تیۆری ڕێزمانییدا ئاوێتە بووبن، واتە چەمکی پرێدیکیت - ئارگیومێنت و چەمکی بەخشینی ڕۆڵی سیمانتیکی (سێتا). بۆ نمونە کرداری "دان" دوو ئارگیومێنتی ناوەکی وەردەگرێت، کە یەکسانن بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. ئەمە ڕاستە بۆ هەردووکیان.

13. a) Tom gave a bone to Fido.

b) Tom gave Fido a bone.

لە "bone" ئارگیومێنتی ڕاستەوخۆیە و ڕاستەوخۆ لە کردارەوە ڕۆڵی سێتا کارتێکراو وەردەگرێت. بەڵام لە (b ) دا ئێستا "Fido" یەکسانە بە ئارگیومێنتی ڕاستەوخۆی کردار و هەر بۆیەش وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ ڕەفتار دەکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سێتا ڕۆڵ لە کردارەوە وەردەگرێت. بەڵام "a bone" سێتا ڕۆڵی خۆی ناڕاستەوخۆ وەردەگرێت بە گوێرەی شوێنێکی سینتاکتیکیی تایبەتەوە (شوێنی بەرکاری دووەم، سەرنج بدە کە نەریتی ئەو وەسفکردنەی کە بە هۆیەوە "فیدۆ" دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە هەر دوو ڕستەدا لێرەدا ناگونجێت).

ئەمە بەو مانایەیە، کە دەربڕینە لیکزیکییەکانی کردارەکە لەم دوو حاڵەتەدا نەختێك جیاوازن، کە تیایدا ئارگیومێنتی ڕاستەوخۆ ((Fido)) کارتێکراوە ، کە تیایدا ئارگیومێنی ڕاستەوخۆ ئامانجە :

. (Spenser1996: 264)

14.

a) دان (کارتێکراو، ئامانج)

b) دان (، ئامانج، کارتێکراو)

لە ئاستی سینتاکتیکیدا کردارێکی تێپەڕ، با بڵێین، بریتییە لە وەرگری ئارگیومێنت، کە ئارگیومێنتی سینتاکتیکی (وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی گرێی ناوی) وەردەگرێت لە پێناو دروستکردنی گرێیەکی کرداری (کە یەکسانە بە گرێی گوزارەیی لە پێکهاتەی ئێڵ - ئێسدا). بەڵام ئەو جۆرە گرێیە ناوییە تەنیا دەبێتە ئارگیومێنتی سینتاکتیکی کردارێك ئەگەر هاتوو ڕۆڵێکی سینتاکتیکی، بۆ نمونە لە خودی کردارەکەوە وەرگرت. کردارێك، کە ڕۆڵی سینتاکتیکی دەبەخشێت بە بەهای تایبەتمەندیی (+ تێپەڕ) هێما دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە بەشێکە لە دەربڕینی پێکهاتەی ئێس و سەربەخۆیە لە پێکهاتەی ئێڵ - ئێس لە بنەڕەتدا ڕێی تێدەچێت، کە گرێیەکی ناوی ببێتە ئارگیومێنتێکی ناوەکی بۆ کردارێکی ( - تێپەڕ) و بەم هۆیەشەوە ڕۆڵێکی سینتاکتیکی لەو کردارەوە وەرنەگرێت. ئەمە هاوشێوەی حاڵەتێکە کە تێیدا، بە گوێرەی جی بی، بابەتی ( دانەی فەرهەنگی ) تەواوکەرێك وەردەگرێت، بەڵام هیچ دۆخێکی نابەرجەستە (ئەبستراکت) نابەخشێتە ئەم تەواوکەرە. ئەمە هەڵبەتە کتوپڕ هەمان شتە، کە لە کردارە (باری کارلێککراو)ەکاندا (accusatives) دەبینین. بە هەمان شێوە کردارێکی تێپەڕ ڕەنگە ڕۆڵێکی سینتاکتیکی ببەخشێت بە گرێیەکی ناوی (دۆخی ئەبستراکت ببەخشێت) بە بێ ئەوەی ئەو گرێ ناوییە وەك ئارگیومێنتێکی سینتاکتیکی وەربگرێت. نمونەی ئەمە پێکهاتەکانی بە هەڵاوێردی دۆخی بەخشەر (Exceptional Case Marking)ی وەك "Tom believes Dick to be liar" "تام دیکی پێ درۆزنە"ە. لێرەدا "دیك" بەرکاری کرداری "باوەڕبوون" بە شێوەیەك، بەڵام ئارگیومێنتێکی ئەو کردارە نییە و بەم هۆیەشەوە هیچ مانایەکی لەو جۆرەی کە "تام بڕوای بە دیك هەیە" لە ئارادا نییە. لە کۆتاییدا هەر هەموو کردارەکانی گرێیەکی گوزارەیی لە پێکهاتەی ئێل - ئێس توانای وەرگرتنی بکەرێك (یان بەخشینی ئارگیومێنتێکی دەرەکی) یان نییە. ئەوانەی کە ئەم توانایەیان هەیە لەڕووی فەرهەنگییەوە هێماکراون بە ( + بکەر لۆژیکی) و ئەوانەی کە بەم شێوەیە نین بە (- بکەر لۆژیکی) هێما کراون. هەر بۆیەش کردارێکی ئانئەکیوزێتیف ( باری کارلێککراو) نەك تەنیا (- تێپەڕ)ە، بەڵکو هەروەها (- بکەر لۆژیکی)یشە، لەکاتێکدا کە کردارێکی ئانئێرگێتیف( دۆخی کارا ) (unergative) (- تێپەڕ ، + بکەر لۆژیکی)یە. بە گوێرەی گشتاندنی بورزیۆ کردارەکانی (- بکەر لۆژیکی) (ئەو کردارانەی ناتوانن ئارگیومێنتی دەرەکی ببەخشن) هەروەها ( تێپەڕن ) لە حاڵەتی هێمانەکراوبووندا .

## ٨-٣ گۆڕانکارییەکان بە هۆی ئەفیکسێیشن (زیادکردنی پێشگر و پاشگر) :

بۆ نمونە هێنانەوە لە بارەی ڕێبازی مارانتز بە شێوەیەکی ورد، ئێمە سەرەتا ڕوو لە شیکردنەوەکەی ئەو بۆ گۆڕینی ئاسایی (سینتاکتیکی) بۆ (نادیار) دەکەین. مارانتز وای بۆ دەچێت کە پرۆسە ئاساییەکانی لەم جۆرە پێویستە لە ڕێگەی مۆرفۆلۆجیی ئاساییەوە بێت (کە ئێمە بە زاراوەی گشتگیری "ئەفیکسێیشن" وەسفی دەکەین). پرۆسەی ئەفیکسێیشن ناتوانێت ئارگیومێنتەکانی خودی قەدی کردارەکە بگۆڕێت، بەڵام پرۆسەکە دەتوانێت ئارگیومێنتی خۆی زیاد بکات، یان ئەو شێوەیەی کە ئارگیومێنتەکانی کردارێك دەربڕاون، بگۆڕێت. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەفیکسێیشن ناتوانێت ژمارەی ئارگیومێنتەکان کەم بکاتەوە (هەرچەندە پرۆسەکە ڕەنگە ڕێگە لە دەرکەوتنی ئارگیومێنتێك بگرێت.) لە ڕستەی پەسیڤدا بەرکاری لۆژیکی دەبێتە بکەری سینتاکتیکی، لەکاتێکدا بکەری لۆژیکی، ئەگەر دەربڕابێت وەك گرێیەکی وەسفیی سینتاکتیکی (گرێیەکی ئاوەڵکرداری کە بە "لەلایەن" دەست پێ دەکات) دەردەکەوێت(Spenser1996 : 264) .

خاڵی سەرەکی لە شرۆڤەی مارانتز بریتییە لەو تێبینییەی کە چاوگی پەسیڤ لە بنەڕەتدا هاوشێوەی کردارێکی (باری کارلێککراو)ە. کردارە (باری کارلێککراو)ەکان تایبەتمەندییەکی ماتریکسیان هەیە کە دەری دەخات ئەو کردارانە ( آ ) ناتوانن بەرکار وەربگرن (- تێپەڕ) و( ب) ڕۆڵێکی سیمانتیکی نابەخشن بە ئارگیومێنتێکی دەرەکی (- بکەری لۆژیکی). لەبەرئەوە ئێمە ڕەنگە وای بۆ بچین کە پاشگری پەسیڤی en- تەنیا کاریگەریی هەیە لەسەر سەپاندنی ئەم بەهایانەی تایبەتمەندیی لەسەر قەدی کردارە بکەر دیارەکە. بە گوێرەی بنەمای ئێم، ئەمە بەو مانایەیە کە تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی بەرکاری لۆژیکی دەربېڕدرێت ئەوەیە کە وەك بکەری سینتاکتیکی بێت، لە کاتێکدا بکەری لۆژیکی ناکرێت ڕاستەوخۆ وەك ئارگیومێنتێکی سینتاکتیکی دەربېڕدرێت.

مارانتز شوێنپێی لێبەر (١٩٨٠) لە گریمانەکردنی ئەوەی ئەفیکسەکان بابەتی دانەی فەرهەنگی کە چوارچێوەی هەڵبژاردنی جۆر (subcategorization) یان هەیە کە جۆری ئەو بابەتەی کە پێیەوە دەلکێنرێن، هەروەها تایبەتمەندییە میراتییەکانی تر دەردەخات. ئێمە هەر بۆیە بۆ en- بە دەروازەی فەرهەنگی دادەنێین.

( en- ) کار ———— ، (– بکەر لۆژیکی ) ( - تێپەڕ )

ئەم پاشگرە ڕەنگە تەنیا بەو قەدانەوە بلکێت کە هەڵگری تایبەتمەندیی (+ بکەر لۆژیکی) (+ تێپەر) بن، واتە کردارە تێپەڕەکان. ئەمە دەرئەنجامێکی بنەمایەکی گشتییە، بنەمای بەکارنەهێنانی بەتاڵ (No Vacuous Application Principle) ، کە بەو مانایەیە ئەفیکسێك کە بەهایەکی تایبەتمەندیی دیاریکراوی هەیە ناکرێت بە قەدێکەوە بلکێنرێت کە هەمان بەهای هەبێت. لەناو شتەکانی تردا ئەمە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێگە دەگرێت لەوەی en- بە کردارە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، یان چاوگە (نادیار) پەسیڤەکانەوەبنووسێنرێن.

ئێمە هێشتاش پێویستە وای دابنێین کە چاوگی نادیار هەڵگری تایبەتمەندییەکانی پاشگرەکەیە نەك هی قەدەکە. پاشگرەکە سەرەیە، بۆیە بە گوێرەی لیبێر تایبەتمەندییەکانی دەچنە بەرزترین گرێ (node) . ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ ئەوانەی قەدەکەدا نەگونجێن، ئەوا تایبەتمەندییەکانی قەدەکە پووچ دەکەنەوە. ئێمە دەرەنجامی لکاندنی en- بە کرداری "دان" دەبینین.

وادابنێ کە ئێمە ئەو فۆرمەی "دان"مان وەرگرتووە کە تێیدا theme ئارگیومێنتی ڕاستەوخۆیە. بۆیە ئەم ئارگیومێنتە یەکسانە بە بەرکاری لۆژیکی لە پێکهاتەی ئێڵ-ئێسدا. لەبەر ئەوەی کردارەکە پاشگری ( en- )ی وەرگرتووە، کرداری وەرگیراوە هێما دەکرێت بە (- بکەر لۆژیکی) و لەبەر ئەوەش ناتوانێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ بکەرێکی لۆژیکی دەربکەوێت. بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین چاوگی given لە پێکهاتەی ئێڵ - ئێس داخیل بکەین بەم شێوەی خوارەوە (Spenser1996 : 266) .

14. An apple given to Harriet.

کردارەکە گرێی ناویی وەك بەرکاری لۆژیکی خۆی هەیە. بەگوێرەی بنەمای ئێم، لە پێکهاتەی ئێسدا کە بە گوێرەیەتی، گرێی ناویی پێویستە پێوەندییەکی سینتاکتیکی لەگەڵ کردارەکە یان لەگەڵ گرێی کردارییەکەدا هەبێت. لە نمونەی ( ١٤ ) ەوە ئێمە دەزانین کە "given" کردارێکی تێنەپەڕە و بۆیەش دەربڕینی پێکهاتەی ئێس ناکرێت بەرکارێکی لۆژیکی تێدا بێت. لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی کردارەکە (- بکەر لۆژیکی)یە، بۆیە هیچ بکەرێکی سینتاکتیکیی هاوتای بکەری لۆژیکی بوونی نییە. بەم شێوەیە لە دەربڕینێکی پێکهاتەی ئێسدا شوێنی بکەر بەتاڵە بۆ ئەوەی بە شتێکی تر پڕ بکرێتەوە. لەبەر ئەوەش، کە ئینگلیزی هیچ ڕێگەیەکی تری دابین نەکردووە بۆ گرێدانی لە پێکهاتەیەکی ئێس، ئەمە بەوە مانایەیە، کە بەرکاری لۆژیکی دەبێت یەکسان بێت بە بکەرێکی سینتاکتیکی بۆ ئەوەی لانی کەم دەربڕدرێت و بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی هەبێت لەگەڵ کردار یان گرێی کرداری. بەم شێوەیە تاکە دەربڕینی ڕێتێچووە بۆ پێکهاتەی ئێسی.

ئێمە چۆن بتوانین حسێب بۆ پەسیڤە ناکەسێتییەکان بکەین، کە لە هۆڵەندی و ئەڵمانی و پۆڵەندی و چێکی و جۆرەها زمانی تردا هەن؟ بێنەوە بیرت، کە ئەمانە پەسیڤی کردارە ( دۆخی کارا ) کانن (واتە کردارە تێنەپەڕەکانی سێتا ڕۆڵێکی دەرەکی دەبەخشن)، لەگەڵ ئەوانەی گلۆسەکان (gloss) وەك لە "it was danced (by the girls)". ئەگەر مۆرفیمی پەسیڤ هەمان تایبەتمەندیی وەك ( en- )ی ناو، کەواتە بنەمای ئێن ڤی ئێی پی ڕێگر دەبێت لەوەی مۆرفیمەکە بە کردارێکەوە بلکێنرێت، کە لە بنەڕەتدا (- تێپەر) بووە. مارانتز لەبەر ئەوە پێشنیار دەکات لە زمانەکانی وەك هۆڵەندی مۆرفیمی پەسیڤی تەنیا بەهای (- بکەری لۆژیکی) هەیە. لەبەرئەوەی ئەفیکسەکە هەڵگری تایبەتمەندیی ( تێپەڕ ) نییە، ئەمە ڕێگەی پێ دەدات بە قەدە تێنەپەڕەکەوە بنووسێت. ئەگەر هیچ شتێکی تر نەگوترابێت، ئەمە بەو مانایەیە کە پەسیڤی کردارێکی تێپەڕ دەبێت بکەرێکی لۆژیکی نەبێت (سێتا ڕۆڵی دەرەکی)، بەڵام بە تێپەڕی دەمێنێتەوەو پێشبینی دەرکەوتنی ڕستەی ئەم شێوەی لێ دەکرێت (it) was built a church-ACC (by the workmen) " لە هۆڵەندیدا ئەمە ڕێتێچووە، بۆیە مارانتز گریمانەی جێبەجێکردنی ( یاسایەکی درێژبڕی redandundcy rule ) ( کە بە شێوەیەکی کاریگەر گشتاندنی بوورزێو دەردەبڕێت) :

15.     (بکەری لۆژیکی) – (تێپەڕ)

(ڕەنگە ئەم یاسایە لە زمانێکی وەك ئۆکرانیدا کە ڕێگە بە بەرکاری لۆژیکیی پەسیڤەکان دەدات تا لەگەڵ نیشانەی دۆخی بەرکاری دەربکەون، بوونی نەبێت) .

تاڕادەیەك باسی لە دیاردەی فەرهەنگی پەرچکردنەوە (ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی) دەکات، کە ئێمە بینیمان لەلایەن یاکوتس ڕوون کرایەوە. لێرەدا کردارێکی تێپەڕ بە پرۆسەی ئاسایی مۆرفۆلۆجییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی کردار، کە هەڵگری مانای پەرچدەرەوە. مارانتز پێی وایە مۆرفیمی پەرچدەرەوە پێویستە هاوتا بێت لەگەڵ مۆرفیمی ( en- )ی ئینگلیزی لەوەدا کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی (- بکەری لۆژیکی) (- تێپەڕ) بێت و هەڵگری تایبەتمەندییەکی تر بێت، کە دەری بخات بەرکارەکە لەگەڵ بکەرەکە کۆریفرێنشاڵن (هاونیشادەر، واتە دەگەڕێنەوە بۆ یەك کەس یان شت).

مۆرفیمێکی سێیەم کە ڕۆڵانی ئارگیومێنت تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام دەرکەوتنی ئارگیومێنتی کردارێکی ڕێك دەخات، بریتییە لە ئەفیکسی دژەنادیار (anti passive) . ڕستەی دژەبکەرنادیار بە شێوەیەکی تیۆری لە (بە گریمانەکردنی دۆخدانانی ئێرگێتیڤ لە ڕووکەشدا، کە تێیدا OBL هێمایە بۆ دۆخی ناڕاستەوخۆ (ئۆبلێك)(Haspelmath&Sims2010:244) .

16.

a) Tom- ERG killed the bear–ABS.  تام ورچەکەی کوشت.

b) Tom -ABS killed -AP (the bear-OBL). تام کوشتی

ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات بریتییە لەوەی کرداری وەرگیراوە پارێزگاری لە توانای خۆی دەکات بۆ ڕێگەدان بە بکەرێکی لۆژیکی "تام"، بەڵام دەبێتە تێنەپەڕ، بۆ ئەوەی بەرکاری لۆژیکی ڕێگەی پێبدرێت تەنیا وەك ئارگیومێنتێکی دەرەکی (بۆ نمونە بە هۆی دۆخدانانی ناڕاستەوخۆ). ئەمە بە ئاسانی ڕوون دەکرێتەوە بە گریمانەکردنی ئەوەی کە ئەفیکسی دژەنادیار هەڵگری بەهای تایبەتمەندیی (- تێپەر)ە. ئەم جۆرە ئەفیکسە تەنیا دەتوانێت بە کردارەکانی (+ تێپەر)ەوە بنووسێت (بە گوێرەی بنەمای ئێن ڤی ئێی پی) و لە ڕاستیدا ئەمە بەو مانایایە کە تەنیا بە کردارەکانی (+بکەر لۆژیکی)یەوە دەنووسێت (بە گریمانەکردنی گشتاندنی بورزیۆ) .

17. -il-: ]v ______ 'for' (Benefactive), [+transitive]

18. -pik-il-

('cook' (Patient) 'for' (Benefactive))

[+log sub] [+transitive]

-pik-
'cook' (Patient)
[+log sub] [+transitive]

-il- APPL
'for' (Benefactive)
[+transitive]

پێشگر/ پاشگری زیادکراو سەرە لە پێکهاتە (دانەی فەرهەنگی )یەکە، بۆیە تایبەتمەندی (+ تێپەڕ) کە دەپاڵێورێت ئەو جۆرە دەبێت، کە هاوتایە لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە، کە ڕۆڵی سیمانتیکی سوودمەند دەبەخشێت. لێرەوە ڕۆڵی سیمانتیکی سوودمەند (Benefactive) دەبێت، کە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی وەرگیراوی کردارە نوێیەکە. ئارگیومێنتی وەرگر (Patient) دەبێتە جۆرێکی ئارگیومێنتی ناڕاستەوخۆ. ئەمە واتە کە ئارگیومێنتی سوودمەندی وەرگیراوە، کە هەڵسوکەوت دەکات وەك بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕاستەقینە: بۆ نمونە تەنها سوودمەند دەتوانێت ببێتە بکەر ئەگەر کردارە وەرگیراوەکە بکرێتە بکەر نادیار، پێشگری بەرکارەکە ئاماژە دەکات بۆ سوودمەند نەوەك وەرگر. بێگومان ئەمە ئەم حاڵەتەیە لەو ڕستەیە زمانی ئینگلیزی: Hamadi cooked the children some food . لە ڕستە ئینگلیزییەکە the childrenنەوەك the food وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوت دەکات. لە هەردووك زمانەکە ئارگیومێنتی ناڕاستەوخۆ، some food ڕۆڵی شیکاری خۆی وەردەگرێت (یان دۆخی نیشانەکراوی ئەبستراکت) لە شوێنە پێکهاتەییەکەی وەك کچی گرێی کرداری).

بۆیە زۆرجار ئاماژە بە ئاڵوگۆڕکردن دەکەین، کە لەو ڕستە ئینگلیزیانەن وەك دەرئەنجامی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ) (Dative Shift) کە پێشووتر ڕوونکراوەتەوە، ناوەکە لە زاراوەکانی مۆدێلەکانی پێشووتری transformational grammar وەرگیراوە کە تیایدا Tom gave Fido a bone ئەوە بە گواستنەوە لە گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ (یان جووڵاندنی دۆخی ناڕاستەوخۆ) وەرگیراوە لە پێکهاتەی قوڵیTom gave a bone to Fido ، ئاڵوگۆڕکردنی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ زۆر یادخەرەوەی پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراوی چی- موی - نییە.هەرچۆنێك بێت، جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە سەر تیۆرەکەی مارانتز. هەروەك بینیمان لە سەرەتای ئەم بەشە، مارانتز کردارەکانی گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات وەك give لەگەڵ دوو پێکهاتەی ئارگیومێنتی جیا، کە بە ڕێسای دووبارە

بوونەوە بەیەکەوە بەستراون. لێرەوە ئاڵۆگۆڕکردن تەنها لە نێو دانە فەرهەنگییەکان دەنوێنرێن، نەوەك بە پرۆسەیەکی گشتی (سینتاکسی)ی تێکەڵکەر وەك حاڵەتەکەی کرداره جێبەجێکراوەکانی لەوانە پرسیاری ئەوە بکرێت ئایا دەکرێت گۆڕانی دۆخی ناڕاستەوخۆ وەك جۆرێك پێکهاتەی کرداری جێبەجێکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یان نا. هەروەك کە دەبینین ئەمە بە ڕوونی باسی لێوە دەکرێت.

تێبینی : هاوکێشە و هێلکارییەکان لە سەرچاوەکانی (Spenser) وەرگیراون .

## ٣-٩ جۆرەکانی مۆرفیم : ڕەگ ، گیرەك، فۆرمی تێکەڵ :

زاراوەی (کرۆکی وشە) بە شێوەیەکی تاڕادەیەك ئاڵۆز بەکاردێ، بۆ نیشانەکردنی مۆرفیمەکەی کە بەشداری هەرە بە بایەخ و لە واتای وشەدا بەرجەستە دەکات. بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی پێشگر و پاشگر. ئێستا کاتی ئەوەیە، کە ئەم دوو زاراوەیە گفتوگۆیان لەسەر بکەین، هەروەها زاراوەی ڕەگیش کە بە (کرۆك) ناودەبرێ پێشکەش بکەین.

کە ئەمە لەلایەن بەشە وشەکاری ئەڵمانی دروست بوو، ڕەگی وشەی ئاڵۆز هەمیشە ئازادە. لەو مۆرفیمانەی کە ڕەگ نین لە وشەکاندا کە تاکو ئێستا بینیمانن، ئەوانەی پێش ڕەگ دەکەون وەك (enlarge in en) پێیان دەوترێت پێشگرەکان لە کاتێکدا ئەوانەی دوای ئەو دێن پێیان دەوترێت پاشگرەکان (وەك ance in performance, nes in whatness, - able in readable –) ئێمە دووچاری پاشگرەکان لە پێشگرەکان زیاتر بووینەتەوە، و ئەمە بە ڕێکەوت نییە: لە ڕاستیدا پاشگرەکان لە پێشگرەکان زیاترن لە زمانی ئینگلیزیدا. زاراوەیەك، وەکو چەترە کە هەموو پاشگرەکان و پێشگرەکان دابپۆشێت (بۆ هەموو مۆرفیمەکان کە ڕەگ نەبن) ئەوا گیرەکە (affixes).

تەنها ڕەگی مۆرفیمەکان وەك ئازاد دەردەکەون، واتە گیرەکەکان دەبێت بەندبن. ئێمە سەرنجی مۆرفیمەکانی -ful, ness - لە helpfulness دەدەین، کە ناتوانن بەتەنیا سەربەخۆبن و واتا بدەن بەدەستەوە. ئاسانە بۆ هەموو کەسێك ئەوانەی کە قسەکەری زمانی ئینگلیزین کە چاودێری ئەوە بکات کە هەمان شت ڕاستە بۆ هەموو مۆرفیمەکانی پێشتر وەك پێشگر و پاشگر ناومان بردن. ئەوانەی لەم وشانەدا مۆرفیمن و ڕەگ نین (Scalise1986:74).

لەم خاڵەدا بۆ هەندێك خوێنەران وا دەردەکەوێت، کە زۆربوونی زاراوەسازی پێویست نییە. ئەگەر گیرەکەکان هەمیشە بەند بن، ئایا مۆرفیمی بەند و گیرەك لە بنەڕەتدا هەمان شت نین؟ بە هەمان شێوە ئەگەر ڕەگەکان هەمیشە ئازاد بن ئایا لە ڕاستیدا پێویستمان بە هەردوو زاراوەی ڕەگ و مۆرفیمی ئازاد هەیە؟ وەڵامەکە لە وشەی (هەمیشە) دا لە ڕستەکانی پێشوودا خۆی دەبینێتەوە. گیرەکەکان لە ڕاستیدا هەمیشە بەندن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕەگەکان هەمیشە ئازادن. لە ڕاستیدا، هەموو وشەکان ڕەگەکانیان بەندن. ئەو ڕاستییەی کە بەندن وا لە ڕەگەبەندەکان دەکات قورسترین بۆ پێناسەکردن و جیاکردنەوەیان وەك مۆرفیم نەوەکو ڕەگی ئازاد، بەڵام بۆ زۆربەی نمونەکانی کە دەشێت وشەی تر

ببینینەوە، کە هەمان ڕەگ دەنوێنن، هەروەك audible, auditory, audition and audience مۆرفیمی cranberry هەروەك ڕەگێکی بەند سەیردەکرێت کە لە یەك وشەدا دەردەکەوێت.

ئێمە تاکو ئێستا دوو جۆری سەرەکی وشەی ئاڵۆزمان باس کرد: یەکێکیان تەنها ڕەگێکی ئازادە، هەروەك لەوانەی سەرەوەدا، و ئەوی تریان تەنها ڕەگێکی بەندە. کەواتە بەم شێوەیە، وشەیەك تەنها یەك ڕەگ لەخۆ دەگرێت؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. لە ڕاستیدا، ئەم وشانە زۆربوون، ئەمانە لێکدراون، کە ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد لەگەڵ مۆرفیمی cranberry دا. نمونەی تر وەك truck-driver ، bookcase ،motorbike ، penknife. مەبەست لە باسکردنی لێکدانەکان دووبارە ئەوەیە، ئەگەر وشەیەکی ئاڵۆز لە دوو ( یان زیاتر) ڕەگی ئازاد پێك بێت ، زۆر سروشتییە بپرسین کە ئایا وشەیەك دوو (یان زیاتر) ڕەگی بەند لەخۆ دەگرێت . وەڵامەکە بەڵێیە هەرچەندە، لە ژێر ڕۆشنایی پەسەندکردنی زمانی ئینگلیزیدا بۆ ڕەگی ئازاد، ئەمانە زۆر باونین وەك لێکدراوە ئاساییەکان. نمونە بۆ ئەو وشانەی کە دوو ڕەگی بەندیان هەیە وەك electrolysis ، electroscopy ،microscopy ، microcosm ،pachyderm ، ecbinoderm. وشەی تریش، وەك cranberry ، کە یەك بەندو یەك ڕەگی ئازادی هەیە: وەك microfilm, Japanese-Sino and electrometer بە دانانی ئەوەی Japanese ڕەگی ئازادی Japan بە پێچەوانەی لێکدراوە ئاساییەکان، ئەم وشانە بە زۆری زاراوەی تەکنیکین لە وشەسازیدا ئەمانە بە زۆری پێکهاتەی بەڕەگەز لاتینی و یۆنانین. بەهۆی جیاوازی زۆری نێوان لێکدراوی ئاسایی و ئەم وشە نوێیانە، و بەهۆی ئەوەی ئەم مۆرفیمەبەندانە ئینگلیزی نین کە پێکیان دەهێنن، زۆر لە زمانناسەکان و دانەری فەرهەنگەکان ئەم مۆرفیمە بەندانە نەوەکو بە گیرەك و ڕەگی بەند پۆلێن بکەن هەروەکو ئێمە لە سەرەوەدا باسمان کرد بەڵکو دایاندەنێن لە ژێر پۆلێکی تایبەتدا بە ناوی فۆرمی لێکدراو (Stageberg1970:88).

بە پێدانی ئەم ناوە بۆ ئەم وشە ئینگلیزییانەی کە بە گشتی ڕەگی ئازادیان تێدایە، ئێمە دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین، کە ئەگەر وشەیەك لە فۆرمی لێکدەر پێکهات ئەوا لەبەکارهێنانی ئاساییدا، ئەو مۆرفیمەی تێدایە دەبێت بە مۆرفیمی ئازاد ئەژمار بکرێت. ئەم پێشبینی کردنە ڕاست دەرچوو. بۆ نمونە وشەی photograph هەیە، هەروەکو زاراوەیەکی تەکنیکی پێکهاتووە لە فۆرمی لێکدراو لە پێش وشەی photo، بەڵام photo دەبێت بە مۆرفیمی ئازاد ئەژماربکرێت. فۆرمی لێکدراوی تریش کە (ئازادیان وەرگرتووە) وەك micro- , macro- وەك (at a micro level or on a macro scale) و retro- هەروەك بۆ میوزیك و مۆدێلی جلوبەرگ بەکاردێت .

### ۳-۱۰ گیرەکی ڕێزمانی ڕێك و ناوازە :

دەبێت چ وشەیەك لیست بکرێن لە فەرهەنگێکدا، یان لیست نەکرێن. یەکێك پێویست ناکات بە لیست کردنیperforms and performed لەگەڵ perform یان pianists لەگەڵ pianist ، چونکە تەنها لە ڕووی ڕێزمانییەوە گونجاون لەگەڵ یەك وشەی بنچینەدا. لە وشەیەکی فەرهەنگیدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە

ڕاست نییە، کە بڵێین فەرهەنگەکان هیچ شتێکیان نییە باسی بکەن دەربارەی مۆرفۆلۆجی گیرەکە ڕێزمانییەکان .

ئەمە لەبەر ئەوەی دوو هۆ هەن کە بۆچی فۆرمی وشەیەك وەکو pianists پێویست ناکات لیست بکرێت، و ئەم هۆیانە سەربەخۆن. یەکەمیان، هەرکاتێك وشەیەکی ئینگلیزی بریتی بوو لە ناو کە شتێکە دەکرێت ئەژماربکرێت ( ئەگەر ناوەکە pianist یان cat بێت ، بەڵام نەوەکو Astonishment یان rice ) ئەوا ئێمە دەتوانین دڵنیابین، کە فۆرمی کۆی دەبێت بە بێ ئەوەی زمانەکە بەشێك بێت لە کۆمەڵە زمانێك لە واتادا بە سانایی ئەوە دەگەیەنێت کە لە یەکێك زیاترە ( x )، کە( x ) هەرشتێك بێت. هۆی دووەم ئەمەیە ئەگەر دیاریکراو نەبێت، دەکرێت دڵنیابین کە فۆرمی کۆی هەر ناوێکی ژمێردراو لە زیادکرنی پاشگری- sبەسەر فۆرمی تاك یان (لە جیاتی ئەمە ئەلەمۆرفی گونجاوی ئەم پاشگرە) بێت. بە واتایەکی تر پێکەوەلکاندنی s- ڕێگایەکی ڕێکە بۆ پێکهێنانی کۆ. ئەو توانایە ( ئەگەر دیاریکراو نەبێت) ئەوا بنەڕەتییە، هەرچەندە هەر قسەکەرێکی ئینگلیزی پاش بیرکردنەوەیەکی یەك خولەکی، دەبێت بتوانێت بیر بەلایەنی کەمەوە دوو یان سێ ناو بکاتەوە کە فۆرمی کۆیەکەیان بە ڕێگای تر بێجگە لە زیادکردنی s- پێك دێت. بۆ نمونە child فۆرمی کۆیەکەی children ە ، tooth کۆیەکەی دەبێ بە teeth و man یش بەmen. لیستێکی تەواوی ئەم ناوانە لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر درێژ نییە، بەڵام ئەو لیستە چەند ناوێك لەخۆ دەگرێت کە زۆر باون. ئەمە چی دەگەیەنێت بۆ دانە فەرهەنگییەکان بۆman ،tooth ،childو ئەوانی تریش ، هەرچەندە هیچ شتێك نییە کە بوترێت نە لەو ڕاستییەی کە ئەم ناوانە فۆرمی کۆیان هەیە و نە دەربارەیان کەچی دەگەیەنن، شتێك کە پێویستە بوترێت دەربارەی چۆن ئەم فورمە کۆیە پێك هاتووە. بەم شێوەیە، دانەیەکی فەرهەنگی بۆ tooth، (Spencer 1988b: 197).

ئەم ناوانە ، بەکورتی ناوی ناوازەن لە ڕۆنانکردنی کۆدا، و ناوازەیی جۆرێکە لە شێوەزاری زمانێك کە فەرهەنگەکان پێویستە زانیاری بدەن وەك (teeth plural) لێرەدا. یەکێك دەتوانێت بە ئاسانی بێنێتە بەرچاو، کە شێوەزارێك لە زمانی ئینگلیزیدا ناوازەیی تێدا نەبێت، بەڵام ئەمە وەکو هیچ جۆرێك نییە، کە لە ڕاستیدا بەکاربهێنرێت. خوێنەرانی نۆڤڵی جۆرج ئۆروێڵ (١٩٨٤) ئەوەی بیردێتەوە، کە شێوەزارێك بە ناوی Newspeak کە تیایدا فۆرمی کۆی men, man نییە، بەڵکو mans ە. لە ڕاستیدا وەکو بەرامبەر خەیاڵ ئەم جۆرە ڕێککردنە ڕواڵەتێکی زۆرباش ناسراوە لە لایەن قسەکردنی منداڵان و ئەوانەی فێری ئینگلیزی دەبن. ڕێککردن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە شتێك هەیە دەربارەی فۆرمە ڕێکەکان کەوایان لێ دەکات بە تایبەتی فێربکرێن.

بۆ ناوەکانی ئینگلیزی هیچ ئاستەنگێك نییە لە دیاریکردنی کامیان بە ڕێگەی ڕێکدەکرێن بە کۆ. هەرچەندە لە ڕاستیدا یەك ڕێگە زیاتر هەیە، کە پرسیارێکی سەیر دێنێتە ئاراوە دەربارەی مۆرفیمەکان و ئەلەمۆرفەکانیان. بیرت بێتەوە، کە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمێك دابەش بکرێت، کە پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ وشە فەرهەنگییە تاکەکان، هەروەها ئەلۆمۆرفەکان دەشێت لە یەکتری جیاوازبن لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە لە شێوەزارێك، ئەگەر ئەمانە هەمووی ڕێگەمان لێ نەگرێت لە ناسینەوەی ئەلەمۆرفەکانی مۆرفیمێك، ئەی دەربارەی پاشگرە جیاوازەکانی کۆ چی دەڵێین، کە لەلایەن ناوەکانەوە دەخرێنە ڕوو وەك

formula and ، ox که ئەمانە بەرامبەر فۆرمە تاکەکانی (formulae and cacti ،oxen ، pianists) cactus؟ ئێمە دەکرێت i- , -s ,-en,-ae- پێناسە نەکەین وەك هەموو ئەلۆمۆرفەکانی تاکە مۆرفیمێکی (کۆ)؟ ئایا پێویستە ئەلەمۆرفی تر بناسینەوە کە پێیان دەوترێت ( بزوێن گۆڕ) بۆ گونجاندنی men ، teeth کە بێ پاشگرن؟ بێگومان ئەم ئەلۆمۆرفانە هیچ لەیەك ناچن لە حونجەکردندا، بەڵام ئەگەر ئەلۆمۆرفەکان ڕێگەیان پێدرا، کە جیاوازبن لە شتێکدا، بۆچی ناتوانین ڕێگە بە ئەمانە بدەین کە جیاوازبن تاڕاددەیەکی زۆر؟ لە چ خاڵێکدا، ئەگەر هەبێت لادانی فۆنۆلۆجی زۆر مەزن دەبێت ؟ بڕوانە (Carstairs,2002: 32) .

ئەمە پرسیارێکی قورسە گفتوگۆکردن بە تەواوی ئێمە دەباتە پاش سنوری پەرتوکێکی ئینگلیزی سەرەتایی ،ڕۆنانی وشە. ئێمە لێرەدا ئاماژەمان پێکردووە بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگادار بکەینەوە کە وریا بێت، لەکاتی خوێندنەوەی هەر دەقێك کە زاراوەی مۆرفیم تیایدا بەکارهاتبێت، بۆ ئەوەی تێبگەن چۆن دانەرەکە بەکاری دەهێنێت. ئەگەر بە بەرجەستانەتر، ئاراستەکرا بێت بەرەو ڕووی حونجەکردن (لە زاراوەکانی i- , -s ,-en,-ae- کە مۆرفیمی جیاواز دەنوێنن)، یان بە واتایی تر ئاڕاستەکرا بێت بەرەو ڕووی واتا یان ئەرکە ڕێزمانییەکان (لە i- , -s ,-en,-ae-) کە هەموو ئەلۆمۆرفەکانی یەك مۆرفیمن) ڕێگایەکی باش بۆ نەهێشتنی سەرلێشێوان لەم مەسەلەیەدا بەکارهێنانی زاراوەی (ڕەگ) و (پاشگر) و ( پێشگر)ە، لە هەر شوێنێك بشێت لە جیاتی مۆرفیم، ئەمە بەهۆی هەرچەندە لەوانەیە ڕێك نەکەوتنێك هەبێت دەربارەی ئەگەری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پاشگرە کۆیانە وەك ئەلۆمۆرفەکانی یەك مۆرفیم، هەموو کەسێك ئەمە پەسەند دەکات کە ئەمانە پاشگری جیاوازن.

ئەم پرسیارە دەربارەی پاشگرەکان کە هەمان ئەرکی ڕیزمانییان هەیە پەیوەندیشی بە کارلێکردنی ئەلۆمۆرفیش هەیە لەسەر ڕەگەکان، وەك wife-wive . لەیەکچونی فۆنۆلۆجی لە نێوان wife-wive دا ، و ڕاستی نۆرەی تەریبی دەبینرێت ( نمونە knife – knive ، house ،house- path ،path- لە هەموویاندا نەبزوێنی کپی خشۆك لە تاکەکەدا جێگۆڕکێ دەکات لەگەڵ هاوشانە گڕەکەی لە کۆکەدا) بناغەی پتەون تاکو پێیان بوترێت ئەلۆمۆرفەکانی یەك مۆرفیم .

لەو زاراوەکانەدا بە ڕوونی ئێمە دەمانەوێت wife ، wives بیناسینەوە وەك دەربرینی فۆرمی تاك و کۆ یەك بەدوایەکی یەك وشەی فەرهەنگی کە wife ە. بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو فۆرمەکانی وشەیەکی فەرهەنگی هەمیشە هاوبەشی هەمان مۆرفیمی ڕەگ دەکات ؟ ئایا هیچ کاتێك ڕووی داوە کە فۆرمی دوو وشە لە ڕووی ڕێزمانییەوە وەك فۆرمەکانی یەك وشەی فەرهەنگی ڕەفتار بکەن، پێناچێت کە ئەوان یەك مۆرفیمی ڕەگیان نەبێت پێکەوە (بە لایەنی کەم ئەگەر (مۆرفیم)ەکە زیاتر واتای بەرجەستەیی ببەخشێت)؟ وەڵامەکە بەڵێیە، بەڵام بە دەگمەن ( بەلایەنی کەم لە ئینگلیزیدا ). ڕەچاوی وشەی فەرهەنگی Go بکە. لەبەرئەوەی کارە، ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە فۆرمی دەمی ڕابردووی هەبێت، و ئەم پێشبینییە بێهیوایی لە دوادا نییە. بە سەرسوڕمانەوە ، هەرچەندە ئەوەی ئەرکی فۆرمی دەمی ڕابردوو دەبینێت، بە went ناو دەبرێت، کە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە تەواو لە فۆرمەکانی تری کارەکە goes ،go ،going ،gone جیاوازە. ئایا پێویستە بڵێین، ئەو کاتە کە go ، went هەردووکیان ئەلەمۆرفی یەك

مۆرفیمن؟ زۆربەی زمانناسان دەڵێن نەخێر، لە جیاتی ئەوە، ئەوان مامەڵە لەگەڵ ئەمە بەو شێوەیە دەکەن کە یەك وشەی فەرهەنگی دەشێت بە دوو( یان زیاتر) رەگی مۆرفیمی تەواو جیاواز خۆیان بنوێنن ( نەوەکو ئەلۆمۆرف ). ئەو زاراوەیەی بۆ ئەم دیاردەیە دانراوە بریتییە لە پاشکۆکردن بەgo ، went دەوترێت کە ڕەگەکانیان جیاوازە و ( بەم شێوەیە مۆرفیمی جیاوازیش) پەیوەندییەکی پاشکۆکراو وەك نوێنەرەکان، لە چوارچێوەی ڕێزمانی جیاوازدا، بۆ یەك وشەی فەرهەنگی. پاشکۆکردن وەك پەیوەندییەك لە نێوان ڕەگەکاندا لە جیاتی لە نێوان ئەلەمۆرفەکاندا، هاوتایە لەگەڵ بۆچوونی (بەرجەستە) ی ئەلەمۆرفی کە ئێستا باس کرا لە پەیوەندی بە پاشگرەکانی کۆدا (Fromkin&etc2003:290).

لە ڕوانگەی ئەلەمۆرفییەوە، دەشێت وا بڕوانرێتە go ، went هەروەك پەیوەندی پاشگرەکان -s، -en،-ae،-i ، بەم جۆرە ئەگەر زاراوەی (پاشکۆکردن) بەکاربهێنرێت بۆ پەیوەندی پێشووتر، پێویستە بۆ ئەمەیش بەکاربهێنرێت. لە ڕاستیدا هەرچەندە پاشکۆکردن بە گشتی بەکاردێت تەنها بۆ ڕەگەکان نەوەك گیرەکەکان. ئەمە بەهۆی پاشکۆکردن کە بە گشتی بەو پەیوەندییە دەڕوانرێت لە نێوان فۆرمەکانی هەمان وشەی فەرهەنگی wife ، بەڵام ئەلەمۆرفی کۆ s،z، iz ناگەڕێینەوە بۆ هیچ وشەیەکی فەرهەنگی، لە جیاتی ئەوە ئەوان بەیەکدەگەن لەگەڵ وشەی فەرهەنگی ناوی بە شێوەیەکی وا کە هەرناوێکی ڕێك تەنها یەکێك لەم ئەلەمۆرفانە هەڵدەبژێرێت لەسەر بناغەکانی پێوانەیی فۆنۆلۆجی.

گفتوگۆکردن بە وردەکارییەوە کە چۆن گیرەکی ڕێزمانی کاردەکات لە ئینگلیزیدا بەم شێوەیە چ وشەیەکی ڕێزمانی پەیوەندی هەیە لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکانی وشەی فەرهەنگی چۆن ئەم وشە ڕێزمانییانە بە ڕێکی دەردەبڕدرێن، چ جۆرە ناوازەییەك دەشێت بنوێنن. چونکە ڕۆڵی مۆرفۆلۆجیی گیرەکی ڕێزمانی لە ئینگلیزیدا زۆر بچوکترە لەو زمانانەی وەك ئەڵمانی و ڕوسی (هەرچەندە زۆرترە لە زمانی چینیدا)، ئەوەی پێویستە بوترێت دەربارەی هەر بەشێکی ئاخاوتن ڕێژەییانە لە چوار دەوردان. هەرچەندە ئەم بەشانە هەلی ڕوونکردنەوە دەبەخشێت بۆ چەند بابەتێکی گشتی و بیرۆکەی تریش (Carstairs 2002:35) .

**٣-١١ فۆرمی جێناوەکان و دیارخەرەکان :**

لە زاراوەسازیدا بە زۆری هەڵسوکەوتی وشەکان ڕەچاو دەکەین کە بەشی کراوەیان پێ دەوترێت وەك ناو، ئاوەڵناو، فۆرمی جێناوەکان و دیارخەرەکان. ئەم بەشانە بۆیە وا ناودەبرێن، چونکە ژمارەیان دەکرێت زیاد بکرێت و لە ڕاستیدا هەمیشە زیاد دەکرێت هەروەك ناوی نوێ دێتە بەکارهێنان. بە پێچەوانەوە خوێنەر پێشبینی ئەوە ناکات لە ئینگلیزیدا بەرەنگاری جێناوێکی نوێ ببێتەوە. (وشەیەك وەك I, She, Us) یان پریپۆزیشنێکی نوێ (وشەیەك وەك In, At, Without). هەرچەندە دیارخەرەکان شایەنی باس کردنن لێرەدا، چونکە هەندێکیان، وەکو ناوەکان جیاوازی نێوان تاك و کۆ دەردەخەن، جێناوەکانیش جیاوازی تاك و کۆ کۆدەکاتەوە لەگەڵ جیاوازییە بێ هاوتاکانیان لە نێوان فۆرمەکانی بکەر و نابکەردا.

ئێمە ئێستا دووچاری جیاکردنەوەی this ، these بووین وەك لە this pianist , these pianists ئەمانە فۆرمەکانی تاك و کۆی وشەی فەرهەنگی دیارخەری this ە.دیارخەرەکانی تر وەك( the, a(n), some)، بەڵام تەنها دیارخەرێکی تر جیاوازی تاك و کۆ دەردەخات: that ، لەگەڵ فۆرمەکانی تاك و کۆدا (That, those) دیارخەرەکانی (that, this) ئەوە پیشان دەدەن کە جیاوازی ژمارە کاریگەری ڕێزمانی هەیە لە ناو فرێزی ناویدا و هەروەها لە نێوان بکەری فرێزی ناوی و کارەکانی لەگەڵیدا دێن. (Carstairs 2002: 38) .

لە زۆر زماندا، جیاکردنەوەی دەربڕینی ئینگلیزی بە ڕێکخستنی وشەیە لە Mary loves John و John loves Mary کە دەربڕینەکە بە هۆکاری گیرەکی ڕێزمانی ئەنجامدراوە لەسەر وشەکانی کە دەگەڕێنەوە بۆMary . لە ئینگلیزیدا هەمان تەکنیك بەکاردەهێنرێت بۆ پۆلێکی داخراوی بچوکی وشەی فەرهەنگی کە بە جێناوی کەسی ناودەبرێن. ئەگەر یەکێك John، Mary جێگۆڕکێی پێبکات لەگەڵ دانانی جێناوی گونجاو لەم دوو نمونەیەدا، ئەنجامەکە وەك لە خوارەوەدا دەردەکەوێت :

He, him.

هەندێك جار دەوترێت کە لە باردا جیاوازن، he دەگەڕێتەوە بۆ باری بکەر و him بۆ باری بەرکار. ئەم جۆرە گیرەکە ڕێزمانییە ڕۆڵێکی پەراوێزخراوی هەیە لە ئینگلیزیدا کە تەنها بۆ جێناوەکان دیاری کراوە، بەڵام ئەگەر سەیری he بکەین وەك وشەی فەرهەنگی دەبێت وای سەیر بکەین کە دوو فۆرمی هەیە he, him جێی سەرسوڕمانە کە بزانین پەیوەندی نێوان فۆرمەکانی بکەر و بەرکار هەمیشە پاشکۆییە وەك I/me, she/her, we/us, they/them تەنها you نەبێت کە هەردوو فۆرمەکەی وەك یەکن. ئەمە هاوتایە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە جێناوەکان زۆر باون و پاشکۆکردن کاریگەری لەسەر وشەی زۆر گشتی هەیە وەك(go) (Akmajan&etc1995:155) .

ئەگەر he, him فۆرمی وشەی فەرهەنگی he بن و we, us فۆرمی we بن، و هەروەها ئەی چی بڵێین لەگەڵ وشەکانی واتای هەبوونی هەیە وەك his, our, her, my, your, their? لە ڕووی ڕستەسازی و واتاسازییەوە، ئەم وشانە هەمان ڕۆڵی فرێزی ناوی دەگێڕن لەگەڵ وێرگوڵی s' بۆ نمونە: his bicycle ، واتە پاسکیلەکە هی ئەوە و that man's bicycle واتە پاسکیلەکە هی ئەو پیاوەیە. ئەگەرێکی تر ئەوەیە، کە بڵێین فۆرمی ئەم جێناوانە بۆ باری سێیەم دەگەڕێنەوە، کە باری خرانەپاڵ یان هەبوون کە بە هۆی فۆرمی وێرگوڵی s' لە فرێزی ناویدا کە تەنها جێناوی کەسی پێك دێن. ڕایەکی تر ئەوەیە کە ئەم وشانە وەك دیارخەربن، چونکە ڕۆڵی دیارخەر دەبینن و ناتوانرێت هاوبەش بکرێت لەگەڵ دیارخەرەکانی تر ( ناتوانین بڵێین *the may hat یان *the that hat)، بەڵام ئەمانە دۆزی ڕستەسازیین زیاتر نەوەك زاراوەسازی. بۆ ئامانجەکانی ئێستامان ئێمە تەنها دەمانەوێت سەرنجی his, ourو ئەوانی تر بدەین کە چۆن ڕەفتار دەکەن، لەکاتێکدا پۆلێنکردنە ڕێزمانییە تەواوەکانیان وازلێ بهێنین بە دیاری نەکراوی .

## ١٢-٣ لێكدراوەكان و فرێزەكان :

( واتە وشە فەرهەنگییەكان نەوەك فۆرمەكانی وشە) كە ڕۆدەنرێن لە وشەی تر بە زۆری بە هۆكارە گیرەكەكان. لەم بەندەدا سەیری لێكدراوەكان دەكەین، واتە ڕۆنانی وشە بە لێكدانی ڕەگەكان، و پۆلێكی بچوكتر لە وشە فرێزییەكان، كە ئەو پێكهاتانەن كە پێكهاتی ناوەكی فرێزەكانن و بەڵام لە ڕووی ڕستەسازییەوە ئەركی وشە دەبینن. هەروەكو ئێمە دەیبینین هەندێ جۆری لێكدراو زۆر باوترن لە ئەوانی تر. هەندێ شێوازی نووسین هەن ( بۆ نمونە، سەردێڕی ڕۆژنامەكان)، كە تیایاندا لێكدراوەكان چەند بارە دەبنەوە. بەڵام یەكەم جار ئێمە پێویستە لەگەڵ هاتوویەك مامەڵە بكەین كە تاكو ئێستا باس نەكراوە، چونكە تاكو ئێستا هەموو وشە ئاڵۆزەكان كە ئێمە سەیرمان كردن بەلایەنی كەمەوە یەك مۆرفیمی بەندیان تێدایە. ڕەگەكان لە ئینگلیزیدا بە زۆری ئازادن نەوەكو بەند. چۆن ئێمە بڵێین، پاشان، كە ئایا جووتە ڕەگێك پێك دێن لە وشەیەكی لێكدراو یان فرێزێك، بەم شێوەیە یەكەیەكی پێكهاتەی ڕستە لە جیاتی وشەیەكی ئاڵۆز ؟

وەڵامێكی ئاشكرا هەموو كاتێك بە دەست نایەت، بەڵام بارێكی تەواو ڕوون هەیە كە ئەوە پیشان بدات كە جیاكردنەوە لە نێوان لێكدراوەكان و فرێزەكان ڕەوایە. ڕەچاوی ئەم دەربڕینانە بكە a green house لەگەڵ واتا پیت بە پیتەكەی، و a green house بە واتای پێكهاتەیەكی شوشەیی (هەموو كاتێك لە ڕەنگدا سەوز نییە!) كە تیایدا ڕووەكی ناسك پەروەردە دەكرێت . جیاوازییەك هەیە لە دەربڕینی دەنگی كە جیاوازی دەكات لە واتاكەیاندا: لە یەكەمیاندا هێزی سەرەكی لەسەرhouse ە، لە كاتێكدا لە دووەمیاندا هێزی سەرەكی لەسەر green ە. ئەم نمونەیە لە جیاوازی واتایی لە نێوان دەربڕینەكاندا كە هێز لە شوێنی بەشەكانی لای چەپ لە (١)- (٥) ، وەك green house ، كە فرێزن، چونكە ئەمە تایبەتمەندێتی فرێزەكانە لە ئینگلیزیدا كە هێز لە دوا وشەدا بێت، ئەگەرنا هەندێك پێچەوانە وترابێت یان شاراوەبێت ( نمونە !They live in a white house not a yellow one )، بەشەكانی لای ڕاست، هێزەكانیان لەسەر وشەی یەكەمە وەكو greenhouse ، بە گشتی بە لێكدراوەكان ئەژماردەكرێن. بۆیە ئەم شێوازە هێزە هەمیشە بۆ ناوی لێكدراو بەكاردێت، نەوەك بۆ لێكدراوەكانی لە بەشە ئاخاوتنەكانی تردا. (Carstairs 2002: 32) .

بەدەر لە هێز، پێوانەی دووەم كە بە ئاساییانە بەكاردێت بۆ جیاكردنەوەی لێكدراوەكان لە فرێزەكان ئەوا لە ڕووی واتاوەیە: لێكدراو بەلای ئەوەدا دەڕوات كە واتایەكی هەبێت كە كەم تا زۆر لە بەشێكی زماندا و پێشبینی نەكراوە. ئەمە ڕاستە بۆ زۆربەی لێكدراوەكان لە (١) – (٥) . ئەم پێوانەییە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، هەرچەندە، كە لە ڕووی واتاوە پێشبینی نەكراو بێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە بەتەواوی لەگەڵ وشەدا بێت. هەموو وەك یەكە، ئەمە ڕاستە كە وشەكان زیاتر بە وشەی فەرهەنگی دەچن زیاتر لە فرێزەكان، بەم جۆرە مامەڵەكردن لە ڕووی واتاوە بۆ بەشێكی زمان وەك پیشاندەرێك لە باری لێكدەر زۆرجار سەرمان لێ تێك نادات .

بڕوانە (Biber2002:91and Scalise1986:92) .

## ٣-١٣ ئاستەنگەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی :

بۆ ئەوەی ئەوە دەربخەین، کە دیاریکردنی مۆرفیم کارێکی ڕێکو پێك نییە و چەندین ئاستەنگی زۆر ڕشت، چارەنەکراو لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیدا هەن.

**ئاستەنگی یەکەم :** نمونەیەك ئەمە ڕووندەکاتەوە، لەوانەیە تۆم وای دابنێت کە automobile وەك یەك مۆرفیم بە واتای (ماشێن) دێت، لە کاتێکدا ( دیك ) لەوانەیە مۆرفیمەکانی auto (خودی) و mobile(جوڵاو) و لە وشەی تریشدا بە هەمان شێوە جیابکاتەوە وەك mobilize ، autograph دیك لە لایەکی ترەوە دەشێت chronometer وەك یەك تاکە مۆرفیم ڕەچاوبکات کە زاراوەیەکی ئەندێشەیی (بینین)ە، بەڵام ( هاری ) دوو مۆرفیم لەم وشەیەدا بەدی دەکات (کات chrono) و (meter پێوانکردن)، ئەم مۆرفیمانە لەم وشانەدا دەبینرێت chronology، photometer، ( سادی )یش مۆرفیمی سێیەم بەدی دەکات er - لە وشەکەدا، هەروەك لە heater بەم شێوەیە (mete کار) بۆ پێوانەکردن er- +، ئەو کەسە یان ئەو شتەی (Stageberg&Oaks2000:91) .

**ئاستەنگی دووەم :** ئەوەیە کەسەکان لەوانەیە ئەو مۆرفیمەی باس دەکرێت بزانن چییە، بەڵام لە پلەی ئاگاداریان لە ئامادەبوونی لە وشەی هەمەجۆردا جیاوازن. ئەمە لەوە دەچێت بۆ نمونە، زوربەی قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی پاشگری کارای /-rə/ دەزانن ( کە بە ar,- or,- er - دەنووسرێت) بە واتای ( ئەوەی کە، ئەو شتەی کە)، و بەدی دەکەین لە نێو ناوە نەژمێردراوەکاندا وەك (actor, singer)، بەڵام زۆریان لەوانەیە لەم مۆرفیمە بە لێڵی تێبگەن لە professor و یان بە تەواوی چاوپۆشی لێبکەن لە voucher، cracker، trumble. بەم شێوەیە ئایا دەتوانین بڵێین کە sweater ترپەی تەواوی هەیە لە er- هیدا کە وەك وشەیەکی دوو مۆرفیمی ڕەچاوی بکەین؟ ئەمە لەلایەن تاکەکانەوە بە جیاواز وەردەگیرێت. بارێکی سادەتر لەم کۆمەڵە وشەدا دەبینرێت:,nose, noseful, nosey, nasal, nuzzle nozzle, nostril, nasturtium. تەنها کەسێکی خاوەن زانیاری زمانناسی مۆرفیمی nose لە هەر یەکێك لەم وشانەدا دەبینێت. کەسانی تر بە دیدی جیاوازەوە بە ئاگاییان نیشان دەدەن.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تاکە مۆرفیمی کەسێك هی یەکێکی تر نییە. ئەمە نابێتە هۆی تێڕوانینێکی قوڵ، هەرچەندە دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی مشتومڕکردن، لەبەر ئەوەی ئێمە باسی مۆرفیمەکانی زمانی ئینگلیزی دەکەین، نەوەك تەنها مۆرفیمە تاکەکانی لەلایەن ( تۆم و و دیك و هاری و سادی ) داهێنرابوون. بەڵام لە خودی زماندا گیروگرفت لە شیکارکردنی مۆرفیمدا هەیە لەبەر ئەوەی زمان بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، گیروگرفتێکی تر پشت گوێ خستنە. مۆرفیمەکان لەوانەیە بە هێواشی بزر ببن بەرەو پشت گوێ خستن پاش دەیەها ساڵ و سەدە تێدەپەڕن، کاردەکەنە سەر ڕوانینمان بۆ سەر مۆرفیم دروستکردن. بۆ نمونە دەتوانین دڵنیا بین کە troublesome, burdensome, lonesome, cuddlesome وشەی دوو مۆرفیمین کە لە مۆرفیمێکی بنج و مۆرفیمێکی پاشگر some پێك دێن. Winsome هەرچەندە بنجێکی پشتگوێخراوی هەیە (لە ئینگلیزی کۆندا wynn واتە خۆشی) لەبەر ئەوە وشەکە ئێستا تاکە مۆرفیمە. لە نێوان ئەم دوو کۆتاییەدا وشەی وەك ungainly هەیە. ئەمە بێگومان

واتای ( بێدەسکەوتن )ە ، بەڵام gainly واتای چییە؟ بە دڵنیاییەوە وشەیەکی باو نییە. لە فەرهەنگەکانی ئێستادا پێی دەوترێت rare, obsolete, dialectal یان هەر نییە. بەم شێوەیە دەشێت بە ungainly بڵێین کە وشەیەکە لە یەك یان دوو یاخود سێ مۆرفیم پێك هاتووە؟.

ئاستەنگێکی تر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت هەرکاتێك زمان دەگۆڕێت خوازەکان دەفەوتێن. با مۆرفیمی (prehend دەگرێت) وەربگرین وەك نمونەیەك لە (apprehend دەگرێت یا دەوەستێت) و prehensible بە ڕوونی واتاکەی دەپارێزێت، بەڵام لە comprehend دا خوازەکەی (گرتنە بە مێشك) لەوە دەچێت فەوتا بێت، و واتای وشەکە ئەمڕۆ تەنها (تێدەگات)ە. ئایا هێشتا مۆرفیمی prehend ی تێدایە؟ بارێکی تر دەبینین لە ( bankrupt تەختەکی شکاو)، مۆرفیمی bank بە واتای تەختەك لەوانەیە ڕەها بێت، بەڵام rupt ئەمڕۆ ماوەتەوە لە rupture, interrupt خوازەی نەژاد فەوتاوە، هەرچەندە واتای ئەم دوو مۆرفیمە ئەو واتایەی نییە کە ئێستا bankrupt هەیەتی، ئایا وشەکە بەم شێوەیە یەك مۆرفیمە؟

دواباسی ئەم مەسەلەیە واتای زیادکراوە، ئەوە خۆی لەخۆیدا گیروگرفتە. واتا زۆر بە زەحمەت بە دەست دێت، کاتێکیش خوازەکانی وشەیەك واتاکانیان بەرەو ناجێگیری دەڕۆن و ون دەبن، یاخود پێکەوە نامێنن. بۆر نمونە ڕەچاوی مۆرفیمی pose (place) بکە لە (question a pose) واتاکە ڕوونەو لەوانەیە پارێزراو بێت لە .(between place) interpose ،بەڵام لە suppose, repose واتا پێدەچێت ون بووبێت. لە نێوان ئەم کۆتاییانەدا وشەی وەك compose, depose, impose, prepose, transpose، کە واتای pose پێدەچێت جیاوازییەکی کەمی تایبەتی لە پێکهێنانەکان وەرگرتبێت. کاتێك هەموو ئەم وشانە، بەم شێوەیە، دەکرێت بوترێت کە مۆرفیمی pose (شوێن)ی تێدایە؟ ئەمانە هەندێك گیروگرفت بوون لە شیکردنەوەی مۆرفیم کە زمانناسەکانی سەرقاڵ کردووە(McCarthy 2002:43) .

وەك پێوانەیەکی پراکتیکی، کاتێك شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆجی پێشکەش دەکەین، ئێمە لە ڕووی هاوکاتبوونەوە لە بری ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە کار بکەین. بە واتایەکی تر ئێمە مۆرفیمەکان لەسەر بنچینەی ئەوەی کە چی دەگەیەنن دەناسێنین و چۆن ئەرك دەبینن لە زماندا ئێستا، لە باتی ئەوەی لەسەر بنچینەی واتا و ئەرکی پێشوویان پێناسەیان بکەین. هۆی بۆچوونی هاوکات بوون لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیدا، بە تایبەتی لە کۆرسی پێشەکیدا، زۆر ڕوون بوویەوە ئەگەر ئێمە ئاڵۆزییەکانی کە دەشێت دەربکەون لە ڕووی مێژووییەوە ڕەچاو بکەین. بۆ نمونە لە دۆخی وشەی daisy دا، کارێکی پەسەندکراو نییە کە چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە زۆربەی خەڵکی هەرسێ مۆرفیمەکە سەرنج بدەن کە ئامادەبوونی مێژوویان لەم وشەدا هەیە کە ئێستا زۆر بە کەمی جیادەکرێنەوە لە فۆرمی ئێستای و واتا مێژووییەکانیشی چیتر، لە تێگەیشتنمان دەربارەی واتای وشەکە، فاکتەرێك نین .

### ٣-١٤ فۆرمەکانی ناوی مێینە :

زمانی ئینگلیزی گروپێکی بچوکی لە پاشگرە دارێژراوەکانی مێیینە هەیە. تەنها یەکێك نەبێت لەمانە کە (-ster) هەموویان لە نەژادی بیانیین. ئەمانە خراونەتە سەر فۆرمی نێرینە یان بۆ سەر مۆرفیمی بنج. وا لە خوارەوە لیستێك خراوەتە ڕوو بۆ زۆربەیان، لەگەڵ نمونەی ناوە مێیینەکان کە ئەم مۆرفیمانەیان پێوە لکاوە و بەرامبەریشیان فۆرمە نێرینەکانە .

| Suffix(پاشگر) | Masculine ( نێر) | Feminine(مێ) |
|---|---|---|
| 1. –e | fiancé | fiancée |
| 2. –enne | comedian | comedienne |
| 3. -ess | patron | patroness |
| 4. -etta | henry | Henrietta |
| 5. - ette | usher | usherette |
| 6. - euse | masseur | masseuse |
| 7. -ina | George | Georgina |
| 8. -ine | hero | heroine |
| 9. -ster | spinner | spinster |
| 10. -stress | seamster | seamstress(= - ster+ -ess) |
| 11. –ix | aviator | aviatrix |

(Stageberg&Oaks2000:104) .

ئەم پاشگرانە جیاوازن لە ڕووی چالاکییەوە لە -ess ەوە کە بڕشترینیانە بۆ -stress کە وەك پاشگرێکی مێیینە بە تەواوی فەوتاوە. بۆیە دەڵێین ئەمە ئێستا بەکارنایەت بۆ ڕۆنانکردنی وشەی نوێ. دوو دانەیان، -enne-, euse تەنها لە وشە خوازراوەکانی زمانی فەڕەنسی دەردەکەون. -eیش هەر لە زمانی فەڕەنسییەوەیە، کە تەنها ڕێنووسییە و لە وشە وتراوەکان نابیسترێت. -ster ئێستا پاشگری مێیینە نییە، باس لە هەرکەسێك دەکات، کە نێربێت یان مێ:gangster, youngster, prankster.

ئەم پاشگرە مێیینانەی لە سەرەوەن و ئەو وشانەی بە یارمەتی ئەوان ڕۆنان دەکرێن پێویستە بە ژیرانە بەکاربهێنرێن. ئەم وریاییە تەنها لەسەر وشە دیارەکانی هێرشکردنە سەر وەك ster-spin کاری پێناکرێت، بەڵکو لەسەر فۆرمە بە ڕواڵەت فۆرمی بێ زیانن وەك poetess یش. هەرچەندە هەندێك کەس ڕەچاوی فۆرمی مۆرفۆلۆجی جیاکەرەوە لە نێوان ژن و پیاو ناکات، هەندێکی تر وای دەبینن، کە ئەم جیاکردنەوانە پێویست نین و تەنانەت لەوانەیە سوکایەتیش بن بۆ ژن. بەڵام لەبەرئەوەی پاشگرە مێیینەکان هێشتا باون لە دەقەکانی پێشوو بەکاردێن، بۆ ئێمە گرنگن بۆ ئەوەی ئاشنایان بین.

پاش ئەوەی لەسەرەوە باسکران، زمانی ئینگلیزی نزیکەی پەنجا جوت وشەیەکی هەیە بە فۆرمی جیاواز بۆ نێرینە و مێیینە، بۆ نمونە: bull, cow-uncle, aunt-gander, goose . بەڵام ئەمانە پەیوەندییان بە فەرهەنگ دانانەوە هەیە زیاتر وەك لە مۆرفۆلۆجی، و ئێمە پشتگوێیان دەخەین (Katamba2006:227).

**۱۵-۳ فۆرمەکانی ناوی بچوککراوە :**

لە زمانی ئینگلیزیدا شەش پاشگری بچوککراوە دەبینرێن. هەندێك لە مۆرفیمەکان هەن کە واتای بچوکی یان خۆشەویستی یاخود هەردووکیان دەگەیەنن :

1. –ie, -i, -y as in auntie .

2. –ette as in dinette .

3. –kin, -ikin, -kins as in babykins .

4. –ling as in duckling .

5. -et as in circlet .

6. -let as in booklet .

بزوێنەکانی ئەم پاشگرە بچوککراوانە بریتیین لە سێ بزوێن: /i/ ، /ɪ/، /ɛ/.

پاشگری یەکەم بە /i/ گۆ دەکرێت و بە ie-, I-, y- ڕێنووس دەکرێت و زۆر بە بڕشتە، ئەوە زۆرجار بە ناوە یەك بڕگەییەکانەوە دەلکێت بۆ پێشنیارکردنی خۆشەویستی و هۆگری، یان بچوککردنەوە، وەك: Johnny, Janey, Jackie, Mikey. بە هەمان شێوە بە ناوە باوەکانیش دەلکێت، هەندێك جار بیرۆکەی بیرۆکەی بچوککراوە دەربارەی بەشداربوویەك لە گفتوگۆ دەردەخات زیاتر لەوەی دەربارەی ئەو کەسەی یان شتەی بۆی دەگەڕێتەوە، هەروەك لە doggie, sweetie, birdie, mommy.

پاشگری دووەم بە هەمان شێوە لە بەکارهێناندا چالاکە بە گشتی بۆ دەرخستنی بچوکی. واتە dinette ڕووبورێکی بچوکی خواردنە وroomette بریتییە لە ژورێکی بچوك .

چوار پاشگرە بچوککراوەکەی تر لە زمانەکەدا هەن وەك بچوککراوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن بەدی دەکرێن ئەگەر بخرێنە سەر ناوی نوێ بە کورتی، بە بڕشت نین، چالاك نین، لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێك وشەدا وەك لە cabinet, toilet دا واتای پاشگری بچوککراوە ون بووە بە شێوەیەکی کەم یان گرنگی نەماوە.

سەرەڕای ئەم شەش بچوککراوە، هی تریش هاتونەتە ناو زمانی ئینگلیزی وەك وشەی خوازراو. ئەمانە بچوککراوە بوون لە زمانی خۆیاندا، بەڵام مۆرفیم نین لە زمانی ئینگلیزیدا. بۆ ڕوونکردنەوە هەندێك لەمانە دەخەینەڕوو (Lieber2010:91) .

| | | |
|---|---|---|
| mosqu*ito* | pan*el* | Venezu*ela* |
| bamb*ino* | mors*el* | quart*et* |
| armad*illo* | dams*el* | bull*etin*( two successive diminutives here) |

زۆربەی ئەم پاشگرە خوازراوە بچوککراوانە کە سەرنجی دەدەیت بزوێنی ,/i/ ,/ı/ ,/ɛ/یان تێدایە، ئەم بزوێنانە بە زۆری کەمدەکرێنەوە بۆ /ə/ لە ئینگلیزیدا، چونکە هێزی لەسەر نییە. تەنها چوار پاشگرەکەی دوایی بزوێنی پێشەوەی /ə/ یان نییە لە پاشگری بچوککراوەدا. لەگەڵ ئەمەشدا نزیکەی زۆربەی ئەم پاشگرانە واتای بچوککراوەیی تیایاندا ون بووە، کە پێشتر پارێزراو بووە تیایاندا .

**١٦-٣ ئەلۆمۆرفەکان :**

پێویستە کە تێگەیشتنمان دەربارەی مۆرفیم فراوان بکەین. تاکو ئێستا ئێمە مۆرفیممان وەك فۆرمێکی مۆرفیمی نەگۆڕ باس کردووە، بەو شێوەیەی کە حونجە دەکرێت. بەڵام دەشێت سەرنجی گۆڕانی ناو بە ناوی فۆرمی مۆرفیمت لە وشەی وەك pressure مۆرفیمی press کۆتایی دێت بە /Š/ ، لەکاتێکدا هەمان مۆرفیم بە تەنیا دەبینرێت وەك وشەی press کە بە /s/ کۆتایی دێت. هەروەها مۆرفیمی یەکەمی depthبە /dɛp/ حونجە دەکرێت، بەڵام هەمان مۆرفیم لە وشەی deep کە فۆرمی فۆنەتیکی /dip/ ی هەیە دەردەکەوێت. بۆیە ئێمە دەبینین کە مۆرفیمێك دەشێت زیاتر لە فۆرمێکی فۆنەتیکی هەبێت، پاشان دەگەڕێینەوە بۆ پاشگری دەمی ڕابردوو مۆرفیمی( -D pt) ، کە مۆرفیم سێ فۆرمی فۆنەتیکی هەیە. هەڵبژاردنەکە پشت بە دەنگی پێش ئەو پاشگرە دەبەستێت. پاش نەبزوێنی /t/,/d/ ، دەنگەکە /əd/ ە، وەك لە /parted/partəd/, faded/fedəd . پاش نەبزوێنی کپی بێجگە لە /t/ ئەوا/t/ دەبێت، وەك لە passed/pæst/, laughed/læft/ . پاش دەنگێکی گڕ بێجگە لە /d/ ئەوە دەنگەکە /d/ دەبێت، وەك لە seemed/simd/, begged/bɛgd/. هەروەها ئەم سێ فۆرمە فۆنۆتیکییەی ( -D pt) ئاڵوگۆر ناکرێن. دەرکەوتنی یەکێك یان ئەوی تر پشت بە ژینگەی فۆنۆلۆجی دەبەستێت، لەم بارەدا دەنگی پێش پاشگرە. ئەم شێوازی دەرکەوتنی فۆرمی پەیوەندیدارە کە هەرفۆرمێك شوێنی خۆی پڕدەکاتەوە و بواری ئەوی تر نابەزێنێت، ئەوا پێی دەوترێت دابەشکردنی تەواوکاری. کاتێك فۆرمی پەیوەندیداری دەستەیەك، هەروەك فۆرمەکانی ( -D pt) هەمان واتایان هەیە و لە دابەشکردنی تەواوکاریدان، ئەمانە پێیان دەوترێت ئەلۆمۆرفەکان، یان گۆڕاوی شوێنی و سەر بە هەمان مۆرفیمن، بۆیە ئێمە دەڵێین کە مۆرفیمی ( -D pt ) سێ ئەلۆمۆرفی هەیە: /-t/, /-əd/, /-d/ ئەمانە لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

{ -D pt } = /-əd/ ~ /-t/ ~ /-d/

کەوانە بۆ مۆرفیم و هێڵی لاریش بۆ ئەلۆمۆرف بەکاردێن. نیشانەی(~) بە واتای ( لەگەڵ هەموو گۆڕانێکدا ) . پێویستە جەخت بکرێتەوە کە زۆربەی مۆرفیمەکان لە ئینگلیزی تەنها یەك فۆرمی فۆنەتیکی هەیە، واتە یەك ئەلۆمۆرف - بۆ نمونە مۆرفیمەکانی {boy}، {-hood} هەر یەکێکیان یەك ئەلۆمۆرفی هەیە /dʊh/, /yɔb/ هەروەك لەboyhood .

پێویستە تێگەیشتنمان بۆ مۆرفیمەکانی ئازاد و بەند پوخت بکەین. لە ڕاستیدا ئەوە مۆرفیم نییە، بەڵکو ئەلۆمۆرفەکە ئازادە یان بەندە. بۆ نمونە مۆرفیمی {louse} ڕەچاو بکەین. ئەمە دوو ئەلۆمۆرفی هەیە. ئەلۆمۆرفی ئازادی /laws/ هەروەك ناوێکی تاك و ئەلۆمۆرفی بەند /-lawz/ لە ئاوەڵناوی ( lousy ) یەوە (Aronoff1976:105) .

## ٣-١٧ پرۆسەی ڕۆنانی وشە :

باشترین خستنە ڕووی پرۆسەی هەمەجۆری ڕۆنانکردنی وشە لە وشەی hamburger کۆ دەبنەوە. وشەکە لە ناوێکەوە پەیدابووە شاری hamburg ، لە ئەڵمانیا. پاش پێکهاتنی وەك وشەیەك بۆ جۆرێك لە بابۆڵە، وشەکە hamburger بە هەڵە وەك وشەیەکی لێکدراو لێکدراوەتەوە کە burger وەك مۆرفیمێك پێویستی بەو بارەیە. ئەم ڕاڤەکردنەی hamburger وەك لێکدراوێك بووە ڕێخۆشکەرێك بۆ دروست بوونی هەندێك وشەی نوێ وەك baconburger, fishburger, cheeseburger . وشەی hamburger، بەم شێوەیە پرۆسەکانی کە ئێمە لەم بەندەدا باسیان دەکەین دەخاتە ڕوو وەك بە نازناوکردن و لێکدان و لەیەکچوونی گشتی .

پێشبینی کراوە کە زمانی ئینگلیزی لە ملیۆنێك وشە زیاتری تێدایە، کە نیوەی کەمتریان لە فەرهەنگە تەواوەکاندان. زۆر ئاساییە کە بپرسین کە ئەم هەموو وشانە لە کوێوە هاتوون. وەڵامەکە قوڕس نییە بزانین.

<u>یەکەم</u>: زمانی ئینگلیزی کرۆکێکی وشەی تێدایە کە هەمیشە بەشێك بووە لێی بە درێژایی مێژووەکەی ، ٥٠٠٠ ساڵ زیاتر. ئەمانە هەندێك نمونەن : of, with, he, I, fire, eat, father, man, foot, sun.

<u>دووەم</u>: بە ئینگلیزی کردن بەخێوکەرێکی گەورەی وشەیە لە زمانەکانی ترەوە بە درێژایی مێژووەکەی، و ژمارەیەکی ئێکجار زۆر لەم وشە وەرگیراوانە ئێستا لە زمانەکەدان. ئەمە لە ئەنجامی داگیرکردن و کۆچ کردن، دۆزینەوە، بازرگانی و ڕێگای تری پەیوەندی نێوان ئینگلیزی و زمانی بیانی. لە خوارەوە هەندێك نمونەی ئەم وشە خوازراوانە خراونەتە ڕوو. لە زۆربادا وشەیەك دەشێت تێپەڕبێت، بە خواستن، لە زمانێکدا یان چەند زمانێك پێش ئەوەی بێتە ناو ئینگلیزییەوە. بارێك لەمانە وشەی ناوی کۆی عەرەبی

hashshashin تلیاك خۆران، كه چۆته ناو زمانی فەڕەنسی به فۆرمی assassin و له فەڕەنسییەوه له لایەن ئینگلیزییەوه خوازراوه (بڕوانه Sinclair2006:62) .

| English Word | Source Language | Meaning in Source Language |
|---|---|---|
| 1. Chauffeur | French | stoker of train engine, driver |
| 2. Campus | latin | field, plain |
| 3. Window | Old Norse | wind eye |

به چاوپێداخشانێكی زانستی نەژادی وشەدا لەو فەرهەنگانەی كه له بەردەستدان، ئەمانه بەشێكن له دانه فەرهەنگییەكانی ناو كەوانەكان كه بیرۆكەیەكت پێدەدەن دەربارەی بڕی ئەو وشه خوازراوانەی كه له ئینگلیزیدا هەن و دەربارەی ئەو زمانه زۆرانەی بەشدارییان كردووه له وەی وشەی ئینگلیزی دەوڵەمەند و پڕ بێت. بێجگه له خواستن زمانی ئینگلیزی وشەی نوێ پێك دەهێنێت به هۆی پڕۆسه ئاسان ناسراوەكان كه له لایەن بەكارهێنەرانی ئینگلیزییەوه بەكاردێن.

**١. لێكدان : compounding**

لێكدان به سانایی پێكەوه لكانی دوو یان زیاتری وشەیه بۆ یەك وشه، هەروەك له (long-haired) ، لێكدراوەكان دەشێت وەك یەك وشه بنووسرێت، وەك وشەیەكی جیاكراوه به هێڵێكی بچوك، یان وەك دوو وشه. ناو به ناو زەحمەته بۆ وشەیەك، كه بڵێین لێكدراوه یان نا، بەراوردی (despite with in spite) بكه .

19.

Breakfast

Skywarn

High school

### ٢. داتاشين : clipping

داتاشين ڕۆنانی وشەی نوێیە بە لێکدانی گیرەکە داڕێژراوەکان یان بنجە بەندەکان لەگەڵ وشەی مەبەست وەك (teleplay, emplane )، زۆر جار لە گەرمەی قسەکردن و نووسیندا ڕۆنان دەکرێن. تۆ تێبینی ئەوە دەکەیت، کە لەوانە یەکسەر تێبگەیت، چونکە واتای بەشەکان دەزانرێت .

20. (Paratrooper) کە لە هەردوو وشەی

( parachutist +trooper ) داتاشراوە .

### ٣. داهێنان : Invention

ناوبەناو ناوی نوێ پەیدا دەبێت وەك( dingbat,nylon)، بەڵام کەمێکیان ڕێگە دەدۆزنەوە بۆ وشەسازی باو. وەك :

21. Teleplay

22. Ecosystem

### ٤. زایەڵەبوون ( لاسایی کردنەوە ) Echoism :

زایەڵەبوون بریتییە لە ڕۆنانی وشە کە دەنگەکانیان پێشنیازی واتاکانیان دەکات وەك hiss, peewee . واتاکە هەمیشە دەنگێکە، کە (یان سروشتییە) وەك raor (خورە)ی تاڤگە یان دەستکرد وەك clang (لەرە)ی زەنگ، بەڵام واتاکە دەشێت ئەو بونەوەرەبێت، کە دەنگەکەی لێوەدێت وەك bobwhite (جۆرە مەلێکە) نمونە : (moan , murmur ) لە ئەدەبدا، بە تایبەتی هۆنراوە، ئەوا تۆ پڕۆسەی ( پێکهێنانی وشە بە دەنگەکەیان ) دێتە بەرچاوت ( Stageberg&Oaks2000:129).

### ٥. کرتاندن :

کرتاندن واتای لێکردنەوەی سەرەتا یاخود کۆتایی وشەیەك، یان هەردووکیان، و هێشتنەوەی بەشێك لە جیاتی هەموو وشەکە. فۆرمی لێکەوتە پێی دەوترێت وشەی کرتاو. زمانی تایبەت بە کەمپی زانکۆ وشەی کرتاوی تێدایە هەروەك ئەم نمونانە پێشنیازدەکەن، کرتاندنی کۆتایی وشە باوترە و بە زۆری ناوەکان دەچنە ژێرباری ئەم پڕۆسەیە. کرتاندن فۆرمی نوێی ئازاد لە زماندا ڕۆدەنێت .

هەندێك وشە، كە بەشی پێشەوەیان كرتاوە كەمترباون، وەك phone, plane.

تەنها چەند وشەیەكی كەم ڕۆنراون بە كرتاندنی سەرەتا و كۆتایی وشە، چوار وشەی باو هەن (flu, lix , still and fridge ) .

وشە كرتاوەكان تەنها ڕۆنان ناكرێن لە وشە تاكەكان، بەڵكو لە یەكە ڕێزمانییەكانیش وەك دیارخەر + ناو بۆ نمونە paratrooper كرتاوە لە parachutist trooper. لەم بارانەدا بە زۆری بەشی یەكەم كورت دەكرێتەوە و بەشی دووەم دەمێنێتەوە. هەروەها دوو وشەی یەك لە دوای یەك دەشێت وشەیەكی نوێ ڕۆنان بكەن وەك :

23. Sitcom = situation comedy.

### ٦. ڕۆنان بەسەرەتاكان :

ڕۆنان بە سەرەتاكان پرۆسەی وشەیەكە كە ڕۆنان دەكرێت لە پیتە سەرەتاكانی چەند وشەیەكی دوای یەك. لە هەندێك باردا سەرەتاكان دەردەبڕدرێن وەك MP(military police or Member of Parliament )لە هەندێكی تریاندا پیتە سەرەتاكان وەك وشەیەك حونجەدەكرێن بۆ نمونە (radio detecting and ranging )لە وشەی radar دا نمونەی ڕۆنان بە سەرەتایەكە كە بە پیتی بچوك دەنووسرێت و بنچینەی ئەم ڕۆنانە سەرەتایە نەزانراوە لەلایەن زۆربەی قسەكەرانەوە. (Stageberg&Oaks2000:130 ) .

لە ماوەی بەشی كۆتایی سەدەی بیستدا ڕۆنان بە سەرەتاكان زۆر بەكارهاتووە. ئەم وشانە مەیلی زۆرتیابوونیان هەیە لە ڕێكخراوە گەورەكان وەك سوپا، میری، كاری گەورە. كە لەوێدا شێوەی ڕێك بۆ زاراوەی دوور و درێژ پێشكەش دەكەن. هەندێك كار ناوی ڕۆنان بە سەرەتا بەكاردەهێنن، وەك :

زۆربەی ڕۆنان بە سەرەتاكان بەكاردەهێنرێن و لێیان تێدەگەین تەنها بە سەرەتاكانیان لە بوارێكی باسكراودا. وەك زاراوەی پزیشكی و هەندێكی تر بەربڵاوترن وەك ئەوە وایە كە هەندێك ڕۆنان لە سەرەتادا لە هەندێك شوێندا بەكاردەهێنرێن و لە شوێنی تردا لێیان تێناگەن.

### ٧. تێكەڵ كردن :

تێكەڵكردن بەیەكەوە بەستنەوەی دوو وشەیە بۆ ڕۆنانی یەك وشە، هەمیشە بەشی یەكەمی وشەی یەكەم و بەشی كۆتایی وشەكەی تر، وەك لە alcohol+ gasoline = gasohol. ئەنجامی تێكەڵكردن

هاوبەشی واتای بنچینەیی هەردووکیان دەکات. زۆربەی تێکەڵ کراوەکان جارێك وشەن، و بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمێکیان دەبنە دانەی فەرهەنگی. وشە کرتاو و تێکەڵکراوەکان بە تەواوی لێك جیاناکرێنەوە و هەندێك وشە دەشێت لە هەردوو پرۆسەکەدا بەدی بکرێن (Stageberg&Oaks2000:91).

## ٨. ڕۆنانی پشتەوە :

ئەگەر کەسێك پرسیارت لێ بکات ?What does a feeper do وەڵامەکەت بێگومان بەم شێوەیە دەبێت of course , He feeps، چونکە ئەمە لە مێشکدا هەیە هاوشێوەی وشەکانی ( tell , teller- write,writer) کە تۆ بیردەکەیتەوە لەوانەیە بە بێ ئەوەی هەست بکەیت بە پێی لەیەکچوونی ئەم فۆرمانە وشەی feeper پێویستە کارێکی هاوشانی هەبێت کەfeep ە. بەم شێوەیە، لە ڕابردوودا، لە کاتی هاتنی ئەم وشانە. بۆ زمانی ئینگلیزی، قسەکەران دوای هەمان لەیەکچوون کەوتن و ئەم کارانەیان ڕۆن کرد، کە پێشتر نەبوون. ئەم پرۆسەیە پێچەوانە کردنەوەی شێوازی نەریتەکانیانە بۆ ڕۆنانی وشە، کە لەوێ ئەوان بە کارێك دەست پێدەکەن وەك speak و مۆرفیمی کارای (ER n) زیاد دەکەین و ناوی speaker ڕۆ دەکەین ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت ڕۆنانی پشتەوە. دەشێت بریتیی بێت لە ڕۆنانکردنی وشەیەك لە وشەیەك کە لە داڕێژراوەکەی دەچێت. نمونەیەك hedgehopلە ناوی hedgehopper . لە ئەمڕۆدا ڕۆنانی پشتەوە سەرچاوەیەکی چالاکە بۆ وشە نوێیەکان .

٢٤.

ناوی greed ڕۆنانی پشتەوەی ئاوەڵناو greedy یە. جووتە وشەی revision-revise ، -supervision supervise زۆرباون لە ئینگلیزیدا . لەم لەیەکچوونە چ کارێك ڕۆنانی پشتەوەی (television)ە.

بڕوانە (Crystal 2003:76, Stageberg1976:121) .

## ٩. لەیەکچوونی میللی :

زاراوەی تێنس (let ball) ڕوونکردنەوەیەکی باش بۆ پرۆسەی داهاتوومان پیشان دەدات. لەیەکچوونی میللی وشەی let واتای کۆنی خۆی پاراستووە، کە ( دەپارێزێت ) بووە و باو بووە لە زمانی شکسپیردا let ball. بریتییە لەوەی کە نایەڵێت تۆپەکە ڕێڕەوی خۆی بگرێت بە بەرکەوتنی بە سەرەوەی تۆرەکە. ئەمە بە تەواوی وشەیەکی جیاوازە لە let کە واتای ( ڕێگەدان ) ە. بەڵام ئەگەر نوێکارێك گوێی لەم وشەیە بێت لە یاریگای تێنس لەوانەیە بە net تێی بگات، چونکە /n/ , /l/ دەنگی زۆر دوورنین لە یەکەوەو net واتادارترە لە let بۆ ئەو. بەم شێوەیە ئەو لەوانەیە زاراوەی net ball بەکاربهێنێت تاکو بۆی ڕاست دەکرێتەوە لەلایەن یاریزانێکی شارەزاتر .

ئەم پرۆسەیە گۆڕینی وشەیەك لە بەشێك یان هەموویدا بۆ ئەوەی زیاتر لێوەی تێبگەین و زیاتر وەك وشەیەكی باوی لێبكەین، هەرچەندە بە پێی بنەما نەژادییەكەیەوە نادروست بێت، بە لێكچوونی میللی ناسراوە.

هەندێك لەیەكچوونی میللی لە قسەكردنی چەند تاكێكی دیاریكراو پێك دێن، بەڵام زۆر بەربڵاو نییە لە نێوان قسەكەرانی زماندا بۆ ئەوەی لە فەرهەنگدا گۆڕانكارییەكان پێویست بن. هێشتا ئەم جۆرە فۆرمانە سەرنج ڕاكێشن دەربارەی ئەوەی دەریدەخەن و چۆن هەندێك لە قسەكەران وشەی دیاریكراو هەست پێدەكات. ڕەچاوی بەكارهێنانی verging بكە لە جیاتی virgin لە ناوی شوێنی "The Virgin Island" یان ئەو كەسانەی كە "very close veins" .

## ١٠. بە نازناوكردن :

بە نازناوكردن واتای ڕۆنانكردنە لە ناوێك، كارێك یاخود ئاوەڵناوێكی باو لە ناوی كەسێك یان شوێنێك. بۆ نمونە وشەی frisbee لە Frisbee هاتووە. زاراوەی vandal لە Vandals ەوە دارێژراوە، كە خەڵكی ئەڵمانین و لە پانزدە هەزار ساڵ لەمەوپێش باشووری ئەوروپایان داگیركرد و ڕۆمایان لەسەدەی پێنجەمدا تاڵان كرد. ناوە مێژوویی و ئەدەبییەكان زۆر ناوی گشتی پێداوین. خۆشەویستێك بۆ نمونە دەشێت پێی بوترێت ( a romeo) ئەگەر ئەو زۆر ڕۆمانسی بێت لەوانەیە بە waterloo بگات لە سەر دەستی هەندێك( sheba or jezebel ) ( Stageberg&Oaks2000:134) .

## ١١. دووبارەكردنەوە :

دووبارەكردنەوە پرۆسەی ڕۆنانكردنی وشەی نوێیە بە دووبارەكردنەوەی مۆرفیمێك، هەمیشە لەگەڵ گۆڕانی بزوێن یان نەبزوێنی سەرەتا. هەروەك لە (pooh-pooh, tiptop) بنەڕەتی پێكهێنانی ئەم جۆرە پرۆسەیە پێكهێنانی مۆرفیمێكە، كە بە زۆری نیوەی دووەمە، وەك dally-dilly ئەو دەشێت نیوەی یەكەم بێت وەك ticktock یان هەردوو نیوەكەی وەك singsong یان هیچ نیوەیەك وەك woogle-boogie، بەڵام وشەی دووبارەكردنەوە سێ واتای پەیوەندیداری هەیە لەگەڵ گفتوگۆكەمان بە پرۆسەكە،و ئەنجامی پرۆسەكە (وشە نوێ یەكە)، و ئەو بەشەی دووبارە بۆتەوە با ئێمە ئەوە تێكەڵ نەكەین بە ناونانی ئەمانە بە ( وشەی جمك ) .

١. مۆرفیمی بنج دوبارەكراوەتەوە بە بێ گۆڕان .
   نمونە : clop-clop , tick-tick .
٢. مۆرفیمی بنج دووبارە دەكرێتەوە لەگەڵ گۆڕانی نەبزوێنی سەرەتا.
   نمونە : fuddy - duddy .

٣. مۆرفیمی بنج دووباره دەكرێتەوه لەگەڵ گۆڕانێك لە بزوێندا .

نمونه : criss-cross .

بزوێنی یەكەم هەمیشه بزوێنی پێشەوەی بەرزه /ı/و دووەمیان بزوێنێكی نزمه /ɔ/ ,/æ/, /a/.

نمونه : zigzag , pingpong .

(بڕوانه Aronoff1976:79)

**٣-١٨ وێنەباری ناوی :**

وێنەی باری ناوی بەم جۆرەی خوارەوەیه :

| Forms:(فۆرم ) | Stem(قەد) | Plural(كۆ) | Possessive(خاوەندارێتی) | Plural+ Possessive |
|---|---|---|---|---|
| Inflectional suffixes | | { s – pl } | { -s ps } | { -s pl ps } |
| Models: | doctor | doctors | doctor's | doctors' |

ئەم چوار فۆرمی وێنەباره لەوپەڕیدایه، هەموو ناوێك ئەم چوار فۆرمەی نییه. زۆربەی ناوەكان فۆرمەكانی خاوەندارێتی وەرناگرن لەبەرئەوەی پێكهاتەی of زۆر جار شوێنی مۆرفیمی (-s ps) دەگرێتەوه. بۆ نمونه یەكێك زیاتر دەڵێتthe ceiling of the room له جیاتی the room's celling له زمانی زارەكیدا ئێمه ناتوانین هەمیشه دڵنیا بین، كه چ جۆره مۆرفیمێكی s دەبیستین، لەبەر ئەوەی نیشانەی خاوەندارێتی و نیشانەی ( كۆ ) ش فۆرمی هاوشێوەیان هەیه - /-s/ ,/-z/ ,/zə/ تەنها له باری كۆی ناچوونیەك نەبێت.

هەندێك گروپی كەم لەم جۆره ناوانه تەنها یەك فۆرمی ئەم وێنەبارەیان هەیه. وشەكانی یەك گروپ وەك courage, tennis, haste فۆرمی قەدیان هەیه. گروپێكی تر فۆرمی تاكیان نییه و تەنها فۆرمی به s–ی كۆیان هەیه: environs, trousers, clothes وهی تر. ئەمانه them /they وەردەگرن وەك جێناو و لەگەڵ فۆرمی كۆی كارەكه دەگونجێت بۆنمونه . My clothes (they) are cleanهێشتا گروپێكی تر به s– كۆتاییان دێت وەك وشەكانی mathematics, linguistics, economics, physics بەڵام it وەردەگرن وەك جێناو و لەگەڵ فۆرمی تاكی كارەكه دەگونجێت وەك Linguistics (it) is an exacting discipline وشەكانی گروپێكی دیاریكراوی ڕوون نەكراوەی كۆتایی هاتوو به s– وەك suds, pliers, ethics, oats, measles كه دەشێت تاك یان كۆ بن و ئەمه پشت دەبەستێت بەو چوارچێوەی تیایدا دەردەكەون یان ئەو واتایەی كه دەری دەبڕن .

**٣-١٩ ناوە کۆیەکان :**

لە جیاکردنەوەی فۆرمی ناوی تاك و کۆ. بۆ زۆربەی ناوەکان تێستی بەکارهاتووی درێژی واتا ئەمە ئەنجام دەدات: ناوێك تاکە ئەگەر واتای یەك بدات و کۆیشە ئەگەر واتای یەکێك زیاتر بدات. بەڵام واتا هەمیشە وەك تێستێك بۆ ژمارە دیاریکردن بە کەڵك نییە، بۆ نمونە ئەم ڕستەیە سەیر بکەین I like : your hairئایا hair تاکە یان کۆیە و گریمان ئەو واتای تاڵە موویەك نییە، بەڵکو هەموو ئەو قژەیە کە لەسەر کەلەی کەسێکە؟ فۆرمیش هەمیشە بە کەڵك نییە، چونکە هەندێك ناو بە s– کۆتاییان دێت و بە تاك دەردەکەون بۆ نمونە physics و هەندێکی تریش s- ی کۆیان پێوە نییە و بە کۆش دەردەکەون وەك .several salmon

سێ تاقیکردنەوەی بە کەڵك هەیە بۆ دیاریکردنی ژمارە لە ناودا .

١. ناوێك تاکە ئەگەر یەکێك لەم بریکارانە وەربگرێت: she/her, it/this/that, he/him کۆیشە ئەگەر ئەم بریکارانە وەربگرێت، they/them, these/those، بۆ نمونە :

The beach was covered with *white sand* . ( = it)

Have you studied *phonetics*? ( =it)

Where did you hang *my trousers*? ( =them)

(Stageberg&Oaks2000:140) .

٢. ژمارەی ناو دەشێت ببێتە تاك بە هۆی دیارخەرێکەوە وەك that, this, many, several, these, those, fifteen, یان بە هۆی جێناوی دیارخەر وەك. his/her/its/their بۆ نمونە:

We saw *many fish* swimming under the bridge .(ئیمە زۆر ماسیمان لەژێر پردەکە بینی)

In returning to they fold, they *sheep* changed *its* direction.

In returning to they fold they *sheep* changed *their* direction.

٣. کاتێك ناوێك ئەرکی بکەری کارێك دەبینێت، ژمارەکەی هەندێك جار بە فۆرمی کارەکە دیاردەخرێت ئەو ناوە تاکە ئەگەر بگونجێت لەگەڵ ( -s 3d) ی کارەکە وەك لە :

The goods *are* on the way .

They fish *swim* in the pond .

ئەگەر کارەکە فۆرمێکی هەبوو، کە باری تاك و کۆ نەگۆڕێت ( بۆ نمونە فۆرمی دەمی ڕابردوو بێجگە لە was, were خوێنەر دەتوانێت هەمیشە فۆرمی دەمی ڕانەبردوو لە جیاتی دابنێت یاخود دەمی ڕابردوو و ڕانەبردووی کاری be وەك :

The goods came (substitute presnt tens, *come* )late .

The goods came (substitute presnt tens of *be* , *are* )late.

The goods came (substitute presnt tens of *be* , namely , *were* )late.

له بۆشایی ستوونی یەکەمدا it, they, them دابنێ وەك بریکارێکی گونجاو بۆ وشە لارەکان. لە بۆشاییەکانی ستوونی دووەمدا Sg بۆ تاك و pl بۆ کۆ دابنێ بۆ دەرخستنی ژمارەی ناوە نووسراوە لارەکان.

Open the door ⟶ open it .

Please give me two glasses of water .

Please give them .

هەندێك ناو وەك ناوی بە کۆمەڵ، کە دەشێت لە واتادا تاك یان کۆبن لە کاتێکدا لە فۆرمدا تاکن. ئەمانە ئەو ناوانەن کە کۆمەڵێك یان گروپێك لە تاکەکان دەخەنەڕوو : وەك team, tribe, family, choir , faculty, committee, قسەکەران زیاتر حەز بە بەکارهێنانی چەند فۆرمێکی تاك دەکەن (کارەکان، جێناوەکان، دیارخەرەکان) لەگەڵ ئەم ناوانەدا کاتێك بەیەکەوە وەك یەك دانە سەیر دەکرێن، بەڵام ئەوان فۆرمی کۆ بەکاردەهێنن کاتێك مەبەستیان جیاکردنەوەی دانەکانە لە هەر کۆمەڵەیەکدا.

Singular(تاك) : The family (= it, the unit ) *is* sitting at the dinner table.

Plural(کۆ): The family (= they, the individuals) *have* gathered from many parts of the country .

ئەم(s– ) ی کۆیانە بە ئاسایی بە فۆرمەکانی چوونیەك ڕەچاو دەکرێن، نەك تەنها بە هۆی بوونی زۆرینەی ژمارەییەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی ناوە نوێیەکان، ئەگەر لە زمانەکانی تریشەوە بێت pizzeria یان بە هۆی بوونی مۆرفیمی پێشترەوە پێك هاتبن astronaut مەیلی شوێنکەوتنی (s– ) ی کۆیان هەیە.

هەروەها لەگەڵ کۆی چوونیەکی s– چەند گروپێکی بچووك هەن لە کۆی ناوازە :

١. سێ ناو هێشتا (en– )ی کۆ دەهێڵنەوە، brethren- children, - oxen ئەم دوانەی کۆتایی بزوێنێکی قەدی جێگرەوە و پاشگری (r– ) یان هەیە.

٢. گرووپێکی تر پاشگری کۆی بەتاڵ Ø یان هەیە، ئەمە ڕێگایەکی گونجاوە بۆ ئەوەی بڵێین کە کۆیەکە بە هەمان شێوە تاکەکەیە. بەم جۆرە دەخرێتە ڕوو :

25. deer / dir/ (pl.) =/dir/ + /Ø/

(Stageberg&Oaks2000:142 ) .

ئەلۆمۆرفی بەتاڵی کۆ ئاماژە بە ئامادەنەبوونی پاشگر دەکات. وشەکانی ئەم گروپە ناوی گیاندارانی شیاوی خواردن یاخود گیاندارانی ڕاوکراو بۆ خواردن یان وەرزش، ماسی و مەلەکان لە نێو ئەمانەدا هەن، وەك : deer, sheep, swine, antelope, bass, pike, carp, perch, pickerel, quail, grouse.

لەگەڵ ئەمەشدا دەشێت وشەی هاوشێوە دابنێین لەگەڵ کۆی چوونیەك goats, suckers, pigs, muskies, bullheads, pheasants, ducks هەندێکیان هەردوو فۆرمەکەیان هەیە، جووتیارێك کە ducks هەیە لە گۆمەکەی دەشێت بچێتە دەرەوە بۆ ڕاوکردنی duck .

٣. حەوت ناوی باو دەبنە فۆرمی کۆ بە ئەلۆمۆرفی جێگرەوە، بۆ نمونە: /i</u/ + /gus/= /gis/. ئەمانە بریتیین لە : man, woman, goose, tooth, foot, louse, mouse. لە woman دا دوو جێگرەوە هەن : /wimin/=/wʊmən/+/ʊ <I/ + /ə<I/ .

٤. کۆمەڵ ناوێکی تر هەن کە قەدی کۆیان ئەلۆمۆرفێکە جیاوازە لە قەدی تاکەکەیان . مۆرفیمی (calf) بۆ نمونە /kæf/ ی هەیە وەك ئەلۆمۆرفی تاك، بەڵام /kæv/ ی هەیە وەك ئەلۆمۆرفی کۆ و پاشگری کۆی /-z/لەگەڵ دەنگی گڕی /v/ دەگونجێ. گۆڕانکاری لە فۆرمی فۆنۆتیکی ئەلەمۆرفەکان کە کۆدەبنەوە وشە پێك دەهێنن، یاخود بە فۆرمی جیاواز دەردەکەون لە وشەدا پێیان دەوترێت گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆمیکی. لە نێو گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆمیکیدا کە سەرنجمان دابێت بۆ باری کۆ، ئەمانەن :

Calf > calves /kæf/ > /kæv-/

Child > children /cayld/ > /cild-/

هەر یەکێك لەم گۆڕانکارییانە لە ئەلۆمۆرفێکدا نمونەیەکە لە گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆمیکی. ناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە /f/ یان /θ/کۆتاییان دێت، نمونە :

Knif > knives /nayvz/ = / naif/ + /f>v/ + / -z/

Mouth > mouths / mawðz / = / mau θ/+ / θ>ð/ +/-z/

نمونەی تر بریتیین لە : half, loaf, self, wife, bath, path, oath . هەندێك ناو كە بە /f/ یان /θ/گۆڕانی مۆرفۆفۆنۆمیكیان تێدا نییە، وەك chiefs هەندێكی تریان دەشێت دوو فۆرمیان هەبێت بۆ كۆ وەك (/yuθs/, /yuðz/ ) (بڕوانە Stageberg&Oaks2000:143) .

ئەم وشانە بۆ دوو كۆمەڵە جیادەكەینەوە : (١) ئەوانەی كە لە ژێرباری هیچ گۆڕانكارییەكی ئەلۆمۆرفی بنجدا نابن لە كۆدا وەك those two coughs . (٢) ئەوانەی دوو فۆرمی كۆیان هەیە، وەك : hoofs, hooves وشەكان بریتیین لە : grief, scarf, chief, truth, wharf, sheath, belief, wreath, waif, staff. بە پێی حونجەكردنیان ڕەنووسەكان لە هەموو بارێكدا جیاواز نین.

Those two sougs .

كاتێك وشەی بێگانە هاتە ناو ئینگلیزییەوە، حونجەكردنیان كەم تا زۆر شوبهێنرا بە سیستەمی فۆنۆتیكی ئینگلیزی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئەوان دوای ڕەوشتە باوەكانی حونجەكردنی نیشتمانی دەكەون كاتێك ئەم وشە بێگانانە دەردەبڕن.

زۆربەی ناوە خوازراوەكان هەردوو كۆیان هەیە - زۆر جار دانە بیانییەكە دەگۆڕێت، و دانە ئینگلیزییەكەشی وەك : concerti, concertos, curricula, curriculums, syllabi, syllabuses . ئەم وشانە زیاتر مەیلی وەرگرتنی (pl s-) ی ئینگلیزی یان هەیە، بەڵام هەندێكیان ئەوەیان سەلماندووە، كە بەرگری لە گۆڕان دەكات، وەك : alumni.

**٣-٢٠ ناوی هەیی :**

مۆرفیمی هەیی ناو (ps s-) هەمان ئەلۆمۆرفەكانی كۆیان هەیە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە:-/ ,/-s/ /z/, /əz/ لەگەڵ ئەلۆمۆرفی بەتاڵ وەك لە ’students. زاراوەی هەیی ناوێكی ڕازیكەر نییە، بۆ ئەم مۆرفیمە لەبەرئەوەی چەندەها پەیوەندی سیمانتیكی جیاواز دەتوانێت بوونیان هەبێت لە نێوان ناوی هەیی و ئەوەی بە دوایدا دێت. ئەم بارانەی خوارەوە ئەمە ڕوون دەكاتەوە، نمونە .

| | |
|---|---|
| Criterion | / -z / or / -ən> -ə/ |
| Thesis | / -Is / > / -iz / |

ناوی هەیی لێلی تێدا هەیە، كاتێك كە لە پەیوەندییەكی زیاتر هەبێت و لە هەمان كاتدا دەردەبڕدرێن. بۆ نمونە His son’s loss grieved him دوو واتای هەیە (١) ئەو كوڕەكەی ون كردووە ( بەركاری كاری شاراوە ) و ئەم كارە لە گۆڕی نا، یان (٢) كوڕەكەی ( بكەری كاری شاراوە ) شتێكی ون كردووە، لەوانەیە میراتگری خێزان، ئەمەیش لە گۆڕی نا.

لە هەڵبژاردنی نێوان گیرەکی هەیی (student’s) و دەربڕینی ناڕاستەوخۆی پێکهاتەی (of the student) هیچ ڕێنیشاندەرێکی خێرا و قورس نییە، زۆر جار فۆرمی هەڵبژێردراو پشت بە تاقیکردنەوەی کەسی دەبەستێت. مەیلەکە بۆ ئەوەیە کە فۆرمی گیرەکەکە لەگەڵ ناوی زیندوو و پێکهاتەی of یش لەگەڵ ناوی نازیندوو بەکاربهێنرێت. بەم شێوەیەthe dog’s leg- the leg of the table.

(Stageberg & Oaks2000:146).

بە خشتەکردنێکی خێرا لەسەر بۆردەکە فراوانکردنەکە دەردەخات، کە ئەندامەکانی پۆلەکە نێوان ناوە زیندووەکان (soldier- dog)وناوە نازیندووەکان جیادەکەنەوە لە بەکارهێنانی (sp s-) و پێکهاتەیof .

بەڵام ئەگەر تەنها یەك فۆرمی هەبێت وەك bravery ئەمە ناو نییە بەم تاقیکردنەوە وێنەبارییە هەرچەندە بە تاقیکردنەوەی تر دەشێت ناو پیشان بدات.

### ٣-٢١ بەخشتەکردنی کردار:

لە فۆرمەکانی دەستەی داهاتوودا کە ئێمە تاقییان دەکەینەوە وێنەباری کارە. کارەکان سێ، چوار یان پێنج فۆرمیان هەیە. ئەوانەی چوار فۆرمن وەك learn ، کە زۆر باوە. وێنەباری کار بەم چەشنەی خوارەوەیە :

هەر یەکێك لەم پێنج فۆرمە بەکارهێنانی خۆی هەیە، کە ئێمە باسیان دەکەین .

١. فۆرمی یەکەم قەدەکەیە ئەمە لە دوای to ، لەدوای کارە یاریدەدەرەکان وەك can, will دێت و لەدەمی ڕانەبردوودا، بێجگە بۆ کەسی سێیەمی تاك.نمونە:

To sit , san go , we eat .

٢. ڕانەبردووی کەسی سێیەمی تاك ئەو فورمەیە کە بەکاردێت لەگەڵ ڕاناوەکانی he, she, it و لەگەڵ وشە تاکەکان یاخود لەگەڵ ئەو کۆمەڵە وشەیەی کە بریکاری ئەم ڕاناوانەن، نمونە:

He cuts his class every Wednesday .

مۆرفیمی (3d s-) هەمان ئەلۆمۆرفەکانی دابەشبوونی کۆ و فۆرمەکانی هەیی ناویان هـــــــەیە: /s-/, /-z/, /əz/ وەك لە: cuts, begs, buzzes .

٣. ڕانەبردووی تەواو فۆرمی (vb ing-) ە. هەرچەندە پێی دەوترێت ڕانەبردووی تەواو، لە ڕاستیدا فۆرمی دەمی ڕانەبردوو نییە. لەبەر ئەوە ناوەکە جۆرێك لەسەر لێشێوانی تێدایە. بەڵام ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەبەر ئەوەی باوترین زاراوەیە بۆ ئەم فۆرمە. ڕانەبردووی تەواو

یەکدەگرێت لەگەڵ حەوت فۆرمی (be) کە هەشت دانەن am, is, are, was, were, be, -been بۆ پێکهێنانی فرێزی کاری .

نمونە :

26. He has been gone.

27. She was writing.

هەروەها ئەو بەکاردێت وەك کارێکی بێ بکەر کاتێك کە کرداری سەرەکی نەبێت و بکەری نەبێت، وەك لە :

28. Was eaten

هەندێك کار، کە دەربارەی چالاکی مێشکین زۆر بە دەگمەن دەبیسترێن بە فۆرمی (vb ing-) وەك کاری سەرەکی لە ڕستەدا. ئەم کارانە بریتیین لە : need, prefer, know, hear, like, own, remember, understand. ئەم ڕستانەی خوارەوە بۆ نمونە ڕێزمانی نین .

29. He is ownig.

30. He was needing.

٤. دەمی ڕابردوو فۆرمی بێ شومار وەردەگرێت، بۆ نمونە : jumped, shrunk, kept, led, began, rode, built, found, knew, swore, shook. ئاساییترینیان بە ئەلۆمۆرفـــی /-t/, /-d/, /-əd/ هەر وەك لە : passed, pleased, parted.

٥. زاراوەی ڕابردووی تەواو، وەك زاراوەی ڕانەبردووی تەواو کەمێك سەرلێشێوێنەرە، چونکە ئەو بەکار نایەت بۆ گەیاندنی بیرۆکەی دەمی ڕابردوو، بەڵام دووبارە ئێمە دوای نەریت دەکەوین و بەردەوام دەبین لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە. ڕابردووی تەواویش فۆرمی بێ شوماری هەیە. ئەمانە زۆرترین کۆتایی بەو سێ دەنگەیە کە لە سەرەوە باسکران دەردەکەون لە پەیوەندی لەگەڵ دەمی ڕابردوو، بەڵام لێرەدا ئەوانە ئەلۆمۆرفەکانی ( D pp-) ن. ڕابردووی تەواو بەکاردێت لەگەڵ have, has, had, havingبۆ ڕۆنانی فرێزی کاری، نمونە: ) (بڕوانە Stageberg&Oaks2000:149) .

She has selected a stunning gown .

He had never flown in a helicopter .

زۆربەی کارەکان دوای سێ فۆرمی یەکەم دەکەون قەدەکە، ڕانەبردووی کەسی تاکی سێیەم و ڕانەبردووی تەواو. لەگەڵ دەرهاویشتەکانی ناو بۆ ناوی وەك: does, says كە ئەلۆمۆرفەکانی جێگرەوەیان هەیە لە قەدەکەدا، نمونە :

/ dəz/ = / du/ + / u>ə/ + / -z /

/s ɛ z/ =/ se/ + / e> ɛ / + / -z /

هەروەها لە دەمی ڕابردوو و لە ڕابردووی تەواودا زۆربەی کارەکان فۆرمەکانیان هاوشێوەن وەك:Learned, learned have, batted, batted have, cried, cried have. ئەمانە بە ئاسایی بە کارە چونیەکەکان ناسراون. ئەمە لەبەر کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆری کارەکان کە هەمان نمونەیان هەیە لە دەمی ڕابردوو و لە ڕابردووی تەواودا کە منداڵان ئەم فۆرمانە وەك : knowed, runned, drinkedدەردەبڕن. منداڵی بە ئاسایی دوای ئەو نمونەیە دەکەوێت کە باشتر دەیناسێت و بەم شێوەیە ئەوا ئەو فۆرمە دروست دەکات کە ئێمە پێی دەڵێین فۆرمی لەیەکچوو. پڕۆسەی لەیەکچوون لە ڕووی مێژووییەوە لە زماندا بەکارهاتووە و فۆرمی داڕێژراوی هەبووە کە ئێستا بەکاردێت، تەنانەت لە دیالێکتی ستانداردیشدا. بۆ نمونە لە دەمی ڕابردووی کاری help بەکارهاتووە کە ڕۆنان بکرێت بە جیاوازی زۆرەوە، بەڵام چوونیەك کراوە و پاشگری ed– ی دەمی ڕابردوو وەردەگرێت.

هەرچەندە کارێکی بێشومار دەمێنێتەوە، کە زۆربەیان لە دووبارەبوونەوەی بەرزدان کە دەمی ڕابردوو و ڕابردووی تەواویان بە شێوەی جۆراوجۆر ڕۆنان دەکرێن. ئەگەر پێویست بکات پۆلێنی هەموو کارەکانی ئینگلیزی بکەین بەپێ ی گۆڕانکارییە فۆنۆتیکییەکان و نمونەکانی گۆڕان لە دەمی ڕابردوو و ڕابردووی تەواو، بری هەموویان.

## ٣-٢٢ کارلێککردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی :

لە کارلێککرنی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیدا، دیاریکردنی ئەو فۆرمەی کە دەخرێتە بەر چاو لە مۆرفیمێکدا دەشێت کاری تێکرابێت لەلایەن ئەو دەنگانەی کە مۆرفیمە هاوسێکانی دەڕاستێنێت. با هەردوو وشەی دیارخەری (a, an) لە ئینگلیزیدا وەربگرین، دوو شێوەی هەیە (a): بۆ ئەو وشانەی کە بە نەبزوێن دەست پێدەکەن وەك ( a pear ) و ( an ) لە پێش ئەو وشانەی کە بە بزوێن دەست پێدەکەن وەك(an orange) بە هەمان شێوە پێشبەندی (a, an) کە لەو وشانەی وەك a- sexual و an- aerobic دەردەکەون. ئێمە ناتوانین باس لە پێکهاتەی فۆنۆلۆجی هەردوو وشەی دیارخەر (a, an) بکەین تاکو نەگەڕێینەوە سەر ئەو دەنگەی کە دەستپێکی ئەو وشەیە کە لە دوایانەوە دێت ( Boiji 2005:153) .

### ٣-٢٣ كارلێككردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاكس :

لە كارلێككردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاكسدا، شێوەی وشەیەك دەشێت كاری تێبكرێت بە هۆی پێكهاتەی ڕستەوە كە وشەكەی تێدا بەكاردێت. بۆ نمونە كاری walk چەند شێوەیەكی هەیە لەوانە: walk, walks, and walked. دیاریكردنی شێوەیەكی دیاری كراو لەم كارەدا لە چوارچێوەیەكدا پشت بە پێكهاتەی ئەو ڕستەیە دەبەستێت كە تێیدا دەردەكەوێت.

بەم شێوەیە لە دەمی ڕانەبردوودا هەڵبژاردنی نێوان شێوەی walks و walk پشت بەوەی دەبەستێت كە ئەگەر بكەری كارەكە كەسی سێیەمی تاكە ( لەم بارەدا walks دیاری دەكرێت كە he وshe و it ) یان تاك نییە، لەم بارەدا (walk) هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ (I و you و we و they ) لە دەمی ڕابردوودا (walked) دەنووسریت لە هەموو بارێكدا چۆمسكی (Chomsky 1975:39) باس لەم دیاردەیە دەكات كە شایەنی مشتومڕ نییە و ئەم یاسایەی خوارەوە لە پێكهاتەی فرێز بەكاردەهێنێت .

١. هێمای --- لە شوێنی فراوانبوون دەوەستێت.

٢. هێمای C بریتییە لە پاشگرە هەمە جۆرەكانی كار، كە دەشێت s- بێت (وەك لە walks ) ، (Φ) واتە هیچ) وەك لە walk و ed– وەك لە walked .

شیكاری چۆمسكی یاساكانی پێكهێنانی فرێز جیاناكاتەوە ( بۆ نمونە ڕستە - NV + NP ---, NP + verb NP--) كە پێكهێنانی فرێز و ڕستە وشە ڕێپێدراوەكان دەژمێرێت بەهۆی یاساكانی پێكهێنانی وشە وەكو شێوەی walks مان دەداتێ لە وشەی walk. ئەم یاسایانە كۆدەبنەوە بەیەكەوە، چونكە ئەوانە پەیوەندییان بە ژماردنی پێكهاتەی مۆرفیمەڕێپێدراوەكانەوە هەیە (سەیری سەرەوە بكە). پێشبینی بكە كە هەرچەندە ئەم پەیوەندییە گۆڕانكارییە ڕستەسازییە نۆرەكارییە لە شێوەی وشەكاندا مشتومڕی لە سەرە. ئێمە تەنها ڕووخساری كێشەكەمان خستەڕوو لە ئێستادا (بڕوانە Scalise1986:140).

### ٣-٢٤ گرێدانی وشەسازی و واتاسازی بەیەكەوە :

لە واتاسازیدا پەیوەندی نێوان وشەسازی و وشە لە لایەكەوە لەگەڵ واتادا لە لایەكی ترەوە ئاشكرایە لە كاتێكدا وشە یان فەرهەنگ ڕۆڵێكی گەورە لە بە لیست بوونی واتاكانی وشە دەگێڕن. ئەمە ئاساییانە بە هۆی ئەو پەیوەندییەیە كە لە نێوان وشەو ئەو واتایەی كە هەیەتی لەخۆوەیە .

هیچ هۆیەك نییە، كە بۆچی وشەیەك واتایەكی تایبەتی هەیە . بۆ نمونە تۆ دەبێت تەنها ئەو ڕاستییە لەبەر بكەیت كە وشەی faille دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە بەرگی سەر كە لەسەر دەكرا لە سەدەی حەڤدەهەمدا. بە هیچ شێوەیەك ناتوانیت كە ئەم ڕاستییە بزانیت لە دەنگەكان یان لە پێكهاتەی وشەكەدا.

## ٢٥-٣ گونجاندنی ڕێزمانی ، گونجاندنی وشەکان و پاشکۆکان :

دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکان هەمیشە بەندە بە گونجاندنی فۆنۆلۆجییەوە. هەرچەندە لە هەندێك جاردا هۆیە فۆنۆلۆجییەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە دیاریکردنی ئەلەمۆرفەکاندا. لە جیاتی ئەمە دیاریکردنی ئەلەمۆرف دەشێت گونجاندنی ڕێزمانی هەبێت، بەم جۆرە لەوانەیە پشت ببەستێت بە ئامادەبوونی بەشێکی دیاریکراوی ڕێزمانی. ئەلەمۆرفێکی تایبەت دەشێت لە چوارچێوەیەکی ڕێزمانیدا پێویست بێت لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە هیچ هۆیەکی فۆنۆلۆجی ڕەوا نەبێت بۆ هەڵبژاردنەکە. بۆ نمونە، لە بوونی مۆرفیمی دەمی ڕابردوو لە زۆربەی بارەکاندا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفەکە نییە، کە خودی کارەکە پێشکەش دەکات. لە هەندێك کاردا بوونی مۆرفیمی دەمی ڕابردوو پێویست دەکات بە هەڵبژردنی ئەلەمۆرفێکی تایبەت بە کارەکە :

31. Stopped ‹helped.

ed وەکو /T / دەدرکێنرێ.

هەڵبژاردنی ئەلەمۆرف گونجاندنی ڕێزمانییە. بوونی مۆرفیمی دەمی ڕابردوو هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفەکانی /wep/ و/swep/ لە کارەکانی ئەم کۆمەڵە دا دیاری دەکات، دەمی ڕابردوو هەڵبژاردنی ئەلەمۆرفەکانی take, shake دەسەپێنێت بە دوای یەکدا. لە هەندێ باری تردا هەڵبژاردنی ئەلەمۆرف دەشێت گونجاندنی وشە بێت، بەم شێوەیە بەکارهێنانی ئەلەمۆرفێکی تایبەت دەشێت بە زۆرەملێ بێت ئەگەر وشەیەکی دیاریکراو بوونی هەبێت. ئێمە دەتوانین ئەمە ببینین لە ڕاستاندنی کۆ لە ئینگلیزیدا. ئاساییانە مۆرفیمی کۆ ڕادەستێندرێت بە گونجانی فۆنۆلۆجی ئەلەمۆرف کە دابەشبوونی (Siegel1979:189).

دەتوانین هۆی ئەو یاسایە ڕوون بکەینەوە لەوەی کە بۆچی ژێرکەوتووە بۆ دانانی ڕاستاندنی مۆرفیمی کۆ لە وشەیoxen ؟

ڕوونکردنەوەیەکی ڕازیکەرت دەست ناکەوێت بە هۆیەکی باشەوە. هەندێك بار هەن کە بە هۆیەکی نادیار یاسای ئاسایی بە لێکنەدراوەیی ناتوانرێت بەسەردا بگونجێنرێت. وشەی کۆی ox نابێتە oxes بەڵکو oxen هەرچەندە وشەکانی کە سەروایان ( ox ) ە پێشبینی دەکرێت دەنگی/ iz / ی ئەلۆمۆرفی کۆ وەربگرن (boxes/boksiz, foxes/foksiz) هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرفی en– بۆ گونجاندنی وشەیە. ئەمە سەربەخۆیە بە ئامادەبوون لە ناوێکی تایبەتی وەك ox.

لە کۆتاییدا چەند مۆرفیمێك هەیە کە ئەلۆمۆرفەکانی، لەیەکچوونی فۆنۆتیکی تێدانییە. نمونەیەکی کۆنی ئەم بارە کە بخرێتەڕوو فۆرمی good / better، کە هەردووکیان وشەی ( باش ) یان تێدایە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەوان هیچ جۆرە دەنگێکی لەیەکچوویان نییە.( سەرنج بدە کە better لە

هەردوو وشەی good و پاشگری بەراورد er- پێکهاتووە؟ ) . کاتێك ئەلەمۆرفەکانی کە مۆرفیمەکانیان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە ، ئەوا باس لە پاشکۆکان دەکەین (Spencer1996:125).

هەردوو وشەی good و better لەیەك ناچن لە ئینگلیزیدا.

نمونەی تری پاشکۆکان لە ئینگلیزیدا وشەی (bad –worse) نەوەکو (badder) و(go-went نەوەك(goed ).

لێکدانی وشە ڕێگایەکی گرنگە بۆ خستنەسەر بنجە وشە لە ئینگلیزیدا. هەندێك جار ڕەگە ڕووتەکان کە دەبنە پێکهاتەی وشەی لێکدراو هەندێك جار وەك بنجێك کە شێوەی پێوەبەستنی هەیە. سەرنج بدە کە وشەی لێکدراو دەشێت پێکهاتبێت لە بەشی جیاواز لە ڕیزبووندا کە جیاوازی لە واتاشدا دروست دەکات بۆ نمونە: chair-arm vs arm-chair.

## ٣-٢٦ مۆرفۆلۆجی هاپلۆلۆجی :

ماتیۆس باسی دیاردەی مۆرفۆلۆجی هاپلۆلۆجی دەکات. هاپلۆلۆجی بریتییە لە سڕینەوەی یەکێك لە دووپێکهاتەی هاوفۆرم. لە مۆرفۆلۆجی هاپلۆلۆجیدا ئەو پێکهاتانەیە کە هاومۆرفیمن و سەر بە مۆرفیمێکی دیاریکراون. ئەم بارە ڕاڤە دەکات. لە نمونەکان نیشانەی کۆن کە خراوەتە سەر ناوەکانمان ناو دەبینین لەگەڵ نیشانەی خاوەندارێتی و هەردوو بارەکە بەیەکەوە دەبینین. لەکۆتایشدا ناوی ناوازە کە لەگەڵ ناوی کۆدا هاتوون، ئەم نمونانە ئەمە پیشاندەدەن کە نەویستن دژی پێکەوە هاتنی ئەو مۆرفیمانە نییە.

هەروەك دەبینرێت لەم نمونانەدا پێکەوەلکانی دوو مۆرفیمی هاوفۆرم، مۆرفیمی جیا پێشکەش دەکات: کۆ و خاوەندارێتی. یەکگرتنی مۆرفیمی ئەو دوو مۆرفیمە لەخۆ دەگرێت، لە ئەنجامدا تاڕادەیەك ناڕوونی لە بارەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی وشەی کۆی ناوازە، شێوەی فۆنۆلۆجی جیاوازی لەگەڵ مۆرفیمی خاوەندارێتی دا هەیە Boys, boys book .

هەروەها وشەی لاتینی "idololatria" لە زمانی ئینگلیزی گۆڕاوە بۆ idolatry و لە فەرەنسی بۆ idolatrie. (Matthews2007:170).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەیەکچوون و جیاوازی نیوان زمانەکانە لە ڕووی پێکهاتنی وشەوە. لەسەر بنچینەی نمونەیی بەشەکانی پێکهێنانی وشەدا، زمانناسەکان پێنج جۆر لە جۆرەکانی مۆرفۆلۆجی فراواندا دەناسنەوە.

ASP کورتکراوەی ئەسپێکتی تەواوە، ئەوە دەردەخات کە کارێك تەواو بووە. OM کورتکراوەی نیشانەی بەرکارە. واتە ئەو مۆرفیمەی ئەوە پیشان دەدات کە بەرکاری کارەکەیە. ( لە Li و تۆمسۆن، ١٩٧٨ وەرگیراوە).

هەروەك دەبینین بە وەرگێرانی مۆرفیم بە مۆرفیم، لە زمانی چینیدا مۆرفیمی بەند دەگمەنە، هەروەك وەرگێرانەكە بۆ زمانی ئینگلیزی دەریدەخات كە وەك زمانی ئینگلیزی هەمان تایبەتمەندێتی هەیە زۆرجار وشەكان ڕووتن، ڕەگەكان هیچ گیرەكێكیان پێوە نەلكاوە .

زمانی چینی نمونەی زمانە دابڕاوەكانە، بەم شێوەیە هەر زمانێك كە هەر مۆرفیمێكی دەشێت وەك وشەیەك دەربكەوێت بە تەنها. وشەكان لە ڕاستیدا گیرەكی ئەركیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت نیشانەی ئەسپێكتیشیان پێوە نەبێت .

بەم شێوەیە بەركار دەشێت وەك وشەیەكی سەربەخۆ دەربكەوێت. بە پێچەوانەوە لە هەندێك جۆری تری زمان نیشانەی بەركار بە ئاساییانە گیرەكی ئەركین كە بەشێكن لە ناو یان جێناو. لە زمانی ئینگلیزیدا جێناوی بكەر he پێچەوانەی جێناوی بەركاری (him ) ە لە . He saw Lauren vs Lauren saw him گۆڕینی فۆرمی he بۆ him لە نیشانەی جێناودا گۆڕانكاریە لە ئەركی ڕێزمانیدا. هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا، نیشانەكانی ئەسپێكت و تێنس گیرەكی ئەركیی كارن وەك ed– ، وەك لە cooked vs cook دا. هەروەها لە زمانی چینیدا مۆرفیمی ئەسپێكت بە مۆرفیمی بەند (le )دەناسرێتەوە. (لە زۆر وشەی زمانی چینی زیاتر لە مۆرفیمێك لەخۆ دەگرێت)، هەمیشە وشەی لێكدراون (Comrie1989:20) .

هەوڵدان بۆ گونجاندنی مۆرف و مۆرفیم بێ سوودە. چۆن كەسێك دەتوانێت بڵێت بۆ نمونە چ بەشێك لە پاشگری a– نیشانەی كۆ دەنوێنێت و چ بەشێكی نیشانەی ناو دەنوێنێت؟ چۆن كەسێك دەتوانێت پێمان بڵێ چ جۆرە پاشگرێكی is- نیشانەی كۆ دەنوێنێت و كام بەشی نیشانەی ناو دەنوێنێت لە وشەی mensis دا ؟ هەروەها. لێرەدا ئێمە بەشە مۆرفیمێكی دانەبڕاو دەبینین كە لە هەمان كاتدا نیشانەی كۆ و نیشانەی ناو دەنوێنێت ، نیشانەی كۆ و نیشانە مۆرفی ناو ، ... هتد .

زمانی لاتینی نمونەیەكی باشە بۆ زمانە ئەركییەكان. وشە هەمیشە پێكدێت لە چەند مۆرفیمێك، بەڵام بە دەگمەن وشەی یەك بەیەكی گونجاندنی مۆرفیم و مۆرفمان هەیە. لە جیاتی ئەوە، مۆرفێك لە هەمان كاتدا چەند مۆرفیمێك دەنوێنێت. نمونەی تری ناسراوی ئەم جۆرە نواندنە لەم جۆرە زمانانە زمانی سانسكریت و یۆنانییە. كۆمری (١٩٨٩) ئەمەی خوارەوە باس دەكات دەربارەی تێكچڕژاوی و هەمە گیرەكی :

هەرچەندە ئەم دوو زاراوەیە ( واتە تێكچڕژاوی و هەمەگیرەكی ) هەندێكجار لە شوێنی یەكتردا بەكاردەهێنرێن، دەشێت و باشتر وایە لە یەكترییان جیابكەینەوە. تێكچڕژاوی بریتییە لە گونجاندنی ژمارەیەك لە مۆرفیم و لكاندنیان بەیەكەوە و كۆكردنەوەیان لە یەك وشەدا ... هەمەگیرەكی، هەرچەندە، بریتییە لەو ڕاستییەی كە لەو جۆرە زمانە دەگونجێت كە ژمارەیەكی زۆر مۆرفیم پێكەوە بلكێنرێت، كە فەرهەنگی بن یان ڕێزمانی، لەناو یەك وشەدا ... بەم شێوەیە دەبینین كە تێكچڕژاوی تەنها بارێكی تایبەتە لە هەمەگیرەكیدا ( بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا 45) .

زۆربەی زمانەكانی دانیشتوانی ئەمریكا و ئوستورالیا لە جۆری زمانە تێكچڕژاوەكانن. جێرتدس (١٩٩٨:٨٤) باسی تێكچڕژاوەكان دەكات و دەڵێت :

تێکچڕژاوەکان بریتیین لە وشەی لێکدراو ( بە ئاسایی کارێك یان بریپۆزیشنێك ) لەگەڵ بەشە ئاخاوتنێکی تر (بۆ نمونە: ناو ، جێناو، یان ئاوەڵکردار ) وشە لێکدراوەکان خزمەتی ئەرکی سینتاکسی لکاو دەکات لە هەردوو بەشی ئاخاوتندا(Pinker1999:84).

توێژینەوە نوێیەکان تیشك دەخەنە سەر ئەم جۆرە زمانە، چونکە پرسیاری سەرنجراکێش دەوروژێنێت دەربارەی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکس. لە زمانە تێکچڕژاوەکاندا جیاکردنەوی مۆرفۆلۆجی، توێژینەوە لەسەر پێکهاتنی وشە، ڕستە، و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ڕستە، لێڵە. هەندێك پڕۆسە کە ڕوودەدەن لەسەر ئاستی ڕستەدا لە وشەشدا ڕوودەدەن.

نمونەسازی ئاسایی بەرپەرچی پڕۆسەی مۆرفۆلۆجی لە زمانە تێکچڕژاوەکاندا دەداتەوە، نمونەی ئەمانە زمانە سامییەکانە وەك زمانی عەرەبی و زمانی عیبری. زۆر لە داتاشینی زمانی سامی بەکارهێنانی بزوێنە ناوگیرییەکانە لە ڕەگێکدا کە بە تەواوی لە نەبزوێن پێکدێت.

زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی زۆرباو لە زمانە دابڕاوەکانە، وەکو زمانی چینی زۆربەی زۆری ئەو (٤٥) وشەیە لەو ڕستەیەدا کە نمونەی ئینگلیزی تازەن، وشەی سادەن، وشەکان لەیەك مۆرفیم پێك دێن. هەرچەندە زمانی ئینگلیزی بە تەواوی زمانێکی دابڕاو نییە.لەم وشانەی کە ئەمانە: year-s, precise-ly, hav-ing, water-y پێك دێن لە دوو مۆرف کە دوو مۆرفیمی جیا لەخۆ دەگرێت. ئەم وشانە تاڕادەیەك نمونەی زمانە نووساوەکانن.

لەگەڵ ئەمەشدا چەندن وشە هەن کە تەنها یەك مۆرفن و چەند مۆرفیمێك دەنوێنن بەیەکەوە، بۆ نمونە: (me کەسی یەکەم ، تاك، جێناوی کەسی) (my کەسی یەکەم، تاك، جێناوی هەیی)، ( I کەسی یەکەم، تاك، جێناوی کەسی سەربەخۆ)، (think-past (thought و will- past(would) . لەم وشانەدا هەوڵدان بۆ بەشکردنی وشەکان بۆ مۆرفێك کە مۆرفیمێك بنوێنێت بێسوودە. ئەم وشانە ئەوە دەردەخەن تاڕادەیەکی بەرچاو، کە زمانی ئینگلیزی لە زمانە ئەرکییەکانە. هەرچەندە گیرەکی ناوگریش ، بەدەگمەن بەرچاو دەکەوت لە ئینگلیزیدا، وەك لە incumbent, succumb, decumbent دا ، لە کاتێکدا -m– ناوگرە لە ڕەگی -cub– دا. هەرچەندە ئەمە پڕۆسەیەکی چالاك نییە وە لە زمانی لاتینیشدا بەم شێوەیە کە سەرچاوەی ئەم وشانەیە.

گرینبرگ (١٩٥٤) پرۆپۆزەڵێکی (پرۆژەیەکی) پێشنیارکردووە دەربارەی جۆرەکانی زمان کە زۆر پەسەند کراوە. ئەو پێشنیار دەکات کە ژمارەی مۆرفیمەکان لە نمونەی رستەیەك دەبێت دابەشبکرێت لەسەر ژمارەی وشەکان بۆ ئەوەی تێکڕای مۆرفیم بۆ وشەمان دەست بکەوێت. ئەنجامەکە دەبێتە بنچینەی پۆلێنکردنمان:

١) ئەگەر زمانێك لە نێوان ١.٠٠بۆ ١.٩٩ مۆرفیمی بۆ وشەیەك هەبوو ئەوا زمانی دابڕاوە. لەگەڵ ! ١.٦٨ مۆرفیم بۆ وشەیەك لە نمونەی ڕستەی گرینبرگ، زمانی ئینگلیزی دەکەوێتە نێو زمانە دابڕاوەکان. هەروەکو ( زمانی چینی).

٢) ئەگەر زمانێك تێكڕایی مۆرفیم  بۆ وشە لە نێوان ٢.٠٠ بۆ ٢.٩٩ بوو ئەوا زمانی ئەرکییە ئەگەر ناسینەوەی مۆرفیمە جۆراوجۆرەکان دەم ودەست بوو وەك (لە زمانی لاتینیدا).

٣) زمانێك تێكڕایی لە نێوان ٢.٠٠ بۆ ٢.٩٩ مۆرفیم بۆ وشە بوو ئەوا لە زمانە نووساوەکانە ئەگەر هەر مۆرفیمێك بە تەنها ناسرایەوە وەك (زمانی تورکی).

٤) زمانێك لە زمانە تێکچڕژاوەکانە ئەگەر تێكڕایی مۆرفیم بۆ وشە ٣.٠٠ بوو یان زیاتر نمونە : (زمانی گرینلاندیك).

زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە هیچ زمانێك سیستەمی دارشتەی دابڕاو و نووساو و ئەرکی و تێکچڕژانی نییە. ئەم پێناسە کردنە هەوڵی ئەوە دەدات کە بوارەکانی لایەنگیری دۆزراوەی زمانێکی دیاریکراو بخاتە ڕوو(Katamba2006:57).

### ٣- ٢٧ بەرهەمدار ( بە بڕشت ) Productivity :

بە تەواوی بڕشت چییە؟ ئێمە سەیری بڕشت دەکەین بە شێوەیەکی کاتی ئاساییانە بە زاراوەیەکی هەمەلایەنە. هەرچەندە پرۆسەی ڕۆنانی وشە بە گشتی تر بێت ئەوا بە بەرهەمتر دادەنرێت. دووخاڵی سەرەکی هەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە :

١) بە بەرهەمی شتێکی ڕادەییە، ئەمە دوو لەتکاری نییە، لەگەڵ پرۆسەی ڕۆنانی وشەدا، کە هەندێکیان بەرهەمی بن و ئەوانی تر نا. لەوانەیە هیچ پرۆسەیەك ئەوەندە بە گشتی و کاریگەری نەبێت، بە بێ هەڵاوێرکردن لە سەر هەموو بنجێك کە بە سەریدا بە شاراوەیی دەگونجێت. لە ڕاستیدا هەندێك پرۆسە بە ڕێژەیی بە گشتیترن لەوانی تر.

٢) بڕشت پابەندە بە ئەندازەی کاتەوە. پرۆسەیەك کە زۆر بە گشتی لە کاتێکی مێژوویدا دەشێت کەمتر بە گشتی بێت لە کاتێکی تردا. بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکی تازە کە دەچێتە زمانێك دەشێت لە سەرەتادا کاریگەری بۆ سەر بەشێکی بچوك لە زانیاری تێکردنی شیاو پێش ئەوەی لە کۆتاییدا بگونجێندرێت بە فراوانی.

دۆخی ئەم ڕەگە بەندانە لە ستوونی دووەمدا پشتگیری کراون بە نمونەی زیاتر وەك : timorous, splendor, horrify ...هتد. سێ پاشگر هەن ئێستا: -ist, -id, -er کە هەموویان داڕێژراون. پاشگری ist– دەکرێت بۆ بنجی ناو زیاد بکرێت بۆ ڕۆنانی ناوێکی تر. (ئاسایی ئەو بنجە ناوانەن، کە گیرەکی وشە داڕێژی وەك ism, communism, chartism– و ... هتد). هەروەها دەشێت بخرێتە سەر بنجی ناو بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناو ( بۆ نمونە: race ناو بۆ ئاوەڵناوracist ). لە ژێر ڕۆشنایی ئەمە بەلایەنی کەم سێ واتای پاشگری ist– مان بۆ دەردەکەوێت ( بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا 70).

١) ناو بۆ ناو : ist– واتە لایەنگری لە (وەك anarchist, communist و ... هتد).

٢) ناو بۆ ناو : ist– واتە کارا لە ( وەك لە pianist, violinist و ... هتد).

٣) ناو بۆ ئاوەڵناو : ist– واتە لایەنگر( وەك لە racist, sexist و ... هتد).

پاشگری (id–) یش لە لاتین نەژادە و هاتۆتە ناو ئینگلیزییەوە لە ڕێی زمانی فەرەنسییەوە . ئەمە دەخرێتە سەر بنجی ئاوەڵناوی ، کە واتای (ئەو چۆنیەتیەی کە دیاریکراوە لەلایەن کارەکەوە). لە زمانی لاتینیدا (id–) بەکاردێت بۆ داڕشتنی ئاوەڵناوی نیشانەیی لەکارەوە، بۆ نمونە timidus لە timere (دەترسێت) وشەی ئینگلیزی tepere (گەرم دەبێت) وشەی ئینگلیزی tepid واتە نیشانەی تایبەتمەندێتی (گەرم بوون) مان دەداتێ. لە کۆتاییدا پاشگری (er–) ئەڵمانییە دەچێتە سەر ئەو کارانەی کە ناوی بکەرن ( بە واتای کەسێك کە ئەنجامدانی کارێکی دەدرێتەپاڵ لەلایەن کارەکەوە).

لەوانەیە کەسێك پێشبینی بکات کە تۆ بۆت تۆزێك زەحمەتە لە دۆزینەوەی پێنج ئاوەڵناوی دیکە کە پاشگری ( id– )تێدا بێت. مۆرفیمی ( id– ) پاشگرێکی کۆتایی بێبەرهەمییە لە مۆرفۆلۆجی زمانی ئینگلیزیدا. ئەمە پاشگرێکی بەستووە، ئێستا بەکارناهێنرێت بە چالاکانە (ئەگەر چالاك بوو بێت) بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ. ئەو وشانەی ئەم پاشگرەیان تێدایە وەك : frigid, lurid, turbid, turgid و... هتد. دەتوانرێت لیست بکرێت وەك وشەی واتادار .

لەلایەکی ترەوە ناوە بکەرەکان کە پاشگری (-er) یان هەیە، ژمارەیان زۆرە و دەخرێنەسەر وشە نەناسراوەکان زۆربەی کارەکان دەشێت ببنە ناو بەم شێوەیە. واتە هیچ هۆکارێکی پەسەند نییە، لێرەدا کە هەموو ئەو ناوە بکەرانە ڕیز بکرێن کە کۆتاییان بە (-er) هاتووە لە فەرهەنگدا. بەڵکو ئەوەی پێویستە یاسایەك ئەوە پیشان بدات، کە بە هۆی پاشگری (-er) ، ناوێکی بکەر دەشێت لە هەر کارێکەوە ڕۆنان بکرێت. (Katamba2006:70) .

پرۆسەی گشتی داتاشین کە کەم تا زۆر باس دەکرێت (وەك زانیاری دەربارەی ناوی بکەر بە بەکارهێنانی پاشگری ( -er) و شوێنەوارە مێژووییەکەی وەك زانیاری دەربارەی ئاوەڵناوی دیارخەری ناو بە بەکارهێنانی ( id– ) کە هەندێك هانی تیۆرە سەرنجەکان لەم توێژینەوەیە بۆ بڕشت دەدات. ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە ناوچە خۆڵەمێشییەکە لەو نێوانەدا لەلایەن مۆرفیمی (-ist) ییەوە داگیرکراوە. بەهۆی پاشگری (-ist) دەتوانین ژمارەیەکی زۆری ناو ڕۆبنێین بکەین کە واتای لایەنگر، سەربە، پشتیوان لە، یان چالاك لە هەرشتێك بەهۆی زانیاری ئەو ناوەوە دروست دەکرێت.

وشەی بڕشت لە لێڵییەکی بۆماوەییە. لەلایەکەوە بە پرۆسەکە دەوترێت کە بڕشتییە ئەگەر زۆر بە گشتی بێت، بەم شێوەیە کاریگەری هەیە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە فۆرمەکان و وشەی زۆری لێ ڕۆدەنرێت. بەم واتایە مۆرفیمی بکەری (-er) وەك لە (winter, worker و ...هتد) ئەوا زۆر بە

بەرهەمە، لەکاتێکدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کارەکان ناویان لێ ڕۆدەنرێت بە هۆی ئەم پاشگرەوە. بە دڵنیاییەوە زۆر بە بەرهەمترە لە پاشگری واتایی پەیوەندیدار ent– وەك لە president, student, correspondent, proponent, ...هتد). هەزارەها بنج هەن کە پاشگری (-er) وەردەگرن بە بەراورد بە چەندان کە ent– وەردەگرن. ئەگەر لەلایەکی ترەوە، ئێمە لە بیرمان چوویەوە کە تێکڕای ژمارەی وشەکانی بەرهەم هاتوو بە بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە و لە بری ئەوە جەخت لەسەر ئەو ڕێژەیە بکەینەوە کە بنجەکان لێیان دەوەشێتەوە کە بچنە ژێرباری ئەم پرۆسەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە ڕاستیدا دەچنە ژێرباری، و ئەنجامەکان دەشێت جیاوازبن.

هەلی دەرکەوتنی گیرەکێکی دیاریکراو دەکرێت بە تەواوی پابەندبێت بە تایبەتمەندێتی ئەو بنجەی کە پێوەی دەلکێت بەم جۆرە لەو کاتەی کە ڕاستە پاشگری (essn-) وەك لە( goodness) دا هەیە زۆر باوترە لە پاشگری (ty-) وەك لە gravity, banality دا هەیە) لە زمانی ئینگلیزی بە گشتی و لە ئاوەڵناودا کە بە (ile-) کۆتایی دێت، وەك : ( servile, docile, fertile, futile, ...هتد) (ity-) پەسەندە (ئارۆنۆف:١٩٧٦). ئەمە نمونەیەکە دەربارەی تایبەتمەندێتی فۆنۆلۆجی بنج کە کاردەکاتە سەر گونجانی پرۆسەی مۆرفۆلۆجیك کە ڕوودەدات (بڕوانە Bauer2001:95) .

١) واتای (itis-) چییە؟

٢) ئایا پاشگری (itis-) بە بەراورد لەگەڵ (ist-) ,(er-) یان (id-) لە بە بەرهەمیدا چۆنە ؟

پاشگری (itis-) لەلایەن زمانی یۆنانییەوە هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزی، کە ئاوەڵناوەکان ناوی مێیینەی پێ ڕۆنان دەکرا. ئێستا لە یۆنان ئەمە بەکار دەهات بۆ ڕۆنانی ئەو وشانەی کە بۆ نەخۆشییەکانی هەوکردن وەك .arthritis ئەمە بەکاردێت لە زمانی پزیشکی نوێی ئینگلیزیدا بۆ ڕۆنانی ناوی نەخۆشییەکان بە تایبەتی نەخۆشییەکانی هەوکردن.

هەرچەندە ئەمە ڕاستە کە ئەو وشانەی بە هۆی (itis-) ەوە ڕۆدەنرێن کەمترن لەوانەی بە هۆی پاشگری (er-) ەوە ڕۆنان دەکرێن، بەڵام پاشگری (itis-) دەلکێت بە شێوەیەکی زۆر گونجاو بۆ زۆربەی بنجەکان. ( هەروەها ئەو دەتوانرێت بە گشتی بکرێت بۆ پشت ئاستی واتایی نەخۆشییەکانی هەوکردن. لە گفتوگۆی گاڵتەدا درێژدەبێتەوە بۆ تەنانەت نەخۆشییەکانی دەروونیش وەك: – skiveritis –morningitis (Monday) .

لەگەڵ ئەمەشدا هەروەکو ئێمە ئاماژەمان بۆ کرد لە سەرەوە لە پرۆسەی پوختەکردنی تێگەیشتنمان لە بڕشت دەبێت ئەندازەی کاتیش ڕەچاوبکەین. با وادانێیت وەك سەرەتا، کە پرۆسەی ڕۆنانی وشە بە بەرهەمە ئەگەر بۆ دەمی ئێستا بەکاربێت. پرۆسەی بەستوو یان پوکاوە، وەکو دانانی پاشگری (id-) لە (tepid,frigid)و... هتد. لەوانەیە ڕەچاوبکرێت بە مەبەستی پراکتیکی، وەك لە ڕاستیدا نە بەرهەمی بێت

لە زمانی ئینگلیزی هاوچەرخدا. بە پێچەوانەوە، دانانی پاشگری کارکەری (er-) وەك لە (worker) کە بە ئازادانە و بێباکانە بۆ زۆربەی فۆرمە گونجاوەکان، ئەوا دەوترێت کە زۆر بڕشت دەبێت .

با ئێمە دەستپێبکەین بە سەرنجدانی ئەوەی کە بڕشت بە مۆدە کاری لێدەکرێت. بۆ کاتێك ڕێگایەك بۆ ڕۆنانی وشە لەوانەیە باو بێت، بەڵام دوابەدوای ئەو لەوانەیە کەمتر باو بێت یاخود بە تەواوی دەستی لێهەڵگیراوە. لە یەکەم چوونە ناوەوەی زماندا گیرەکێك دەشێت کاربکاتە سەر تەنها بەشێك لە بنجەکان کە پێیانەوە دەلکێت. بۆ نمونە فۆرمی /loadsa/ləƱdzə کە باوە بۆ loads of بەکاردەهات بە شێوەیەکی نافەرمی زمانی ئینگلیزی بەریتانی لە کۆتایی (١٩٨٠) کاندا لە وشەی loadsamoney ، ناوێکە پەیوەندی بە nouveau riche لەگەڵ پوختەنەکرنی شێوازەکان و تاقیکردنەوە سەنج ڕاکێشەکانەوە هەیە. لە ساڵی (١٩٨٨) دا، دەستکرا بە بەکارهێنانی وەك پێشگرێك بۆ هەندێك وشەی ڕۆنانکراو وەك loadsasermons, loadsaglasnost , ...هتد. کە لە ڕۆژنامەکانی لەندەن بەر چاوکەوت. (Spiegl 1987:76) .

### ٣-٢٨ نیمچە بەرهەمهێن Simi-Productivit :

هەندێك زماناس وەکو ماسیۆس (١٩٧٤) پۆلێکی تایبەتی جیاکردۆتەوە، کە پێی دەوترێت نیمچە بڕشت بۆ ڕوماڵکرنی گیرەکە نامۆکان، کە بە لێکنەدراوی سەرکەوتوونابن بۆ لکاندنیان بە فۆرمە لێوەشاوەکان بە ئاشکرا. ( بڕوانە ڕواڵەتی پچڕپچڕی ئەم زاراوەیە ئەگەر بڕشت پلەداری پەسەند بکەین) . سەرەڕای ئەمەش لەو شوێنانەی ئەم گیرەکانە بەکاردێن واتای وشەی بەرهەمدار لەوانەیە پێشبینی نەکرێت.

پاشگری (ant-) بنجی کار بۆ ناوێکی بکەر دەگۆڕێت. (لە واتادا لە er- دەچێت)، بەڵام زۆر ڕاڕایە. هۆیەکانی ئەم دیاریکردنە تایبەتە لەسەر بنجەکان کاتێك دەلکێن بە (ant-) یان نالکێت، بە لایەنی کەمەوە بەشێکی هۆی مێژووییە. ئەم پاشگرە لە دەمی ڕانەبردووی تەواوی زمانی لاتینییەوە دێتەخوارێ (entem, -antem-) لە بەرئەوە ئەم پاشگرە تەنها دەلکێت بە بنجە لاتین ڕەچەڵەکەوە. بنجەکانی ئەڵمانی ڕەچەڵەك وەك (write, build, shout) ئەم پاشگرەی لەگەڵ ناگونجێ .

لە ڕووی واتاوە (ant-) کاریگەری چاوەڕوان نەکراوی هەیە. واتای وشەکان کە ڕۆنان دەکرێن بە هۆی پاشگری (ant-) ، جیاوازن. بۆ نمونە وشەی (defendant) واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسێك داوای لەسەر تۆمارکراوە لە دادگا، نەك هەرکەسێك کە بەرگری لەخۆی بکات، ژمێریار تەنها ئەو کەسە نییە، کە نەختینەیەك یان کارێکی ژمێریاری دەکات، بەڵکو کەسێکی شارەزا کە کاری ژمێریاری کۆمپانیایەك جێبەجێ دەکات و بەم شێوەیە. بە پێچەوانەی ماسیۆس، ئێمە تێگەیشتنی تیۆری نادەینە چەمکی نیمچە بڕشت، چونکە لە پراکتیکدا زۆر زەحمەت دەبێت کە بزانرێت کە کام پرۆسەی وشە ڕۆنان بە

ئاشكرا لە جۆری نیمچە بڕشت و نابڕشت دا، لەگەڵ چەند پڕۆسەیەك كە بە ڕێژەیی بە بەرهەمترن لەوانی دیكە (Katamba2006:73) .

# ئەنجامەکان

ئەم نامەیە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە :

١- سەبارەت بە دیاردەی ئەلۆمۆرفەکان، زمانی کوردی لەو ئەلۆمۆرفانەی بە هۆکاری دەنگی دێنە کایە لە زمانی ئینگلیزی دەوڵەمەندترە، بە هۆی ئەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی لە ڕووی ژمارە و چالاکییەوە لە زمانی ئینگلیزی دەوڵەمەندترە .

٢- لە ڕووی پۆلی مۆرفۆلۆجی ئەو دوو زمانەوە، هەردووکیان بەرەو زمانی تێکچڕژاو دەچن، ئەم پۆلەش تێکهەڵکێش کردنی پۆلی زمانی دابڕاو، و زمانی لکاون، بەڵام زمانی ئینگلیزی وەکو ڕێژە، زیاتر بە لای زمانی دابڕاو دەچێت، کەچی زمانی کوردی زیاتر بەرەو زمانی لکاو یان نوساو دەچێت .

٣- بۆچوونەکەی ( هال ) زیاتر گونجاوترە بۆ زمانی ئینگلیزی و بۆچوونەکەی ( ئارۆنۆف ) زیاتر بۆ زمانی کوردی دەگونجێ، بەڵام بۆچوونەکەی ( سێڵکیرك ) دەکرێ پڕاوپڕ بە سەر هەردوو زمانەکەدا دەستەبەر بکرێ .

٤- دیاردەکانی هاپلۆلۆجی و پۆرتمانتیو لە زمانی کوردیدا دەرکەوتنیان زیاترە بە هۆی ئەوەی ئەسڵی دیاردەکان بە لایەنی ڕەفتاری لکاوی زمانەکان پابەند دەبێت، بەڵام ئەمانەش کۆتبەندی فەرهەنگی ڕێکیان دەخات .

٥- هەر چۆن هەندێ لە گیرەکە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردی چالاکن و بە گەلێك ڕەگەوە دەلکێن بە هەمان شێوە گیرەکی ( tion ) و ( fy ) و ئەلۆمۆرفەکانیان لە زمانی ئینگلیزی زۆر چالاکن و لە ژینگەی جیاواز دەردەکەون .

٦- لە زیادکردنی گیرەکەکاندا زمانی کوردی گۆڕانکاری دەنگی بەسەر دوا بڕگەدا ناکات، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی ئەو دیاردەیە سەرهەڵدەدات .

٧- له زمانی ئینگلیزی هەندێ ئەلۆمۆرف بە پێی لێکدانەوەکانی ( هال ) و ( ئارۆنۆف ) پەیدا دەبن، دەکرێ وەکو ئەلۆمۆرفی وەهمی سەیر بکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی لە فۆرمی دەمکاتەکانی کار دەردەکەون .

٨- له هەردوو زمانەکەدا بە پێی بۆچوونەکانی ( سیڵکیرك ) و ( ولیامس ) گیرەکەکانی ( -١ ) و ( ڕەگەکان ) ئاستی ( سفر ) وەردەگرن، گیرەکەکان ڕۆڵی " سەرە " لە پێکهاتەکەدا دەگێڕن .

٩- سەبارەت بە بوونی ناوگرەکان لە زمانی کوردی لە کرمانجی ناوەڕاست بەدیناکریت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی ناوگر لە چالاکییەکاندا دەردەکەون .

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی :


١. ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢. ئازاد ئەمین فەرەج (١٩٩٨) مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارو، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە - ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ١٩٨٧ ) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٤. بازیان یونس محی الدین (٢٠٠٨) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

٥. تەلار صباح عومەر (٢٠١٣) شیکارێکی زمانەوانی ڕیکلامی بازرگانی بینراو و بیستراو، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

٦. دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی ( ٢٠٠٠ ) یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧. ڕەفیق شوانی (٢٠١١) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

٨. زێرین ڕەشید خورشید ( ٢٠٠٩) ئەلۆمۆرف د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆك.

٩. سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب ( ٢٠٠٦) مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کوردییا سەری ( گۆڤەرا بادینان )، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

١٠. سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە ( گیرەك) دا ، نامەی ماستەر – کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١. (آ ٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

١٢. (ب ٢٠٠٩) تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین - ژمارە ( ٤٢ )، هەولێر.

١٣. سەمیرە تۆفیق یونس (٢٠١٣) سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

١٤. شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٥. عبدالوهاب خالد موسى ( ٢٠٠٩) هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( ٢٠١٠ ) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی.

١٧. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول (١٩٩٥) مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە – ئیبن روشد ، زانکۆی بەغدا .

١٨. غازی فاتح وەیس (١٩٨٤) فۆنەتیك، مطبعە الادیب البغدادیة، بغداد.

١٩. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سەباح ڕەشید قادر (٢٠١٣) بۆچوونەکەی گرینبێرگ و هەندێ تێبینی لە سەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە - بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ( ٢٨ ).

٢٠. کەمال میراودەلی (٢٠٠٧) فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٢١. **کەوسەر عەزیز ئەحمەد ( ١٩٩٠)** بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشە سازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر.

٢٢. **لیژنەی دەستوری زمانی کوردی (١٩٨٥)** هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد – بەغدا.

٢٣. **محەمەد مەعروف فتاح (١٩٨٧)** زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٢٤. **(١٩٩٠)** زمانەوانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٢٥. **محەمەد مەعروف فتاح و سەباح رەشید قادر ( ٢٠٠٦ )** چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٢٦. **محەمەد ئەمین هورامانی (١٩٧٤)** فۆنەتیکی زمانی کوردی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا.

٢٧. **مسعود محمد (١٩٨٨)** زاراوەسازیی پێوانە، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا.

٢٨. **نەرمین عومەر ئەحمەد ( ٢٠١٠ )** بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٩. **نوری عەلی ئەمین (٢٠١٣)** ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی شەهاب – هەولێر.

٣٠. **وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢)** وشە، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٩)، یەکێتی نووسەرانی کورد، بەغدا.

٣١. **(١٩٨٩)** ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢)، بەغدا.

٣٢. (١٩٩٥) له یاسا دەنگییەكانی زمانی كوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژماره (١٣٦)، بەغدا.

٣٣. (٢٠٠٢) لێكۆڵینەوەیێكی مۆرفۆفۆنیمی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، ژماره ( ٢٩ ، ٣٠ )، دەستەی كورد، بەغدا.

## بــه زمــانی عــەرەبی :

٣٤. **عبدالقادر عبد الجليل (١٩٩٨)** علم الصرف الصوتي ، دار أزمنة ، عمان.

٣٥. **محمد علي الخولي (١٩٨٢)** معجم علم اللغة النظري ، انكليزي – عربي ، مكتبة لبنان ، بيروت.

## بــه زمــانی فـــــارسی :

٣٦. **على بهرامى ( ١٣٨٣ / ٢٠٠٤ )** گرور هادسن، مباحث ضروري وبنيادين زبان شناسى مقدماتي، چاپخانه گوهرانديشه ، انتشارات رهنما ، تهران.

٣٧. **مهدى مشكرة الديني (١٣٧٧، ١٩٩٨)** ساخت اوايى زبان، انشارات دانشگاه فردوسى ، مشهد.

**بــه زمــانی ئینگلیـزی :**

38. **Akmajan. A. Demers .R. Farmar . A., and Harnish R.** **(1995)** Linguistics The Mit press : Cambridge .

39. **Anderson, S.R.** **(1985)** Typological Distinctions in Word Formation In: Shopen (ed.) , Vol.

40. **Andrews, A.** **(1988 )** Lexical structure. In: Newmeyer (ed.). Vol

41. **Amin,W,O.** **(1979)** Aspect of The Verbal Construction In Kurdish , London .

42. **Aronoff, M.** **(1976)** Word Formation in Generative Grammar. (Cambridge, MA: MIT Press).

43. **(1981)** Word Formation in Generative Grammar MIT: Massachusettes Institute of Technology.

44. **Bakalla M.H. & others** **(1993)** A Dictionary of Modern Linguistic Terms (English – Arabic & Arabic – English) , Beirut.

45. **Baker, M.** **(1985 )** The Mirror Principle and Morphosyntactic Explanation , LI .

| | | |
|---|---|---|
| 46. (1988 ) | | Incorporation: A Theory of Grammatical Function Changing. ( Chicago : University of Chicago Press . |
| 47. Bauer, L. | (2001) | Morphological Productivity, Cambridge University Press. |
| 48. Biber,D. | ( 2002 ) | Longman Student Grammar of Spoken and Written English.England. |
| 49. Bloom field,L. | (1933) | Language, Henry Holt, New York. |
| 50. Booij, G. | (2005) | The Grammar of Words, Oxford University press Inc.: New York. |
| 51. Comrie, B. | (1989) | Language Universals and Linguistic Typology, (Chicago: University of Chicago Press). |
| 52. Crystal, D. | (1971) | Linguistics, London : Pelican |
| 53. | (1991 ) | A dictionary of Linguistics and Phonetics, Black well Publishers, United Kingdom. |
| 54. | (1992 ) | An Encyclopedic Dictionary of Language and Linguistics Black well: Oxford. |
| 55. | (1993) | Introduction to Language pathology, Singular Pub Group . |
| 56. | (2003 ) | A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Black well: Oxford. |
| 57. | (2005) | The Penguin Pocket Spelling Dictionary, Penguin. |

58. **Chomsky, N.** **(1975)** Reflections On language (New York: Pantheon).

59. **Cook** **(1997)** Chomskys Universal Grammar, Black Well: Oxford .

60. **Carstairs,A.** **(2002)** An Introduction to English Morphology, Words and Structure, Edinburgh University Press Ltd.

61. **Fabb, N.** **( 1984 )** Syntactic Affixation. PhD dissertation, MIT.

62. **Fromkin,V.** **(1988)** An Introduction To Language, Holt, Rinehart and Winston Inc : U.S.A.

63. **(1997)** Some Thoughts about the Brain / Mind / Language. Interface: Lingua.

64. **Fattah,M,M.** **(1997)** A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Desserations, University of Amsterdam.

65. **Fromkin,V. Rodman, R. & Hyams, N.** **(2003)** AN INTRODUCTION TO LANGUAGE Boston.

66. **Gazdar,K,P,andS.** **(1985)** Generalized Phrase Structure Grammar.(Oxford: Basil Blackwell).

67. **Gerdts, D.** **(1998)** ‘Incorporation; The Handbook of Morphology (Oxford: Basil Black well).

68. **Haegeman,L.** **(1998 )** RECUEIl DES COURS. The Hague / Boston / London.

69. **Halle, M.** **(1973 )** Prolegomena to a theory of word-formation, LI.

70. **Hankamar, J.** **(1989 )** Morphological parsing and the lexicon. In Marslen- Wilson, Cambridge, MA: MIT Press.

71. **Haspelmath, M. & Sims, A.D.** **( 2010 )** Understanding Morphology, London NW1.

72. **Hockett, C.** **(1958)** A Course in Modern Linguistics (New York: Macmillan).

73. **Jackendoff,R.** **(1975)** Morphological and semantic Regularities in the lexicon Language.

74. **Katamba, F.** **( 1989 )** An Introduction to phonology. (London: Longman).

75. **(1993)** Morphology. MacMillan press: London.

76. **(2006)** Morphology. MacMillan: London.

77. **Lass,R.** **(1998)** Phonology: An Introduction to Basic. Concepts.

78. **Lieber, R.**

**(1983 )** Argument linking and compounding in English.

79. **(2010)** Introducing Morphology. Cambridge University Press.

80. **(2012)** Introducing Morphology. Cambridge University Press.

81. **Lyons, N.**

**(1990)** Language and Linguistics, Cambridge University Press.

82. **Li,C.N.& Thompson,S.A.**

**(1978)** “An exploration of Mandarin Chinese”, in Lehman,(Sussex: Harvester Press) .

83. **Marantz, A.**

**(1984)** On the Nature of Grammatical Relations. Cambridge, MA: MIT Press.

84. **Martin,H.**

**(2002)** Understanding Morphology, London.

85. **Matthews P.H.**

**(2007)** Concise Dictionary of Linguistics. Oxford University press.

86. **McCarthy A.C**

**(2002)** An Introduction to English Morphology, Edinburg University press.

87. **McCarus,E,W.**

**(1958)** A Kurdish Grammar. New York: American Council of Learned Societies.

88. **Pinker, S.**

**(1999 )** Words and Rules. New York: Perennial.

89. **Plank, F.**

**(1979 )** Ergativity (New York: Academic Press).

90. **Pollock,J.**

**(1989)** Verb movement, Universal Grammar, and the structure of IP. Linguistic Inquiry .

91. **Radford Andrew**

**(1997)** Syntax, Minimalist Introduction , Cambridge press Cambridge.

92. **Rafael Falco**

**(2007)** Marsilio Ficino and Vatic Myth, Italian Tssue from:MLN Publication. English Honors Program.

93. **Richards, Jack C. John Platt – Heidi Platt**

**(1992)** Longman dictionary of language teaching & applied linguistic .UK.

94. **Sapir, E.**

**(1921)** Language. New York: Harcourt, Brace, Jovanovich.

95. **Scalise,S.**

**(1986 )** Generative Morphology, Foris Publication Dordrecht: Holland.

96. **Selkirk, E.O.**
**(1982 )** The Syntax of Words. (Cambridge , MA: MIT Press).

97. **(1984)** Phonology and Syntax: The Relation Between Sound and Structure. (Cambridge, MA: MIT Press).

98. **Siegel, D.**
**(1979)** Topics in English Morphology. New York: Garland.

99. **Sinclair, J.**
**(2006)** Word Formation (PREFIXES and SUFFIXES) / پارس نوین .

100. **Spencer, A.**
**(1988a)** Arguments for Morphological rules .Journal of Linguistics.

101. **(1988b)** Lexical rules and Lexical representation. Linguistics.

102. **(1988c)** Bracketing paradoxes and the English Lexicon. Lg.

103. **(1991)** Morphological Theory: an introduction to word structure in generative grammar. (Oxford: Blackwell Publishers).

104. **(1996)** Agreement morphology in Chukotka. (Vienna).

105. **Spencer, A. and Zwicky, A.M.**
**(2007)** The Handbook of Morphology, Blackwell Publishing Oxford.

106. **Spiegl,F.**
**(1987)** In- Words and Out –Words(London: Elm Tree Books).

107. **Stageberg, N.**
**(1970)** INTRODUCTION TO ENGLISH

108. (1971) GRAMMAR.

109. (1976) Introduction to English Grammar.

110. (1981) An Introductory English Grammar , Holt Rinehart and Winston Inc.

111. **Stageberg, N. & Oaks, D.**

(2000) AN INTRODUCTORY ENGLISH. GRAMMAR, Earl McPeek.

112. **Trask, R. L**

(1993) Anictionary of grammatical terms Linguistics. Routledge: London.

113. **Williams, E.**

(1981) Argument structure and morphology, TLR.

114. (1987) Implicit arguments, The binding theory, and control, NLLT.

115. **Zwicky, A.M.**

(1985 ) How to describe inflection. In Proceedings of the 11th annual meeting of the Berkeley Linguistics Society.


**ئینتەرنێت :**


**116. INT:**
**Barbara Majireck, The Notion of Headedness in Morphology .**
**http:// ebookbrowse. Com /he/ headedness-in-morphology-02.**

**117. INT:**
**Carina Becker, Compounding – The Endocentric and Exocentric Continum.**

**http:// ebookbrowse. Com / the – endocentric- exocentric- continuum- pdf-dl88753765.**

# خلاصة البحث

انطلاقا من الراي الذي ابداه جومسكي" بان كل الاختلافات التي تظهر بين اللغات تنبعث اساسا من الاختلافات الصرفية". فالفارق في اسلوب و مسالك هذه الظواهر و مظاهرها تبدأ من التصنيف الصرفي الذي يحول دون تطابق هذه الظواهر في معظم اللغات الطبيعية، فاللغة الكوردية و اللغة الانگليزية هي من اللغات المتشابكة بين التكثير و التقليل من حيث تلاصقها او انعزالها، بذلك تترنح هذه الظواهر الصرفية في كلتا اللغتين بين التطابق و الاختلاف في ملامحها، فتعدد المعاني و المشتركات اللفظية تميل نحو تاثيرات المستوى الصوتي في هذه الظواهر، و كذلك الالومورفات الصرفية تكتسب سماتها من المستوى اللفظي لا الكتابي . تتوزع الرسالة الموسومة (الظواهر الصرفية بين اللغة الكوردية و الانگليزية) بعد هذه المقدمة الوجيزة على ثلاثة فصول، فالفصل الاول و الذي يعرض أهم الاراء و النظريات المرتبطة بالمستوى الصرفي، تعرض الباحثة الملخص و وجهات نظر لغويين امثال (هال و ارانوف و سيلكيرك و وليامس) مع التطرق بين حين و اخرى الى الامثلة المطبقة لكلتا اللغتين. أما الفصل الثاني و الذي يحمل العنوان (الظواهر الصرفية في اللغة الكوردية)، فيه تبحث في تفاصيل هذه الظواهر في هذة اللغة مثل ظاهرة الجدولة و التقريض اللغوي و المشترك اللفظي و تعدد المعاتي، ثم عرضت مقارنة وجيزة ضمنا بين اللواصق الاشتقاقية و القواعدية. في الفصل الثالث يبحث فيه كل الظواهر الفصل الثاني في اطار ظهورها في اللغة الانجليزية. بعد طرح أهم النتائج و المستخلصات باللغتين العربية و الانگليزية و تصفيف المصادر تختتم الرسالة .

# ABSTRACT

This thesis is entitled (The Morphological Phenomenon in Kurdish and English Language). Starting from Chomsky’s view, that all the differences, which appear between languages are originally from the morphological differences. The differences in the approaches and the behaviour of these morphological phenomenon start from the morphological typology. Such morphological typology stands as an obstacle to mark suitable similarities of some of the natural languages. English and Kurdish are regarded on incorporating languages to some extent and as being both isolating and affixing languages in one way or another. Therefore, these morphological phenomena appear in both languages having some differences and similarities. Thus, the variety of meanings (polysemy) and morphological similarities (Homophones tend to have influences on morphological strata. In addition to that the allomorphs acquire its characteristics from the morphological level or strata.

The thesis is divided into an introduction and three chapters. The first chapter introduces the most important theories and views of some linguists such as Hall, Aranoff, Scalise, and Williams. It also presents some related examples regarding the morphological phenomenon in both languages.

The second chapter, which is entitled “Morphological Phenomenon in Kurdish Language” such a paradigm, assimilations, departures, homophones, polysemy etc… It also presents some brief definitions between inflectional and derivational affixes. It shows the productivity in affixes, and the relation of morphology with other linguistic levels.

The third chapter deals with the morphological phenomenon in English. The same procedures are followed as in the second chapter. In the end, the thesis ends with conclusions, abstracts in English and Arabic, and a bibliography.

جمهورية العراق الفيدرالي
حكومة اقليم كردستان
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة كويه

# الظواهر الصرفية بين اللغة الكوردية و الانگليزية

رسالة مقدمة الى فاكلتي التربية فى جامعة كويه
كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية

من قبل

**نيسار فتاح عبدالله**

حصلت على شهادة بكالوريوس في سنة (٢٠٠٤) في جامعة السليمانية ـ كلية التربية في كويه قسم ( اللغة والادب الكوردي )

باشراف :

**أ.م.د صباح رشيد قادر**

٢٠١٥ الميلادية

The Federal Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University

# Morphological Phenomenon in Kurdish and English Language

*A thesis submitted to the*
*Faculty of Education - Koya University*
*As a partial fulfilment for the degree of Masters of Arts (MA) In Kurdish Language and Linguistics*

**By**

**Nisar Fattah Abdulla**

**BA - College of Education - obtained in (2004)**
**At (Sulaimanyiah University)**

**Supervised by :**

**Asst.Prof. Dr. Sabah Rasheed Kadir**

**SEPTEMBER 2015**